# چینی کرێکاری عێراق

دروستبوون و سەرەتای بزووتنەوەکەی

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد

وەرگێڕانی فوئاد مەجید میسری



چینی کرێکاری عێراق

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد

وەرگێڕانی فوئاد مەجید میسری

ناوەندی کۆمۆن

ناوەندی کۆمۆن

**چینی کرێکاری عێراق**

# چینی کرێکاری عێراق
# دروستبوون و سەرەتای بزووتنەوەکەی

- ناوی کتێب: ***چینی کرێکاری عێراق***
- ناوی نووسەر: ***کەمال مەزهەر ئەحمەد***
- وەرگێڕانی: فوئاد مەجید میسری
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٨٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ساڵی ١٩٨٦
- چاپی دووەم ساڵی ٢٠١٩
- دیزاینی بەرگ: باسم ڕەسام


- مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی کۆمۆن



**لە بەڕێوەبەریتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (١٥٥٣) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە**

**لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن**

**زنجیرەی (٤)**



Email: nawandikomon@gmail.com

https//WWW. nawandikomon@gmail.com

# پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ ........................................................... 7

پێشەکیی نووسەر .......................................................... 18

بەشی یەکەم

سەرەتای پێکهاتنی چینی کرێکاری عێراق ................................ 27

بەشی دووەم

شێوەی کار و کرێکارانی عێراق ........................................... 53

بەشی سێیەم

گیروگرفتەکان ............................................................. 70

بەشی چوارەم

بزووتنەوەی کرێکاری لە عێراقدا ......................................... 138

بەشی کۆتایی ........................................................... 286

پاشکۆکان ................................................................ 294

سەرچاوەو پەراویزەکان .................................................. 320

ناوەندی کۆمۆن

# پێشەکیی وەرگێڕ

بۆ جاری دووەم شەرەفی بەکوردیکردنی بەرهەمێکی تری ناوازەی "**دکتۆر کەمال**" م بەرکەوت. مایەی خۆشحاڵیمە کە لە خەرمانی بەپیتی ئەو قەڵەمە بەبڕشتە خەرمان لۆخی خۆمم بەرکەوت.
با هەژاری و دەستکورتی کتێبخانەی کوردی لەولاوە بوەستێ، نایشارمەوە بایەخ و گرنگی کتێبی **چینی کرێکاری عێراق** جارێکی تریش خستمیەوە سەر هەواو و هەوەسی وەرگێڕان. ئەم کتێبە جگە لەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی زانستیانەیە و بە خامەی ڕەنگینی زانایەکی کورد هاتووەتە بەرهەم، بابەتێکی ئێجگار بەکەڵک و سوودبەخشە و زەمینەی سەرهەڵدانی چینێک شیدەکاتەوە کە نەک هەر لە ولاتی ئێمەدا، بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا، ڕۆڵی لە پێشخستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا بووە و هەیە و ئەرکی گۆڕکردنی چەسانەوە و ڕامالینی ستەم و دامەزراندنی سیستەمێکی پێ سپێردراوە، مرۆڤ لە چەوساندنەوە قوتار دەکات.
ئەمە جگە لەوەی کە تا ئێستا، یەک دوو نامەی دکتۆرا و ماستێر و هەندێ نووسینی لاوەکی نەبێ، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی تێروپڕ لە بارەی ئەم مەسەلە گرنگەوە نەنووسراوە. ئەوەیشی کەهەیە بە زمانی عەرەبی نووسراون و بلاوکراونەتەوە و ئەو ڕۆشنبیرە کوردانە نەبن کە مەبەستیانە لە بنج و بنەمای ئەو چینە تێ بگەن و شارەزای ببن، خوێندەواری کورد بەگشتی شتێکی ئەوتۆ لەم بارەیەوە نازانێ، ئەمەیش بەلایی منەوە ناتەواوییەکی گەورەیە و دەبێ خوێنەری کورد خۆی پێی قایل نەبێ. شێوەی پێکهاتنی چینی کرێکاری عێراق، هەر ئەو شێوە پێکهاتنەیە کە لە ولاتانی دیکەی

ڕۆژهەڵاتی ژێردەستە و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بەخۆیانەوە دیوە، واتە ئەو وڵاتانەی کەوتنە ژێر زەبری چەوساندنەوەی کۆلۆنیالی و نیمچە کۆلۆنیالییەوە.

وڵاتی عێراق پێش بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی و لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە کە تێیدا پەیوەندی دەرەبەگایەتی سەروەر و باڵادەست بوو، حوکومڕانی دەکرا. جا هەرچەندە سیستەمی دەرەبەگیەتی وڵاتانی ڕوژهەڵات هەر لە سەرەتای پێکهاتنیانەوە سیمای تایبەتی و تایبەتمەندیەتی خۆیان هەبووە و لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازییان لەگەڵ دەرەبەگایەتیی ئەورووپادا بووە، بەڵام لەجەوهەردا هەردووکیان یەک شت بوون، چونکە جەوهەری پەیوەندی بەرهەمهێنانی ئەو سیستەمە لەسەر بناغەی موڵکانەی زەوی **الريع العقارى** بنیات نراوە. گومان لەوەدا نییە کە دەوڵەتی عوسمانی هەرگیز نەیویستووە وڵاتانی ژێردەستەی خۆی پەرە پێ بدا، بە پێچەوانەوە هەمیشە دانیشتووانی لەژێر باری چەندین جۆر زوڵمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چەوساندووەتەوە. پێش نەکەوتنی وڵات لە ڕووی پیشەسازیەوە و کەم دەرەتانی بازاڕی ناوخۆ و بایەخ نەدان بەو زانست و زانیارییانەی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەدەستیان هینابوو، لەگەڵ چەندین هۆی تری سیاسیدا، کارێکیان کرد گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی گەشەکردنێکی ڕاستەقینە بە خۆیانەوە نەبینن.

جا ئەگەر "**والی**"یەکی وەک **مەدحەت پاشا** بەپێی ئەوەی کە پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، حەزی بە دامەزراندنی **پڕۆژەی تەراموای کردبێ**، یاخود هەوڵی پێشخستنی "**دەمیرخانە**"[nk]کەی سوپای تورکی دابێ و

[nk] دەمیرخانە؛ کارگەی ئاسن توانەوەیە.

بۆ یەکەمجار رۆژنامەیکی بەشێوەی نوێ لە عێراق دەرکردبێ، هیچ لەو حەقـیقەتە نـاگۆڕن کە دەوڵەتـی عوسـمانی، دەوڵەتێکـی دەرەبەگـایەتی بـووە و سـوود و قازانجی لە مـانەوە و درێژەپێدانی پەیوەندی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتیدا دیوەتەوە.

راسـتیەکەی مەسـەلەی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی چینێکـی کۆمەڵایەتی نوێ بەپێی خواست و بڕیاری ئەم یان ئەو دەوڵەت تەواو نـابێ، بەڵکـو پرۆسیسـێکە و بەنـدە بەو یاسـا مەوزوعییـانەوە کە کۆمەڵگایی مرۆڤایەتی بەڕێوەدەبەن و ئادەمیزاد بێ ئەوەی بەخۆی بزانـێ رۆڵـی خـۆی لە دروسـتبوونیدا دەبینـێ. پەرەسـەندنی کـاری پیشـەیی و دامەزراندنی کارگەی سوپایی و ڕاکێشـانی ڕێگەی ئاسن لەلایەن ئەڵمانەکـانەوە و دامەزرانـدنی چاپخـانە و ... تـاد بـوونە هـۆی ئەوەی لە مناڵدانی ئەو سیستەمەدا توێژی یەکەمـی چینی کرێکـاران پێکبـێ و پاشـان لە بـارودۆخێکی تـردا زیـاتر گەشـە بکـات و پەرەبستێنێ.

دوای ئەوەی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی کۆتـایی هـات، ولاتـی عێـراق ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەلاتی بەریتانیاوە. ئینگلیزەکان دەسـتیانکرد بە دامەزرانـدنی ئەو پـڕۆژانەی پەیوەنـدیان بە نەخشـە سـتراتیژییەکانیانەوە هەبوو. ڕاکێشـانی ڕێگەی ئاسن و تەواوکردنـی ئەو هـێڵانەی لە کـاتی خۆیـدا تـورک و ئەڵمانەکـان بۆیـان تەواو نەکرابـوو، لەگەڵ فراوانکردنـی بەنـدەری بەسـرە و پێشخسـتنی کۆمپانیاکـانی نەوت، هەمـوو ئەمـانە پێویسـتیان بە ژمـارەیەکی زۆر کرێکار هەبوو. ڕەوکردنی ژمارەیەکی زۆری جوتیاران و هەلاتنیـان لە زوڵـم و سـتەمی دەرەبەگـایەتی لە لایەک و هەرەسـهێنانی گـوزەرانی سـەدان پیشـەوەری بچـووکی نـاو شـارەکان [بەهـۆی بلاوبـونەوەی

کەلوپەلی بێیانیەوە] لە لایەکی ترەوە بوونە هوی ئەوەی خەڵکێکی زۆری بێکار فڕێبدەنە مەیدانی کارکردنەوە.
هەرچەندە بەرهەمهێنانی پیشەیی، کە بڕبڕەی پشتی ئابووری شارەکانی عێراق بوو, ئەو بازاڕەی جارانی نەما، بەڵام هێشتا ژمارەیەک خەڵکی پیشەوەری لێ کۆبووبوەوە و ژیانیان پێوەی بەسترابوو. دامەزراندنی هەندێ کارگەی بچووکی وەک بەفر دروستکردن و چنین و خشت و چاپخانە، و لەو شوێنانەشدا کە خەڵوزی بەرد و قیر و خوێ و بەردە مەڕمەڕ دەردەهێنران توێژێکی تری چینی کرێکاری عێراق دروست بوو. کەواتە سەرچاوەی دروستبوونی چینی کرێکاران بە پلەی یەکەم پرۆژە و دامەزراوە بێیانیەکانە، ئینجا ئەو کارگە ئەهلییانەی بە سەرمایەی نیشتیمانی دامەزران، لەگەڵ ئەو پیشەوەرانەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پیشەکانیان لەبەردەم بەرهەمی زۆر و باشتری بێگانەدا ئەپوکانەوە و ناچاردەبوون بێنە ڕیزی کرێکارانەوە. گومان لەوەدا نیـیە کە ئەو ژمارەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبووندا بوو، کەواتە چینی کرێکاری عێراق لەگەڵ دروستبوونیدا دیاردەی بێکاریشی هێنایە ئاراوە. دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و کۆمپانیا بێیانیەکانیش دەیانزانی چۆن سوود لەم دیاردەیە وەردەگرن و چۆنیش دەیقۆزنەوە، تاوەکو چاکتر گیرفانیان پڕبکەن. جا بۆئەوەی باشتر لە جەوهەری ئەم دیاردەیە تێ بگەین، دەبێ دەست بخەینە سەر هۆییەکانی.  بەر لە هەموو شتێک بڵاوبوونەوەی بێکاری لەو سەردەمەدا بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیەوە هەبوو. بەریتانیای داگیرکەر وەک دەوڵەتێکی ئیمپریالیزمی جگە لەوەی کە عێراقی کردبووە بازاڕێکی بەفرۆش و بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی پیشەسازی خۆی و لە ڕووی ستراتیژییەوە

هیوایەکی زۆری پێ بوو، چنگی لە سامانی نەوتیش گیر کردبوو. استە چەند کۆمپانیایەکی خستبووە گەڕ و نەوتیان دەردەهێنا و شیلەی ڕەنجی زەحمەتکێشان و خێروبێری وڵاتیان بەتاڵان دەبرد، بەڵام ئەوانە نەخشەیەکی تریان کێشابوو. بەپێی نەخشەکەی بەریتانیا، تا بۆیان بکرایە کەمتر نەوتی عێراقیان دەردەهێنا و لەبری ئەوە نەوتی ئێرانیان دەردەکرد، بۆ ئەوەی نەوتەکەی عێراق بکەنە یەدەگی دواڕۆژ، چونکە ئەوان عێراقیان بە موڵکی هەتاهەتایی خۆیان دەزانی!!. هەر ئەم سیاسەتە وای لە ئینگلیزەکان کرد توخنی پیشەسازی نەوتیش نەکەون. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە هەندێ بەرهەمی نەوت لە وڵاتانی ترەوە دەهێنران بۆ عێراق. بەریتانیا وەک دەوڵەتێکی ئیمپریالیزمی، دەیزانی گەشە پێ دانی ئەو پیشەسازییە بێجگە لەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە زیانێکی گەورەی پێ دەگەیەنێ، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی چینی کرێکاران لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتیشەوە. ڕێگەی ئاسن و بەندەری بەسرەش کە دوو مەیدانی تری ئابووری بوون و ڕاستەوخۆ لەلایەن ئینگلیزەوە بەڕێوە دەبران، هەنگاوێکی ئەوتۆیان نەنا کە هیچ نەبێ لە داهاتی تایبەتی خۆیان کارگە و کارخانەی وا دابمەزرێنن پێویستییەکانی خۆیان دابین بکات، یاخود شارەکانی عێراق بەهۆی ڕێگەی ئاسنەوە بەیەکترەوە ببەستن و هۆی گواستنەوەی ڕێکوپێکی ئاوی لە ڕووباری دیجلە و فوراتدا بخەنە کار. سیستەمی نیمچە دەرەبەگایەتیش لەو قۆناغەدا هۆیەکی تری گەشە کردنی بێکاری بوو. چەوسانەوەی جوتیاران لەسەر دەستی دەرەبەگ و خاوەن زەوی و سەرۆک خێڵەکاندا کارێکی کرد، ئاستی گوزەرانی جوتیاران بە ئەندازەیەک هاتە خوارەوە نەیاندەتوانی لە لادێ بمێننەوە. ئەوانە لەسایەی ئەو سیستەمەدا، لە بەرهەمی ساڵانەیان

ئەوەندەیان بۆ نەدەمایەوە تا وەرزی داهاتوو بیانژیەنێ. ساڵ بە ساڵ لەژێر باری **سەلەم** و **سوودا** زیاتر پشتیان دەچەمایەوە. دیارە بەم حاڵەیشەوە نەیاندەتوانی کەڵک و سوود لە پیشەسازی نیشتیمانی و بەرهەمی پیشەیی ناوخۆی وڵات وەربگرن و بیانکڕن و پێویستییەکانی ژیانی خۆیانی پێ دابین بکەن. ئەمەیش ئەوەندەی تر بێبازاڕی بڵاوکردەوە و کاری لە بەرهەمی پیشەوەران و ئاستی ژیانی ئەوانیش کرد. چونکە ئەگەر جوتیاران کە بەشێکی گەورەی میللەتی عێراقیان پێکدەهێنا توانای کڕین و ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەلی بەرهەمی نیشتیمانییان هەبوایە و بیان توانیایە کەرەستەی تری بەرهەمهێنان بکڕن، بێگومان پیشەسازی نیشتیمانیش پێشتردەکەوت و ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بێکار دەستبەکار دەبوون و بەرهەمی کشتوکاڵیش پشتی بە پیشەسازی نیشتیمانی دەبەست، نەک بازاڕی دەرەوە. هەر ئەم واقیعە نالەبارەش پاڵی بەدەیان و سەدان خێزانی جوتیارانەوە دەنا، لە هەندێ بواردا کار بکەن. کارکردن بە ژن و منداڵ لە هەندێ بواری وەک ڕنین و داگرتنی خورمادا، ڕێگای لە کرێکاران دەبەست کە کاریان دەستگیر ببێ. ئەوانە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن بەربەرەکانێی کرێکارانیان دەکرد و بە کرێیەکی زۆر کەم ڕۆژ هەتا ئێوارە دەچەوسێنرانەوە.

هۆیەکی تری بێکاریی ئەوە بوو لە هەندێ پیشەدا، کرێکاران بە پارچە کاریان دەکرد، چونکە ئەم چەشنە کارکردنە هەروەک قازانجێکی زۆری بۆ خاوەنکار تێدابوو، لەولایشەوە ژمارەیەکی زۆر کرێکاری یەدەکی بۆ کاتی پێویست مسۆگەر دەکرد و بەربەرەکانێشی دەخستە ناو ڕیزی کرێکارانەوە.

هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسکران چەند هۆیەکی مەوزووعی بڵاوبوونەوەی بێکاری بوون. لێرەدا پێویستە ئەو حەقیقەتەیش لەیاد نەکرێ کە کرێکاران خۆیشیان لەسەرەتای ئەو قۆناغەدا نەگەیشتونەتە ئەو پلەیەی کە پێویستە ببن. ئەو جوتیارانەی کە بۆ کریکاری دەهاتنە شارەوە، بەو مەبەستە نەدەهاتن بەتەواوی لە لادێ و پەیوەندییەکانی بپچڕێن. ئەوانە تەنها زوڵم و ستەمی دەرەبەگایەتی کە هەرەسی بە ئابووری کشتوکاڵییان هێنابوو، پاڵی پێوە دەنان لادێ بەجێبهێڵن و بەشوێن سەرچاوەیەکی تری ئابووریدا بگەڕێن، وەکو تر هەر بەتەمای ژیانی لادێ و چاویان لە دەستکەوتی ئەوێ بوو.
ئەمانە لە ڕووی هۆشیاریشەوە گەشەیان نەدەکرد، چونکە لەگەڵ دواکەوتووترین ئامرازی کارکردندا هەڵسوکەوتیان دەکرد.
لە هەلومەرجێکدا کرێکار نەتوانێ ئاگاداری دەستکەوتی زانستی و پێشکەوتنی تەکنیکی ببێ و کاریان پێ بکات، هەرگیز هەست بەو گۆڕان و چوونەپێشەوەیە ناکات کە ڕەوتی گەشەکردنی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دیوە.
*بوونی کۆمەڵایەتی دەستنیشانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەکات.*
حەقیقەتی ئەم وتە فەلسەفییە نەک هەر لەو مەسەلەیەدا خۆدەنوێنێ کە ئێستا لێی دواین، بەڵکو لەوەیشدا دەردەکەوێ کە جوتیاران بەپێی درێژەپێدانی پەیوەندی خێڵەکییان لەگەڵ لادێدا، نەیاندەتوانی خۆیان لە نەریت و ڕەوشتی دەرەبەگایەتیی دەرباز بکەن. ئەنجامیش هیچ لە پێگەی خۆیان تێ نەدەگەیشتن و نەیاندەزانی لە پرۆسیسی بەرهەمهێنانی سامانی مادیدا چ ڕۆڵێکیان هەیەو چ ئەرکێکی مێژوویی لە ئەستۆیانە و چۆن و لەسایەی چ هەلومەرجێکدا دەتوانن مافە ڕەواکانیان وەدەستبهێنن. لەبەر ئەوەی هەرگیز ناتوانین چاو لەو

پەیوەندییانە بپۆشن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بایەخێکی گەورەیان هەیە و لە زۆر لایەنەوە شێوەی دروستبوون و بنەمای ئایدۆلۆژی و پلەی ڕێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاران دەستنیشان دەکەن. ڕاستە و نکۆڵی لەوە ناکرێ کە بوونی ئەم پەیوەندییانە بەندە بە چەندین هۆی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەگشتی کار لە گەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. بەڵام دەبێ ئەو حەقیقەتەیش فەرامۆش نەکرێ کە خۆبەستنەوە بە لادێ و درێژەدان بە پەیوەندی خێڵەکی و تیرەگەری کار لە چۆنیەتیی دروستبوونی چینی کرێکاران و گەشەکردنی هۆشیاری چینایەتیی دەکات. پەیوەندی هەمیشەیی کرێکاران بە تیرە و خێڵەوە، ڕێگا لە کرێکاران دەگرێت ئاستی هۆشیارییان بەرز ببێتەوە و لەناو ڕیزەکانیاندا ئایدۆلۆژیای خۆیان گەشە بکات.

لەمێژبوو سەرمایەدارانی ئینگلیز بەهۆی سۆسیۆلۆجیست و سایکۆلۆجیست و زانا ئابووریەکانییەوە هەوڵیەدا تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی لە ڕیزی کرێکاراندا بچێنێ. لە ناوەڕاستی سەدەی نوزدەهەمدا کرێکارانی ئیرلەندی بە گەلە ڕەوانەی ئینگلستان دەکرد. بەو کارەی ویستی جیاوازی نەتەوەیی بکاتە هۆیەک تا کرێکاران بەگژ یەکتردا بکا. سا ئەگەر بەهۆی زانا و ڕۆشنبیرە پێشڕەوەکانەوە کە جەوهەری ئەم مەسەلەیان شی کردەوە، سەرمایەدارانی ئینگلیز ئەم سیاسەتەیان بۆ نەچووبێتە سەر، ئەوا بەهۆی نزمی و ئاستی هۆشیاری چینی کرێکاری عێراقەوە، تاڕادەکی باش بە مەرامی خۆیان گەیشتن. دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بەمەبەستی ناکۆکی دروستکردن و خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی، جیاوازیەکی زۆریان لە نێوان کرێکارە هیندییەکان و عێراقییەکاندا دروست کرد. بە ڕادەیەک

منـداڵێکی هینـدی ئەگەر کـاری بکـردایە ڕۆژانەکەی لە کرێکـارێکی عێراقـی پتـر بـوو. سـەرەڕای ئەوەش جاروبـار بـۆ مەبەسـتی خـۆی هەنـدێ ئیمتیـازی پـێ دەبەخشـین تـاکو ببـنە مـایەی ڕق و کیـنەی کرێکـارە عێراقییەکـان. بەمەشـەوە ڕانەوەسـتان لەنـاو کرێکـارانی عێراقیشدا ڕێگای لەو چەشنەی گرتەبەر، بە نموونە: کرێکارێکی کورد ڕۆژانەکەی ٧ ئانە لە کرێکارێکی عەرەب زیاتر بوو. بە کورتی بۆ کپ کردنی هۆشیاری چینایەتی، جیاوازی نەتەوەیی دەکردە هۆکار . لەناو هەنـدێ دامودەزگاشـدا سیسـتەمی یۆنیفـۆرمی داهێنـا و دەبـوو هەر دەستە و تاقمە بەپێی مەزهەبی ئایینی و رەگەز و نەتەوەیان بەرگی جیاجیـا بپۆشـن. ئینگلیزیەکـان چ لە سـاڵانی ئینتیـداب و چ دوای کۆتایهاتنی ئینتیدابیش، توانییان سودیکی گەورە لە نەشارەزای و کەم تێگەیشـتنی کرێکـاران وەربگرن، ئەمەیش لە مەسـەلەی دانـانی ڕادەی هەرەکەمـی ڕۆژانە و چـۆنیەتیی خسـتنە سـەر کـار و دەرکـردن و هەلومەرجی کار بەباشی دەردەکەوێ. ئەو ڕۆژانەیەی بۆ کرێکارانی عێـراق دانرابـوو، زۆر لەوە کەمتـر بـوو بتـوانی پێداویسـتییە سـەرەتاییەکانی خـۆی و خێزانـی پـێ دابـین بکـات. زۆرجـار بیـانووی دامودەزگاکـانی ئینگلیز و ڕژێم دەرهەق بەم مەسـەلەیە ئەوە بـوو کە *بەرهەمی کرێکاری عێراقیش ئەوەندە نییە شیاوی ڕۆژانەیەکی لەوە زیاتربێ*. جا ئەگەر ئەم بیانووە کەمێک ڕاسـتی تێدابێ، هـۆیەکەی هەر دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوان. چـونکە ڕۆژانەیەکـی کەم هەرگیـز ئەوەنـدەی خواردەمەنی پێویست بۆ دابین ناکات، وزەی ئیشکردنی تەواویی پێ ببەخشێ و ئەنجام بەرهەمی دێتە خوارەوە.

ئینگلیزەکان  بۆ ئەوەی کەمترین ڕۆژانە بە کرێکـاران بدەن پەیڕەوی چەشنە سیستەمێکیان دەکرد کەم ڕێکەوتووە لە شوێنی تر کـاری پـێ

کرابێ. بۆ نموونە: ماوەی کارکردنی ڕۆژانەیان دەهێنایەوە یەک، وەک ئەوەی کرێکــار ڕۆژی ٦ ســەعات کــاری پێــدەکراو بەرامــبەر بەوە ڕۆژانەکەشــی کەم دەکــرایەوە. جــاری وایــش هەبــوو، ئەوەنــدەیان دەهێنــایەوە یەک، لە ســەری مانگــدا مــوچەی ١٥ ڕۆژی وەردەگــرت. لەگەل ئەمەیشدا ڕۆژبەڕۆژ نرخی کەلوپەل و خواردەمەنی و تێکڕای پێویســتیەکانی ژیــان بەرزدەبــونەوە. تەنــانەت ئەگەر لە هەنــدێ دامودەزگاشــدا کرێکــاری هەمیشــەیی ســالانە مــووچەکەی زیــادی بکردایە، شتێکی لە ئاستی گوزەرانی نەدەگۆڕی، چونکە ڕێژەی کرێی ڕاســتەقینەی دەهــاتە خــوارەوە. شــێوەیەکی تــری چەوســاندنەوەی کرێکاران ئەوە بوو، لەبری پارە، کرێی نەختینەی دەدرایە. ئەم چەشنە کــرێیە لەنــاو ولاتە ســەرمایەدارە پەرەســەندووەکاندا نەمــاوە، ئەگەر هەشبێ تەنها کرێی خانوو دەگرێتەوە بەلام لە ولاتێکی ژێردەستەی وەک ئەوســای عێراقدا، شـێوەیەکی تـری چەوسانەوەی کرێکـاران و بەتالان بردنی کاری کرێگرتە بوو. ئەوە بوو لەبری پارە خواردەمەنی و کەلـوپەلی پێویسـتیان دەدانـێ و زۆرجاریش بەقەرز بـوو. پڕۆژەی خانوبەرە و نیشتەجێکردنی کرێکارانیش بەرامبەر بە چەردەیەک پارە کە لە موچەکەیان دادەشکێنرا، شێوەیەکی تری کرێی نەختینە بوو، بێ ئەوەی کرێکاران بە خۆیان بزانن. نزمـی ئاسـتی هۆشیاری کرێکاران وادەکـا لە حەقیقەتـی ئەم چەشـنە کـرێیە تێنەگەن. بـۆیە دەبینـین لە هەندێ کاتدا کە تەنگوچەڵەمەی ئابووری پەرەدەستێنێ و کەلـوپەل و خـواردەمەنی بە سـانایی دەسـگیر نـابن هەولـدەدەن خاوەنکار لەبـری پارە کرێی نەختینەییان بداتێ، بێ ئەوەی لەو حەقیقەتە تێبگەن کە بە دەستی خۆیان سـەرچاوەیەکی تـری گیرفان پڕکردنیان بۆ خاوەنکار دۆزیوەتەوە.

دامەزرانـــدن و دەرکردنـــی بەئـــارەزوو، هەلـــومەرجی نالەبـــاری کارکردنیش بەپێی گرێبەستێکی تایبەتی بەسەر کرێکاراندا دەسەپێنرا، و بۆیـان نەبـوو لە پێسـتی خۆیانـدا بجـولێنەوە. بە کـورتی هەرچـی جـۆری چەوسـاندنەوە و دادۆشـین هەیە، دامودەزگاکـانی ئینگلیـز و ڕژێـم لەگەڵ کرێکارانـدا بەکاریـان دەهێنـا. تـا لە قۆنـاغێکی تـری پەرەسەندنی بزووتنەوەی چینی کرێکاراندا لەو ڕاستییە تێگەیشتن کە تەنها بە یەکخستنی ڕیزەکانیان بە ئامانج دەگەن، و قۆناغی یەکەمـی ئەو خۆڕێکخسـتن و یەکێتـیەش پێکهێنـانی سـەندیکا و ڕێکخـراوی پیشـەییە. بـۆیە هەوڵـدان بـۆ ئەو مەبەسـتە و جێبەجـێ کردنـی، بـووە ئەڵقەی ناوەندی خەباتی ئەو چینە و پاشـان خەبـاتی ئابووریان کردە چەکـی کـاریگەر و لە ڕووی سـتەمکاراندا هەڵیـان کێشـا، وەک لە دووتـوێی ئەم بەرهەمە بەنرخەی "**دکتۆر کەمـال**"ـدا شـیکراوەتەوە و ڕۆشنای خراوەتە سەر قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی.

لە کاتێکدا کە دەسـتی ڕێـز بـۆ کۆششـی بێوچـانی **دکتۆر کەمـال** بە سنگەوە دەگرم و چاوەڕوانی بەشەکانی تری ئەم کتێبە بێ هاوتـایەی دەکەم، لەبەردەم ناوی ئەو سەربازە نەناسراوانەدا سـەر نەوی دەکەم کە ئەرکـی پێشـڕەوایەتیی کردنـی ئەو چینەیـان گـرتە ئەسـتۆ و بە بەرهەمـی ئەدەبی و شیعر و چیرۆک ئاسـۆی بیری چەوساوەکانیان ڕووناک کردەوە و دەرگای ژیانێکی باشـتر و خۆشـتریان بـۆ خسـتنە سـەر گازی پشت.

فوئاد مەجید میسری
١٣-٩-١٩٨٤

# پێشەکیی نووسەر

باسی چینی کرێکاری عێراق و شێوازی بزووتنەوەکەیان، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی ئەو لێکۆڵینەوە بیانیانەی توخنی چەندین بابەتی مێژوویی عێراقی تازە و هاوچەرخ کەوتوون، لاپەڕەیەکی گرنگ و لەسەر نەنووسراوی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق پێکدەهێنێ.[1]

بەر لە هەموو شتێک هەست بەوە دەکەین مێژوونووسانمان بە دەستی ئەنقەست خۆیان لەم مەسەلەیە دزیوەتەوە. لێرەدا ئەوەند بەسە نمونەیەک بۆ بەڵگە بهێنینەوە تاکو ئەم بۆچوونەمان مەودای ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێت. ئەوەتا کەسێکی وەک **عەبدوالرزاق ئەلحەسەنی** لە سێ بەرگی یەکەمی دانراوە بەناوبانگەکەیدا مێژووی وەزارەتی عێراق[2] کە بۆ ئەو ڕووداوانەی تەرخان کردووە لە ڕۆژی ٢٥ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ بەولاوە ڕوویانداوە، واتە لە ڕۆژی دروستبوونی یەکەم وەزارەتی عێراقیەوە تا ٣ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ کە مێژووی فەرمی کۆتاییهاتنی ئینتیداب و بوونی عێراقە بە ئەندامی کۆمەڵی گەلان، کەم و زۆر توخنی کرێکاران و ئەو مەسەلانە نەکەوتووە[3] کە ئەوەندە گرنگ و بایەخدار بوون، جێگایەکی دیاریان لەو ڕاپۆرتە فەرمییانەشدا زەوت کردووە کە لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی عێراق دەنووسران و بەریتانیا بە بەپێی ئەوەی دەستی بەسەر عێراقدا گرتبوو، پێشکەش بە کۆمەڵی گەلانی دەکرد. شایانی باسە **ئەلحەسەنی** لەو سێ بەرگەدا باسی ڕووداوی ئەوتۆ دەکات، لە ڕووی نرخ و بەهای مێژووییەوە زۆر لە ئاستی مەسەلەی کرێکاریی نزمتر بوون .

گەربێ و هەموو ئەو بایەخ پێدانە هەژمار بکەین کە مێژوونوسانی ئەم ناوچەیە بە بابەتی لەو چەشنەی وڵاتانی خۆیانداوە و[4] نرخ بۆ

هەوڵ و کۆششـــی ئەو نووســـەرە عێراقیـــانەش دابنێـــین کە بـــۆ چارەســـەرکردنی مەســـەلەی کرێکـــاریی داویـــانە و وای لـــێ کـــردن "***بەشـــوێن کەســـایەتی کرێکـــار لە چیرۆکـــی عێراقیـــدا***"[5] بگەڕێـــن و دەربارەی *ڕۆژنامەی کرێکاران*[6] بنووسن؛ دەڵێین ***گەربێ و گرنگی بۆ ئەمانە دانێین***، ئەوسا بەتەواوی ئەم کەم و کورتی و ناتەواویەمان بۆ دەردەکەوێت.

جاریکی تریش کەمتەرخەمی ئەو مێژوونوسانەمان لەوەدا بۆ ئاشکرا دەبێ کە لەو حەقیقەتە تێدەگەین ئەم هەڵوێستەیان ئەنجامی تێڕوانینی کلاســـیکیانەیانە، تێڕوانینێـــک ســـەردەمی بەســـەرچووە و ئەوانە گەرەکیانە مێژووی چینێک پشتگوێ بخەن ئەمڕۆ ژمارەیان خۆی لە ملیۆنێـــک دەدا و بەوانەوە کە ئەوان ئەیـــان ژێـــنن نـــزیکەی ٨٠% ســـەرجەم دانیشـــتووانی شـــارەکان پێکـــدەهێنن.[7] گەربـێ و تەماشـــای پـێگەی ئابووریشـیان لە بەرهەمهێنانـدا بکەیـن وەک ***نەوت، کبریـت، چیمەنتۆ، کارگەی میتالۆژیای ئەسکەندەریە، پیشەسازی داودەرمان لە سـامەڕا و شووشـە لە ڕەمـادی و پیشەسـازی سـووک و پیشـەی بیناکاری لەسەرتاسەری شارەکانی عێراقدا دەبینین***، ئەوەی ئەو چینە لە ڕووی مـادییەوە بەرهەمـی دەهێنـێ ٩٠% بگـرە زیـاتری هەمـوو داهـاتی نەتەوەییە. بەبڕوای ئێمە تەنها ئەمە بەسـە بۆئەوەی پاڵ بە مێژوونووسـانمانەوە بنێ ڕەگوڕیشـەی مێـژووی چینـی کرێکـاران و بەچـۆنیەتیی دروســتبوونیدا بچــنە خــوارەوە. گەر وردتــریش بــۆ مەسـەلەکە بچین، دەبێ بەوپەڕی ڕاشکاوانە دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە ئەسـتەمە وەک پێویسـت لە هەمـوو مەوداکـانی چەوسـاندنەوەی ئیمپریالیزمـانەی گەلـی عێـراق [لەسـەردەمی داگیرکـردن و ئینتیدابـدا] تێـبگەین و بە زەحمەتـیش دەتـوانین بابەتیـانە دەسـتبخەینە سـەر

لاپەرەکانی مێژووی سیاسیی نوێی عێراق و خەباتی گەل لەپێناوی سەربەخۆیدا بەدرێژایی ئەو ساڵانە، ئەگەر بە چڕی لە واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسیی کرێکاران و جوتیارانی ئەو ڕۆژگارەی عێراق نەکۆڵینەوە.

ئەمانە لە هەموو بارێکدا هێزی بنچینەیی و داینەمۆی هەموو ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ و پێکهێنەری ئەو سوپایەن[8] کە بەبێ کۆششی ئەوان هیچ گۆڕانێک درووست نابێت. ئەمانە لە پرۆسیسی گۆڕانی کۆمەڵدا هۆیەکی ئەرێنین و زۆربەی کات سروشتی بزووتنەوەکەیان پشت بەو هۆیانە دەبەستێ کە لەژێرەوە، واتە لە قەوارەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەرهەمهێنانی باوەوە هەڵقولاون.

دەمێنێتەوە سەر چۆنیەتیی ئاراستەکردنیان، ئەمەیان بەتایبەتی سەبارەت بە کرێکارانەوە بەهۆی بنچینەیی لەقەڵەم نادرێ، هەر لەبەر ئەمەشە گۆڕانی بەردەوامی هێزە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر شانۆی سیاسی، هەمیشە لە بەرژەوەندی ئەماندایە. بە نموونە : ئەمڕۆ ڕۆڵی نەوەی جوتیار و کرێکارانی *شۆڕشی بیست* لەناو هەموو دیاردەیەکی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لەگەڵ ڕۆڵی وەچەی سەرۆک خێڵدا جیاوازە. ئەمەیش لای خۆیەوە ناچارمان دەکات بایەخ بە مێژووی ئەو چینە بدەین کە لەناوجەرگەی کۆمەڵگاوە هەڵقولاوە وەک ڕۆژنامەیکی زووی کرێکاران لەسەری نووسیوە.[9]

دەتوانرێ *مێژووی چینی کرێکاری عێراق* بەر لە شۆڕشی ١٤ـی تەمووزی ١٩٥٨ بە سێ قۆناغی بنچینەیی دابەش بکرێت. یەکەمیان: قۆناغی پێکهاتنی، دەکەوێتە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە. دووەمیان: ئەو قۆناغەیە کە سەرەتای بزووتنەوەی کرێکارانی بەخۆیەوە دی و ڕۆژگاری دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەگرێتەوە،

و ئەشێ ساڵی ١٩٣٢ بە کۆتایی ئەم قۆناغە لەقەڵەم بدەین. چونکە ئەو ساڵە قۆناغی گواستنەوەیە لە مێژووی عێراقدا و کۆتایی بە سەردەمی ئینتیداب هات و سەردەمێکی تر هاتە گۆڕێ کە بە سەربەخۆیی ناو دەبرێ*. بەڵام قۆناغی سێهەم ئەو قۆناغەیە کە چینی کرێکاری عێراق، وەکو چینی کاریگەری ناو بزووتنەوەی نیشتیمانی گەلی عێراق لەسەر شانۆی سیاسی دەرکەوت و خۆی نواند.[10]

ئەم لێکۆڵینەوەیەمان لە بارەی قۆناغی یەکەم و دووەمی مێژووی چینی کرێکاری عێراقەوەیە. بێگومان ئەو دوو قۆناغەش لەبەر کەمی سەرچاوە و نەبوونی ڕا و بۆچوونی ئاشکرا و ڕوون سەبارەت بە باس و بابەتە تێک ئاڵاوەکانیان، ئاڵۆزترین لاپەڕەی مێژووی ئەم چینەن. ئەو دوو قۆناغە بایەخێکی لە ڕادەبەدەریان هەیە و تەنها بە توێژینەوەی ئەم دووانە دەتوانین لە بنچینەی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی چینی کرێکاری عێراق تێبگەین، چونکە بەبێ ئەوانە ناتوانرێ واقیعی چینی کرێکاران و مێژووی بزووتنەوەکەیان لە قۆناغی دواتردا دیاری بکەین. ئەو قۆناغەی کە وەک ئەوانی تر، لاپەڕەکانی شاراوە و تەمومژاوی نین و تاڕادەیەکی باش ئاشکرا و ڕوونن.

---

*مێژوونووسان وا ڕاهاتوون ساڵی کۆتایهێنان بە ئینتیدابی بەریتانی، ساڵی سەربەخۆیی دەنووسن. دکتۆریش لەو شوێنانەدا کە پێویستی کردووە، هەمان زاراوەی بەکار هێناوە. بەڵام بەش بەحاڵی خۆم لە هەرشوێنێکدا ئەو زاراوەیە هاتبێتە ڕێگام لەجیاتی سەربەخۆیی، کۆتایهاتنی ئینتیدابم بەکار هێناوە، چونکە لابردنی ئینتیداب ئەگەر چی بەڕواڵەت جۆرە سەربەخۆییەکی دەگەیاند بەڵام وەک وڵاتێکی نیمچە کۆلۆنی مایەوە و لە هیچ ڕوویەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە سەربەخۆ نەبوو. وەرگێڕ

سەبارەت بە چۆنیەتیی ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتمان بە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی جیاجیا بەستووە. لە پێش هەموویانەوە بەڵگەنامەی فەرمی و راپۆرتی ئینگلیزەکان کە دەرهەق بە چۆنیەتیی بەرێوەبردنی عێراق لەسەردەمی ئینتیدابدا نووسیویانە. لەناو ئەم بەڵگەنامانەدا زانیاری زۆر بایەخدار سەبارەت ئەو پرۆژانە هەیە کە کاریان بە ژمارەیەکی زۆری کرێکاران کردووە، وەک: **بەندەری بەسرە** و ***رێگەی ئاسن***. هەروەها زانیاری زۆریان لە بارەی کۆمەڵە کرێکاریی و پیشەییەکان و چۆنیەتیی گوزەرانی کرێکاران بەگشتی و یاسای کرێکاران و چەندین مەسەلەی تری تێدایە کە بۆ نووسینەوەی مێژووی چینی کرێکاری عێراق چاوپۆشییان لێ ناکرێ.

وەنەبێ رۆژنامەش رۆڵی لەو سەرچاوانە کەمتر بێ. رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەش زانیاری ورد و دەگمەنی ئەوتۆیان تێدایە رۆشنایی دەخەنە سەر بابەتی جیاجیا کە پەیوەندی راستەوخۆیان بەسەرجەم پشێوی و بزووتنەوەکانی کرێکاران و هەڵوێستی رژێم و هێزە سیاسیەکانەوە هەیە. جا بۆ ئەوەی وینەیەکی وەک خۆی لە قۆناغی یەکەمی بزووتنەوەی چینی کرێکاران بخەینە بەردەست و بۆ ساغکردنەوەی هەندێ رووداو و ژمارە و شتی لەو بابەتە، پشتمان بە سەرپاکی رۆژنامەکانی ئەوسا بەستووە، بێ ئەوەی گوێ بدەینە رێباز و هەڵوێستی جیاوازیان. ئەوانە هەندێکیان رۆژنامەی میری بوون وەک **العراق** و **صدی العهد**، هەندێکی تریان لە رۆژگاری شۆرشی بیستەوە بە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە ناوبانگیانە هەبوو، وەک **الاستقلال** هەندێکیشیان زمانحاڵی ئۆپۆسیۆن بوون وەک: **الاخاء الوطني و نداء الشعب** هەیش بوو لەبەر ئەوەی ئاستێکی بڵندی رۆژنامەگەری هەبوو، لەو رۆژەدا ناو و ناوبانگێکی لە ئەندازەبەدەری

پەیداکردبوو، وەک: **العالم العربي** ئەمە جگە لە ڕۆژنامەکانی کرێکاران کە بەهـۆی بـاس و بابەتەکانیـانەوە گەیشـتینە هەنـدێ ڕا و بۆچـونی پێویسـت و لەبەر ڕۆشـناییان توانیمـان سـیمای قۆنـاغی سـەرەتایی بزووتنەوەی کرێکاران دەستنیشان بکەین.

کە دێینە سەر نیشاندانی زۆربەی مەسەلە گرنگەکان، هەوڵماندواوە چی بەڵگەنـامە و ڕۆژنامەکـانی ئەو کـاتە نووسـیویانە، بیاننووسـینەوە و دەریببڕین، تـاوەکو لەلایی ئەو کەسانەی هەمیشـە گومانیـان لەئاسـتی هۆشـیاریی تـوێژە زەحمەتکێشـەکان و ڕادەیـی هەسـتکردنیان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەیە، ببنە بەڵگەی پێسەلماندن.

لە چـوار جـار چـاوپێکەوتنی یەکەمـین هەڵسـووڕاوی سـەندیکایی **مـحەمەد صـالح عبـدولجبار ئەلـقەزاز.**[11] و چـاوپێکەوتنێکی مامۆسـتا **ئیبـراهیم عەبـدولجەبار ئەلـقەزازـی** برایـدا زانیـارییەکی زۆر و سوودبەخشـمان دەسـتکەوت. وا دەردەکەوێ ئەمەی دواییـان لە کۆتاییەکـانی سـەردەمی ئینتیدابـدا و لەژێـرەوە وەک هەمـوو ڕۆشنبیرێکی سەردەمەکەی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕابێ. زۆر کەس هەن لەوانەی تـوخنی ڕووداوەکـانی سـەردەمی *ئینتبیـدابی بەریتانیـایی* کەوتوون بە هەڵەدا چوون. ئینجا لەبەر ئەوەیەکە هەندێ هۆی ئاشکرا هەن و کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆر دەخەنە بەردەم ئەم چەشـنە بـاس و لێکـۆڵینەوانە، ئەو هەڵە و ناتەواویـانەی ڕوویانـداوە بە شـتێکی سروشتی دەزانین و لە هەمان کاتیشدا ئەوەندەی لە تواناادا بووبێ و بە پشتی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ڕاستمان کردونەوە. هەموو ئەو حەقیقەتانەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا ڕوونکراونەتەوە بیروڕای ئەو نووسـەرە ڕۆژئاواییـانە پـوچەڵ دەکەنەوە کە سوورن لەسـەر ئەوەی

گوایە ***کۆمپانیا بیانییەکان و بەتایبەتی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت هەلومەرجێکی باشیان هەیە.***[12]

زۆر بەترسەوە سودمان لەو زانیاریانە وەرگرتووە کە لەناو چەند سەرچاوەیەکی کەمدا تۆمارکراون و لە بزووتنەوەی کرێکارانی سەردەمی ئینتیداب دەدوێن. ئەو سەرچاوانە جگە لەوەی کە زۆر بە کورتی خۆیان لە قەرەی ڕووداوەکان داوە؛ ئەو هەلومەرجانەیشیان تێدانییە  کە پێی دەبنە حەقیقەتی مێژوویی باوەڕپێکراو. بە نموونە: لە هیچ ڕۆژنامە و بەڵگەنامەیەکدا، تەنانەت بە ئاماژەیش باسی مانگرتنی کرێکارە چەو و لم بێژەرەوەکان نەکراوە، کە گوایە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ دا لە بەسرە ڕوویداوە و سەرەنجام کۆمپانیاکانیان ناچارکرد مل بۆ خواستی  کرێکاران شۆڕبکەن وەک لە یەکێک لەو سەرچاوانەدا نووسراوە.[13] ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆژنامە و بەڵگەنامەکانی ئەو قۆناغە لە چەند مەسەلەیەکی ئەوتۆی کرێکاران دواون، لە ڕووی گرنگییەوە ناگەنە ئاستی ئەو مانگرتنە.

وامان بە چاک زانی بابەتی کتێبەکە بکەینە پێنج بەش. یەکەمیان باسی پێکهاتنی چینی کرێکاری عێراق دەکات، وەک باسمان کرد لە ساڵانی دوای سەدەی نوزدەهەمەوە دەست پێ دەکات تا جەنگی یەکەمی جیهان.

بەهۆی ئەوەیشەوە کە عێراق لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە یەکێک لە مەیدانەکانی جەنگ، چینی کرێکارانیش گۆڕانێکی گەورەی بەخۆیەوە دی، ناچاربوین بەشێکی تایبەتی بۆ بارودۆخی کار و کرێکارانی عێراق لە ماوەی جەنگدا تەرخان بکەین.

دوو بەشەکەی تری ئەم کتێبە لەو بارودۆخە دەکۆڵێتەوە کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کرێکاران؛ لەو بزووتنەوەیە دەدوێ.

ناوی هەموو ئەو کەسانەشمان تۆمارکردووە کە ڕۆڵی ئەرێنییان لەو بـزووتنەوانەدا بینیـوە و سـەربازی ونـی ئەو مەیـدانە بـوون، کەچـی مێژووی هـاوچەرخی عێراق ئەوەندەی تۆزێک توخنیـان نـاکەوێ، لە کاتێکدا ڕۆڵی ئەوانە شیاویی هەموو ناوهێنانێکە.

لە کۆتـایی بە شـێوەیەکی چڕوپـڕ باسـی سروشـتی بـزووتنەوەی کرێکـاران و قۆناغەکـانی دەرکەوتـن و سـەرهەڵدانیمان کـردووە، کە لەدوایدا کاری لە ڕەوتی ئەو بزووتنەوەیە کرد.

دەبـێ ئەو ڕاسـتیەیش دووبـارە بکەیـنەوە کە ئەم کۆششـەمان لە دووتـویێی ئەم کتێـبەدا پێشکەشـکراوە، هەنگـاوێکە بـۆ لێکـۆڵینەوەی مێـژووی چینـی کرێکـاری عێـراق و حەقیقەتـی بـزووتنەوەکەی، هیـوادارین هەنگـاوی تـری بە دوادا بێـت و ئەم دۆزە گـرنگە مـافی ڕەوای خۆی بدرێتێ.

دواجـار، زۆر سوپاسـی هەمـوو ئەو بـرا و هاوڕێیـانە دەکەم کە یارمەتییـان دام و ئەم کتێـبە بەم شـێوەیەی ئێسـتا ڕوونـاکی ببینـێ، لەپێش هەموویـانەوە "**مامۆسـتا محەمەد مەلا کەریـم**" "**دکتـۆر هاشـم سـالح التکریتـی**" و هەمـوو کـارگوزارانی مەڵبەنـدی نیشـتمانی بەڵگەنامەکان ***المرکز الوطنی للوثائق*** و کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق و کتێبخـانەی نیشـتمانی و کتێبخـانەی ناوەنـدی و کتێبخـانەی لێکۆڵینەوەی باڵای سەربە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد.

# بەشی یەکەم

## سەرەتای پێکهاتنی چینی کرێکاری عێراق
## لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە تا ساڵی
## ١٩١٤

# ڕەگوڕیشەی چینی کرێکاری عێراق

گومان لەوەدا نییە کە سەرهەڵدان و پێکهاتنی چینی کرێکاران بەندە بە باری کومەلایەتی و ئابوورییەوە، ئەم دیاردەیەش لە کۆمەڵێکەوە تا کۆمەڵێکی تر جیاوازی هەیە . هەرچۆنێک بێ ئەم چینە بە دوو ڕێگای سەرەکی دروست دەبێ. یەکەمیان بەندە بە گەشەکردنی سروشتی بنکە کۆمەلایەتییەکەوە، لە قۆناغێکی دواکەوتووەوە ڕووەو قۆناغێکی پەرەسەندوو تر. دووەمیش لە بنەڕەتەوە بەندە بەهۆ دەرەکیەکانەوە. بەم شێوە پێکهاتنەش کارێکی گەورە دەکاتە سەر سروشتی ئەم چینە نوێیە، بەتایبەتی لە سەرەتای تەمەنیدا. لە ولاتە ئەورووپاییەکاندا و بەتایبەتی ڕۆژئاواییەکانیان، هەردوو کۆڵەکەکەی کۆمەڵگای سەرمایەداری کە چینی کرێکاران و چینی بۆژوا بوون، لە منداڵدانی کۆمەڵگەی گەندەڵبووی دەرەبەگایەتی سەدەکانی ناوەڕاستدا پێکەوە هاتنە کایەوە و خۆیان نواند. ئەمەیش ئەنجامی حەتمیی پەرەسەندنی ناوەوەی کۆمەڵ بوو کە ڕێگای خۆشکرد بەرهەمی پیشەیی بەخێرایی گەشە بکات و پەرەبسێنێ و لەگەڵ خۆیدا شێوازی نوێ و هێزی نوێی لە بەرهەمهێناندا سەپاند.[1]

بەلام لە ڕۆژهەلاتدا، دواکەوتنی شارستانییەت بواری نەدا ئەو هەلومەرجەی بۆ برەخسێ تا لە سایەیدا بنکە ئابوورییەکە بە هەمان شێوە گەشە بکات. لەبەر ئەوە دروستبوون و پێکهاتنی چینی کرێکاران لە ولاتانی ڕۆژهەلاتدا، لە بنەڕتەوە پەیوەندی بەهۆیەکی دەرەکییەوە هەبوو ئەویش نەشونماکردنی بازرگانی بوو، کە لە ئەنجامی ناردنی کەلوپەلی جۆربەجۆر بۆ دەرەوە و هاوردنی کەلوپەلی بیانی لە دەرەوەی ولات، هاتە کایەوە. ئاکامیش ئالوگۆڕێکی

گەورە لە بـواری ئـابووری و کۆمەڵایەتیـدا ڕوویـدا، کە لەدایکبـوونی چینـی کرێکـاران لە ڕیـزی پێشـەوەی ئەو ئـاڵوگۆڕە دادەنـرێ. بـۆیە هەمـوو چینـی کرێکـاران لە وڵاتـانی ئاسـیا و ئەفریقیـادا لەو کـاتەوە پێکهاتوون کە سەرمایەداریێتی ئەورووپا لە ناویاندا کەوتنە کنەکردن؛ یـان بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ داگیـری دەکـردن. تەنـانەت لە **ژاپۆنـد** کە پەرەسەندوترین وڵاتی ئاسیاییە و ئەمڕۆ ململانێ لەگەڵ گەورەترین وڵاتـی سـەرمایەدارییدا دەکـات، سـەرەتای دروسـتبوون و پێکهـاتنی چینـی کرێکـاری بەنـدە بەو قۆنـاغەوە کە **پۆرتوگالییەکـان** لە سـەدەی شانزەهەمدا دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵی خۆیان بەسەردا سەپاند و یەکەمـین کۆمپانیـای بازرگانییـان تێـدا دامەزرانـد و پاشـان دەسـتیان کـرد بە بنیاتنـانی چەنـدین کۆمپانیـای تـری بازرگـانی بەمەبەسـتی نـاردنە دەرەوەی کەلوپەل.

چینی کرێکاری عێراق لە ڕووی پێکهاتنیەوە بە نموونەیەکی سروشـتی شـــێوازی دووەم دادەنـــرێ. دواکەوتـــوویی وڵات لە ئەنجـــامی داگیرکردنـــدا لەلایەن **مەنگــۆل** و **تەتەر** و پاشـــان **عوســـمانیەکانەوە،** ماوەیـان نەدا ڕێگـای بەرهەمێنـانی پیشـەیی بگـرێتە بەر، و بەشـێوەی وڵاتـانی ئەورووپـای ڕۆژئـاوا گەشـە بکـات. لەبەر ئەوە و بەهـۆی بچووکی بازار و کەمی دراوەوە، ئەم شێوە بەرهەمهێنانە لە باشـترین دۆخـدا لە شـوێنی خـۆی دەخـولایەوە، بەبـێ ئەوەی هەنگاوێـک بـۆ پێشەوە بچێ. ئەوە بوو بەدرێژایی چەند سەدەیەک لەم بارەدا مایەوە تـا بەرهەمـی پیشـەیی عێراقی بەرەنگاری کەلـوپەلی بیـانی بـووەوە و چووە قۆناغێکی نوێی ئەوتۆوە بەتەواوی مۆرکی لەناوچوونی نا بە تەختی تەوێڵی خۆیەوە، وەک لەدوایدا بەدرێژی باسـی ئەنجامەکانی دەکەین.

ئەورووپاییەکـان لە مێـرژووی تازەیانـدا بەزوویـی ڕێگـای عێراقیـان دۆزیـیەوە. سـاڵی ١٥٨٣ نـزیکەی دە بازرگـانی ئینگلیـز بە بەغـداد و بەسـرەدا ڕووەو هیندسـتان تێـپەڕین. یەکێکیشـیان دوای گەڕانەوەی گەیشـتە موسـڵ و بەم شـێوەیە پێناسـەی بەغـداد دەکـات گـوایە مەڵبەنـدێکی گەورەی بازرگـانی ڕێگـوزەرە "ترانزێـت". کـاتێکیش کە نرخی **بەهارات** لای ئەورووپاییەکان هاوتای نرخی ئاڵتوونی هەبوو[2] ئەم بازرگـانە ئینگلیـزە لەو ڕاپۆرتەیـدا کە لەمەڕ بەسـرە نووسـیویە، دەڵێ: مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی بەهارات و داودەرمانە.[3]

لە سەدەی نوزدەهەم بەدواوە، ئەورووپاییەکان بەشێوەیەکی ترسناک دەسـتیان خسـتە کاروبـاری عێـراقەوە، ئەمەش ئەنجـامی جیاجیـای بەدەسـتەوە دا. پـێش هەمـوو شـتێک بازرگـانیی نـاردنە دەرەوەی کەلوپەل سنووری جارانی پساند و مەودایەکی فراوانتری گرتەوە و قەڵەمبازێکی گەورەی بۆ پێشـەوە دا، بەتـایبەتی دوای سـاڵی ١٨٦٩ کە **کەنـداوی سویسـی** تێـدا کـرایەوە نرخـی کەلـوپەلی ڕەوانەکـراو لە عێـراقەوە بـۆ دەرەوە لە نێـوان سـاڵانی ١٨٦٤ _١٨٧١ کە گەیشـتبووە ١٥٠ هەزار دینـار لە سـەرەتای جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا گەیشـتە ٣ ملیـۆن دینـار واتە نرخـی کەلـوپەلی ڕەوانەکـراوی عێـراق لە مـاوەی نـزیکەی ٥٠ سـاڵدا بیسـت ئەوەنـدە زیـادی کـردووە.[4] ئەمە لە کاتیکدا بەدرێژایی چەندین ساڵ لە شوێنی خۆی سڕ بووبوو.[5] جا ئەگەربێ و ئەم ژمارەیە ببەینەوە سەر ڕەگوڕیشە بازرگانییەکەی ئەو کاتە بۆمـان سـاغ دەبێتەوە کە تـا چ ڕادەیەک بازرگـانی کەلـوپەل نـاردنەدەرەوە لە عێراقدا نەشونمای کردووە. لە نێوان سـاڵانی ١٨٥٠_١٨٧٠ دا، لەوەوە کە سالی ٣٠٠ تەن جۆی ڕەوانەی دەرەوە دەکرد، لە سـاڵی ١٩١٣ دا، واتە سـاڵێک پـێش هەڵگیرسـانی جەنـگ گەیشـتە ٧٧ هەزار تەن، واتە

٢٥٠ ئەوەندە زیادی کرد. خووریش بە هەمان شێوە و لە هەمان ئەو ماوەیەدا لە ساڵی ٣٠٠ تەنەوە گەیشتە ١٢ هەزار تەن. گەنمیش ١٤ ئەوەنـدەی جاران ڕەوانەی دەرەوە کـرا.[6] بازرگـانیی خورمـایش گۆڕانێکی لەو چەشنەی بە خۆیەوە دی، بەتایبەتی چونکە ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو کەمێک لەو تەنگوچەڵەمە ئابوورییە کەم بکەنەوە کە هیندستان پێوەی دەیناڵاند. ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٩٦ دا سەرجەمی ئەو خورمایەی ڕەوانەی دەرەوە کرا، خۆیدا لە ٦٠٠ هەزار سندوق و لەو چەردەیە ٥٣ هەزاری گەیشتە بەندەری نیویۆرک.[7] ئەو شێوازە باوەی لە ئارادابوو پەیڕەو دەکرا، نەیدەتوانی شانبەشانی پیداویستیەکانی ئەم قۆناغەو گۆڕانەکانی بڕوا. لەبەر ئەوە دەبوو پشت بە ئامراز و هێزی تازە ببەستێ. دیارە ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی عێراق بە شێوەیەکی تاڕادەیەک بەربڵاو دەرگا بکاتەوە لەسەر ئامرازی نوێی ئەورووپایی. ئەو کۆمپانیا بیانیانەی بە خێرای خۆیان لە وڵاتدا قایم کرد و ئەو کۆمپانیا خۆماڵیانەی بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کتوپڕ هاتبوونە گۆڕێ ؛ کەوتنە خۆ و دەستیان کرد بە هێنانی ماشێنی نوێ، تا بەهۆیانەوە هێزوگوڕ بخرێتە کاروباری کەلوپەل ڕەوانەکردنەوە. لە ساڵی ١٨٨٩ دا دوو کۆمپانیای بەریتانیایی[8] کە خەریکی خووری ڕەوانەکردن بوون، یەکێکیان دوو ئامێری پەستاوتنی ئاوی گەورە و ئەوی تریان دوو ئامێری پەستاوتنی هەبوو بە هێزی هەڵم ئیشیان دەکرد و تێکڕا ساڵی ٢٥ هەزار فەردە خوورییان دەنارده دەرەوە.[9] لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی لە سەرانسەری عێراقدا خورمایان دەنارده دەرەوە ١٢ کۆمپانیا بوون، بە تەنها هەشتیان لە بەسرە کاریان دەکرد و[10] بەهۆیانەوە کاروباری ڕەوانەکردنی خورما

باشتر و ڕێکوپێکتر و لە ڕووی چەندیەتیشەوە زۆرتر بوو.[11] بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیش کۆمپانیایەکی ئەمریکی لە وڵاتدا دامەزرا "**ڕەگی بەلەک**"ـی بۆ دەرەوە دەنارد. هەر زوویش دەوروبەری ساڵی ١٨٦٩ جۆرە ماشێنێکی نوێ پەیدا بوو، ڕەگی بەلەکی گورزە دەکرد.[12]

پاش ئەوەی سەرمایەی ڕۆژئاوایی خۆی گەیاندە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەی خۆی قایم کرد و شانبەشانی بەرژەوەندییەکانی تری کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەیان دەسەند و توندوتۆڵ بە شوێنپێی ئابوورییانەوە گرێ درابوون؛ پێویستیان بە گەشەپێدانی هۆیەکانی هاتووچۆ بوو لە عێراقدا. لێرەوە ئینگلیز و ئەڵمان و دەوڵەتانی تریش بایەخێکی گەورەیان بە ڕێگاری هاتوچۆی ناو ڕووباری دیجلە و فورات و **کەنداوی عەرەب** دا و ڕێگای ئاسنیشیان لە **میزۆپۆتامیاوە** گەیاندە کەنداو. لەولایشەوە بەستیانەوە بە ئەورووپاوە.[13] ئەنجامی ئەم گرنگی پێدانە چەند پرۆژە و دامودەزگایەکی نوێ لە وڵاتدا دامەزران. کۆمپانیای "**بێت لەنچ**" کە ساڵی ١٨٤٠ بەمەبەستی بازرگانی پێکهات، پاش ماوەیەک دوو پاپۆڕی گواستنەوەی بە بەردەوامی بە ناو ڕووباری دیجلەدا هاتوچۆی دەکرد. بەمەرجێک **بابی عالی** ماوەینەدا لە دوو پاپۆڕ زیاتر بخاتە گەڕ و سەرەڕای ئەوەیش کە جاروبار بیانووی زۆری پێ دەگیرا و دەخرایە ژێر گازوگیرەوە[14]، دەڵێن سەرەڕای ئەوەش توانی سەرکەوتنی باش بەدەست بهێنێ، بە ڕادەیەک سەرمایە بنەڕەتییەکەی کە ١٥ پانزە هەزار پاوەن بوو، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا گەیشتە ١٠٠ هەزار پاوەن و لە ساڵی ١٩١٩ دا گەیشتە ٣٠٠ هەزار.[15]

ڕێـــگەی ئاســـنیش لە عێراقـــدا مێژوویەکـــی دوورودرێـــژی هەیە و ســـەرەتای ڕاکێشـــانی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ نیـــوەی دووەمـــی ســـەدەی نـۆزدەهەم. لەو کـاتەوە تـا هەڵگیرسـاندنی ئـاگری جەنگـی یەکەمـی جیهـان، پەیوەنـدی نێـوان بەریتـان و ئەڵمـان لەو پەڕی نـاکۆکی و ململانێـدابوو. ئەڵمانیەکـانیش لەبەر چەنـد هـۆیەکی سیاسـی ئاشـکرا، توانیـــان دەستپێشـــخەری بـــکەن و یەکەمـــین ڕێـــگەی ئاســـن لە میزۆپۆتامیـادا دابمەزرێـنن و بـیکەنە بەشـێک لە پـڕۆژەی بەناوبـانگی ڕێگەی ئاسـنی بەغدا. ئەوە بـوو سـەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٧ـی تەمـوزی سـاڵی ١٩١٢ سـەرۆکی ئـاوەدانکردنەوەی ئەڵمانیـا، بە بـۆنەی دانـانی بەردی بنـاغەی "**ڕێگـای ئاسـنی بەری کەرخ**" ـ**ەوە** ئـاهەنگێکی گێـڕا. شایەنی باسە بڕیار وابوو ئەو ڕێگایە لەمسەر بۆ ئەوسەری خاکی عێراق ببڕێ.[16] **والی بەغداد** و ژمارەیەکی زۆر لێپرسـراوانی بیانی و پیاوی ناوداری عێراق ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون.[17]

ئەڵمانەکان ئەوەندە پەرۆشی ئەم پڕۆژەیە بوون، تەنها بۆ ئاهەنگەکە چـل ئەنـدازیاری پسـپۆڕی ڕەگەز جیاجیـان هێنـابوو،[18] و بە هیـوا بـوون کرێکـار و فەرمـانبەری زۆرتریشـی بـۆ بهێـنن و کـات بەفیـڕۆ نەدەن و ئەم پڕۆژەیە تەواو بکەن.[19] هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆمپانیـای ڕێگەی ئاسنی بەغداد مـافی ئەوەی پێدرا، بۆ گواسـتنەوەی کرێکـار و کەلـوپەل و ئامرازەکـانی کـار کـردن، ڕووبـاری دیجـلە و فـورات بەکاربهێنێت. ئەوە بوو *کۆمپانیای بەلجیکی* دامەزرا و ئەم کاروبارەی پیسـپێردرا.[20] دەسـتبەجی دەستیشـکرا بە هێنـانی ئـامراز و ماشـێنی پێویسـت بـۆ ڕاکێشـانی ئەو ڕێگـایە و لە مـاوەی دوو سـاڵ کەمتـردا تێکـــڕای ئەو شـــتانەی لە دەرەوەی عێـــراقەوە بـــۆ ئەم مەبەســـتە هێنرابوون، لە ٤٠ هەزار تەن تێپەڕی کرد.[21]

بەوجۆرە بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی ٧١ میلی لێ تەواوکرا و بەهۆیەوە بەغداد و سامەڕا پێکەوە گرێدران جا لەبەر ئەوەی ئەڵمانەکان هیوایەکی گەورەیان بەم پرۆژەیە هەبوو، لە هەموو رویەکەوە بایەخیان پێدا. بۆیە ڕاپۆرتێکی تایبەتی بەریتانیا کە دوای کۆتایهاتنی جەنگ نووسراوە، پشتگیری ئەوە دەکا کە ئەم بەشەی زۆر چاک دروست کراوە.[22]

لەناو ئەم دامودەزگایانەدا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سەرمایەی بیانییەوە هەبوو، توێکڵی یەکەمی چینی کرێکاری عێراق لە خولگەی ئەو کاکڵە لاوازە پێکهات کە چەند پرۆژەیەکی میری دروستیکردبوو، پاشان بە دووردرێژی قسەی لێدەکەین. ***کۆمپانیای بێت لەنج*** بۆ چاکردنەوەی پاپۆڕەکانی، ئامراز و ماشێنی نوێی هێنا و شۆستەیەکی تایبەتی و کارگەیەکیشی لە بەسرە دامەزراند. کۆمپانیای ڕێگەی ئاسنی بەغدادیش چەندین کارگە و دامەزراوی دیکەی پێویستی بۆ کاروباری بیناکردن و چاککردنەوەی شەمەندەفەر هەبوو. ئەگەرچی ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو کرێکارانە لەئارادا نییە کە لەو شوێنانەدا کاریان دەکرد، بەڵام سەرچاوەکان ڕونیان کردووەتەوە کە خەڵکێک هەبوو بەکرێ کاریان کردووە، تاڕادەیەکی چاکیش لەم مەیدانە تازەیەدا سەرکەوتوو بوون.[23] کەچی ژمارەی تەواو باوەڕپێکراوی ئەو کرێکارە کاتییانە لەبەردەستدان کە خورمایان دەڕنی و پاشان بۆ دەرەوەی وڵاتیان دەنارد. ژمارەی ئەوانەش بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگ خۆی لە ٢٠ بۆ ٢٥ هەزار کەس داوە.[24]

هەرچی سەرمایەی نیشتیمانیشە ڕۆڵی زۆر بچووکی گێڕاوە و خۆی لە خۆیدا لە پاشکۆی سەرمایەی بیانیدابوو، لەبەر ئەوە هەر لە بنەڕەتەوە نەیتوانی ببێتەهۆی پێکهاتنی چینی کرێکاری عێراق. چەندین

هۆی جۆربەجۆریش هەبوو کە بەم یان بەو شێوە بەیەکترەوە بەسترا بـــوون و ئەم دیاردەیەیـــان خولّقانـــد، لە ســـەرو هەموویـــانەوە پاشـکەوتوویی وڵات بـوو لە ڕووی شارسـتانیەتەوە کە مـاوەی نەدا بەرهەمی پیشەیی بچێتە قۆناغێکی بالاترەوە. ئەمە جگە لەوەی هـاتنە خوارەوەی ئاسـتی گوزەران بووبووە هـۆی ئەوەی هێـزی کـڕین لای هاوڵاتیانی عێراق ئەوەندە کەمبێتەوە لە سەرانسـەری ئیمپراتـۆریەتی عوسمانیدا دەستی بۆ درێژبکرێت. ئەمەیش بازاڕی نـاوخۆی هێنایەوە یەک و مـاوەی نەدا گەشـە بکـات و ئاسـۆیەکی ئەوەنـدە ڕونـاکیش نەدەبینرا تا سەرمایەی کەڵەکەبووی نیشـتیمانی هانبدا [ئەگەر چی لە بنچینەشـدا لاواز بـوو] ڕوو لە بەرهەمـی پیشەسـازی بکـا. بەر لە هەڵگیرسـانی جەنگی یەکەم تێکڕای هێـزی کـڕین لەلایـی هـاوڵاتییەکی عێراق لە باشترین باردا لە سێیەکی تێکڕای هێـزی کڕینـی هـاوڵاتیەکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کەمتر بوو.[25]

لەبەر ئەوە ســـەرمایەداری عێراقـــی هەر وا بەئاســـانی نەدەهـــاتە مەیـدانێکەوە، نەیزانیـایە قـازانجی مسـۆگەرە. هەر وا بەرێکەوتـیش نەبوو **مەدحەت پاشا** ی والی کە دەستی بە دامەزراندنی "**کۆمپانیای** تەرامـوای بەغـدا_کازمیە" کـرد، ناچـار بـوو زۆربەی بەشـەکانی ئەو پـڕۆژەیە بە زۆرەملـێ بەسـەر فەرمانبەرەکـانی نـاوخۆدا بسـەپێنێ و بەوانـی سـاغ بکـاتەوە.[26] سـەرمایەدارە عێراقییەکـانیش بە دوودڵیەکـی زۆرەوە هـاتنە سـەر ئەو بـاوەڕەی چەنـد پـڕۆژەیەک بـکەنەوە، بەڵام دەرئەنجـام ڕۆشـناییان نەدی. لە ٢٨ـی شـوباتی سـاڵی ١٩١٢دا میری مـافی دامەزرانـدنی **ترامـوای** کارەبـایی نێوان بەغـداد و **ئەعـزەمییە** و **قەرارە** ی دا بە **مەحمـود چەلەبـی ئەلشـابەندەر** لەگەڵ ئیمتیـازی دامەزرانـدنی ئیسـتگەیەکی کارەبـا لە بەغـداد.[27] هەرچەنـدە هەمـوو

دانیشتوانی شار پەرۆشی ئەوە بوون بەغداد بە کارەبا رۆشن بکرێتەوە و سەرەرای ئەوەی کە **مەحمود چەلەبی ئەلشابەندەر** چووە ***لە وڵاتی فەرەنگ ئەندازیاری شارەزامان بۆبهێنێت***[28] *و ئەگەرچی چەند ئەندازیارێکی ئینگلیزیش لە یەکی ئەیلولی ئەو ساڵەدا گەیشتنە بەغداد بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی شار و پلاندانان*[29]، بەڵام ئەو پرۆژەیە رۆشنایی نەبینی. پرۆژەی راکێشانی رێگەی ئاسنی نێوان *بەغداد_ خانەقینیش* کە دەویسترا بە سەرمایەی نیشتیمانیی پێکبهێنرێ، لەمەڕ پرۆژەکەی پێشوو چوو.

جگە لەم هۆ بنەرەتیە، بەشێکی گەورەش لە سەرمایەی کەڵەکەبوو، کەوتە دەست خاوەن زەوییە گەورەکان، کە بریتی بوون لەو سەرۆک خێڵانەی کە نەیاندەزانی گەربێ و سەرمایەکانیان لە بواری بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا بخەنەکار، چ قازانجێکیان چنگ دەکەوێ. بۆیە هەموو ئامانج و مەبەستیان هاتبووە سەر ئەوەی چییان لێ زیاد بێ، یان کۆی بکەنەوە، یاخود ئاڵتوون و خشڵ و چەکی پێ بکڕن. بازرگانەکانیش چاویان بڕیبووە پیشەکەی خۆیان، چونکە دەیانزانی قازانجیان مسۆگەرترە. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، مەیدانی هەرە فراوانی سەرمایەی نیشتیمانیی، بازرگانی دەرەوە بووە، ئەویش بەم یان بەو شێوە بەسترابوو بەسەرمایەی بیانییەوە. چوار کۆمپانیا لەو هەشت کۆمپانیایەی لە بەسرەوە خورمایان دەنارده دەرەوەی وڵات خاوەنەکانیان عێراقی بوون. هەروەها ژمارەی کارگەی بچووکی پێستە خۆشکردن لە بەغداد پێش جەنگی یەکەمی جیهانی گەیشتە نۆ کارگە.[30]

بازرگانەکانیش بایەخێکی زۆریاندا بە هەنارده کردنی خووری لەسەر شێوەی تازە. بازرگانە بەسراییەکانیش هەندێ ماشێنی تازەیان هێنایە وڵاتەوە بۆ گورزە کردنی ڕەگی بەلەک.

لە ئەنجامی پەرەسەندنی هۆیەکانی گواستنەوەدا، سەرمایەی ناوخۆ توانی ڕۆڵێکی تاڕادەیەک گەورە لەم مەیدانەدا بگێڕێ. بۆیە هەندێ کەس کەوتنە کڕینی بەشەکانی کومپانیای **تەراموای بەغداد_کازمییە** و وا دەردەکەوێ قازانجێکی ئەوەندە زۆری فڕێداوە گەیشتووەتە نزیکەی ١٠٠٪ ی سەرمایەکەی.[31] پێش ئەوەی چەند بازرگانێکی تر کۆمپانیایەکی هاوبەشی لەو جۆرەیان بۆ هاتوچۆ و گواستنەوەی ناو ئاو دامەزراند.[32] ساڵی ١٨٩٦ بازرگانێکی ئەرمەنی لە بەسرە **کۆمپانیای عەرەبانەی یایلی** دامەزراند، تاوەکو لە نێوان بەسرە و عەشاردا هاتووچۆ بکا. چوارساڵ دوای ئەوە دوو کەسی تری بەسرایی کۆمپانیایەکی دیکەی لەو جۆرەیان بنیاتنا و پاشان هەوڵیاندا لەسەر هەمان ڕێگا ئۆتۆمبێل بەکار بهێنن.[33] لە کۆتای مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١١ دا کۆمپانیای نیشتمانی پاپۆڕ بە ناوی کۆمپانیای بازرگانی کەشتییەکانی بەسراوە دامەزرا و لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوودا کەوتە کار و دوو دانە کەشتی خستە گەڕ.[34] لە ساڵی ١٩١٢ دا بۆ یەکەمجار ئۆتۆمبێل لە نێوان بەغداد و دیالەدا کەوتە گواستنەوەی خەڵکی و ماوەی نێوان ئەو دوو شارەی بە ٤٠ خولەک دەبڕی،[35] ئەمەیش ئەوەی دەگەیاند کە لە مەیدانی گواستنەوە و هاتووچۆدا گۆڕانێکی چۆنیەتیی ڕوویدا. هەر لەم ڕووەوە لەو ماوەیەدا، هەوڵێکی تریش لە بەسرا درا.[36] لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە و لەبەر هەندێ هۆی ڕۆشنبیری و سیاسی، دانیشتوانی عێراق بایەخێکی باشیان بە دامەزراندنی چاپخانەدا، بەتایبەتی کە

بەچاوی خۆیان بینیان میری تا چ ڕادەیەک سوودی لەو چاپخانە دەستدەکەوێت کە **مەدحەت پاشا** هێنابووی[37] هەرچەندە هەندێک لەم چاپخانە بەردین بوون، بەڵام زۆربەیان نوێ بوون و شانیان لە شانی چاپخانە ناسراوەکانی ئەوسای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدا.[38] بێگومان ئەم چاپخانانەیش هەر لە بەغداد نەبوون، بەڵکو ژمارەیەکیان لە بەسرە و موسڵ دامەزرا. کاتێکیش جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا، بەتەنها لە شاری بەسرەدا چوار چاپخانە کاریان دەکرد کە تەنها یەکێکیان هی میری بوو.[39] لەو ڕۆژەوە ئیتر دەستکرا بە هێنانی ئامرازی دارشتن، بڕین، داکوتانی مس و مشت و ماڵ و زەرکەفت و بەستەبەند کردن بۆ ئەم چاپخانانە.[40]

لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی بوو کە ماشێنی نوێ، لەوانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی ڕۆژانە و گوزەرانی دانیشتووانەوە هەبوو، بە ئاسانی بێنە وڵاتەوە. ئەوەتا لە ساڵانی دوای سەدەی نۆزدەیەمەوە کارگەی سەهۆڵ دروستکردن و ئاشەمەکینەی نوێ و کارگەی سۆدە و سیفۆن و لەو بابەتانە لە شارە گەورەکانی عێراقدا دامەزرێدران[41] لە ساڵی ١٩٠٨ دا کۆمپانیایەکی چنینی بچووک لە بەغداد بنیاتنرا و مەکۆی تازەی لە دەرەوە بۆ هێنرا.[42] پێش هەڵگیرسانی جەنگیش ماشێنێکی میکانیکی خشت دروستکردن هێنرایە عێراقەوە.[43]

ئەگەرچی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە و لە ئەنجامی هاوردنی کەلوپەلی بێگانەوە، دەستێکی توند لە بەرهەمی پیشەیی وەشێنرا، بەڵام لەم قۆناغەدا هەرئەو بنکەی سەرەکی پیشەسازی نیشتیمانی بوو،[44]ئەویش بەشی زۆری پێویستیەکان، لە بابەتی قوماش و شتومەکی ناوماڵ و کەرەستەی بیناکاری و کەلوپەلی تری بۆ هاوڵاتیان دابین دەکرد. تا جەنگی یەکەمی جیهانی بە سەدان مەکۆی

دەستی خەریکی بەرهەمهێنانی قوماش و چادر و گوریس و شتی لەو جۆرە بوون. بەنمونە لە ساڵی ١٩١١ دا بەتەنها لە شاری موسڵدا ٥٠٠ جۆلا کاریان دەکرد،[45] دیارە لە بەغداد ژمارەیان لەوەش زۆرتر بووە. لە کۆتای سەدەی ڕابردوودا قونسڵی بەریتانیا لە بەغداد، باسی چەند کورە خشتی گەورە و بچووک دەکات. نزیکەی بیست ساڵێک دوای ئەو مێژوە و بەهۆی ئەوەوە کە خەڵکی هەڵپەی دروستکردنی خانوبەرەیان دەکرد، ئەم جۆرە پڕۆژانە ژمارەیان زیادی کرد.[46] سەرەڕای بەکارهێنانی کەشتی نوێ و بنیاتنانی کومپانیای تایبەتی بۆ هاتوچۆ و گواستنەوە، کەچی پیشەسازی بەلەم و کەشتی دروستکردن لە چەند شارێکی عێراقدا وەک خۆی مایەوە و ئەوانەی خاوەنی ئەم پیشەیە بوون دەیانتوانی کەشتی وا دروستبکەن درێژی ٣٠ گەز و پانی ٨ گەز پتر بێ.[47]

ئەم دامودەزگا ئەهلیانە، بوونە سەرچاوەی دووەمی پێکهێنانی چینی کرێکاری عێراق. ئەو کارگە نوێیانەی سەربەم کەرتە بچووکە بوون، ژمارەیەکی باش کرێکاریان تێدا جێ بووەوە و شێوازی ئیشکردنیان تەواو لەگەڵ شێوەی کارکردنی پێشودا جیاواز بوو. شانبەشانی ئەمانەیش بە هەزاران کرێکار بەردوام لەو جێگا پیشەییانەدا کاریان دەکرد و تاڕادەیەکیش بارودۆخی کارکردنیان بەهۆی پەرەسەندنی کاری کرێگرتەوە گۆڕدرابوو.

سەرچاوەیەکی تری پێکهێنانی چینی کرێکاران و هۆی گەشەکردنی کە بەپلەی سێهەم دەستنیشان دەکرێت، بەندە بەو کاروبارانەوە کە والییەکانی عوسمانی لە نیوەی دوومی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی جێبەجێیان کرد. بەرژەوەندی خەزێنەی عوسمانیش لەوەدا بوو هەندێ پڕۆژەی نوێ بۆ دابین

کردنی پێداویستییەکانی فەیلەقی شەشەم کە بارەگاکەی لە بەغداد بوو، ئەنجام بدا. **نامیق پاشا** کە دووجار کرا بەوالی عێراق ١٨٥٣ و ١٨٦١_١٨٦٧ یەکەم کەسە ئەم مەسەلەیەی خستە ئەستۆی خۆی. ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٦٤دا یەکەم کارگەی میکانیکی نوێی دامەزراند و لەو خووریەی لە ناوخۆی وڵاتدا دەڕێسرا، جلوبەرگی سوپایی دروستدەکرا.[48]

گەشەکردنی زووی پیشەسازی لە عێراقدا ئەگەر لە تەک ناوی **والیی ڕۆشنبیری عێراق مەدحەت پاشادا** باس بکرێت مافی خۆیەتی. ناوبراو لە یەکەم وتاریدا کە بە بۆنەی دانانییەوە بە والی عێراق لە ساڵی ١٨٦٩دا خوێندییەوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پێویستە بایەخێکی گەورە بە پیشەسازی نوێ بدرێ.[49] لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی الزوراء *دا* کە خۆی دەریکرد، قسە لە گەشتی ناو دەریا و ڕەوتی شەمەندەفەری نێوان وڵاتان و هێزی ئەلەکتریک و ... کارگە و زۆرزۆری تریش لەو شتانەی کاروباریان ئاسان کردووە و پیشەسازی جۆربەجۆر، دەکات کە چۆن هەموو ئەمانە وایان لە ئەورووپاییەکان کردووە لەم جیهانەدا بە خۆشگوزەرانی بژین.[50]

ڕاستییەکەی **مەدحەت پاشا** ئەوەندەی دەستی توانای دەیگەیشتێ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێی بەخشرا بوو، هیچ کەمتەرخەمییەکی بۆ پێشخستنی ئەم لایەنە ئابوورییە گرنگە نەکرد. ئەوە بوو لە سەردەمی ئەودا **کارگەی چنینی عەباخانە کە "نامیق پاشا"** دایمەزراندبوو، فراوان کرا و چەردەیەک پارەی تەرخان کرد بۆ هێنانی ماشێنێکی نوێ کە هێزی ٧٠ ئەسپی هەبوو. گرنگییەکی زۆریشی دابە چاککردنی چەک و پەرەپێدانی تا پێویستییەکی گرنگ دابین بکا، وەک **ڕۆژنامەی الزوراء** ی ئەو کاتە نووسیویە.[51] هەر لە سەردەمی ئەویشدا بوو کۆمپانیای

تەرامـوای بەغـداد_کازمییە دامەزرا و هێڵێـک بەدرێژایـی ٧ کیلـۆمەتر ڕاکێشـرا، هەردوو شـارەکەی پـێکەوە دەبەسـت. دامەزرانـدنی یەکەم چاپخانەی نوێ لە سەردەمی ئەودا بە مەزنترین کاری مەدحەت پاشا دادەنرێت. لە ساڵی ١٨٦٩دا والی تازە چاپخـانەیەکی نایاب، کەشـخە و بە هەڵـم ئیشـکردووی دامەزرانـدووە کە چـاکترین چاپخـانەی میسـر نایگاتێ.[52] کاروباری ئەو چاپخانەیە بەتەنها بریتی نەبوو لە دەرکردنی یەکەم ڕۆژنـامە لە مێـژووی وڵاتانـدا،[53]بەڵکـو هەنـدێ نووسـراو و ساڵنامەی چاپ دەکرد و کاروباری فەرمیشی ئەنجام دەدا. ئەوانەیشی پـاش ئەوە بـوونە والـی عێـراق ژمـارەیەکی تـر چاپخانەیـان هێنـا و لە سـاڵی ١٨٨٩ دا یەکێکیـان لە بەسـرە و دوانیشـیان لە بەغـداد دامەزرێنران. ئەو چاپخانەیەیش کەساڵی ١٩٠٥ **حازم بەگ** دایمەزراند، دوا چاپخانەیە میرییە لە دەرەوەی وڵاتەوە هێنابێتی.[54]

عوسـمانیەکان لە کاروبـاری گواسـتنەوەدا تـا ڕادەیەک بایەخیـان بەبەکارهێنانی کەشتی دەدا، ئەمە هۆکارەش پەیوەندییەکی پتەوی بە گەشـەکردنی پیشەسـازیەوە هەبـوو. **ڕەشـید** پاشـاش کە سـاڵی ١٨٥٢ کرا بە والی عێراق، ڕایسپارد چەند کەشتیەکی هەڵمی لە ئەورووپا بۆ بکـڕن. بـۆ بەڕێوەبردنیـان کەلـوپەلی لە ئەورووپـاوە هێنـا **و لەبەری کەرخـدا** کـارگەیەکی ئاسـنی دامەزرانـد بـۆ چـاککردنەوەی ئەو کەشتییانە. نامیق پاشاش لەسەرهەمان ڕێوشوێنی ئەو، **کارخانەکانی بەلجیکایی** ڕاسپارد چەند کەشتییەکی هەڵمی بۆ دروستبکەن، تاکو لە ڕووبـاری دیجلەدا بیانخـاتە گەڕ. ئەوە بـوو لە سـەردەمی خۆیـدا دوو لەو کەشتییانە گەیشتنە عێراق و لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦١دا کەوتنە کار. بێجگە لەوەش **دەمیرخانەکەی**[nk] فراوانتر کرد و چەند کرێکاری

[nk] دەمیرخانە؛ کارگەی ئاسن توانەوەیە

لە ئەورووپــاوە بــۆ هێنــاو بە ڕادەیەک پەرەی پێـدا، توانــای چەک دروستکردنیشی هەبوو.[55]

**مەدحەت پاشـا** لە والیەکـانی پـێش خـۆی زیـاتر بـایەخی بەوە دا لە ڕووبارەکانی وڵاتدا کەشتی بخاتە گەڕ، بەتـایبەتی چونکە دەیویست لەم مەیدانەدا بەربەرەکانێی کۆمپانیا بیانییەکـان بکـات و بەهـۆی ئەم پرۆژەیەیشەوە دەسکەوتێکی باش بۆ خەزێنەی دەوڵەت دابین بکات. ئەوە بــوو دوو پــاپۆڕی تــازەی کــڕی و بەم دووانەوە ژمــارەی کەشـتییەکان لە سـەردەمی ئەودا گەیشـتنە هەشـت کەشـتی. ئینجـا کۆمپانیایەکی تایبەتی دامەزراند بۆ سەرپەرشـتیکردنی کاروباریـان، و چەردەیەکی باش خەڵوزی بەردینی لە **عەدەن و مەسقەت و بەندەر عەبباس و بوشەهر** خست. ئەمانەش یەکەم کەشـتی عوسـمانلی بـوون لە **نوکەنـدی "سـوێس"**ـەوە و لەنـاو دیجـلە و فوراتیشـدا بەرەو ژوور گەیشـتنە دوورترین شـوێن. دەمیرخـانەکەی پەرەپێدا کە لە کۆتـایی سـەردەمی نامیق پاشادا پشتگوێ خرابوو.[56]

هەرچەندە بەربەرەکانێ کردنی کۆمپانیا گەشـەکردووە بیانیەکان لەم مەیدانەدا کارێکی گران بوو، بەڵام عوسـمانلییەکان تـا جەنگی یەکەمـی جیهانی بایەخیـان بە هـاتوچۆ و گواسـتنەوەی نـاو ئـاو دەدا. لە سـاڵی ١٩١١ دا میـری بەمەبەسـتی پەرەپێـدانی هـاتوچۆ لە نێـوان عێـراق و سـوریادا دوو پاپۆڕی لە ڕووبـاری فوراتـدا خسـتە گەڕ و توانییـان بە ماوەی ٧٥ سەعات بگەنە **مەسکەنە**[57]

یەکێـک لەو پـڕۆژانەی دەوڵەت لە سـەرەتای جەنگی یەکەمـی جیهانـدا جێبەجێ کرد **بەنداوی هیندییە** بـوو کە ٣٠٠ هەزار لیرەی تێچـوو، لە ڕۆژی ١٢ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٣ دا کرایەوە.[58]ئەم پرۆژەیەیش ژمارەیەک کرێکاری گرتە خۆی بەتەنها لەو شـوێنانەدا کە خۆڵکاریی

دەکرا، ژمارەیان لە نێوان هەزار تا سێ هەزار کرێکاردا بوو؛ نزیکەی هەزار کرێکاریش لەو شوێنانەدا کاریان دەکرد کە گەچی پێویستیان بۆ پڕۆژەکە دروست دەکرد.[59] شایانی باسە ئەم پڕۆژەیە وەک پڕۆژەکەی ڕێگەی ئاسنی بەغداد، بۆ ڕاپەڕاندنی بەشێک لە کاروبارەکانی ئامراز و ماشێنی تازەی بەکار دەهێنا. لێرەدا ئینگلیزەکان دوو شەمەندەفەریان خستەکار و هەریەکەیان ٢٠ ئەسپ هێزی ڕاکێشانیان بوو، بەدرێژایی کیلۆمەترێک یەکی ١٦ عەرەبانەی پڕ لەخۆڵیان ڕادەکێشا، بەم کارەیش گەیشتنە ئەنجامێکی سەرسوڕهێن وەک **ویلکۆکس** لەراپۆرتەکەیدا نووسیویە.[60]جگە لەمانە هەر لەو پڕۆژەیەدا چەندین ئامرازی تازەی تر بەکار هاتن، لەوانە ٥ ماشێنی گەڕۆکی توانا ١٦ ئەسپی بوون، ئەو ترومپایانەیان دەخستە گەڕ کە پارەیەکی زۆریان بۆ پڕۆژەی ناوبراو پاشەکەوت دەکرد.[61]

بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، چ دەوڵەت و چ هاوڵاتیان فرسەتیان لە هەندێ لە کانەکانی وڵات هێنا، وەک: خەڵوزی بەردین و خوێ و قیر و بەردە مەڕمەڕ. ئەو خەڵوزەی ئەوسا لە نزیک کفرییەوە دەردەهێنرا ساڵی بە ٣٠٠ تەن خەمڵێنراوە. لە **هیت** ڕۆژی لە ٤٠ تا ١٠٠ باری گوێدرێژ قیر دەردەهێنرا[62] ئەمانەی باسکران ئەو سێ سەرچاوە سەرەکیە بوون کە تێیاندا تۆوی چینی کرێکاری عێراق چەکەرەو نەشونمای کرد. لەناو ئەمانەدا ژمارەیەکی زۆر کرێکاری هەمیشەیی و کاتی کاریان دەکرد. ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی **دکتۆر ل.ن. کاتلۆف** ژمارەیان بە دەیان هەزار دەخەمڵێنێ و بۆ ئەم بۆچوونەشی پشت بە چەندین سەرچاوەی جۆربەجۆر دەبەستێ، لەپێش هەموویانەوە، ئەو ڕاپۆرتانەن کە کونسوڵیەتی ڕوسی ئامادەی کردوون.[63] هەرچۆنێکبێ کرێکاران وایان لێهات لە پێکهێنانی

دانیشتوانی شارەکاندا قەبارەیان پەیداکرد، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەپێش چاوبێ کە تا ساڵی ١٩٠٥ شارنشینەکان ٢٤% تێکڕای دانیشتوانی عێراقیان پێکدەهێنا.[64] گرنگ ئەوەیە ئاگامان لەوەبێ کە ژمارەیەکی باشی ئەم تووێژە کومەڵایەتییە نوێیە لەو کاتەوە کەوتنە خۆ کە شێواز و هەلومەرجی نوێی کارکردنیان پەیڕەو کرد.

## هەلومەرجی کارکردن و تایبەتمەندیەکانی کرێکارانی عێراق بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان

بێگومان شتێکی زۆر سروشتییە کە هەلومەرجی کارکردن لە عێراقدا پێش جەنگی یەکەمی جهانی زۆر نالەبار بووبێ؛ چونکە ئەو دیاردەیە خۆی لە خۆیدا ئاوێنەیەکی بێگەردی واقیعی دواکەوتوویەتی وڵات و نزمی ئاستی گوزەرانی جوتیاران بوو، کە لەسایەی سیستەمی چەوساندەنەوەی دەرەبەگایەتیدا، کە ناچاری دەکردن بە هەموو بارودۆخێکی کارکردن ڕازیبن، جائیتر بۆ ڕازیکردنی سەرۆک خێڵەکەیان بووبێ، یان هەڵاتن بووبێت، لە پەیوەندی دەرەبەگایەتی، یاخود بۆئەوە بووبێ گیروگرفتی ئابووری لەسەرشانیان سوک بکەن. لەبەر ئەوە هەر وا بە ڕێکەوتنییە کە ساڵی ١٨٨٩ قونسوڵی بەریتانیا لەبەغداد، دەنووسێ و دەڵێت: ***چەندت بوێ کرێکاری ناشارەزات دەستدەکەوێت[65] ئەمانە کە ئامادەی کار دەبوون، هەرگیز بیریان لەسەعاتی کارکردن نەدەکردەوە. ڕاستیەکەشی سەعاتی کارکردن دیاری نەکرابوو. بۆیە کرێکار لە ڕۆژهەڵاتنەوە تا ڕۆژئاوابوون و جاری وایش هەبوو تا دوای ڕۆژئاوابوون کاری دەکرد. شارەزاترین کرێکار ڕۆژی لە دە تا یازدە سەعات و تەنانەت زۆرجار لەوەش***

***زیاتر خۆی دەرەتاند.***[66]نزمی ئاستی گوزەرانی خێزانە هەژارەکان پاڵی بە ژن و منداڵەوە دەنا بۆ کارکردن. ئەوانە لایەنێکی سەرەکی بوون و هەزاران لەم کرێکارە کاتیانەیان پێکدەهێنا کە هەلـپەی کارکردنیان دەکرد، بەتایبەتی لەمەیدانی ڕنیین و داگرتنی خورما و بۆدەرەرەوە هەناردە کردندا. ژن و منداڵ نیوەی ئەو کرێکارانە بوون کە گەچیان بۆ پڕۆژەی *بەنداوی هیندییە* بەرهەمدەهێنا. قۆنتەراتچییەکانی ئەو پڕۆژەیەیش بۆ تەواوکردنی کارەکەیان پشتیان بە کرێکاری ئافرەت و منداڵ دەبەست.[67]

لەوکاتەدا ڕۆژانەی کرێکار لە عێراقدا، کەمترین ڕۆژانەبوو لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. لە کاتێکدا کە تێکڕای ڕوژانەی کرێکاریکی چنیین لەناو تورکیادا ٨,٥ قرۆش بوو، کرێکارێکی عێراقی لەسەر هەمان پیشە ڕۆژی ٧ قرۆشی وەردەگرت. تێکڕای ڕۆژانەی کرێکارانی پێستە خۆشکردن لە تورکیادا ١٣١٦ قرۆش بوو، کەچی ڕۆژانەی کرێکاری پێڵاودرووو لە عێراقدا ٢,١ قرۆش کەمتریشی هەبوو.[68] لەگەڵ ئەوەدا کە خشت دروستکردن کارێکی قورسەو تادێتە بەرهەم بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ[69] کەچی ئەو کرێکارانەی گرانترین قۆناغی ئەم پیشەیەیان ئەنجامدەدا لەبەغداد، ڕۆژانەکەیان ٧ قرۆش بوو[70] لە ئیشوکاری بیناکاریشدا ڕۆژانەی کرێکار زۆر لەوەش کەمتربوو. ئەوانەی لە پڕۆژەی بەنداوی هیندییەدا خۆڵکارییان دەکرد لە باشترین حاڵدا ڕۆژانەکەیان لە نێوان ٣ و ٤ قروشدابوو. ئەو منداڵانەش لەمەیدانی بیناکردندا کاریان دەکرد ڕۆژی ١,٥ ئەوانەی خەریکی گەچ دروستکردن بوون لە ١,٥ تا ٢,٥ قرۆشیان وەردەگرت.[71] جاری واش هەبوو کرێکار لەبری ئەو کارە قورس و گرانەی جیبەجێی دەکرد کرێی نەختینەی دەدرایە، ئەمەش

دەبووە هۆی ئەوەی کرێی ڕاستەقینەیان بێتەخوارەوە*. لە هەمووشی خراپتر ئەوە بوو کە ئەو دامودەزگایانەی سەر بە خەزێنەی دەوڵەت بوون بەزۆریی سەرباز و بەندیەکانیان دەهێنا بۆ کارکردن و کرێیەکی ڕەمزییان دەدانێ. لەزۆر ناوچەشدا **کاری سوخرە**[nk] باو بوو، تەنانەت ئەم دیاردەیە خۆی گەیاندە هەندێ لە شارەکانی عێراق، بەنمونە لە شارێکی وەک بەسرەدا ***بەنا و حەماڵ و شۆفێرەکانیان*** ناچار کرد لە کاری سوخرە لە شار هەڵبێن و بچنە دەرەروە.[72]

پەیوەندی دەرەبەگایەتی و خێڵگەریی یەکێک بوو لەوهۆیانەی درێژەی بەباری چەوساندنەوەی کرێکاران و کەمکردنەوەی ڕۆژانەیان دەدا. لەدەوروبەری ساڵی ١٨٧٦دا *موتەسەریفی* [پارێزگار] شاری *مونتەفیک* هەر لەبەر ئەوەی خۆی یەکێک بوو لەسەرۆک خێڵەکانی ئەو ناوچەیە توانی ژمارەیەکی زۆر جوتیاری ناوچەکە بە ڕۆژانەیەکی کەم بەکرێ بگرێت بۆ ئەوەی بەنداوێک لەسەر روباری فورات بنیاتبنێ،[73] ئەوانەش کە سەرپەرشتی پرۆژەی بەنداوی هیندییەیان دەکرد، بە ئارەزوی خۆیان کرێکارانیان هەڵدەسووڕاند، ئەمەش نەک لەبەر زۆری کرێکار و کەمی ڕۆژانەکەیان، بەڵکو لەبەر ئەوەی مانگی لیرەیەکیان بەو سەرۆک خێڵانە دەدا کەپەنجا

---

* ئەوپارەیە کە کرێکار بەشێوەی ڕۆژانە ،یاخود مانگانە وەری دەگرێ ، پێی دەوترێ کرێی بەناو "الاجر الاسمی". بەڵام کرێی ڕاستەقینە ئەو کرێیەیە کە کرێکار تا چەند دەتوانێ پێویستییەکانی ژیانی خۆی و خاوخێزانی پی دابین بکا. هاتنە خوارەوەی بەهای کرێی ڕاستەقینە و زیاد کردنی کرێی بەناو ئەگەر نرخی پێویستی کەلوپەلی لەگەڵدا نەچەسپێ، لەبری ئەوەی کرێکاران بەرەو خۆشگوزەرانی بەرێ، بەرەو خراپییان دەبات. وەرگێر

[nk] کاری سوخرە ئەو کارە بوو کە بەزۆر دەکرا بە خەڵک بۆ ماوەیەکی کاتی یان بۆ کارێکی تایبەت. زۆر جار بەبێ ئەوەی هیچ کرێیەکیشیان بدەنێ.

کرێکاریان ڕەوانەی پڕۆژەکە دەکرد.[74] ئەمە جگەلەوەی کە سەرۆک خێڵەکان بە کەیفی خویان و بە بیانووی ئەوەی گوایە لەبەردەم میرییەدا لێپرسراون، پارەیان لە کرێکاران دەکێشایەوە.[75] لە هەمانکاتیشدا هەندێ لەو سەرۆک خێڵانە لە پڕۆژەکەدا بوونە قۆنتەراتچی.

جا بۆئەوەی واقیعی ژیان و گوزەرانی کرێکاری عێراقیی لە قۆناغەکانی یەکەمی مێژووی دروستبوونیدا تێبگەین، نرخی کەلوپەلی پێویستی ئەو کاتە بەنمونە دەهێنینەوە. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٨ دا نرخی **هۆقەیەک** کەدەکاتە چوار کیلۆگرام نان ٢,٥ قرۆش و هۆقەیەک گۆشتی مەڕ ٥ قرۆش و هۆقەیەک ڕۆن ١٦ قرۆش بوو.[76] لە کاتێکدا ڕۆژانەی کرێکار هیچ گۆڕانێکی بەسەردانەهات، کەچی بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەم نرخی شت و مەک بەخێرایی بەرزبوەوە. نرخی ئەو پێویستییانەی باسکران لە ساڵی١٩١٣دا، واتە لەماوەی بیست ساڵ کەمتردا سێ تا چوار ئەوەندە زیادیان کرد. بەوجۆرە نرخی هۆقەیەک نان گەیشتە ٦ قرۆش و گۆشت ٢٤ قرۆش و ڕۆن ٤٠ قرۆش.[77] ئامرازەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی تەواو سەرەتایی بوون، بێگومان ئەمەش زیاتر هەلومەرجی کارکردنی گران دەکرد. ئەو کرێکارانەی لە پڕۆژەی بەنداوی هیندییەدا کاریان دەکرد دەبوو پاچ و پێمەڕەی خۆیان بۆ کار ببەن[78]. لە **هیت** کرێکاران بە لقی دارخورما قیریان دەردەهێنا.[79] دیارە لە بارودۆخێکی وادا ژمارەی کرێکارە شارەزاکان تابڵێی کەم دەبوون، ئەوانەشی کە هەبوون لە بنەڕەتدا پیشەوەر و دانیشتوی شار بوون. قوتابخانەی پیشەوەرانیش کە *مەدحەت پاشا* بنیاتی ناو ژمارەی قوتابییەکانی گەیشتە ١٥٠ کەس، نەیتوانی ڕۆڵێکی

ئەوتـۆ بگێـڕێ و کرێکـاری شـارەزا پێبگەیەنـێ، بەتـایبەتی چـونکە بە مەبەسـت لە بنیاتنـانی ئەو قوتابخـانەیە ئەوە بـوو، چەنـد کـادیرێکی شـارەزا بـۆ چاپخـانەکەی میـری و کـارگەی ئاسـنەکەی پێبگەیەنـێ کە خەریکی پەرەپێدانی بوو. پڕۆژەی ڕێگەی ئاسنی بەغدادیش هەندێکی تـری لەو کرێکـارە شـارەزایانە قۆزتەوە.[80] ئەمە سـەرەڕای ئەوەی کە دوو چاپخــانەی میــری بەهــۆی پشتگوێخســتن و ناشــارەزاییەوە بەتەواوی لەکــارکەوتن.[81] کەمیــی کــادیر و ســادەیی ئامرازەکــانی بەرهەمهێنان بوونە هۆی سستیی بەرهەم . باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە بەر لەجەنگی یەکەم بینای فەرمانگەیەکی بچووکی پۆستە لە نزیک سەنتەری بەغداوە نزیکەی دوو ساڵی خایاند.[82]

پــێش هەڵگیرســانی جەنــگ نە لە دامەزراوە بیانییەکــان و نە لە دامودەزگا فەرمیەکانی میری و ئەهلیدا، یاسای دابینکردنی ژیانی کرێکار لەگۆڕێ نەبوو، تەنانەت ئەگەر کرێکارێک لە کاتی کارکردندا بمــردایە، کەســوکار و وەچەی ئەو کرێکــارە هیچیــان لە بــری وەرنەدەگرت. لەو ڕۆژگارەی عێراقدا تانها بەندێک چییە لەیاسای کار و کرێکاری دەوڵەتی عوسمانیدا بەسەر کرێکارانی عێراقدا نەدەچەسپا. دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە ئەو یاسایە لە ڕوانگەی تەسکی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دانرابوو، لەبنەڕەتیشدا یاسایەکی ناتەواو و پوچەڵبوو، لەبەر ئەوە نەبەرگری لە کرێکاران دەکرد و نەدانی بە مافەکانیشیاندا دەنا.[83]

بۆیە شتێکی سروشتی بوو کە لە سایەی ئەم بارودۆخەدا کرێکارێکی نوێ و جوتیارێکی جاران جیاوازییان نەبێت؛ ئەوەندە هەیە هەلومەرجی پێکەوە کارکردن لە چەند پڕۆژەیەکدا و کاری قورس و گران لە هەندێ پڕۆژەی تردا، لە جاران زیاتر تووشی نەخۆشی و مەترسی

دەکردن. "*ئادامۆف*"ی قونسوڵی ڕوس لە بەسرە، بۆمان دەگێڕێتەوە ***چۆن ئەو کرێکارانەی لە وەرزی خورماڕنییندا دەهاتن بۆ کارکردن منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا و لە بارودۆخێکی زۆر ناڕەحەتدا و لەناو حەسیردا دەژیان و خۆراکی سەرەکییان یان ئەو خواردنە بوو کە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، یاخود خورمای پاشماوە بوو. بەمەش دەبوونە سەرچاوەی گەلێک دەرد و نەخۆشی وەک کۆلێرا و تاعون و ئاوڵە و تەراخوما، کە نیوەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بەدەستییانەوە دەیانناڵاند.***[84] سەرەڕای هەموو ئەمانە کرێکاری عێراق بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەم، بۆی نەکرا بە هۆشیارییەوە بجوڵێ و هەنگاوێکی ئەوتۆبنێ کەمێک زوڵم و ستەمی لەسەر کەم ببێتەوە. ئەوانە بە هیچ شێوەیەک هەستیان بە واقیعی چینایەتی خۆیان نەدەکرد، جگە لەوەش پابەندی نەریتی خێڵەکی و دابەشبوونی پیشەیی لادێ بوون. بە سەرێکی تریش لەگەڵ ئامراز و ماشێنی نوێی تەکنیکیدا پەیوەندییەکی لاوازیان هەبوو. ئەم هۆیانە کارێکیان کرد لەسەر حاڵی خۆیان بەردەوام بن، واتە جوتیار بوون، بەڵام لە بەرگی کرێکاردا. لەبەر ئەوە بچووکترین نیشانەمان لەبەردەستدا نییە، بزووتنەوەیەکی ڕێکوپێکی کرێکارانەمان لەو قۆناغەی مێژووی چینی کرێکاری عێراقدا نیشان بدا. ئەوەندە هەیە چەند بزووتنەوەیەکی خۆڕسک لە هەندێ ناوچەی جیاجیادا ڕوویان دا، بێ ئەوەی شوێن دەستیان دیاربێت و شتێکی ئەوتۆیان لەپاش خۆیان بەجێبهێڵن. لە ساڵی ١٨٧٦ دا و کاتێک لە شاری "**مونتەفیک**"دا چەوسانەوە و ستەم گەیشتە لوتکە و ئەو کرێکارانەی لەو شارەدا خەریکی بنیاتنانی بەنداوێک بوون، بڕیاریاندا مانبگرن لە کار. بەڵام موتوسەڕیفی [پارێزگار] ئەوشارە توانی بەزەبری چەک ناچاریان بکات بچنەوە

سەرکار. گرنگ ئەوەیە ئەم مانگرتنە لە ئەستەمبوولدا دەنگیدایەوە و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە لەسەریان نووسی.[85] لە سەرەتای جەنگی یەکەمیشدا **دەباغچییەکانی ئەعزەمییە** کە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بەهەند وەردەگیران، دووجار چوونە ناو مانگرتنەوە. یەکەمجار لە پایزی ساڵی ١٩١٢ دا، کاتێک کرێکاران کۆبونەو و بڕیاریاندا تا ڕۆژانەکانیان زیاد نەکرێت نەچنەوە سەرکار. پاشان **شێخ عەبدوالرزاق ئەلچەلەبی** کە سەرۆکی دەباغچییەکان بوو، لەگەڵیان کەوتە وتووێژکردن و ملی بۆ داخوازییەکانیان کەچ کرد و ئەوانیش چوونەوە سەر ئیشوکاری خۆیان.[86] دووەم جاریش لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩١٣ بوو، کاتێک **عەبدولهادی ئەلئەعزەمی** کە ڕۆشنبیرێکی ناوچەکە بوو،[87] سەرکردایەتی کردن. ئەمجارەیان بەتەواوەتی دەستیان لە کار هەڵگرت و داوایان کرد ٢٥% ڕۆژانەکەیان بۆ زیاد بکرێت و ئەنجام خاوەن کارگەکان ناچار بوون داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەن و ئەمانیش گەڕانەوە سەرکار.[88]

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چینی کرێکاری عێراق جگە لەوەی بە زەحمەت لەدایک بوو، درەنگیشی خایاند. سەرەتا وەک هێزێکی بچووک لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەدا شانبەشانی چینی بۆرژوازی گەورەی بازرگانی خۆی نواند. بێگومان ئەم چینەی دواییان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرمایەی بێگانە "**کۆمپرادۆر**"وە هەبوو. چونکە هەردوو چینی کرێکاران و بۆرژوازی بازرگانی لە سایەی چەند هۆیەکی چونیەکدا پێکهاتن. چینی کرێکاری عێراق وەک چینی کرێکاری گشت وڵاتە دواکەوتووەکان بە چەندین ساڵ بەر لە بۆرژوایی پیشەسازیی نیشتیمانی دروستبوو. لای خۆشمان لادێ سەرچاوەی سەرەکی پێکهاتنی ئەم چینە تازەیە بوو. زۆربەی

کرێکاران لەم قۆناغەدا هێشتا پەیوەندییان لەگەڵ لادێدا نەپساندبوو. تەنانەت کە لە پرۆژە تازەکاندا کاریان دەکرد، بۆ ئەوە بوو ئابووری کشتوکاڵییان بەتەواوی هەرەس نەهێنێ، چونکە چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی گەیشتبووە لوتکە.[89] هەر لەبەر ئەوەش بوو کرێکارە کاتییەکان و ئەوانەی وەرزی کاریان دەکرد، زۆربەی چینی تازەپێگەیشتوی کرێکارانیان پێکدەهێنا. ئەم دیاردەیەیش ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر ئاستی هۆشیاریی چینایەتی و سیاسی کرێکاران و ڕادەی پەرەسەندنیان لەو قۆناغەدا. تەنانەت لە ڕووی سایکۆلوژیشەوە کاری لە زۆربەیان کردبوو. نەبوونی پەیوەندییەکی تەواو لەگەڵ ئامرازی نوێی بەرهەمهێناندا وایکرد لەسەر ڕەوشت و خووی جوتیاران بمێنێتەوە نەک پەیڕەوی نەریت و هەڵسوکەوتی کرێکاران بکەن. لەبەر ئەوە ئەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە هەرئەوە بوو کە لەخۆیدا بووبووە چینێک class in it self واتا بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی تازە پێنەگەیشتووبوو، هیچ شێوەیەک واقیعی ژیان و ڕۆڵی گرنگی خۆی لە پرۆسیسی بەرهەمهێناندا نەدەزانی. نەیدەزانی چ ڕێگایەکیش هەڵبژێرێ و هەنگاوی یەکەمی ڕزگاربوونی خۆی لێوە بهاوێژێ.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەم قۆناغەی مێژووی چینی کرێکاری عێراق بەقۆناغێکی گرنگ دادەنرێ، چونکە هەر لەو ماوەیەدا کاکڵە و توێژی یەکەمی پێکهات و جوتیاران بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو ڕێگای شاریان گرتەبەر و پەیوەندی نێوان شار و لادێ پەرەی سەند. هەموو ئەم دیاردانەش لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و ساڵانی دوای جەنگدا لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا جێپەنجەیان دیار بوو.

# بەشی دووەم

## شێوەی کـار و کرێکـارانی عێـراق لە سـاڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا

لە زووەوە ئینگلیزەکان بیریان لە میزۆپۆتامیا کردبوەوە و لایان وا بوو سنووری ڕۆژئاوای تاج و تەختی دێرینەیانە. دوای ئەوەی ئەم وڵاتـانە لە ڕووی ئـابوورییەوە بە پاشـکۆی بەریتانیـاوە بەسـترا و بەتەواوی جـێ پێـی خـۆی تێـدا قـایمکرد و بنکەیەکـی ئەوتـۆی تێـدا دامەزرانـد، دەیتـوانی پشـتی پێبەسـتێ، دەڵـێن دوای ئەوە و لەگەڵ هەڵگیرسـاندنی ئـاگری جەنگـی یەکەمدا خۆیـان بـۆ ئەوە ئامادە کـرد داگیـری بکەن و بە فەرمـی بیلکێنن بە ئیمپڕاتۆریەتە فراوانەکەیانەوە لەبەر ئەوە ڕۆژێـک دوای هەڵگیرسـاندنی جەنـگ لە نێـوان دەوڵەتـی عوسـمانی و هاوپەیمانەکانـدا ئینگلیـز دەسـتیکرد بە چێککردنـی ئەو هێرشەی بۆ داگیرکردنی عێراق سازیدابوو.

جەنگـی یەکەمـی جیهـانی لەچـاو شـەڕەکانی تـری پێشـووی نێـوان دەوڵەتانـدا جیـاوازییەکی تەواوی هەبـوو، ئەم جەنگەیـان لە هەمـوو کاتێک زیاتر پشتی بەخێرایی و تەکنیک دەبەست. هەندێ شتی نوێی هینایە کایەوە پێشتر لە ئارادانەبوو، دیارە عێراقیش نەیدەتوانی خۆی لەم پەرەسـەندنە و ئەنجامەکـانی بەدوور بگرێت؛ بەتـایبەتی کە بـووە یەکێک لەمەیدانە سەرەکیەکانی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

چیـنە سـاواکەی کرێکـارانی عێـراق لەسـەروی هەمـوو ئەو تـوێژە کۆمەڵایەتیـانەوە دادەنـرێ کە لە چەنـدین ڕووەوە ڕووداو و کارەسـاتەکانی جەنـگ کـاری لە دروسـتبوون و پێکهاتنیـان کردبـوو، ئینگلیزەکـان دەیانویسـت بە زوتـرین کـات وڵات داگیـر بـکەن و بەتەواوی دەسـتی بەسـەردا بگـرن. **عوسـمانیەکان** وە ئەڵمانەکـانیش لەگەڵیانـدا، گەرەکیـان بـوو بەهەر نرخێـک بـێ، ئەوەی لە جیهـانی ئیسـلامیدا جێگـایەکی دیـار و کـاریگەری داگیرکـرد بـوو هەردوو لا و بەتـایبەتی ئینگلیزەکـان هەوڵیـان دەدا، بەپەلە ئەو پـڕۆژانە جێبەجـێ

بکەن کە بەهۆیانەوە مەبەستەکانیان دێتەدی. ئەڵمانەکان بایەخێکی زۆریان بۆ پرۆژەی ڕێگەی ئاسنی بەغداد هەبوو و دەستیانکرد بە ڕاکێشانی ئەو هێڵە لە سامەڕاوە بۆ بەرەوژوور. ئەو بەشەیشی کە تەواو بووبوو، چەند لە توانایدا بوو بەکاریان هینا. تورکەکان بۆ ئەوەی تەنگوچەڵەمەی سوتەمەنییان نەیەتەڕێ چ بۆ کەشتییەکانیان و چ بۆ شەمەندەفەری نێوان بەغداد و سامەڕا، ڕێژەی ئەو خەڵوزەی لە کفری دەردەهێنرا لە ساڵێکدا گەیاندییانە هەزار تەن. بۆ ئەم مەبەستە کانێکی ئێجگار قوڵیان هەڵکەند. هەروەها ڕێگایەکی تازەشیان لە نێوان کفری و دیجلەدا کردەوە. شێوازە باوەکەی ئەوسای بەرهەمی نەوتیان زۆر کرد. جا لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر گشت دەرگاکانی کەنداوی عەرەبدا گرتبوو، ئەڵمانەکان نەیاندەتوانی لەلایی سەرەوە پەیوەندی بە تورکیاوە بکەن، ناچاربوون لە کاتی جەنگدا دامودەزگایەکی پالاوتنی نەوت دابمەزرێنن.[1] ئینگلیزەکان لە هەمووشت زیاتر بایەخیان بە کردنەوەی ڕێگا دەدا، تاوەکو ماشێن و کەلوپەلی سوپاییان بە ئاسانی بەرەوژوور بڕوا، بەتایبەتی کە توانییان لە ڕۆژانی یەکەمی هێرشەکەیاندا، فاو داگیربکەن و پاشان بچنە بەسرەوە. وە فراوانکردنی بەندەری فاو لەڕێی پێشەوەی ئەو پرۆژانەدا بوو کە هێزی داگیرکەر دەستیپێکرد. چونکە پێویستییەکی لە ڕادەبەدەریان پێی هەبوو، بۆ داگرتن و بەتاڵکردنی ئەو کەشتییانەی چەک و جبەخانە و کەلوپەلی جەنگیان بۆ سوپا دەهێنا. جا ئەم کارە سەرەڕایی ئەوەی کە زۆر گرنگ بوو لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجام درا و بەندەری ناوبراو وای لێهات لە ماوەی دووساڵ و نیو کەمتردا وزەی گەیشتە هەشت ئەوەندەی جاران. ئەمە لە کاتێکدا کە تا ساڵی ١٩١٦ دامودەزگای ئەو بەندەرە بە ٤٧ ڕۆژی تەواو ئینجا

دەیتوانی باری ١١ پاپۆڕ دابگرێت. واتە تێکرای وزەی لە ڕۆژێکدا ١١٧ تەن بوو. کەچی لە ساڵی ١٩١٨دا ئەم ژمارەیە گەیشتە ٣٩ پاپۆڕ بە ٥ ڕۆژ بەتاڵ دەکران. واتە تێکڕای وزەی لە ڕۆژێکدا بووبە ٣٣٨ تەن.[2] بێگومان ئەم کارە و نۆژەن کردنەوەی بەندەرەکە، پێویستی بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر کرێکار دەبوو؛ ئەمەیش ئینگلیزەکانی ناچارکرد بەتایبەتی لە **بوشەهر**ەوە بیانهێنن.[3]

پڕۆژەکانی ڕێگەی ئاسن بە فراوانترین و گرنگترینی ئەو پڕۆژانە دادەنرێ کە داگیرکەران لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا جێبەجێیان کرد. لەگەڵ چوونە پێشەوەی سوپاکەیشیاندا دەستیان بە ڕاکێشانی ڕێگەی ئاسن کرد و تەنها لە ماوەی شەڕدا لە بەندەروە بەرەو باشور ١٢٥ میلی تەواوکرا.[4] ڕێگای دووەمیشیان کە هەر ئینگلیزەکان لە ماوەی جەنگدا تەواویانکرد، ڕێگای نیوان حیللە و بەغداد بوو کە درێژاییەکەی ٦٥ میل دەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە لقێکی ڕووەو **کفل** ڕاکێشا تاوەکو بە ئاسانی دەغڵ و دان بگەیەنێتە سوپا داگیرکەرەکەی. پاش داگیرکرنی بغداد و لە لەگەڵ چوونە پیشەوەی سوپاکەیدا ڕووەو **موسل** ، دەستکرا بە دامەزراندنی دوو ڕێگای تازە یەکەمیان ساڵی ١٩١٧ گەیشتە **باقووبە** ئینجا بەرەو ژوور بردیان تا ساڵی ١٩١٨ گەیاندیانە **جەبەل مەنسور**؛ پاشان لە نزیک سنووری ئێرانەوە گەیشتە قۆرەتوو و خانەقین. ڕێگای دووەمیشیان ئەوەی نێوان بەغداد و سامەڕا بوو و لەو شوێنەوە دەستیان لێ هەڵگرتبوو کەوتنە کارکردن. ئینگلیزەکان ئەو ڕێگایەیان بەرەو **بێجی** برد و تەواویان کرد، تاوەکو بەزوویی یارمەتی سوپایی بگەیەنێتە ئەو ناوچەیە، بەتایبەتی چونکە لە تشرینی یەکەمیدا ساڵی ١٩١٧ جووڵەی سوپایی لەو ناوچەیەدا دەستیپێکردەوە. لە هەمان کاتدا داگیرکەران

دەستیان کرد بە کردنەوەی ڕێگاوبان و هەڵکەندنی جۆگە و ڕووبار، تا بە ئاسانی ماشین و ئامرازە سوپاییەکانیان بگوێزنەوە و بە هۆیانەوە تفاقی جەنگی و زەخیرە و کەلوپەل بگەیەننە سوپاکەیان. پاش داگیرکردنی بەغدایش چەند کارگەیەکی خشت دروستکردنیان بنیاتنا بە نەوت کاریان دەکرد.[5]جموجۆڵی ئینگلیزەکان ئەمەیشی تێپەڕاند و خۆی گەیاندە بواری کشتوکاڵ، تاوەکو دەغڵودانی پێویست بۆ هێزە سوپاییەکەی ناو عێراق دابین بکات. بە نموونە: لە ساڵانی شەڕدا دەستیان بە هەڵکەندنی نۆکەندی مەحمودییە کرد و١٢٠٠_١٧٠٠ کرێکار کاری تێدا دەکرد و لە ١٦-ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا کرایەوە.[6]

ئینگلیزەکان بۆ تەواوکردنی ئەم کاروبارانەیان پێویستیان بە ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر کرێکار هەبوو، سەرچاوە مێژووییەکان هەریەکە بە جۆرێک باسی دەکەن.[7]بەپێی ئەو زانیاریانەی" **أ.ت. ویلسن**"ی لێپرسراوی سیاسی ناو سوپای بەریتانیا لە خاکی عێراقدا، باسی دەکا سەرجەمی ئەو کرێکارانەی لە کاتی جەنگدا بۆ مەرامی جۆربەجۆر خراونەتە سەر کار نزیکەی ١٥٦ هەزارکەس بووە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کرابوون. ٨٠٠٠ بەنکراوی هیندی و ١٥ تیپ کرێکاری هیندی کە هەر تیپەی بریتیبوو لە ١٠٠٠ کرێکار و ١٢ تیپی تری هیندی کە لەو کۆڵکێشانەی بۆ بارکردن و بەتاڵکردنی پاپۆڕ و کەلەک و شەمەندەفەر پێکهاتبوون. نزیکەی ٤٠ تیپی ناوخۆییش چەند کەرتێکی ئێرانی و کورد و عەرەبی تێدابوو لەمـلا و ئەولا کاریان دەکرد و ژمارەیان خۆی لە ٥٠ هەزار کەس دەدا.[8]بەتەنها ژمارەی ئەوانەی لە پرۆژەکانی ڕێگەی ئاسندا کاریان دەکرد ٢٤ هەزار کرێکار زیاتر بوون.[9]

وا دیـــارە ئینگلیزەکـــان ســـەرەڕای ئەو هەمـــوو کرێکـــارە زۆرەی لەبەردەستیاندا بوو، هێشتا بەدەست دەردی بێکرێکاریەوە دەیانناڵاند، بۆیە هەوڵیاندا لە ناوچەکانی کەنداوی عەرەب، مەسقەت، بوشـەهر و شوێنی ترەوە کرێکار بهێنن.[10] تەنانەت حاڵ گەیشتە ئەوەی ماوەی هاولاتیانیـان نەدەدا بە ئـارەزووی خۆیـان کرێکـار بـخەنە کـارەوە و دەبوو بەپێی کۆبۆنی تایبەتی کرێکار ڕابگرن. ئەوەتا لە٧ـی تشرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩١٧ دا "**س.ج.هـۆگرٚ**"ـی حـاکمی سـوپایی بەغـداد بەیاننامەیەکی لەبارەی ئەو کۆڵکێشانەی ئینگلیز زۆر پێویستی پێیان بوو، بلاوکردەوە، تێیدا دەڵێت: بەم بەیاننـامەیە هەمـوو ئەو بازرگـان و خانچییانە ئاگادار دەکەین کە کۆڵکێشیان لەلا کاردەکات؛ لەمەودوا و بۆ کاروباری گواستنەوە لەناو بەغدادا، ژمارەیەکی دیاریکراو کۆڵکێش ڕادەگیرێ. بازرگانەکان بەهـۆی ئەم فەرمـانگەیەوە نەبێت، بۆیان نییە کـار بەکەس بـکەن و نـابێ هـیچ کۆڵکێشـێکیش هەڵـپەی ئەوە بکـات ڕاستەوخۆ بچێتە لای بازرگانەکان بۆ کارکردن..[11]

کاتێکیش ناوەڕۆک و مەبەستی ئەم دابەشکردنە بەچاکی تێدەگەین کە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کۆڵکێش لە سالانی جەنگدا لە بەغداد کاریان دەکرد. ئەوەتـا لە سـەرەتای سـاڵی ١٩١٨دا ســـەرجەمی هەموویـــان گەیشـــتووەتە ٦٨٢٨کەس.[12] جـــا داگیرکەران بـۆ ئەوەی ئەو نـاتەواوییە پڕبکەنەوە، ژن و منداڵیان لەو کاروبارانەدا دەخستە کارەوە کە دەیانزانی سوودیان لێ وەردەگیرێ.

لە پرۆژەیەک لەپرۆژەکانی بەغدادا ژمارەی کرێکارەکانی ٢٩٠٠ کەس بوو، ١١٠٠ کەسیان ژن بوون، واتە ڕێژەیان ٤٠%ی گشت کرێکـارانی پرۆژەکەی دەگرتەوە.[13]

بێگومان بەڕێوەبردنی ئەم هەموو خەڵکە جۆراوجۆر و جیاوازە لەبارودۆخی ناخۆشی جەنگدا هەر وا  شتێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەت ئینگلیزەکانیش دەیانویست سوودی تەواو لە وزە و توانایان وەربگرن. لێرەدا نیشاندانی چەند نمونەیەکی ئەو واقیعە تاڵەی کرێکاران لە ساڵانی جەنگدا دیویانە و تێیدا ژیاون بەسە و بگرە زۆریشە بۆ ئەوەی ناڕەواترین شێوەی کۆیلەیەتیمان بێنێتەوە یاد. بەر لە هەموو شتێک ئینگلیزەکان بەسەرپەرشتی ژەنەراڵێکی سەربە سەرۆکایەتی ئەرکان، فەرمانگەیەکی تایبەتییان دامەزراند. ئەرکی ئەم فەرمانگەیە هەرئەوە نەبوو چی کرێکاریان پێویستە مسۆگەری بکات و لە گشت هەلومەرجێکدا زامنی هێشتنەوەیان بێت، بەڵکو ڕێگەشی نەدەدا دامودەوزگا و فەرمانگەکانی تری میری بۆ پەیداکردنی کرێکاران لەناو خۆیاندا بەربەرەکانەی یەکتری بکەن، چونکە هەموو چەشنە بەربەرەکانەیەک کاری دەکردە سەر بازاڕ و ڕۆژانەی کرێکاران.

ئەوەیشی کە زیاتر دەرفەتی چەوساندنەوەی بۆ ئینگلیزەکان دەرەخساند و لە سایەیدا کرێکاری عێراقی و بیانی دادەدۆشێ ئەوە بوو، سەرۆک خێڵی گەورە و بچووک و خەڵکی تریش دەبوونە قۆنتەراتچی و لەناوەوە و دەرەوە چەندیان پێویست بووایە کرێکاریان بۆ کۆدەکردنەوە. ئینگیزەکانیش لەپاداشتی ئەم هەڵوێستەیاندا ئیمتیازی ئەوتۆیان پێدەبەخشین، تاوەکو بەردەوام بن لەسەر کۆکردنەوەی کرێکاران و چەوساندنەوەیان.[14] جگە لەوەش لە کاتی پێویستدا بێ سڵەمینەوە هێزیان بەکاردەهێنا، وەک لە ناوچەی **فاو** ڕوویدا.[15]ئەوەتا کەسێکی وەک **میس بێل** کە ئاگای لە ورد و درشتی کاروباری عێراق بووە، دان بەوەدا دەنێ کە هێزە داگیرکەرەکان تا

ڕادەیەکی باش هێزیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی چەند تیپێک کرێکار کۆبکەنەوە.[16]

ئینجا بۆ ئەوەی ئەوکرێکارانە بە باشترین شێوە بچەوسێنرێنەوە، ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم فەرمانگەیەیان دەکرد، کەوتنە دابەشکردنیان بەسەر چەند تیپێکی جیاجیادا و هەر تیپەی بریتی بوو لە هەزار کرێکار. هەر تیپەیش دابەش دەکرا بەسەر چەند بلۆکێک و کۆمەڵێک و هەریەکەیان بریتی بوون لە ١٠٠ کرێکار و تاکە کەسێک سەرپەرشتی دەکردن پێی دەوترا **ئۆدوباشی**. ئەمەش چوار کەس یارمەتییان دەدا و هەریەکەیان بەرپرسیار بوو لە ٢٥ کەس. ئەمانە لەبەر ئەوەی ئیمتیاز و دەسکەوتی تایبەتییان دابوونێ، بۆ چەوساندنەوەی هاوخوێنی خۆیان لە ئینگلیز، ئینگلیزتر بوون.[17]

دەبوو هەموو کرێکارێک لەگەڵ دامەزراندنیدا، فۆرمی تایبەتی پڕبکاتەوە و تێیدا ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە ناونیشان و شوێنی کارکرنی پێشوویانەوە هەبوو بنووسیایە و چەند زمانیشی بزانیایە تێیدا تۆماری دەکرد. قەواڵەیەکی[nk] بە ئینگلیزی و عەرەبی نوسراوەیی مۆر دەکرد و بەپێی ئەو قەواڵەیە دەبوو ئەو هەموو مەرجانەی بۆیان دانراون و زیاتر پێی دەبووە داردەستی چەوسێنەران، جێبەجێیان بکات. ئەمەی خوارەوەیش ئەو مەرجانەن کە لە ناوەڕۆکی قەواڵەکەدا نووسرابوون:

**یەکەم:** دانی پێدادەنێم کە کرێگرتەم و[18]ملکەچی یاسای سوپاییم و لەبەردەست قوماندانی[nk] ئەو سوپایەدام کە تیایدا دادەمەزرێم. لە

---

[nk] قەواڵە؛ گرێبەست

[nk] قوماندان؛ فەرمانده

ڕۆژی دامەزراندنیشـــمەوە ئەو قومانـــدارە لێپرســـراومە و لە ڕووی پەروەردە و شتی لەو بابەتەوە سەروەری منە.[19]

**دووەم:** پەیمـــان دەدەم، بـــۆ هەر شـــوێنێک کە بە فەرمـــی، فەرمـــانم پێبدرێ بچم، دووبارە پەیمانیش دەدەم لە ئەمڕۆوە و بۆماوەی شەش مانگ خزمەتبکەم. گەر ویستیشم دوای ئەو ماوەیە دەستبەرداری ئەم ئیشە ببم، دەبێ مانگێک پێشتر ئاگاداری ئەو قومāندارە بکەم کە لەبەر دەستیدا کار دەکەم.

**سـێ یەم:** قبـوولْمە کە هەر کاتێـک بەدڕەوشـتییەک لێـی ڕوودام یـان تووشی نەخۆشی بووم، خاوەنکار بۆی هەیە لە کار دەرمبکا...[20]

ئینگلیزەکان تەنها بەمەیشەوە نەوەستان، بەڵکو چەند ڕێگای لەوەش ناڕەواتریـان گـرتەبەر، تـاوەکو کرێکـاران نەپەرژێـنە سـەر ئەوەی ڕیزەکانیان یەک بخەن. لەلایەکی تریشەوە بەربەرەکانێیان لە نێوانیاندا دروست دەکرد، تا لەڕقی یەکتر چی وزە و توانایان هەیە بیخەنە کار و ئـیش ڕاپەڕێـنن. بـۆ ئەم مەبەسـتە بە چـوار چەشـن کرێکارانیـان دابەش کـرد و هەر جۆرەیـان ڕۆژانەیەکـی دیـاریکراوی هەبـوو. کرێکاریش دەیتوانی بەپێی دەسترەنگینی خۆی کارەکەی بگۆڕێ. هەر بەنیـازی تێکدانی ڕیزەکانیـان، ڕۆژانەی کرێکـارێکی کـورد ٧ ئـانە[21]لە ڕۆژانەی برا عەرەبەکەی زیاتر بوو.[22]

لە هەمـــوو ســـەیرتر ئەوە بـــوو، دامودەزگـــای ئینگلیـــزی داگیـــرکەر سیسـتەمی یۆنیفۆرمی بەسـەر نەتەوە و تایەفە جیاجیاکانـدا سـەپاند، بەمەرجێک کرێکار لە کیسەی خۆی جلوبەرگ و ئەو نیشـانانەی بۆی دانـــراوە بکـــڕێ. بە نمـــوونە: دەبـــوو کرێکـــاری ســـوننەی عەرەب جامەدانەی سوور و عەگالی ڕەش لەسەر بنێت. کرێکاری شیعەیش جـامەدانەی شـین و عەگـالی سـپی ببەسـتن.[23]داگیـرکەران لە سـاڵانی

جەنگدا گەلێک ڕێوشوێنیان بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژانە و جۆری کار و سەعاتی کارکردن و چۆنیەتیی گواستنەوەی کرێکار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، دانا. سەرپاکی ئەو هەنگاوانەیش بۆ ئەوە بوون، باشترین ڕێگا بۆ چەوساندنەوەی کرێکار بدۆزنەوە و ماوەیان نەدەن لە کار هەڵبێن، لەلایەکی تریشەوە بۆئەوەی بەربەرەکانێ نەکەوێتە نێوان دەسەڵاتی سوپایی و مەدەنییەوە.[24]

ئەگەر چی گەلێک ڕێنمایی دەربارەی ڕۆژانەی کرێکاران دەردەچوون، بەڵام بەپێی شوێن و کات و جۆری کار دەگۆڕان و لە تیرەیەکەوە بۆ تیرەیەکی تر جیاوازییان هەبوو. لەبەر ڕۆشنایی باشترین ئەو زانیاریانەدا لەبەردەستدان هەڵبژاردەی کرێکاران دەکران بە چواربەش، یاخود چوارپلەوە. کرێکاری جۆری یەکەم مانگانەکەی ١٤٠ ڕۆپیە و جۆری دووەم ١٠٠ ڕوپیە و سێهەم ٦٠ ڕۆپیە و چوارەم ٤٠ ڕوپیەبوو. بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوەش دابەش دەکران. دەبوو جۆری یەکەم زمانی ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی بەنووسین و خوێندنەوە بزانێت و توانای وەرگێڕانیشی هەبێت. جۆری دووەم دەبوو عەرەبی و ئینگلیزی بەنووسین و خوێندنەوە بزانێت و توانای وەرگێڕانیشی هەبێت. کرێکاری جۆری سێهەم دەبوو بەنووسین و خوێندنەوە عەربی بزانێت ئەوەندەیش کەپێویستە زمانی ئینگلیزی یان **ئوردو** بزانێ.[25] ئاشکرایە ئەم مەرجانە ئەوەیان دەگەیاند کە لەسایەی ئەم دابەشکردنە سەیر و سەمەرەدا باشترین و دەست ڕەنگینترین کرێکاری عێراقی، بە زەحمەت جۆری چوارەمی پێڕەوا دەبینرا.

ئەمەی خوارەوەیش لیستێکە تێیدا ڕۆژانەی کرێکاری شارەزا و پیشەوەران دەردەخات.[26]

| | |
|---|---|
| منداڵان | ڕۆژی یەک ڕووپیە |
| پاککەرەوە | = |
| گسک لێدەر | مانگی ٣٠ ڕوپییە |
| خشتبڕ | ڕۆژی ٢ ڕوپییە |
| قازانگەر | ڕۆژی ٣ ڕوپییە |
| ئاسنگەر | = |
| کرێکاری مافور دروستکەر | ڕۆژی ٢ ڕوپییە |
| کرێکاری بەلەم دروستکەر | ڕۆژی ٢ ڕوپییە و ٨ ئانە |
| کرێکاری عەرەبانە دروستکەر | = |
| جۆلا | ڕۆژی ٣ ڕوپییە و ٨ ئانە |
| مسگەر | ڕۆژی ٣ ڕوپییە |
| شوفیری کەشتی و کرێن | = |
| شۆفێری ئۆتۆمۆبێل | ڕۆژی ٢ ڕوپییە و ٢ ئانە |
| کارەباچی | ڕۆژی ٤ ڕوپییە |
| وایەرمەن | ڕۆژی ٣ ڕوپییە |
| میکانیکی ماشێن | = |
| میکانیکی ئۆتۆمۆبێل | ڕۆژی ٣ ڕوپییە و ٨ ئانە |
| شووشەچی | ڕۆژی ١ ڕوپییە و ٨ ئانە |
| بۆیاخچی | = |
| کرێکاری باخچە "باخەوان" | ڕۆژی ١ ڕوپییە |

پێدەچێت ئەو ڕۆژانەیەی لەم لیستەیەدا ناونووسکراوە، خاوەن پیشە بووبێ، کرێکاری عێراقی نەگرتۆتەوە. تەنانەت کە نووسراوە مندالآن، مەبەستیان مندالّی هیندۆسەکانە. چونکە دیاریکردنی ڕۆژانەی کرێکاری کورد و عەرەب بەناو، لەو ڕێنمایەدا بوون کە لە ڕۆژی تشرینی دووەمی سالّی ١٩١٧ دا دەرچوو بوون، ئەویش بۆ کرێکاری عەرەب ١٤ **ئانە** بوو. واتە لە ڕۆژانەی منالّێکی هیندیش کەمتر. کرێکاری کوردیش ڕۆژانەکەی ڕۆپیەیەک و دوو ئانە بوو.[27] ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆژانەی خاوەن پیشەکانی بەغداد لە کاتی جەنگدا لەوەیش کەمتر بووە، کە لە لیستەکەی سەرەوەدا دیاریکراوە، وەک بەلّگەنامە فەرمیەکانی ئەو سەردەمە باسیان دەکات.[28]

هەرچۆنێک بێ ئەم ڕۆژانانە سەرەڕای کەمییان هێشتا پڕبەپڕی خۆی واقیعیان نیشان نەداوە، چونکە بەشێکی ئەو ڕۆژانەیە دەچووە گیرفانی سەرۆک خێلّ و ئەوانەی خۆیان بەخاوەنی کرێکاران دەزانی. ئەمەیش هەر بەتەنها بۆ کریکاری عێراقی نەبوو. بە نموونە: کرێکارێکی ئێرانی کە کرێی ڕۆژانەکەی یەک ڕوپیە بوو ٢٠ % ی لێ دادەشکا.[29] گرنگ ئەوەیە ئاگاداری ئەوەبین کە لە سالآنی جەنگدا ڕۆژانەی کرێکار هەر ئەو ڕۆژانەیە یاخود نزیکی ئەو ڕۆژانەیە بوو کە پێش جەنگ وەریدەگرت. ئەمە لە کاتێکدا نرخی کەلوپەلی پێویست لە سالآنی شەڕدا سێ ئەوەندە و زیاتریش بەرز بووبوویەوە[30] ئەمەیش ئەوەی دەگەیاند کە ڕۆژانەیش بەکردەوە سێ ئەوەندەی هاتبووە خوارەوە. سوخرەیش لەعێراقدا وەک خۆی مایەوە، بەتایبەتی لەو مەیدانەدا کە قۆنتەراتچییەکانی ناوخۆ کاریان دەگرتە ئەستۆ و بە پارچە جێبەجێیان دەکرد. بەزۆریی، بەند و یەخسیر بەبێ ڕۆژانە، یاخود بە کرێیەکی ڕەمزیی کاریان پێ دەکرا.

شایەنی باسە ژمارەی ئەمانە تابڵێی زۆر بوو. هەبوو لە هیندستانەوە بەتایبەتی بۆ کارپێکردن هێنرابوو. باشترین بەڵگەیش ئەوەیە کە لە سالی ١٩١٨دا ژمارەی بەندەکان گەیشتە ١٢ هەزار کەس و بەشێوەی کرێکار لە جێگای جیاجیادا کاریان پێدەکردن.[31]

ئینگلیزەکانیش چی ڕێگا هەیە گرتیانەبەر و پاڵیان پێوەدەنان هیچ کەمتەرخەمییەک لە کاردا نەکەن و لەوە دەچێ لەم مەیدانەدا بە ئامانجی خۆیان گەیشتبن. ئەوەتا ڕاپۆرتێکی فەرمی دانی پیادەنێ کە کاری ١٢٠٠ کەس لەوانە، هاوتای کاری١٥٠٠_١٨٠٠ کرێکاری ترە.[32]

بارودۆخی کارکردن لە سالانی جەنگدا تابڵێی سەخت و نالەبار بووە. دەبوو کرێکاران چەندین سەعات لە توانای ئادەمیزاد بەدەرە، بەرگەی سەرمای زستان و هەتاوی سوتێنەری هاوینی بیابان بگرن.

جا هەرچەنە دەستوور وابوو ڕۆژی ٩ سەعات کار بکەن،[33]بەلام کەمتر ڕێدەکەوت کەسێک بووبێ بەپێی دەستور و سەعاتی کارکردن هەڵسوکەوتی کردبێ، بەتایبەتی قۆنتەراتچیەکان. ئەمە جگەلەوەی کە کاری ئەو کرێکارانە ئاسان نەبوون و زۆربەیان کاری زۆر سەختیان پێدەکرا، وەک قولکردنی بەندەر و ڕاکێشانی ڕێگەی ئاسن و بەتالکردنی کەشتی و گواستنەوەی کەلوپەل. زۆرجاریش کرێکاران بە نانەسکی کاریان پێدەکراو[34]بەقسەی سەرچاوە ئینگلیزیەکان خۆیان[35]ئەو خواردنەی دەیاندرایە بە تەنها بەشی نیوەڕۆژێکی کرێکارەکەی نەدەکرد، کەچی سەرەڕای ئەمەش سەرۆک خێل و بازرگانەکانی ناوخۆ کە بووبوونە قۆنتەراتچی و بەهۆی ئەوانەوە خواردنەکەیان بەسەرا دابەش دەکرا، بەشێکی زۆریان تالان دەکرد.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە لە بارودۆخێکی وا سەخت و دژواردا و لە ئەنجامی بەتەنگەوە نەهاتنی تەندروستی و پارێزگاری نەکردنی

کرێکاراندا، ژمارەیەکی زۆریان دەبوونە قوربانی. گەر بەوردی چاوێک بە ژمارەی کرێکارە بەندەکاندا بگێڕین کە ناویان لە ڕاپۆرتەکانی بەریتانیادا نووسراوە ، بۆمان دەردەکەوێ چەندیان لێ مردووە. لە کەرتێکدا کە ژمارەیان ١,٢١٥ کەس بووە، لە ماوەی ٢٥ مانگدا ٩٠ کەسیان بوونە قوربانی. واتە تێکڕای ژمارەی ئەوانەی گیانیان لەدەستدا گەیشتە ٧,٥%.[36] ئەوانەیشی کە برینداربوون ژمارەیان زۆر لە مردووەکان زیاترە. لە کەرتێکدا کە بریتی بوو لە ١,٠٨٠ کرێکار لە ماوەی ٣٤ مانگدا ٣٨٤ کەسیان بەرکەوتن، واتە ڕێژەی بەرکەوتووان٣٥ % ی پێکدەهێنا.[37]

نە لە سالآنی جەنگ نە لە پێش جەنگیشدا، دانیشتوانی عێراق هیچ جۆرە یاسایەکی کرێکارانەیان بە خۆیانەوە نەدی بوو. دەستەبەری کۆمەلایەتی کرێکارانیش، تەنها ئینگلیز و ئەوروپاییەکانی دەگرتەوە. لەناو **قەواڵە** ی کاریشدا کە پێشتر باسمان کرد، بڕگەیەکی ئاشکرای تێدایە و بەپێی ئەو بڕگەیە هەرکاتێک دووچاری نەخۆشی بوو و نەیتوانی لەسەر کار بەردەوام بێ، دەردەکرێ.[38]

ڕەنگە دەستکەوتی بەشێکی زۆر کەمی کرێکاران لە سالآنی جەنگدا هەر ئەوە بووبێ کە لەکاتی کارکردن و تێکەڵبوونیاندا، سوودیان لە شارەزایی کرێکارە تەکنیکییەکانی ئینگلیز وەرگرتووە. چونکە داگیرکەران لەگەڵ خۆیاندا ژمارەیەکی زۆر ئەندازیار و کرێکاری شارەزایان هێنایە وڵاتەوە، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان. لەبەر ئەوە کارگە و ۆرکشۆپی تایبەتییان بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و پاپۆڕ و چەک و کەلوپەلی جەنگ دامەزراند. هەرچەندە لە سایەی بارودۆخی داگیرکردنی سوپا و یاسای جەنگدا مەودای بزووتنەوەی کرێکاری هاتبووەوە یەک، بەلآم بارودۆخی قورسی کرێکاران پاڵی پێوەنان

بەشێوەی جۆربەجۆر نارەزایی خۆیان دەربڕن، با نارەزاییەکیشیان بەشێوەیەکی سادە و ساکار بووبێ. وەک لە بەڵگەنامەکانی ئەو کاتەدا دەردەکەوێت سالّی ١٩١٩ لە **بەندەر** بزووتنەوەیەکی دژ بە ئینگلیز بەرپا کرا و کاربەدەستانی بەسرە کەوتنە خۆ و چەند هەنگاوێکیان لە دژی ئەو کەشتیوانانە نا، کە شەڕیان بە کەشتییەکانی سەر بە ئینگلیز فرۆشتبوو.[39] لە کۆتایی کانونی یەکەمی سالّی ١٩١٧ دا، لە ناوچەی عەممارە ٤٦٣ کرێکار دەستیان لە کار هەڵگرت؛ ئەنجام، داگیرکەران گوللە بارانیان کردن و ژمارەیەکیان بریندار کرا و ٣٩ کەسیشیان لێ گیرا و لە بەندیخانەکەی شار توند کران. بە قسەی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، زۆر دەرەبەگی ناوچەکە هاوکارییان لەتەک ئینگلیزدا کرد بۆ ئەوەی بەزۆر چ ئەوان و چ کرێکاری تر بخەنەوە سەر کار و ئەوانەی هەڵهاتوون بیانگێڕنەوە.[40] سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگەی داگیرکەران دەیاننواند، زۆری نەبرد هەر لەو ناوچەیەدا و لە ٧ی کانونی دووەمی سالّی ١٩١٨ دا پتر لە ٤٠ کرێکار دەستیان لە کار هەڵگرت و ئەنجام ٢٧ کەسیان لێگیران و لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا بەزۆر خشتیان پێدەبڕین و تا یەکێکیان لێ مرد.[41] لە کارگەی سۆدا دروستکردندا لە بەغداد، ٢٥ کرێکاری جولەکە بەرهەڵستی ئەوەیان دەکرد ڕۆژانی شەمە کاریان پێ بکرێ. ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک گیروگرفت بێنێتە ڕێگای ئەوانەی سەرپەرشتی کارگەکەیان دەکرد و ناچار بوون داوا لە لێپرسراوان بکەن بەزۆر بیانخەنەوە سەر کار یان کاروباری کارگە لەسەر شێوازی نوێ ڕێکبخرێتەوە.[42] کرێکارە بەندەکانیش هەر ئەوەندەی هەلێکیان بۆ هەڵکەوتایە هەڵدەهاتن.[43] خاوەن زەوی و سەرۆک خێڵەکانیش

بەردەوام بوون لەسەر ئەوەی داگیرکەران چەندیان بوێ، کرێکار بۆ دامودەزگاکانیان کۆبکەنەوە.[44]

ئەم ڕووداوانە و چەندانی تر، پاڵیان بە داگیرکەرانەوە نا، بەتوندی بەرهەڵستییان بکەن و ماوە نەدەن پەرەبستێن. بۆیە بێ سڵەمینەوە، قامچییان بەکاردەهێنا و جەستەی سەرپێچیکەرانیان بەدرێژایی چەند سەعاتێک لەناو چاڵدا دەناشت و بە کۆمەڵ خەڵکیان لەناو زینداندا توند دەکرد و ئیهانە دەکران و کاری گرانیان بەسەردا دەسەپاندن، دۆخەکە گەیشتە ئەوەی گرنگی بۆ لیپرسراوان دانەنرێ... ئەوانیش فەرمانیان دەرکرد، لاقی ئەو کرێکارانە بەرگوللە بدەن، کە گومانی هەڵهاتنیان لێدەکەن و نیازیان وایە لەو دۆزەخە ڕزگاریان بێت.[45]

لەلایەکی تریشەوە داگیرکەران ناچار بوون هێزێکی گەورەی سوپا بخەنە کار، تاوەکو بتوانن بەردەوام کار لەسەر ڕێگەی ئاسنی نێوان بەغداد و بەسرە بکەن، ئا بەم جۆرە کرێکارانی عێراق و ئەوانەیشی عێراقی نەبوون، بەدرێژایی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی ژیانیان بەسەردەبرد. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش چینی کرێکارانی تازەپێگەیشتووی عێراق، لەو ماوە مێژووییە گران و سەختەدا توانی تا ڕادەیەک لە ڕووی چەندییەتی و چۆنییەتییەوە پەرەبسێنێ. لەمەیش گرنگتر ئەوە بوو کرێکاری عێراق بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە داگیرکەرانی ناسی و لە حەقیقەتیان تێگەیشت. سەرپاکی ئەمانەیش لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتیاندا بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەریتانیا، ڕەنگیان دایەوە.

# بەشی سێهەم

## گیروگرفتی کار و کرێکارانی عێراق
## لە ساڵانی داگیرکردن و ئینتیدابدا
١٩١٨_١٩٣٢

قۆناغی دووەمی مێژووی پێکهاتنی چینی کرێکاری عێراق و قۆناغی یەکەمـــی بـــزووتنەوەکەی، لەپـــاش جەنگـــی یەکەمـــی جیهـــانییەوە دەستپێدەکا و لە چوارچێوە مێژووییەکەیدا دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩١٨ و ١٩٣٢ واتە لەو ڕۆژەوەی کە وڵات ڕاســــــــتەوخۆ لەلایەن بەریتانیــاوە، بەنــاوی داگیرکــردن ١٩١٨_١٩٢١ یــاخود ئینتیــدابەوە ١٩٢١_١٩٣٢ حــوکم دەکــرا. ئەنجــامی ئەوەی گەورەتــرین دەوڵەتــی ئیمپریالیزمی ئەوسا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی بەسەر عێراقدا گرت، ئەم وڵاتە چەند ئاڵوگۆڕێکی ئێجگار گرنگی بەسەردا هات، ئاکامی ئەم دەستبەسەرا گرتنەیش شوێن دەستی بەسەر قەوارەی کۆمەڵایەتی میللەتی عێراق و بەتایبەتی بەسەر چینی کرێکارانەوە دیارە. لەو ماوەیەدا چینی کرێکاران بەپێی ئەوەی چینێکی تازە بوون، هەلومەرجی گەشەکردنی زۆرتر بۆڕەخسا بوو : لەبەر ئەوە زۆر بەخێرایی پەرەیدەسەند. ئەگەرچی جەنگ کۆتایی هاتبوو، بەڵام لای ئینگلیزەکان عێراق تا ئەو کاتە بایەخی ستراتیژی خۆی لەدەست نەدابـــوو، بەتـــایبەتی بەهـــۆی بەربەرەکـــانەی نێـــوان دەوڵەتە ئیمپریالیســـتەکانەوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە مەبەســـتی ئـــابلۆقەدانی ناوچەکە و دەستگرتن بەسەر سامانەکانیدا نەوت بەتایبەتی پەرەی دەسەند. بەسەرێکی تریش مەترسی نوێ لە ناوجەرگەی خۆی* یان لە سنوورەکانیدا هاتنە گۆڕێ و[1] بەهۆی هەڵمەتی شۆڕشگێڕانەی

* مەبەســـت پەرەســـەندنی بـــزووتنەوەی کرێکـــاریە لەنـــاو جەرگەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و تیژبوونی ناکۆکی نێوان چینی بۆرژوا و پرۆلیتاریای ئەو وڵاتانەیە کە بەهۆی لەدەستچوونی وڵاتانی ژێردەستەوە دووچاری تەنگوچەڵەمەی ئابووری دەبن. وەرگێڕ

دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە شێوەی ڕاپەڕین و شۆڕشی بەردەوامی دژ بە داگیرکەرانیان گرتەخۆ، دەڵێین بەهۆی ئەمانەوە، ئینگلیز ناچار بوو بەشیکی گەورەی هێزە سوپاییەکەی لەسەر خاکی عێراق بهێڵێتەوە و بنکەی هەمیشەیی تێدا دابمەزرێنێ. دیارە ئەم هیزانەش بەردەوام پێویستیان بە کاری بیناکاری دەبوو. بە نموونە: لە ساڵی ١٩٢٠ دا ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەم جۆرە پڕۆژانەدا کاریان دەکرد گەیشتە چەند هەزارکەس. لەعێراق و ئێراندا ٣٦ هەزار کەسبوون.[2] لە هەمانکاتدا ئەو ڕێگاوبانانەی ئینگلیزەکان بە مەبەستی ستراتیژیی خۆیان لە ساڵانی جەنگدا بنیاتیان نابوون گەورەتر و فراوانتریان کردن، تاوەکو هەر ڕووداوێکی لەناکاو و تازە بەرپا بوو، بەکاریان بهێنن و دوای ئەو ماوەیەش بکرێنە ئامرازی چەوساندنەوەی ئابووری، بەو جۆرەی کە خۆیان چاوەڕوانیان دەکرد. هەر ئەم بیرکردنەوەیەش بوو وای لێکردن دوای جەنگ بەردەوام کار لەڕێگەی ئاسنی **قۆرەتووی** نزیک خانەقیندا بکەن. ئەوە بوو لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٩ وە، بۆ کاروباری شت گواستنەوە خرایە کار.[3]

ڕێگەکە بە لای ئینگلیزەکانەوە بایەخێکی گرنگی هەبوو ؛ نەک لەبەر ئەوەی لەو ناوچەیەدا هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەو شوێنەی تێیدا ڕێگاکە کۆتایی پێدێ حەوت میل لە سنووری ئێرانەوە دوورە و دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگا بازرگانییەی دەچێتە کرماشانەوە، وەک لە ڕاپۆرتەکەی **ژەنەراڵ ف.د.هامەند** دا، دەقاودەق باسی دەکات.[4] داگیرکەران گرنگییەکی زۆریان بەم مەسەلەیەدا و دەیانویست زیرەکانە پلانێکی پێ جێبەجێ بکەن، ئابووری ڕۆژئاوای ئێران بە عێراقەوە ببەستن؛ بەتایبەتی بە بەندەری بەسرەوە.[5] دیارە ئەمە

لایەنیکەمـی نیـاز و مەبەسـتیان بـوو، چـونکە ئەوان پلانـی زۆر لەوە گەورەتریان دادەنا و دوورتر دەیانڕوانی و خەونیـان بە ڕێگـای نێوان بەغداد و "باکۆ[6]"وە دەبینی کە مەڵبەندێکی گرنگی بەرهەمهێنانی نەوتە لە "قەفقاس".[7]

سـەرەڕای ئەو تەنـگ و چەڵەمە ئابووریـانەی ئینگلیزەکـان دووچـاری هاتبوون سەبارەت بە هەندێ هۆی سیاسی و ستراتیژی، ناچار بوون چەنـد ڕێگـایەکی ئاسـنی تـا ڕادەیەک ڕێکوپێـک ڕابکێشـن. ئەم حەقـیقەتەش جـارێکی تـر لە مەسـەلەی ڕاکێشـانی ڕێگـای نێـوان "کنگربـان_کەرکووک"دا دەردەکەوێ کە بەهـۆی تەنـگ و چەڵەمەی ئـابوورییەوە ڕاگیـرا. ئەوەتـا نێردراوی سـکرتێری نـوێنەری سـامی بەریتـانی لە عێراق، ڕۆژی ٢٤ـی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٢٤ بـۆ سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەنووسێ:

**نـوێنەری سـامی فەرمـانی پێـدام، پێتـان ڕایگەیەنـم کە لەپـاش سـەردانەکەی ئەم دوایـیەی بـۆ سـلێمانی، بـۆی دەرکەوتـووە کە دەسکردن بە ڕاکێشانی ڕێگەی ئاسنی کەرکووک کارێکی سیاسی گرنگـی کـردۆتە سـەر سەرانسـەری کوردسـتانی خـواروو. چـونکە دانیشـتوان باوەڕیان وایە حکومەتی عێراق گومانی لەوە نەماوە کە کۆمەڵی گەلان ئەو بەشە گەورەیەی وڵات بۆ عێراق تەرخان دەکات. ئەم کارتێکردنەیش لەبنەڕەتەوە هەڵوێستی سیاسی گۆڕیوە. جا گەر بەهۆی بێ پارەییەوە لەپڕ دەست لە ڕاکێشانی ئەو ڕێگایە هەڵبگیرێ، تەواو مەسـەلەکە پـێچەوانە دەبێـتەوە و ڕای گشـتی وای بـۆدەچن ئەوەندەی نەما کوردستانی خواروو بدرێ بە تورکەکان..** [8]

لەمەوە ئەنجـوومەنی وەزیـران لە کۆبـوونەوەی ڕۆژی ٣٠ـی کـانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا بڕیاریدا لەو هەڵوێستەی پاشگەزببێتەوە چونکە

بـاری سیاسـی ئێسـتا وا پێویسـت دەکـا دەسـت بەڕاکێشـانی ڕێـگەی ئاسـنی کەرکـوک بکرێ و تەنگـوچەڵەمەی ئـابووری دابپۆشـرێ.[9]بەو جۆرە لە مانگی ئەیلولی سـاڵی ١٩٢٥ دا ئەو ڕێگایە لە "**کنگربان**"ـەوە ڕووەو کەرکوک بەدرێژایی ٥٣ میل ڕاکێشـرا و بەوە ڕێگەی ئاسـنی نێـوان کەرکـووک و بەغـداد کۆتاییهـات. پـاش ڕاگرتنـی جەنـگ ئینگلیزەکـان دەسـتیان کـرد بە دروسـتکردنی ئەو بەشـەی کەوتـووەتە نێوان **ئوور** و **حلـه** وە و ١٦٣ کیلـۆمەتر درێژییەتی، تـاوەکو ڕێـگەی ئاسنی نێوان بەغداد و بەسرە تەواو ببێ.[10]

جـگە لەمەیـش هەنـدێ لقـی تریـان لـێ ڕاکێشـا، وەک ڕێگـای **زوبێـر_جەبەل سـەنام** کە بـۆ گواسـتنەوەی بەرد بەکـار دەهێنـرا و درێژی ٢٣,٥ میل بوو. هەروەها لە **ئوورەوە** بۆ **ناسریە** کە درێژی ١٠ مـیلە. هەنـدێ ڕێگـای تریشـیان بەدرێژایـی ٣٦ میـل لەنـاو بەنـدەری بەسـرەدا ڕاکێشـا ، تـاوەکو ئیشـوکاری داگـرتن و بـارکردن ئاسـانتر ئەنجام بدەن. ئەمە جگەلەو ڕێگایەی کە **مەفرەق و بەنداوی هیندییەی** بەیەکەوە بەسـتوە و درێژایـی ١٨ میـل بـوو. ڕێگـایەکی دیکەشـیان لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی بەغدادا ڕاکێشا درێژی شەش میل بوو، تـا بەسـەر ڕووبـاری دیجـلەدا فـارگۆنی شـەمەندەفەر بەئاسـانی بپەڕێننەوە. پاش کۆتاییهاتنی جەنگ کاروباری چاکردنەوەی ڕێگا و ماشین و فارگۆنەکانی شەمەندەفەری عێراق گۆڕانێکی هەستپێکراوی بەسـەرداهات. ئەوە بـوو هەر سـێ کـارگەکەی ڕێـگەی ئاسـن کـران بەیەک،[11]کە بە کارگەی **ئەلشالچی** ناسراوە لە بەغداد. ئەوجا ئـامرازی نوێ و کـادیری شـارەزا و پسـپۆڕیان بۆ نـارد، بە ڕادەیەک لە مـاوەی ساڵێکدا دەیتوانی ٤٨ فارگۆن چاک بکاتەوە.[12]

بێگومان کاروباری چاکردنەوەی فارگۆن و ڕێگەی ئاسن، پێویستییان بە ژمارەیەکی زۆر کرێکار هەبوو. لە ٣١ ی مانگی مارتی ساڵی ١٩٢٥دا ژمارەی سەرپاکی ئەوانەی لە بەردەست بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسندا کاریان دەکرد گەیشتە ٩٣٠٢ کەس.[13]جا هەرچەنە ئەم ژمارەیە لەبەر زۆر هۆ کە گرنگترینیان تەواو بوونی زۆربەی ئەو ڕێگایانە بوون پێشتر باسمان کردن، کەم دەبووەوە. دەڵێن سەرەڕای ئەوەیش هێشتا ڕێگەی ئاسن لە هەموو ڕوویەکەوە کەرتێکی گرنگ و بنچینەیی چینی کرێکاری عێراقی پێکدەهێنا. بە نموونە لە ساڵی ١٩٢٦ دا ژمارەیان گەیشتە ٨١٢٩ کەس.[14]تەنانەت ئەو کاتەی کە ئینتیدابی بەریتانیایی کۆتاییهات و ژمارەیان لە پێنج هەزارکەس پتربوو.[15]هەر لەبەر ئەوهۆیانە داگیرکەران بایەخێکی تایبەتییاندا بەبەندەری بەسرە. چونکە پەرەپێدانی هاتوچۆ لە **شەتولعەربدا** ، بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیای **نەوتی ئینگلیزی_فارسییەوە** کە لە ناوچەی **عەبباداندا** کاری دەکرد، کارێکی زۆر پێویست بوو. بۆیە کۆمپانیای ناوبراو ساڵی ١٩٣٢ چەردەیەک پارەی بە قەرزدا بە عێراق تا بەندەرەکەی پێ فراوان بکات. ئینجا لە کانوونی یەکەمی١٩٤٢دا دەستکرا بە کارکردن و قوڵایی بەندەرەکەیان گەیاندە ٢٨ پێ ٣٠٠ پێش بۆ کاتی هەڵچوونی دەریا فراوان کرا، تاوەکو جێگای زۆرترین ژمارەی کەشتی تێدا ببێتەوە. لە ساڵانی ئینتیدابدا، لە داهاتی خۆی هەندێ کاری تری لەو بابەتەی تێدا کراو[16]بە ڕادەیەک پێویستی بە ژمارەیەکی زۆرتر چاودێریکەر و کرێکار هەبوو.[17]بەڵام تێکڕای ژمارەی کرێکارانی بەندەر لە ناوەڕاست و کۆتایی ساڵانی بیستدا ٧٥٠ کەسی تێپەڕاند، ئەمە بێجگە لە نزیکەی١٢٥٠ کرێکاری تر کە ناوبەناو خەریکی فراوان کردن بوون.[18]

سـەرەنجامی ئەو پەرەسـەندنە گشـت لایەنە جۆربەجۆرەکـانی ژیـانی گرتبووەوە، لە سالآنی دوایی جەنگدا بە شێوەیەکی فروان دەستکرا بە ڕاکێشانی ڕێگاوبانی قیرتاو و چەوڕێژکراو. تاوەکو ببنە ئامرازێک بۆ چەسپاندنی دامودەزگا تازەکانی دەوڵەت لە هەمـوو کون و قوژبنێکی وڵاتدا. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا ئەوەی دەگەیاند گەرەکیەتی باجێکی زۆرتر بۆ خەزێنە مسۆگەر بکا. بەتایبەتی چونکە مانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراقدا بووبووە بارێکی گران بەسەر وڵاتەوە.[19]لە سالآنی ئینتیدابـدا چەنـد ڕیگەیەکـی ئێجگـار سـەخت ڕاکێشـران وەک ڕێگـای **هەولێر_ڕەوانـدوز_رایات** کە لەسـەر سـنووری ئێـران کۆتـایی دێـت و[20]ڕاپەڕاندنیشـی پێویسـتی بە ژمـارەیەکی زۆر کرێکـار هەبـوو کە لە ماوەی سێ ساڵدا تێکڕا هەزار کرێکار کاریان لەسەر دەکرد و بۆ ئەو مەبەستە لە بەریی ڕێگای " **جوندیان**" ـەوە بەرەو ڕەوانـدوزی خـواروو ڕێگەیەکی ئاسنی سی میلییان راکێشـا.[21]بە کـورتی کۆی ئەوانەی لە کۆتای سالانی بیستدا لە بـواری ڕێگاوباندا کاریـان دەکرد، ژمارەیـان گەیشـتە ٤٢٥٠ کرێکـار.[22]دیـارە کـردنەوەی ئەم ڕێگاوبـانە تـازانە و گەشەکردنی کار و شێوازی ژیـان، لەدوای جەنگی یەکەمەوە، کارێکی باشـیان کردەسـەر مەیدانی هـاتوچۆکردن و گواسـتنەوە، لە وڵاتدا. بە ڕادەیەک لە کۆتــایی ســالآنی بیســتدا ژمــارەی شــۆفیرەکان زۆر بەخێرایـــی گەیشـــتە ٤٥٠٠ کەس و لانـــی کەم چـــواریەکی ئەوانە شـۆفێری ئۆتـۆمبیلی بـارهەڵگر بـوون[23]پیشەسـازیی نەوت گرنگترینـی ئەو مەیـــدانەیە کە ژمـــارەیەکی زۆر لەو جـــۆرە کرێکـــارانەی تێـــدا کۆبووبـووە کە پەیوەنـدی راسـتەوخۆ و بەردەوامیـان بە بەرهەمـی میکـانیکیەوە هەیە بەتـایبەتی لە کۆتـایی سـەردەمی ئینتیدابـدا. سـاڵی ١٩٢٥ کۆمپانیـای نەوتـی تـورکی دوایـی بـوو بە عێراقـی لە نـاوچەی

کەرکووکـدا تەنهـا ١٨٠ کرێکـاری هەبـوو کە بە پشـکنینی نەوتەوە خەریک بوون. بەڵام لە ماوەی ساڵێکدا ژماریان گەیشتە ٢٥٠٠ کرێکار و پاشـان بـوو بە ٣٥٠٠. کۆمپانیـا نەوتـی **ئینگلیزی_فارسـی** هەر لەمەیدانی پشکنیندا لە ناوچەی نەوتخانەی نزیک خانەقین دوو هەزار کرێکـاری خسـتبووە ئیشـەوە.[24]هەروەهـا کۆمپانیـای نـاوبراو سـاڵی ١٩٢٧ لە ئەڵوەنـد دەزگـایەکی پـاڵاوتنی دامەزرانـد تـاوەکو بەرهەمە نەوتییەکـان بگەیەنێتە هەمـوو لایەکـی وڵات و پیویسـتییەکانی دابـین بکـات. سـاڵی ١٩٣٣ ژمـارەی کرێکـارانی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق گەیشـتە شـەش هەزار و پاشـان لە سـاڵی ١٩٤٧ دا بـوو بە ١٤ هەزار.[25]هەتـا سـاڵی ١٩٣٤ یـش نـزیکەی ٥ هەزار کەس بە ڕاکێشـانی بۆری نەوتـی نێوان **کەرکوک و دەریای سپی ناوەڕاستەوە** خەریک بـوون و بەشـێکی زۆری ئەمـانە کرێکـاری عێراقـی بـوون.[26]بێگومـان سـەرپاکی ئەم جموجۆڵەی کۆمپانیاکانی نەوت کارێکی باشیان کردە سـەر کاروبـاری بینـاکردن وکۆمپانیاکـانی گواسـتنەوە، کە ئەرکـی بارکردن و گواستنەوەی کەلوپەل و ئامرازی جۆربەجۆریـان گرتبـووە ئەستۆ، تاوەکو ئەو شتومەکانە بگەیەننە شوێنی کارکردن.

بە کارگەریی چەندین هۆی تـایبەتی و گشـتی و لە پێش هەمووییـانەوە تەنـگ و چەڵەمەی ئـابووری لە ئینگلـتەرادا کە لەدوای کۆتاییهـاتنی جەنـگەوە پێـوەی دەناڵانـد، بەهـۆی ئەوەشـەوە کە بـاری سیاسـی لە عێراقـدا سـەقامگیر نەبووبـوو. بچـووکی و کەم دەرەتـانی بـازاڕی ناوخۆش لەولاوە بۆەستێ، هەموو ئەم هۆیانە نەیانهێشت سـەرمایەی ئینگلیـزی ڕووەو میزۆپۆتامیا ڕەو بکـات و جگە لە مەیـدانی نەوت لە هـیچ بـوارێکی دیـکەی پیشەسـازیدا ڕۆڵـی خـۆی نەگێـڕا، بەڵام ئینگلیزەکـان بەرامـبەر بەمە ئارەزوویـان دەکـرد عێـراق بـکەنە

بەرهەمهێنەر و سەرچاوەیەکی کشتوکاڵی، بەتایبەتی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی دەبنە کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمی پیشەسازیی. لەم تێڕوانینەوە، دەیانویست لە مەیدانی بەرهەمهێنانی لۆکەدا عێراق بکەنەوە سەرچاوەی دووەم، لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٢٠دا کۆمپانیای گەشەپێکردنی لۆکەیان دامەزراند، بەڵام لەم مەیدانەدا بەختیان باشی نەهێنا. بۆیە ژمارەی کرێکارەکانیشی لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستدا ١٥٠ کەس و کۆتای بیستەکاندا بەئاستەم گەیشتە ١٧٥ کەس.[27]

بەڵام بەرامبەر ئەم دۆخەدا، لەدوای جەنگی یەکەمەوە و بەتایبەتی لە کۆتایی ساڵانی بیستدا، بارودۆخی نوێ هاتنە کایەوە و بوونە هۆی ئەوەی تا ڕادەیەک پەرە بە پیشەسازی نیشتیمانی بدەن. ئەنجامی نزیکبوونە و تێکەڵبوونی جیهانی سەرمایەداریی، باری سەرنجی سەرمایەدارانی عێراق و شێوەی تێڕوانینیان لە بارەی دۆخی ئابووری وردە وردە گۆڕدرا و دوای کۆتای هاتنی جەنگ چەند ساڵێکی نەخایاند، ژمارەیەک لەو سەرمایەدارانە کەوتنە خۆ و پلانی دامەزراندنی چەند کۆمپانیایەکی ئەهالییان دانا وەک **کۆمپانیای ئەهلی گشتی عێراق** تاوەکو لەسەر ڕێوشوێنی تازە[28]بەغداد و دەریای سپی ناوەڕاست بەیەکەوە ببەستێ. ئینجا کۆمپانیای عێراقی ئەهلی دانرا کە خەریکی پیشەسازی و کشتەکاڵ و بازرگانی و میتاڵی جۆربەجۆر و کاروباری گشتی بوو، بەمەرجێک بەغدا ببێتە مەڵبەندەکەی و مافی ئەوەی هەبێت نوێنەرایەتی خۆی لە سەرانسەری عێراق و دەرەوەی عێراقدا بکاتەوە. پاشان کۆمپانیای سێهەم دامەزرا تا لەسەر ڕێوشوێنی پلانەکەی **ویلیام ویلکۆکس**[29]**بەنداوی فەلووجە** دروست بکات.

ئەگەر چی هیچکام لەو کومپانیایانە لە سالانی ئینتیدابدا دەرنەکەوتن، بەلام هەر بیرکـــردنەوە لە دامەزرانـــدنیان[30]نیشـــانەی ئـــالوگۆڕێکی هەستپێکراوی مەبەستی چینی بۆرژوای تازە پێگەیشتووی عێراق دەگەیەنێ. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا هەلومەرجی بنچینەیی دەرکەوتنی پیشەسازی نیشتیمانییە کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سالانی بیستی ئەم سەدەیە.[31]لە سالی ١٩٢٦ دا یەکەم کارگەی نیشتیمانی چنین و ڕستن لە مێژووی ولاتدا بە ناوی کارگەی **فەتاح پاشاوە** دامەزرا و لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونیدا ٦٥ کرێکار کاری تێدا دەکرد و پاش پێنج سال ژمارەیان گەیشتە ٢٠٠ کەس و وای لێهات بەرهەمی ئەم کارگەیە بەشێکی پێویستی شار و دامەزراوە فەرمیەکانی بە قوماش دابین دەکرد. هەر لەو سالەدا دوو کەسی لوبنانی **تەببار و عەببود** کارگەیەکی بچووکی جگەرەیان دامەزراند و لە ماوەی پێنج سالدا بەخێرایی پەرەی سەند و سالی ١٩٣١ ژمارەی ماشینەکانی گەیشتە ١٥ و کرێکارەکانی لە ١٠٠ کەس تێپەڕین. سەرکەوتنی ئەم کارگەیە، بەو خێراییە بووە هۆی ئەوەی پال بە سەرمایەدارانی عێراقەوە بنێ، سەرمایەکانیان لەم پیشەسازیەدا بخەنە گەڕ و هەموو چەند سالێکی کەمی نەخایاند، ژمارەی کارگەی جگەرە دروستکردن لە عێراقدا گەیشتە ١١ و سەدان کرێکار تێیاندا کاریان دەکرد. لە سالی ١٩٢٨ یشدا ماشین و ئامرازی پێویست بۆ کارگەیەکی جیکەنەی لۆکە بە سەرمایەی عێراقی هێنرایە ولاتەوە و ناوی **کارگەی جیکەنەی عێراقی** لێ نرا و ڕۆژی ٧ ی تشرینی دووەمی سالی ١٩٣٠ بە فەرمی کرایەوە. ماوەیەک پیش ئەوەش کارگەی پێستە خۆشکردنی **ئەلخضەیری** لە بەغداد کرایەوە و لە

سـەرەتادا ٢٥ کرێکـار تێیدا کاریـان دەکرد. پاشـان چەنـد کـارگەیەکی تری لەو جۆرە و یەکێکیش لە موسڵ کرانەوە.[32]

دوای کۆتاییهـاتنی جەنگـی پیشەسـازیی کەرەسـتەی بیناکـاری پەرەی سەند، بەتایبەتی دروستکردنی خشت بە شێوەیەکی بەرچاو گەشـەی کرد. ژمـارەی ئەو کـورە خشـتانەی بە هێزی هەڵم کاریـان دەکرد لە ماوەی ١٠ ساڵدا ١٩٢٩_-١٩٣٩ ، لە دوو کـارگەوە گەیشـتە ١٣ کـارگە و لەناویانـدا سـەدان کرێکـار هەڵدەسـووڕان.[33]بە هەمـان شـیوەش ژمـارەی ئاشـەمەکینە و چاپخـانە[34]و ماشـینی بەرهەمهینـانی وزەی کارەبا ژمارەیان زیادی کرد و لەدوا ساڵی ئینتیدابدا ژمـارەی ماشینی بەرهەمهێنـانی وزەی کارەبـا گەیشـتە ١٩ دانە. هەروەهـا کـارگەی دروستکردنی سەهۆڵ لەدوایی ساڵانی جەنگەوە لەوە دەرچوو بەتەنها لە بەغداد و بەسرەدا بکرێنەوە، بەڵکو ژمارەیەک لەو کارگانە هەر لە زووەوە لە شـارەکانی تریشـدا دامەزرێنـران بە نمـوونە: لە مـانگی تەموزی ساڵی ١٩٢٢ کارگەیەکی سەهۆڵ دروستکردن لە کەرکووک کەوتەکار.[35]ئەمە بێجگە لەوەی لە مەیدانی ڕنیین و داگرتنی خورمـادا کاریـان دەکـرد و زۆربەشـیان عێراقـی بـوون: بە ڕادەیەک لە دوای جەنـگەوە ژمارەیـان زیـادی کـرد تاگەیشـتە نـزکەی ٤٥ هەزار کەس.[36]سەدان کرێکاریش لەو پڕۆژە ئاودێرییانەدا کاریان دەکرد کە ئینگلیـز تـا ڕادەیەک بـایەخی پـێ دابـوون، وەک جـۆگەی **لەتیفیـیە**، ژمـارەیەکی باشـی کرێکـارانیش بە دەرهێنـانی کـانزای پێویسـتەوە خەریک بوون. چونکە لەو سـاڵانەدا خەڵکی لە کانەکانی **سیکی** نزیک **دهۆک** و "**هەرپوول**"ی سـەرووی مووسل و کفری و لە نزیک زاخۆ کەوتنە دەرهێنـانی خەڵوزی بەردین. لە **تووزخورمـاتو، زاخـۆ، هیت، سەرسـار، مەحاویـل، کـووفە، خـالیس، سـەماوە** و شـوێنی تـریش،

دەستیان بە دەرهێنانی خوێ کرد. لە **سامەڕا، سەقڵاویە** و **ئەسکەندەریە** گەچیان بەرهەم هێنا وە لە نزیک موسڵ، کەرکووک و **شەتاتە** دەستیان بە دەرهێنانی بەردی مەڕمەڕ کرد.[37] گۆڕانێکی هەرچەند کەمیش بێت بەسەر ئامڕازەکانی بەرهەمهێناندا هات. وە شێوازی کارکردنیش لەلایەن بەڵێندەرەکانەوە، تاڕادەیەک جیاوازی لەگەڵ شێوە باوەکەی بەر لە جەنگی یەکەمدا هەبوو. شانبەشانی هەموو ئەمانەی باس کران، هەزاران کرێکار لەناو شارەکاندا لە بواری خزمەتگوزاری وبازرگانیدا کاریان دەکرد، لەوانە کرێکارانی چێشتخانە، ئوتێل، شارەوانی، بیناکاری و زۆری تریش. سەرەڕای ئەو کێشە و ڕێگریانە کە بەرهەمی پیشەیی تێیکەوتبوو وە پێوەی دەناڵاند، لە ساڵانی ئینتیدابدا پیشەوەران هێشتا کەرتێکی گەورەی زەحمەتکێشانی عێراقیان پێکدەهێنا، نەک هەر ئەوەش بەڵکو بەهۆکاری پێویستی و فراوانبوونی شارەکان و کۆتاییهاتنی بەرهەمی سروشتی و پەرەسەندنی پێویستییە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، پێگەی ئابووری چەند کەرتێکی دیاریکراو پتەوتر دەبوو. لە دواساڵی ئینتیدابدا بەتەنیا لە بەغداد ١٣٠ مسگەر و ٧٠ ئاسنگەر کاریان دەکرد.[38] بەپێی ڕاپۆرتێکی فەرمی کە مێژووی ساڵی ١٩٣٢ی لەسەرە، ژمارەی پیشەوەران لە سەرانسەری عێراقدا ٥٠ هەزار کەس بووە.[39]

ئا بەو جۆرە لە ساڵانی داگیرکردنی عێراق و ئینتیدابی بەریتانیدا بەئاشکرا هەست بە گەڵاڵەبوونی چینی کرێکاری عێراق دەکەین، بە ئەندازەیەک دەتوانین قسە لە توێژیکی کۆمەڵایەتی نوێی ئەوتۆ بکەین چ لە ڕووی کار کردن و چ لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە جیاوازی لەگەڵ توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تردا هەبوو. لەچاو ساڵانی جەنگیشدا چەند هەنگاوێکی گەورەی بۆ پێشەوە نا. هەر لەم قۆناغەدا

دانیشتوانی شارەکان بەهۆی پێکهاتنی چینی کرێکارانەوە ژمارەیان زیادیکرد و پیشەوەرانیش لە جاران زیاتر، بوونە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەردەوام، و ئەوکەسانەیان دەنارده ناو چینی کرێکارانەوە کە بەتەواوی پەیوەندییان لەگەڵ بەرهەمی کشتوکاڵی و لادێدا پساندبوو. ئەوانەش زۆرتر بوون کە لە بنەڕەتەوە پەیوەنییان لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی سەرەتاییدا هەبوو. ئەم حەقیقەتەش شوێن پەنجەی بەسەر گەلاڵە بوونی هۆشیاری چینایەتی کرێکارانەوە دیارە، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا و لەدوایدا، بەدرێژی باسیدەکەین.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لەم قۆناغەدا هێشتا هەر لادێ سەرچاوەی سەرەکی پێکهاتنی چینی کرێکاران بوو. بەتایبەتی کە پەیوەندی نێوان شار و لادێ پتەوتر بوو. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەدا بوو کە زوڵم و ستەمی دەرەبەگایەتی لەدوایی ساڵانی جەنگەوە، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تادەهات پەرەی دەسەند، جوتیارانیش بۆ دەربازبوون لەو دۆخە ناچار دەبوون بەکۆمەڵ بەرەو شارەکان ڕەو بکەن، چونکە هەرچی سەرچاوەی ژیان هەیە لەدەستیان چوو بوو. لە زووەوە، بە نمونە لە ساڵی ۱۹۱۹دا، ژمارەی ئەو کرێکارنەی لە ناوچەی ڕومادییەوە بەرەو بەغداد ڕەویان کردبوو، گەیشتە نزیکەی دووهەزار کەس.[40]

واقیعی نەتەوایەتی گەلی عێراقیش لەگشت قۆناغەکانی و لە سەرانسەری وڵاتدا کاری لە پێکهاتن ودروستبوونی چینی کرێکاران کرد و تێیدا ڕەنگیدایەوە، و یەکەم توێژی کۆمەڵایەتییە لەسەر و خوارووی وڵاتدا و لەناو ڕیزەکانیدا نوێنەری نەتەوە و تیرە جیاجیاکان کۆبوونەتەوە. کرێکاری عەرەب شان بەشانی کرێکاری

کـورد لە کۆمپانیاکـانی نەوتـدا کاریـان دەکـرد، هەروەک کرێکـاری کوردیش لە بەندەری بەسرە و پڕۆژەکانی ڕێگاوباندا کاری دەکرد. لە ناوەڕاسـتی سـاڵانی بیسـتدا ژمـارەی کرێکـارانی کـورد لەنـاو دامەزراوەکـانی ڕێـگەی ئاسـندا نـزیکەی ٢٣% ی تێکـڕای ئەو کرێکـارانەی پێکدەهێنا کە لەم مەیدانەدا کاریـان دەکـرد. سـاڵی واش هەبـوو ڕێژەیـان لەوەش زیـاتر بـوو.[41] جـا هەرچەنـدە دەسـەڵاتدارانی ئینگلیـز لە بەر چەنـد هـۆیەک کە پاشـان قسـەیان لەسـەر دەکەیـن، پشـتگیری ئەم دیاردەیەیـان دەکـرد، بەڵام هەر ئەم دیـاردەیە لە مەودایەکی دوورتـردا ئاسـەوارێکی ئەرێنـی بەجێهێشـت و بـووە هـۆی گەلاڵە بـوونی هۆشـیاری چینـایەتی لەنـاو کرێکـارانی عێراقـدا. پـیکەوە کارکردن و چەشتنی زوڵـم و سـتەم و چەوسـاندنەوە بەبێ جیـاوازیی لە یەک سـەرچاوەوە، بـوونە هـۆی دەرکەوتـن و پەرەسـەندنی گیـانی برایەتـی نەتەوەیـی لە دەروونـی کرێکـارنی عێراقـدا. ڕەنگدانەوەی ئەو گیانە و لە قۆناغی دروستبوونی چینی کرێکاراندا، بە جوانی لەو چەند وشـەیەدا دەردەکەوێ کە کرێکـارانی ڕێگـای **هەولێر_ڕەواندوز_رایان** پـاش کۆتاییهـاتنی کارەکەیـان لە سـاڵی ١٩٣٢ لەسـەر **گاشـە بەردێـک** هەڵیان کۆڵیوە.[42]

لەگەڵ ئەوەدا سەرەڕای لاوازی سەرمایەی نیشتیمانیش لەبەر ئەوەش کە دەوڵەت خـاوەنی پـڕۆژە بنەڕەتییەکـانی وڵات بـوو، دەبینـین کارێکـاران لە قۆنـاغی دوای جەنگـی یەکەمـدا بەدەسـت کۆمەڵێـک گیروگرفتی ڕاستەقینەوە دەیانناڵاند.

# گیروگرفتی بنچینەیی کار و کرێکاران ڕەنگدانەوەی لەناو بزووتنەوەی کرێکارانی عێراقدا

تێکڕای پیشەوەرە جۆربەجۆرەکان، بە کرێکارە پیشەییەکانیشەوە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگ دووچاری گەلێک گیروگرفت هاتن. ئاوێتەبوونی ئابووری وڵات لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداری جیهاندا لە لایەک و داگیرکردنی عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەکی ترەوە، بوونە هۆی ئەوەی بەرهەمی پیشەیی لەناو وڵاتدا بە خێرایی بەرەو لەناوچوون بچێ. ئەم باسەش دەهێنێ لەلایەن ئەوکەسانەوە کە بە توێژینەوەی مێژووی چینی کرێکاری عێراقەوە خەریکن، بایەخێکی گەورەی پێبدرێت. چونکە لەناوچوونی بەرهەمی پیشەیی لەو قۆناغەدا شوێنەوارێکی زۆر دیاری بەسەر بزووتنەوەی کرێکارانی عێراقەوە بەجێهێشت. نەک هەرئەوەش بەڵکو ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆیدا دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتنی لایەنە گرنگەکانی ئەو بزووتنەوەیە و تایبەتمەندیەکانی چ لە ساڵانی داگیرکردن و ئینتیداب و چ لەدوای ئەو قۆناغەیش.

ئاوێتەبوونی عێراق لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداری جیهانی، ماوەی ئەوەی نەدا، بەرهەمی پیشەیی کە بەدرێژایی چەند سەدەیک وڵات ناوبانگی پێدەرکردبوو گەشە بکات و پەرە بستێنێ، سەرەنجامیش هیچ پیشەیەک لەوانە، بەدەگمەن نەبێ، نەیتوانی بەرەو قۆناغی مانیفاکتۆرە هەنگاوبنێت.[43] بە پێچەوانەوە دەبینین لەوماوەیەدا بەرهەمی پیشەیی بە گشتی و بەهۆی ئەوەوە کە نەیدەتوانی بەربەرەکانەی کەلوپەلی بە لێشاوی ئەورووپایی هەرزانبەها بکات، ڕووەو لەناوچوون دەڕۆیشت. بە نموونە ژمارەی جۆلاکانی شاری

بەغـداد لەوەوە کە سـاڵی ١٨٦٦ ، ٣٥٠٠ کەسـبون، لەسـاڵی ١٩٣٢ دا هاتنەسەر ١٢٠ کەس و زۆربەشیان مەکۆی دەستییان بەکاردەهێنا و لە مـاڵی خۆیانـدا کاریـان دەکـرد و ئەوپەڕی بەرهەمـی ڕۆژانەی تـاقە یەکێکیـان لە ٦ مەتـر تێـنەدەپەڕی.[44] وەنەبـێ جێپەنجەی ئەم دەسـتە کوشندەیە تەنها بەسەر کاری پیشـەیی ناو شـارە گەورەکانەوە خۆی نواندبێ، بەڵکو سـەرتاپای شـار و شـارۆچکەکانی عێراقی گرتبووەوە. ئەوەنـدەی جۆلاکـانی بەغـداد و بەسـرە و موسـل بەدەسـت کەلـوپەلی بێگـانەوە دەیاننالانـد، ئەوەنـدەیش جۆلاکـانی **دیـالە** و **نەجەف** و شـوێنەکانی تـر، داد و بێـدادیان بـوو. ئەمە بـێجگە لەوەی کە ئەم بەربەرەکـانەیە بە تەنهـا کـاری نەکـردە سـەر پێداویسـتییەکانی ژیـانی ڕۆژانەی خەڵکـی، بەڵکـو گشـت بەرهەمە پیشـەیییەکانی گـرتەوە. بە نموونە لە پێش جەنگدا سلێمانی و ڕەواندوز هەندێ چەکیان بەرهەم دەهێنا، بە قسەی هەندێ نووسەر هاوشانی ئەو چەکانە بوون کە لە وڵاتـانی ئەورووپـای ئەوسـادا دروسـتدەکران.[45] *لە ڕەوانـدوز وەرشـەیەک، تۆپهاوێژی بۆ سوپای دەسـەڵاتدارانی ناوچەکە و والـی موسـل دروسـتدەکرد و*[46] بەشـێکی ئەو کـانزانەی وەرشـەی نـاوبراو پێویستی پێیان بوو لە کانەکانی نزیکییەوە، بەهـۆی کـاری کرێگرتەوە دەردەهێنـران.[47] کـاتێکیش کە **مـارس سـایکس** لە ١٩٠٢ دا بە شـاری سلێمانیدا گـوزەریکرد، بە چـاوی خـۆی ١٥٠ چەخماخسازی بینی، بە دروستکردن و چاکردنەوەی چەکەوە خەریک بوون و خێڵەکانی ئەو نـاوچەیەش لەو تفەنگانەیـان بەدەسـتەوەبووە کە لەنـاوخۆدا دروسـتدەکران، بـۆیە لە کـاتی خۆیـدا سـەرەنجی ئەو لێپرسـراوە ئینگلیزیەی ڕاکێشاوە. ***"ئەدمۆنس"*** *یش* دوای ئەو پێی لێدەنێ کە دوای داگیرکردنـی وڵات لەلایەن بەریتانیـاوە، پیشـەی چەخماخسـازی

بەتەواوی لەئـارادا نەمـا.[48]ئەم بـارە نـاهەموارە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و بەهـۆی ئەو سیاسـەتی بـاج وەرگـرتنەی کە حکـومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق گرتیانەبەر، ڕووەو خراپتر دەچوو. لە لایەکەوە باج لەسەر، توێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان زۆر دەکران و باجی نوێیشـان دەسەپاند، لە لایەکی تریشـەو هیچ کام لەو باجانەی خرابوونە سـەر کەلوپەلی هـاوردەکراوی بێگانە، بۆ ئەوە نەبوون بەرهەمـی پیشـەیی وڵات بپارێزن و گەشەی پێبکەن. ئەوەتا هەتا ساڵی ١٩٠٧ ڕێژەی ئەو گـومرگەی لەسـەر کەلـوپەلی ئەورووپـایی دانرابـوو ٨% نرخەکەیـان بوو. هەرچی هەوڵێکیش درابێ بۆ زیـادکردنی ئەو ڕێژەیە، دەوڵەتە ئەورووپاییەکـان بەرەنگـاری هـاتوون و پوچیـان کـردووەتەوە. تـا بە ئاسـتەم لە مـانگی تەمـوزی هەمـان سـاڵدا پـاش ئەوەی دەوڵەتە گەورەکان قایل بوون ، توانرا ڕێژەی گومرگ لەسەر کەلوپەلی بیانی بکرێتە ١١% بەدرێژایی ساڵانی جەنگیش لە سەرانسـەری عێراقدا ئەو بڕیـارەی دەوڵەتـی عوسـمانی جێبەجـێ نەکـرا کە دەبـوو ڕەسـمی گومرگ بکرێتە ٣٠% پاش ئەوەیش کە بەیاننامەی ڕەسمی گومرگی ژمارە ١٩ ی ساڵی ١٩١٩ لە ساڵەکانی ئینتیدابدا ١٤ جار دەستکاری کرا، ڕێژەی ئەو گومرگەی لەسـەر کەلوپەلی بیانی دانرا، بە دەگمەن نەبێت لە ١٥% ی نرخی ئەو کەلوپەلانە تێنەدەپەڕی، ئەویش هەندێ بابەتی خواردنەوە و بۆن و جگەرەی دەگرتەوە.[49]

ئەم سیاسـەتە بـوە هـۆیەکی گرنگـی یارمەتیـدەر بـۆ پتـر هـاوردنی کەلـوپەلی ئەورووپـایی کە لە مـاوەی ٢٠ سـاڵدا ١٨٦٥_١٨٨٥ حەوت کەڕەت نرخیـان زیـادی کردبـوو، تـا سـەردەمی جەنگی یەکەم سـێ ئەوەندەی تـر زیـاد بکـا.[50]بەڵام لە سـەردەمی داگیرکـردن و ئینتیـدابی بەریتانیاییـدا دەرگـای بازاڕەکـانی عێـراق لەسـەر کەلـوپەلی بێگـانە،

بەتـایبەتی کەلـوپەلی ئینگلیـزی ئـاواڵە بـوون. ئەمەش گیروگرفتـی پیشەوەرانی لە جاران خراپتر ئاڵۆزاند، بۆیە داوایـان لە دەوڵەت کرد، رەسمی گومرگ لەسەر کەلـوپەلی بیانی زیاد بکرێ و بە ئەندازەیەک *بێ نەتوانێ بەربەرەکانەی کەلوپەلی خۆماڵی بکات*، وەک دەقاودەق لەو داواکارینامەدا نووسراوە کە دەستەیەک خەڵکی پیشـەوەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئینتیدابدا پێشکەش بە دامودەزگا فەرمیەکانیان کرد[51]

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا و هەرچەندە گیروگرفتـی پیشـەوەران لەدوای جەنگ قوڵتر دەبوونەوە، ڕژێم هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی نەنا تۆزێک گوزەرانیـان بەرەوباشـی ببـات بەنمـونە: یاسـای پشـتگیری کردنـی پیشەسازی لە ساڵی ١٩٢٩ دەرچوو[52]تاقە بەندێکی تێدا نییە، دەست بـداتە بـاڵی پیشـەوەران. چـونکە ئەو دامەزراوانەی سـوودیان لە ئیمتییازەکانی وەردەگرت، دەبوو وزەی میکانیکی بەکاربهێن و نرخی ئامێر و ماشینەکانیشیان لە ٣٠ هەزار **ڕوپیە** کەمتر نەبێت. بەرامبەر بەمەش پیشەوەران وەک بەشیکی جەماوەری زەحمەتکێش بەدەست سیاسەتی باج وەرگرتنی دەوڵەتەوە دەیانناڵاند، وەکو لەدوایدا بۆمـان ڕووندەبێتەوە.

بـۆئەوەی مەودای تەواوی ئەم حەقـیقەتە باشـتر بەرجەسـتەبکەین، چەند برگەیەکی پڕ ناوەڕۆکی ئەو داواکارینامە دەخەینە بەرچاو کە دەبـاخچی و مشـتوماڵکەر و پێڵاودروەکـانی موسـڵ پێشـکەش بە لێپرسـراوانیان کرد و تێیدا داوایـان دەکرد لە بەرهەمـی کۆمپانیـای "**باتا**" **ی** بیانی بیان پارێزن. ئەوانەی داواکارینامەکەیان مۆرکردبوو، لە لێپرسـراوان دەپـاڕینەوە دەسـتی یارمەتییـان بـۆ درێـژبکەن و دەپـاڕێنەوە خۆیـان خێزانەکانیـان کە ژمارەیـان خـۆی لە چـوارهەزار

کەس دەدا لە مەترسی برسیەتی بپارێزن. پاشان پیشەوەران دەقاودەق دەڵێن:
ئەم قسەیەش هی دوا ساڵی ئینتیدابە: ئێمە چەند ساڵە بەوپەڕی خۆڕاگرتنەوە و لە ئەنجامی بەربەرەکانێ کردنی کەلوپەلی بیانیدا، نەبوونی و برسیتی دەچێژین. زۆرجار زوڵممان لێکراوە و لەلای لێپرسراوان داد و بێدادمان کردووە، تاوەکو بە فریامانەوە بێن و لە بەڵای ئەم بەربەرەکانێ کوشندەیە بمانپارێزن[53] ئێمە لە کاتێکدا بەم کوێرەوەری و هەژارییە ژیان بەسەر دەبەین، **کۆمپانیای باتا** دای بەسەرماندا و دوکانێکی لە شارەکەماندا کردەوە تاوەکو بەرهەمی خۆی تێدا ساغ بکاتەوە و ئەو پاروە نانەی پەیدامان دەکرد لە گەرومانی دەربێنێ و برسی و بێکار و ئاوەرەمان بکا.. ڕزگارمان کەن لە **کۆمپانیای باتا**، چونکە ئەوەندەی نەماوە بەتەواوی خۆمان و خێزانمان لەناو ببا..[54]
ئا ئەم داواکارینامە کە داوا لە مەلیک و سەرۆک وەزیران و هەردوو وەزیری ناوخۆ و دارایی دەکات، کارێک بکەن باجێکی زۆرتر بخرێتە سەر **کۆمپانیای باتا** و هەموو کەلوپەلێکی بیانی هاوچەشنی کەلوپەلی عێراقی، لە ڕیزی کرێکاران و پیشەوەراندا دەنگێکی باشی دایەوە.[55]
بەو چەشنە، ئەو پیشەوەرانەی بەدرێژایی چەند سەدەیەک بووبوونە کۆڵەکەی ئابووری شارەکانی عێراق و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بە بەرهەمەکانیان بازاڕی ناوخۆ و بگرە چەند هەرێمێکی دراوسێشیان سیخناخ دەکرد[56] کەوتنە بارودۆخێکی ئابووری زۆر ناهەموارەوە و ئەنجامی دەست تێوەردانی ئابووری و سیاسی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، لە تەنگوچەڵەمەیەکی ڕاستەقینەدا دەژیان. لەبەر ئەوە ئەگەر ڕقێکی ڕەوا لە دڵ و دەروونی ئەوانەدا، دژی

کەلـــوپەلی بیـــانی و خـــاوەنەکەی و ئەوانەش کە هـــاوردن و ســـاغ کردنەوەیان ئاسا دەکەن، کەڵەکە بووبێ شـتێکی زۆر سروشـتییە. ئەم هەڵوێسـتە لە سـاڵانی ئینتیدابدا زۆر جـار سـیمایەکی تۆبـاویی تونـد و تیـژی دەگـرتە خـۆی. بە نمـوونە: لە دوادوایـی سـاڵی ١٩٣٠دا خەڵکی **کەربەلا** وازیـان لە چـایی و قـاوە خـواردنەوە هێنـا، چـونکە شـتومەکی بیـانین. قاوەخانەکـانی شـار لە بـری ئەوانە ماسـت و خورمایـان دەفرۆشت؛ لەنـاو ماڵانیشـدا دۆشـاو دەخـورایەوە.[57] هەر لەو ڕۆژانەدا ڕوژنامەکـانی ئەو ڕۆژگـارە دەنگوباسـێکیان لەمەڕ ئەو سـوێندە بڵاوکـردەوە کە چـۆن سـێ پیـاوی ئـایینی هەرە بەناوبـانگی نەجەف خواردوویـانە، و گفتیـان داوە بەتەواوی دەسـت لە چـایی خـواردنەوە هەڵبگـرن و هەوڵیشـبدەن ئەم بیـروڕایە لەنـاو جەمـاوەردا بـڵاو بـکەنەوە.[58] دوای مـاوەیەکیش کـۆمەڵەی کرێکـاران و پیشـەوەرانی مووسڵ بەشێوەیەکی فراوان کەوتنە پڕوپاگەندە دژی کەلوپەلی بیانی، وەک ڕۆژنامە ناوخۆییەکان لەوانە ڕۆژنامەی "**الاخلاص**"ی موسڵاوی ئامـاژەی بـۆ کـردوە، حـاڵ گەیشـتوەتە ئەوەی ئەو کەسـانەی سەرپەرشـتی پڕوپاگەنـدەکەیان دەکـرد خـاوەنی چایخانەکانیـان هـان دەدا شـیری خۆمـاڵی لەبـری چـای بێگـانە بفرۆشـن. خـاوەن چایخانەکـانیش بەوپەڕی خۆشـحاڵییەوە بەم پێشـنیازە قایـل بـوون و هەنـدێکیان دەسـتیان بە شـیر فرۆشـتن کـرد و ئەوانـی تـریش لە سبەینێوە دەستپێدەکەن.[59]

بەپێی ئەو هۆیانە، لە سـاڵانی ئینتیداب و بەتـایبەتی لە دوا سـاڵەکانیدا. هەوڵێکـی زۆر درا بـۆ پشـتگیری کردنـی پیشەسـازی نیشـتیمانی لە بەغـداد. کـۆمەڵێکی تـایبەتی بە نـاوی کـۆمەڵەی پشـتگیری کردنـی بەرهەمەنیشتمانیەکان دامەزرێنرا و ئامـانجی سـەرەکی ئەوە بـوو پـاڵ

بە نەتەوەوە، بە حوکمەت و بەمیللەتەوە بنێت لەجیاتی بەرهەمی بیانی بە هەمـوو چەشـنەکانیەوە، یـارمەتی بەرهەمە نیشـتمانیەکان بـدات و بەکاریانبهێنن. لەوانەیش کە ئەندامی دامەزرێنەری بوون، خەڵکی وەک **محەمەد بەهجەت، ئەلسەری، حافز جەمیل** و **سەلمان ئەلسەفوانی** یان تێدا بوو.[60] لە هەندێ شاریشدا و بۆ هەمان مەبەست، لیژنەی تایبەتی پێکهــات و بەو بــۆنەیەوە چەنــدین ئاهەنــگ گێــڕدرا و وتــاری گەرموگـوڕی خۆیـان خوێنـدەوە، سـەبارەت بەوەی کەلـوپەلی بیـانی بـازاری وڵاتـی داگیـر کـردووە و بەربەرەکـانەی کەلـوپەلی خۆمـاڵی دەکات، سەردانی کارگە ئەهلییەکانیـان دەکرد.[61] کۆمەڵە کرێکاریی و پیشـەییەکان، لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانـدنیانەوە، بە گەرمـی بەپیر ئەم مەسـەلەیەوە چـوون، تەنانەت مـادەی ٢٧_٣٠ ی پرۆگرامـی نـاوخۆی **کــۆمەڵەی پیشــەوەران** بڕیاریــدا هەمــوو ســاڵێک دوو پێشــەنگا بەمەبەســتی هانــدانی پیشەســازی نیشــتیمانی بکـاتەوە و بــۆ هەر پیشەیەکیش خەڵاتێکی دیاری کرد.[62]هەر بەڕاستیش کۆمەڵەی ناوبراو چەند جارێک ویستی ئەم دۆزە، بە کردەوە بچەسپێنێ.

بــۆیە زۆر شــتێکی مەنتیقــی بــوو کە ئەم ڕقە ڕەوایە دژی هەمــوو شـتێکی بیـانی بچێتە بـارێکی تـرەوە و لە هەڵوێسـتی سیاسـی دژ بە ئیمپریـالیزم خـۆی بنـوێنێ. ئەم دیـاردەیەش لە سـەردەمی ئینتیدابـدا لەبەر دوو هـۆی بنەڕەتـی زۆر گەورە بـوو. هـۆی یەکەمــی ئەوەیە: پیشەوەران سەرەڕایی ئەو تەنگوچەڵەمەیەی تێیدا دەژیان هێشتا هەر تـوێژێکی کۆمەڵایەتییـان پێکدەهێنا و کاریـان لە ژیـانی شـار دەکرد و شـارەکانیش وردەوردە خەریـک بـوون جێگـایەکی دیـارتر لە مەسـەلە سیاســییەکانی وڵاتــدا بۆخۆیــان داگیــر بـکەن. بەپێــی خەملانــدنی وەزارەتی دارایی ڕێژەی پیشـەوەران، کرێکار و دوکاندارەکان هێشتا

٣% و زیاتری دانیشتوانی پارێزگاکان پێکدەهێنن.[63] گرنگی ئەم ڕێژەیەیش بە چەندایەتی ژمارەیان نییە، بەڵکو گرنگیەکەی لە چۆنیەتییان دایە. چونکە ئەمانە چ لە شارو چ لە لادێکاندا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە تویژە کۆمەڵایەتییە هەژارەکانەوە هەبوو. لەوەیش گرنگتر ئەوە بوو کە لە زۆر سەرەوە بە یەکترەوە بەسترابوونەوە. بەپێی هەندێ بۆچوون و خەملاندن نزیکەی ٧٥% ی پیشەوەران ئاستی گوزەرانیان لە ڕادەیەکی ئەوەندە نزمدا بوو، ڕاستەوخۆ کاری لە هێزی کڕین **"القوة الشرائية"**ی کرێکاران و جوتیاران دەکرد. ئەوانی تریش کە ڕۆژانەکانیان زۆرتر بوو، بریتی بوون لە زێڕنگەر و زیوگەر و فەرش چنەکان و پیشەگەری لەوجۆرە.[64]هیچ ڕۆڵێکیان لە جموجۆڵی ئەو کۆمەڵە پیشەییانەدا نەدەبینی کە لە سەرەتای ساڵانی سیدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن خۆیان سەپاند.

هۆی دووەمیش ئەوە بوو: بەشێکی گەورەی پیشەوەران بێکاری ڕووی تێکردن و تەنانەت ئەوانەش کە دوکانی پیشەییان هەبوو بەرەو نابووتی دەچوون. ئەمانە هەر بەوەوە ڕانەوەستان ڕقێکی ڕەوا لە دڵ و دەروونیاندا پەروەردە بکەن، بەڵکو ڕوویان کردە ڕیزەکانی چینی تازەی کرێکاران. ئەم دیاردەیەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری لە بزووتنەوەی کرێکاری کرد و هەر ئەو پیشەوەرانەش بوون بەدرێژایی ساڵانی ئینتیدابی بەریتانیایی بوونە سەرکردە و پێشڕەوی کرێکاران.[65]

گیروگرفتی زۆر و بارودۆخی لە یەکچووی ژیان، لە ساڵانی داگیرکردن و ئینتیدابدا پیشەوەران و کرێکارانی لە یەک ئاستدا کۆکردەوە. لە قۆناغی دوای جەنگدا، چینی کرێکاری عێراق تووشی چەندین جۆر چەوساندنەوە هاتن، ئەمەش بەر لە هەموو شتێک لە

مەسەلەی سەعاتی کارکردن و ڕۆژانە و بێکاری و دابینکردنی ژیاندا ڕەنگیان دایەوە. بەدرێژایی سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی شتیکی ئەوتۆ لە سەعاتەکانی کارکردن کەمی نەکردەوە. بە دەگمەن نەبێ کرێکار ڕۆژی لە هەشت سەعات پتر کار پێ دەکرا. لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە هیچ کام لەو دامەزراوە فەرمیانە، پەیڕەوی سیستەمی ٤٨ سەعات کارکردنی هەفاتانەیان نەدەکرد. وەک بەڵگەنامە فەرمییەکانی بەریتانیا پێی لێدەنێن، کارکردنی هەفتانەی کرێکارانی نەوت دەگەیشتە ٤٥ سەعات. جا بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەک بەش خوراو بوون، ئەو حەقیقەتە دەخەینە بەرچاو کە کارکردنی هەفتانەی کرێکار بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکان لە هەندێ لەو کارگە ئەهلییانەدا کە تازە دامەزرابوون لە ٤٨ سەعات تێپەڕی دەکرد.[66] لەگەڵ ئەمەشدا زانیارییەکی زۆرمان لەبەردەستتدا هەیە و هەموویشیان دڵنیامان دەکەن لەهەندێ بەشی کۆمپانیای نەوتی عێراقدا کرێکاران هەفتەی ٥٤ سەعات زیاتر کاریان پێ دەکرا. لە دواسالّی ئینتیدابدا شۆفێری تراکتۆرەکان ڕۆژ هەتا ئێوارە وبگرە بەشێکی شەویش کاریان دەکرد.[67]بۆیە چەوساندنەوەی کرێکاران لەلایەن دامەزراوەکانی میرییەوە گەیشتە ئەوپەڕی. لە بەڕێوەبەرێتی ئاوەدانکردنەوەدا کارکردنی هەفتانەی کرێکاران دەگەیشتە ٧٠ سەعات. بەڕێوەبەرێتی لە هاویندا هەفتەی ٦٢ سەعات و لە زستاندا هەفتەی ٧٠ سەعات کاری پێ دەکردن.[68]بەلآم کارکردنی ڕۆژانە بە گوێرەی ئەو کرێکارانەوە کە، وەرزا و وەرز کاریان دەکرد، لە نێوان ١٤_١٦ سەعات بوو.[69]

کرێکاری عێراقی بەرامبەر ئەم کارە قورس و گرانە، ڕۆژانەیەکی ئەوەندە کەمی وەردەگرت نە هاوتای ئەو ڕەنجە بوو ئەو بەختی

دەکرد و نە لەگەڵ دەستکەوتی بێگانە و قازانجی دەوڵەتیشدا بەراورد دەکرێت. هەر لەو بارەشدا مایەوە و ڕۆژانەی کرێکارێکی عێراقی لە ڕۆژانەی کرێکاری زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە کەمتر بوو. لێرەدا جارێکی تریش بە شێوەیەکی ئاشکرا چەوساندنەوەی بێگانە خۆی دەنوێنێ کە چۆن ئەو دامەزراوانەی بە سەرمایەی ئەو بەڕێوە دەچون هەوڵیان دەدا ڕۆژانەی کرێکاری عێراقی کەم بکەنەوە و تا بۆیان بکرێ ستەمیشی لێ بکەن. لەبەر ئەوە، ئەگەر کرێکاری ناشارەزای عێراقی لە کۆمپانیای نەوتدا مانگی ٨ ڕوپیە[70]کەمتری لە کرێکارێکی هاو پیشەی خۆی لە **کۆمپانیای فەتتاح پاشا** وەرگرتبێ شتێکی سەیر نییە.[71]گەر ئەوەش بخەینە بەرچاوی خۆمان کە کرێکارێکی نەوت مانگی ٣٠ سەعات زیاتری لە کرێکارێکی چنینی کارگەی باسکراو کاردەکا، ئەوکات، هەست دەکەین تێکڕای ئەو جیاوازییە تا چ ڕادەیەک بەرز بووەتەوە. کرێکارانی ڕێگەی ئاسنیش هەفتەی لە ٣_٦ ڕوپیە کەمتریان لە کرێکارانی هەندێ پڕۆژەی ئەهلی وەردەگرت. لە ساڵی ١٩١٩ دا ڕۆژانەی هەندێ کرێکاری شارەزا کە لە"قورنە" کاریان دەکرد دوو سێیەکی ئەو ڕۆژانەیەی پیشەکانیان بوو کە لە شوێنە ئەهلییەکاندا کاریان دەکرد.[72]جا بۆ ئەم بارودۆخە لەجێی خۆی سەقامگیر ببێت، کۆمپانیا بیانییەکان گرێبەستی کارکردنی زۆر ناڕەوایان بەسەر کرێکارەکانیاندا دەسەپاند، نەک هەرئەوەش بەڵکو لە نێوان خۆیاندا ڕێک دەکەوتن بۆ ئەوەی سیستەمێکی یەکگرتوو سەبارەت بە سەعاتی کارکردن و ڕۆژانەی کرێکاران بچەسپێنن، وەک هەردوو کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و خانەقین کردیان. جا بۆ ئەوەی ئاستی گشتی تێکڕای ڕۆژانەی کرێکاران لە سالانی داگیرکردن و ئینتیدابدا، بخەینە بەردەست، لێرە بەدواوە ئەم نموونانە

دەنووسـینەوە. بە قسـەی راپـۆرتە فەرمیەکـان، ئەوپەری مانگـانەی کرێکـاری نەشـارەزا لە سـاڵی ١٩٢٧ دا لە کـارگەی فەتتـاح پاشـادا، دەگەیشـتە ٤٥ ڕوپیە و لە کۆمپانیای نەوتدا ٣٧،٨ روپیەو لە رێگەی ئاسـندا ٣٥ روپـیە و لە بەنـدەری بەسـرە ٣٠ ڕوپـیە و لە کۆمپانیـای ئینگلیزی پەرەپیدانی لۆکەدا ٢٥ ڕوپیە بـوو.[73] تێکڕای ئەم ڕۆژانـانەیش لە دامەزراوەکانی سـەربە میریـدا، بەرەبەرە دێنە خـوارەوە. ئەوەتا لە بەرێـوەبەرایەتی گشـتیی ئـاوەدانی و ڕوپیـویی و کشـتوکاڵدا، لە باشـترین بـاردا دەگەیشـتە ٣٠ ڕوپـیە.[74] تـابلۆی تراژیـدیای ڕۆژانەی کرێکـارانی عێـراق زۆرتـر لەو هـێڵە بەیـانیەدا بەرجەسـتە دەبـی کە کەمتـرین ڕۆژانەمـان نیشـاندەدات، واتە ڕۆژانەی زۆربەی کرێکـاران. ئەوەتا ساڵی ١٩٢٦ لە ڕێگەی ئاسـن ٢٥ ڕۆپیە و لە بەنـدەری بەسـرە روپیە ٣٠ بوو.[75] کەچی دوای پینج ساڵ کەمتر لەو دوو دامەزراوەیەدا بـووبە ١٥ڕۆپـیە.[76] بەگـوێرەی ئەو کرێکـارە کاتییانەیشـەوە کە لە مەیـدانی بیناکـاری و کـاری تـردا هەڵدەسـووڕان ڕۆژانەیـان زۆرتـر هاتەخوارەوە و ڕۆژ بەڕۆژ بەپێی دۆخی بازاڕ دەهاتە خـوارەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە شـارۆچکەکاندا دەگەیشـتە نزمتـرین پـلە. بە قسـەی نووسـەرێک، لە ناوەڕاسـتی سـاڵانی سـیدا و لە شـارۆچکەیەکی وەک "**مەحمودییە**"دا گەر کرێکار ڕۆژی پێنج فلس [مـانگی دوو ڕوپیە ک.م] و نانێـک و تۆزێـک خورمـای دەسـتبکەویت زۆر خۆشـحاڵە، هەروەهـا دەڵـێ: کرێکـاری کشـتوکاڵ هەن دۆخیـان زۆر لە دۆخـی ئەوانەش خراپترە کە باسمان کردن.[77]

سەرپاکی دامەزراوەکانیش هەوڵیان دەدا، سـود لە کـاریی ژن و منداڵ وەربگـرن. بێگومـان ئەوانـیش بە ژمـارە کەم نەبـوون و زۆرجـار زۆرینەیـان پێکـدەهێنا. ئەوەتـا ژمـارەی کرێکـارانی کـارگەی

دروستکردنی گۆرەوی و لۆکە و خووری لە بەغداد لە دواسالّی ئینتیدابدا گەیشتووەتە ٣٠ کەس و هەر هەموویشیان دەستە کچ بوون و تەمەنیان لە نێوان ١٢_٢٠ ساڵدا بووو.[78]لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵیشدا، ژن و منداڵ پێکەوە، پتر لە٣٠%ی سەرجەم کارگوزارانیان پێکدەهێنا.[79]بەڵام ژمارەی ژن ومنداڵ کە لە مەیدانی ڕنینەوەی خورما و داگرتنیدا کاریان دەکرد، وەک خۆی بەزۆری مایەوە. تەنانەت دامەزراوەیەکی وەک بەندەری بەسرە، بۆ هەندێ ئیش و کار ژن و منداڵی بەکاردەهێنا و لە هەموو بارێکدا ڕۆژانەی ئەوانە نەگەیشتووەتە کەمترین ڕۆژانەی کرێکاری شارەزای پیاو.[80]سوود وەرگرتن لە کاری بەندکراوەکان، لە ساڵانی داگیرکردن و ئینتیدابدا، دزێوترین لاپەڕەی کارکردن لە مێژووی عێراقدا نیشان دەدا. بەتایبەتی کاتێک دامەزراوە حکومیەکان ژمارەیەکی زۆر بەندییان لە پڕۆژەکانیاندا خستە ژێر باری کارکردنەوە. ئەوانە بۆ کردنەوەی ڕێگە و کاری بیناکاری و خشتبڕین و نیشانەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شارەکان بوون، دەخرانە کار لە مانگی مارتی ساڵی١٩٢٤دا بۆ پینەوپەڕۆ کردنی بەنداوەکانی بەغداد ٢٠٠ لە بەندکراوەکانیان خستە کارەوە. بەندییەکانی بەسرە خەستەخانەی "**مود**"یان دروستکرد و بەندەکانی "**باقوبە**"یش بەبێ ڕۆژانە ڕێگەوبانیان تەخت دەکرد.[81] لە دوادوایی ساڵی ١٩٣٠ دا نزیکەی ٩٠٠ بەند بۆ هەڵکەندن و پاککردنەوەی جۆگەی "**لەتیفییە**" خرانە سەرکار.[82] لە سەرەتای ساڵی ١٩٣١ پتر لە ٨ هەزار بەندکراوی عێراقی لە کاری بیناکاری جۆربەجۆردا کاریان پێدەکرا.[83]هەرچۆنێک بێت ئەوانە ڕۆژی بە لای کەمەوە ٨ سەعات بەبێ پارە کاریان دەکرد، یان ڕۆژانەیەکی ڕەمزییان دەدرایە، ئەویش دەچووە خەزێنەی

بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەوە، یاخود گیرفانی ئەو لێپرسراوانەی پڕ دەکرد کە بۆ کاروفەرمانی تایبەتی خۆیشیان کاریان پێ دەکردن. سەرجەمی ئەوە پارانەی لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣١ دا لە ڕۆژێکدا بە ٣٨٣٦ بەند دراوە، گەیشتوەتە ١١١٥ روپیە. واتە تێکڕا هەر بە سی بەندکراو روپیەیەک کەمتریان بەرکەوتووە.[84]

لەو ساڵانەدا بارودۆخی کارکردن بەگوێرەی بەندەکانەوە زۆر لە بارودۆخی کرێکارانی تر، قورستر بووە، وەک ڕۆژنامەیکی ئەو کاتەی ئینگلیز لە بەسرە نووسیویەتی، : بە دەستی بەستە و لە بەر سووری هەتاو کە هەندێک جار پلەی گەرما دەگاتە١١٠ پلەی فەهرەنهایت، هەر بە ٨_١٠ کەسیان، نیوتەن لقی دارخورمایان دەدا بە شاندا و[85]پاش تەواو کردنی ئەم کارە پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەیە، بە دەستیبەستەوە دەگەڕانەوە بۆ بەندیخانەکانیان کە لە بەندیخانەی سەدەکانی ناوەڕاست دەچوون، وەک ڕۆژنامەیکی سەر بە میری پێناسەی کردووە.[86]هەموو ئەمانە، بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناویاندا. لە ماوەی مانگێکدا بە تەنها لە پرۆژەکەی جۆگەی *"لەتیفیە"*دا کە پێشتر باسمان کرد لە ٩٠٠ بەند ٧٠٠ کەسیان نەگەڕانەوە.[87]دامودەزگاکانی ڕژێم بەردەوام بوون لەسەر ئەم هەڵوێستە نامرۆڤانەیان بەرامبەر بە بەندیەکان، بە ڕادەیەک حاڵ گەشتە ئەوەی بەڕێوەبەری بەندیخانەکانی پاشایەتی دەرهەق بە زۆربوونی ژمارەی بەندیەکان، دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێ،[88]چونکە [بە قسەی ئەو] بەهۆی ئەوانەوە زەوی و زارێکی زۆر، بێ ئەوەی هیچی تێبچێ دەژیەتەوە و بزووتنەوەیەکی بازرگانی کشتوکاڵی بەسوود بۆ وڵات و هاوڵاتیان دەکەوێتە گەڕ وەک لە دەقی ئەو ڕاپۆرتەیدا نووسیویەتی کە ڕۆژی پێنجی تەموزی ساڵی ١٩٢٣ پێشکەش بە

فەخـــامەتی وەزارەتـــی نـــاوخۆی کـــردوە.[89] بلیمەتـــی ئەم بەڕێـــوبەرە گەیشتە ڕادەیەک پێشنیاری کرد بەندیخانەیەکی گەڕۆک دابمەزرێ و لەژێـــر دەواردا بێـــت و پـــاچ و پـــێمەڕەی بخـــرێتە بەردەســـت و شـــوورایەکی لە تەلـی دڕکـاویی بە چـواردەوردا بکێشـرێ و هێـزی کارەبای بخرێتە سەر. ئەوجا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە سیستەمی ڕەفتـارکردن لەگەڵ سەرسـەریدا، پەیـڕەو بکرێـت و چـی سەرسـەری هەیە بنێردرێن بۆ کارکردن و شوێنێکی تایبەتیشیان بۆ جیا بکەنەوە، ناو بنرێ **وەلاشـەی سەرسـەریەکان** و وەک بەند خواردنیـان بدرێتێ، گەر خەڵکـیش پێویسـتی پێیـان بـوو، بە ڕۆژانە کاریـان پێـبکەن بە مەرجیـک ئەو پـارەیە بـۆ پـاککردنەوە و چـاککردنی **نەهــرەوان** و **دوجەیل** و بیناکردنی بەنداوی نزیک **سامەرا** خەرج بکرێ.[90]

بـارودۆخی ئەم چەشـنەی بەنـدەکان و شـێوەی کـار پێکردنیـان ، ڕای گشتی عێراقی ورووژاند. بە نمونە *پارتی* **الاستقلال** داوای کرد تـا ئەو کاتەی دوایین بڕیاری سزاکەی وەردەگرێت، کار بە بەند نەکرێت. هەر ئەم حیزبە کە ناوەندەکەی لە موسڵ بوو، لەم بارەیەوە ڕاپۆرتێکیدا بە وەزارەتـــی نـــــاوخۆ و لە دوادوای ســـاڵی ١٩٢٤ دا وێنەیەکـــی لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بڵاو کردەوە.[91] ڕۆژنـامەی "**بەسـرە تـایمس**" یش بە تونـدیی ڕەخـنەی لەو بـارودۆخە نـاڕەوایە گـرت کە بەنـدەکان تێیدا کاریـان دەکـرد.[92] بەنـدەکان خۆشـیان چیتـر لە وزەیانـدا نەمـا لەو بـارودۆخە قایـل بـبن و بە شـێوەی جۆربەجـۆر نـاڕەزایی خۆیـان دەربڕی. هەبوو لە کاتی گواستنەوەدا لە شوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تـر، بـا مـاوەی بەندییەتیشـی کەم بـوو بـێ، هەڵـدەهات. لەنـاو هەنـدێ بەندیخانەیشدا پشێوی کەوتەوە، وەک ساڵی ١٩٢٣ لە بەسرە ڕوویدا. لە مـانگی کـانونی یەکەمـی ئەو سـاڵەدا بەندەکانی بەسـرە مانیـان لە

کــارکردن گــرت و لەنــاو بەنــدیخانەدا مــانەوە و بەردەبــارانی لێپرســــراوانیان کــرد.[93] بەڵام نە ئەم هەڵوێســتانە و نە نــارەزایی دەربڕینی ڕای گشتی، نەیانتوانی کار بکەنە سەر هەڵوێستی میری، سەبارەت بە بەندەکان. بە پێچەوانەوە بە توندترین شێوە، لەگەڵ بەندە مانگرتوەکانی بەسەرەدا جووڵایەوە. تەنانەت بەڕێوەبەری بەندیخانەکانی پاشایەتی داوای کرد یاسای سزادانی بەغداد دەستکاری بکرێت و دوو مادەی تری بخرێتە سەر. یەکەمیان : هەر بەندێک سزای هەتاهەتای درابێ و لەناو بەندیخانەدا تاوانێکی وای کرد هەقی ساڵێک یان زیاتر بەندکردنی هەبێ لەسێدارە بدرێ. دووەمیش: هەر بەندیک پانزە ساڵ سزا بدرێ و لەناو بەندیخانەدا تاوانێکی وای کرد هەقی ساڵێک یان زیاتر سزای هەبێ، بۆی بکری بە سزای هەتاهەتایی.[94]

بێگومان کارکردن بە بەندەکان و بەم شێوەیە، هەر دەبوو کار بکاتە سەر کێشەی بێکاری، وەک لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە. گیروگرفتی ڕۆژانە هەر بە تەنها مەسەلەی کەمیی نەبوو، بەڵکو بارودۆخ و هۆی تری دیاری کراو ئەوەندەی تر ئاڵۆزیان کرد. کۆمپانیا بیانییەکان ، بە ئارەزوی خۆیان دەستیان دەخستە ڕۆژانەی کرێکارە عێراقییەکانەوە، بەتایبەتی چونکە بەدرێژایی ساڵانی ئینتیداب حکومەتی عێراق ئەو کۆمپانیایەی نەخستبووە ژێر چاودێری سانسۆرەوە. بە پیچەوانەوە، بەڵگەیەکی زۆر لە بەردەستدان ، دەیسەلمێنن کە لێپرسراوان هەوڵی ئەوەیــان داوە ڕۆژانەی کرێکــاران کەم بــکەنەوە. بە نمــوونە: ئەنجوومەنەکانی شارەوانی زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوون کرێی لە ڕادەبەدەری کۆڵکێشان کەم بکرێتەوە[95] بەرلەوەیش لە **حیللە** حاکمی سیاسی بەریتانی چی کاری بیناکاری هەیە ڕایگرت، تاوەکو

ڕۆژانەیەک بەسەر کرێکاراندا بسەپێنێ کە خۆی بە ئاسایی دادەنا.[96] ڕاستیەکەشی هەر بەتەنها کرێکاران بوون لە پێناو ڕۆژانەیەکی باشتردا کەوتبوونە گێژاوی ململانیەوە. چونکە ئەوان دەیانویست بە ڕۆژانەیەکی کەمتر کاریان پێبکەن، تەنانەت لە سەرەتای سالانی بیستدا ڕۆژنامەیێک مەسەلەی ڕۆژانەی کرێکارانی بە گیروگرفتێکی قورس و گران لە قەڵەم داوە و بۆچوونی وابوو کرێکاران زوڵم دەکەن و ئەو ڕۆژانەیەی ئەوان داوای دەکەن زۆرە: نە کەس بەرپەرچیان دەداتەوە نە خۆیشیان هۆشێک دێننەوە بەر خۆیان. گیروگرفتی دارایی و بێبازاڕی و *هۆی تریش* لەگەڵ ئەو ڕۆژانەیەدا ناگونجێ کە برای کرێکار داوای دەکا، ئا ئەمەیە بەش خوراووی[97] لەم حاڵەدا گەر کۆمپانیا بیانییەکان ڕۆژانەی کرێکاران کەم بکەنەوە شتێکی سەیر نییە. بە نموونە: لە ڕۆژانی یەکشەمە و جەژنە فەرمی و ئایینییەکاندا، هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئینگلیز کارگەی شاڵچییە یان لەکار دەخست و کرێکارانیش کرێی ئەو ڕۆژانەیان لێ دەبڕدرا.[98] لەدوا ساڵەکانی ئینتیدابدا کۆمپانیاکانی نەوت، مانگانەی کرێکارە نەشارەزاکانیان بە ڕێژەی ٢٥% هێنایە خوارەوە و لەوەوە کە ساڵی ١٩٢٦ ٣٧،٨ ڕووپیەیان هەبوو کردیان بە ٣٠ ڕووپیە. بەڕێوەبەرایەتی شوێنپێی ئەو کۆمپانیانەی هەڵگرت؛ ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٦ دا مانگانەی کرێکارە نەشارەزاکانی لە ٣٠ ڕووپیەوە کرد بە ٢٥ ڕووپیە.[99] جا ئەگەر بێو تەماشای زیادبوونی نرخی شتومەکی پێویست بکەین، ئەوسا بۆمان دردەکەوێ کرێکاران تا چ ڕادەیەک ستەمدیدەبوون. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە لەدوای جەنگی یەکەمەوە، ڕۆژانەی زۆربەی کرێکارانی عێراق ئەوەندەی نرخی شوشەیەک شیر بووە.

زۆر جاریش ئەو ڕۆژانەیەی دەگەیشتە دەستی کرێکاران لەوەیش کەمتر بووە کە دەستمان بۆ ڕاکێشاوە. بە نموونە: ئەو کرێکارانەی لە کۆمپانیاکانی نەوت پرۆژەی ڕاکێشانی بۆری نەوتی نیوان کەرکوک و دەریای سپی ناوەڕاست کاریان دەکرد و سەر بەخێڵە ڕەوەندەکان بوون، دەبوو بەشێکی ڕۆژانەکەیان ***لە دەیەکەوە تا سێیەکی*** بدەن بە سەرۆک خێڵەکەیان.[100]زۆر جاریش دەستڕۆیشتووەکانی ئەو خێڵانە ئیشوکاری بۆری ڕاکێشان و شتی تریش بە گرێبەست وەردەگرت و خزمەتکارەکانی خۆیان بەناڕەواترین شێوە دەچەوساندەوە. بە نموونە: کۆمپانیای نەوتی تورکی زۆربەی ئیشوکاری ڕێگاوبان و پاسەوانی، بە گرێبەست دەدا بە سەرۆک خێڵەکانی ناوخۆ.[101]سەرەڕای ئەمەیش جێدەستی شێوازی دەرەبەگایەتی بەزەقی بەسەر هەڵسوکەوتی کرێکاران و تەنانەت ئەوانەیشەوە دیار بوو کە لە وەرشە و دوکانە پیشەییەکاندا کاریان دەکرد. ئەم واقیعەیش لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانی ئەوساوە.[102]بەم شێوەیە باسکراوە و دەڵێ: بە چاوی خۆت دەتبینی، کرێکار، یاخود لە دوکانێکدا ڕۆژ هەتا ئێوارە کاردەکا، شەویش لە ماڵی خاوەن کارەکەیدا خزمەتی میوانی دەکرد و قاوەی دەگێڕا.. [103] لەوەیش خراپتر هەرچەندە برگەی دەی دەستووری وڵات ئیشی زۆرەملێی قەدەغە کردبوو، بەڵام دامودەزگای داگیرکەران و حکومەت بە بیانووی تەواوکردنی هەندێ کاروباری پێویست، بە ئارەزوی خۆیان و بە ڕۆژانەیەکی ڕەمزی کاریان بەسەر کرێکاراندا دەسەپاند . دەوڵەت بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەم دیاردەیەی کە بە پێچەوانەی دەستووری وڵاتەوە بوو دابنێت، لە ساڵی ١٩٢٧ دا یاسای پێویستی دەرکرد. بەپێی بەندەکانی ئەو یاسایە مافی کارپێکردنی کرێکارانی دا

بەو لایەنانەی پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەبوو، تا بەو ڕۆژانەیەی ئەوان دایدەنێن کاریان پێبکرێت. دیارە بیانوویشیان بۆ ئەم هەڵوێستە ئەوە بوو بەنداو دروست دەکەن بەربەستی لافاو دەکەن و تیپی تایبەتی بۆ قەلاچۆکردنی کوللە پێک دەهێنن و زۆر کاری تری لەو بابەتە و هەمووشی لە بنەڕەتدا خزمەتی دەرەبەگەکان و بەرژەوەندی ئەوانی دەکرد. لە لایەکی تریشەوە فەرمانبەران بە هەمان شێوە و بێ سڵکردنەوە کرێکارانیان بۆ ئیشوکاری تایبەتی خۆیان دەچەوساندەوە. زۆر جاریش دەستکاری ئەو ڕۆژانە ڕەمزییەشیان دەکرد کە میری بۆ کار پێکردنی کرێکاران دیاری کردبوو. ئەم دیاردە نابەجێیە هەر لە سەردەمی عوسمانی و سەرەتای سالانی داگیرکردنەوە پەیدابووە، بە ڕادەیەک دەوڵەت ناچار بوو، بێهودە هەوڵێک بدات و سنوورێکی بۆ دابنێ. ئەوەتا بڕگەی ۱۰۰-ی یاسای سزا بەغدادییەکان دەقاودەق دەڵێت: هەر فەرمانبەرێک بە زۆرەملێ کار بەسەر کرێکارێکدا بسەپێنێ و ئەو پارەیەی کە بۆ ئەو کارە تەرخان کراوە ببات بۆ خۆی، حەوت ساڵ بەند دەکرێ، یاخود چەردەیەک پارەی لێ دەسێندرێ، یان هەردوو سزاکەی بەسەردا دەدرێت.. هەروەها بڕگەی ۱۱۹ ی هەمان یاسا دەڵێت: هەر فەرمانبەرێک بە زۆرملێ کاریی تایبەتیی بە کرێکار بکات سزا دەدرێ.. .[104]

ئەنجامی هەموو ئەمانەی پێشتر باسکران، کرێکاران لەناو شاردا نزمترین توێژی کۆمەلایەتییان پێکدەهێنا.[105] ژیانێکی کۆلەمەرگییان دەبردەسەر و ئەوەی کە وەریان دەگرت بە کردەوە هەربەشی ئەوەی دەکرد ئاهێکیان تێگەڕێ و بتوانن لەسەر کار بەردەوام بن، وەک **ڕۆژنامەی نداء العلماء** بە ئاشکرا دانی پیا دەنێ. ئەوەتا لە یەکەم ژمارەیدا دەڵێت: هیلاکی و شەکەتبوونی دەستوبازووی کرێکاری

عێراقـی بە ئەسـتەم نانەسـکی بـۆ دابـین دەکـات.. .[106]زۆر جـاریش ئەوتۆزە دەرامەتە ژیانی مەمرە و مەژیی پێ دەبەخشین.
بە قسەی لێپرسراوانی ئینگلیز خۆیـان، ئەوەی کرێکارانی ڕێگاوبـان لە نـاوچەی کوردەوارییـدا وەریـان دەگـرت بەشـی نـان و جـگەرەی نەدەکردن.[107]جـا ئەگەر نەخۆشـی و مەرگ لە ناویانـدا بە شـێوەیەکی ترسناک بڵاوبووبێتەوە شتێکی سروشتی بووە. بەپێی ئەو سـەرژمێرە فەرمیەی لە ناوەڕاستی سـاڵانی بیستدا ئەنجام دراوە، ڕێژەی مردنی ساڵانە لەناو کرێکارانی ڕێگەی ئاسندا، گەیشتە لەسـەدا ٢,٥٤ و لەنـاو کرێکـارانی بەنـدەری بەسـرەدا لە ٥,٧٦. ڕێـژەی نەخۆشـیش لەنـاو کرێکـارانی ڕێـگەی ئاسـندا، لە سـاڵێکدا گەیشـتە لەسـەدا ٢,٤٦ و لە بەندەری بەسـرە لەسـەدا ٢,٢٧ و کۆمپانیـای نەوتـی ئینگلیز_فارسـیدا گەیشـتە لەسـەدا ٢,٠٧.[108]حەقیقەتـیەکەی ڕێـژەی نەخـۆش زۆر لەو ژمـارانەی سـەرەوەیش زۆرتـر بـوون، چـونکە بەشـێکی زۆر لەوانەی نەخـۆش دەکەوتـن ناچـار دەبـوو شـان بـدەنە بەر دەرد و نەخۆشـی، تاوەکو لە کار دانەبڕێن و بەهۆی نەخۆشییەوە نانبڕاو نەبن. بێگومـان یەکێـک لە هۆیەکـانی ئەم بـارودۆخە نالەبـارە ئەوەیە کە بـایەخێکی ئەوتـۆ بە تەندروسـتی کرێکـاران نەدراوە. ئەوەش کە هەبـووە لە چوارچێـوەیەکی زۆر تەسـک بـوو، یـاخود هەر لە ئـارادا نەبـووە. ڕاپۆرتێکی فەرمـی لەم بـارەیەوە دەقـاودەق دەڵێـت: *هـیچ زانیـارییەک سەبارەت بە چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی تەندروستی کرێکـاران، لەو شـوێنانەدا کە کـاری تیـادەکەن لەبەردەسـتدا نییە. بەڵام ڕاسـتیەکەی ئەوەیە بڵێـێن: کاروبـاری تەندروسـتییان بەهـۆی نەبـوونی یاسـا و چـاودێرییەوە کە پێویستە حکومەت بەسـەر خـاوەن کـاردا بیسـەپێنێ، پشتگوێ خراوە...*[109]

دامەزراوە بیانییەکــــان تــــا ڕادەیەک بایەخیــــان بە تەندروســــتی کرێکارەکانیــان دەدا، بەڵام هێشــتا بەو جۆرە نەبــوو کە پێویســتە. بە نمــوونە: لە ســاڵی ١٩٢٦ دا لە بەغــداد، تەنهــا نەخۆشــخانەیەکی ٤٥ کەسی، دەبوو چاودێری ئەو ٨ هەزار کرێکارە بکات کە لە ناوچەی مووسڵ و خانەقین، وە تا دەگاتە بەسرە دەژیان..[110]کرێکارانی نەوتی خــانەقینیش بــۆ چارەســەرکردنی نەخۆشــی دەبــوو بچوونــایە بــۆ کەرکــووک.[111]بەدرێژایــی ســاڵانی ئینتیــداب هــیچ گــۆڕانێکی ئەرێنــی بــارودۆخی کــارکردنی نەگــرتەوە، بە پــێچەوانەوە چەنــدین بەڵگەمــان لەبەردەســتدایە، بۆمــان دەردەخەن کە چــۆن لە پــرۆژە بیانیەکانــدا تەندروســتی کرێکــاران، خرابــووە پشــتگوێ و کەس بە تەنگیــیەوە نەدەهــات. بە نمــوونە: بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسـن تەنیا لە ســاڵێکدا ڕادەی خزمەتگــوزاری تەندروســتی هێنــایە خــوارەوە، تێکــڕای ئەو پارانەی بۆ تاکە کەسێک لەگەڵ مانگانەکەیدا خەرج دەکرا، ٧٣ ڕوپیە بــوو. کەچــی ئەو پــارەیە بەدرێژایــی ســاڵێک ١٩٢٥، ٨٥ ڕوپــیە بوو.[112]پاش تێپەڕبوونی ٧ ساڵیش، هەر ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بڕیاریدا ٧٠ هەزار ڕوپــیە لەو پــارانە چــز بکــات کە بــۆ ئەو نەخۆشــخانەیەی تەرخان کردبوو. پاشانیش بەشێکی لە بینای نەخۆشخانەکە خستە سەر لقی ئەندازیاریی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسن.[113]جا بۆ ئەوەی مەودای تەڵخ و ناڕێکی ئەم وێنەیە زیاتر بەرجەستە بکەیـن، دەقــی بەنــدی دووەمــی ئەو گرێبەســتە تــایبەتییە دەنووســینەوە کە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسـن پێش ئەوەی کرێکار بخاتە سەر کار پێی مۆر دەکرد. دەبێت ئەوەیش بزانین کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لە دامودەزگای تر، چاکتر خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ کرێکارەکانی دابین دەکرد. دەقی بەندی دووەمی گرێبەستەکە دەڵێت: .. گەر بەهۆی

ڕەفتارخراپی خۆمەوە، یان لە نەزانین و گوێنەدان بە کارەوە، نەخۆش کەوتم و نەمتوانی بچمە سەر کار؛ بەڕێوەبەری ڕێگەی ئاسن بۆی هەیە بێ ئاگادارکردن ئەم گرێبەستە پوچ بکاتەوە. گەر لە کاریش دەرنەکرام؛ بۆم نییە مووچەی ئەو ماوەیە وەربگرم کە نەهاتوومە سەر کار. بە حوکمی ناوەڕۆکی ئەم گرێبەستەش ئەو ماوەیەم بە خزمەت بۆ ئەژمار ناکرێ.[114]

بێگومان ئەو کەسەی مەرجی ئاوا ناڕەوا بسەپێنێ سڵ ناکاتەوە لەوەیش، گوێنەدان بەکار و بەدڕەفتاریی و نەزانینیش بکاتە هۆی هەموو دەرد و نەخۆشییەک. ئەمەش ئەوە دەردەخا بۆچی زۆربەی کرێکاران کە لەناکاو تووشی نەخۆشی دەبوون، هەر لەسەر کار بەردەوام دەبوون، زۆر نموونەی سەیروسەمەرە هەن باسی هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسن دەکەن لەم مەیدانەدا. بە نموونە کرێکارێکی شارەزا لە کاتی کاردا دەستیکی دەقرتێ، کەچی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بڕیاردەدا ڕۆژانەکەی لە ٣ ڕوپیە و ٤ ئانەوە بکرێتە یەک ڕوپیە کەمتر. کرێکارێکی تریش دوای ئەوەی لە کاتی کارکردندا چاوی راستی کوێردەبێت،٥٠%ی مووچەکەی دەهێننە خوارەوە. یەکێکی تر لە کاتی کاردا لەسەر ستونێک بەردەبێتەوە و سێ مانگی تەواو لە جێگەدا دەکەوێ سەرەڕایی ئەوەی کە نە چوونی بۆ کارکردن لەویست و ئارەزووی خۆی بەدەربووە، کەچی بەتۆمەتی ئەوەی لە کار دابڕاوە، دەردەکرێت.[115] زۆر کاتیش ئەگەر کرێکار لەلایەن دکتۆری کارگەکەیەوە مۆڵەتی نەخۆشی بدرایە، بەریوبەرایەتی مووچەی ئەو ڕۆژەی هەر لێدەبڕی.[116] بەدرێژایی ساڵانی داگیرکردن و بەشێکی زۆری ساڵانی ئینتیداب نە بۆ کرێکاری عێراقی خۆی و وەچەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لەئارادا نەبووە. تا

لەسایەی چەندین هۆی ناوخۆی و دەرەکیدا چەشن دابینکردنێکی ئێجگار دەگمەن هاتە کایەوە. زۆربەی دامەزراوە و پڕۆژەکان، دوای مردنی کرێکار، یان برینداربوونی لە کاتی کاردا ئەوەی پێی بووترێت پاداشت نەیان دەدایە.

بەڕێوەبەرایەتی بەندەری بەسرە، تەنها پاداشتی ئەو کرێکارانە دەدا کە لەسەر ئەو کەشتییانە کاریان دەکرد بۆ هەڵکەندنی ڕووبار و قوڵکردنەوەی تەرخانکرابوون.[117]چونکە خەڵکی پەرۆشی ئەو کارە گران و پڕمەترسییە نەبوون. کۆمپانیای نەوتی عێراقیش بەم چەشنە پاداشتی کرێکارانی دەدا. کرێکاری پیاو گەر لە ئەنجامی کارکردندا بمردایە، چەردەیەک پارەی دەدرایە دەیکردە مووچەی ٣٠ مانگ یان ١٥٠٠ روپیە، کامیان کەمتر بوایە. منداڵی مردوویش چەردەیەک پارەی دەدرایە دەیکردە مووچەی شەش مانگی. کرێکاری پیاویش گەر بەهۆی کارەوە، پەکەوتنی هەمیشەیی ببوایە، ئەوا پاداشتێکی دەدرایە دەیکردە مووچەی ٤٢ مانگ، یان دوو هەزار ڕوپیە، کامیان کەمتر بوایە. هەر بۆ ئەو ڕووداوە، منداڵ چەردەیەک پارەی وەردەگرت، دەیکردە مووچەی ٨٤ مانگی یان ١٥٠٠ ڕوپیە کامیان کەمتر بوایە. **هەرچی کومپانیای نەوتی خانەقینە**، بۆ ئەو جۆرە ڕووداوانە، پاداشتێکی تۆزێک زیاتری بەکرێکارەکانی دەدا.[118]بەڵام لە پڕۆژەکانی تردا بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ کرێکاران دابین بکرێت و پاداشتی خێزانی ئەوانە بدرێتەوە کە دەمرن لەوە بەولاوە کە ملانێیەکی کوشندەیان دەکرد هیچ شتیکی تر لەگۆڕێ نەبوو، وەک ئەندازیارێکی ئینگلیزی پێی لێدەنێ.[119]

وەنەبێ برینداربوونی کرێکاران لە کاتی کارکردندا، حاڵەتێکی دەگمەن و ناوازە بێ، بەتایبەتی کە کۆمپانیا بیانیەکان تا بۆیان بکرایە

پشـتیان بە هەوڵ و تەقەلای کرێکـاران دەبەسـت و وزەی کرێکـار لە بەکارهێنانی ئامێر کەمتری تێدەچوو، وە هەرزانتر بـوو. ئەمە لە لایەک و لە لایەکـی تریشـــەوە ئەوەی کە ئێسـتا بە شـێوەیەکی نـوێ بـۆ پارێزگاری کردنی کرێکار جێبەجێ دەکرێ، بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە پێویستە پارێزگاری کرێکار بکرێ، ئەوسا لە ئارادا نەبوو. لەبەر ئەوەی شـتێکی سـەیر نیـیە ئەگەر تەقینـەوەی یەکەم بیـری نەوتـی کەرکوک لە ١٣ ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ دا، ببێتە هۆی مردنی ٢٠ کرێکار و برینداربوونی ژمارەیەکی تریش..[120]ئەمەش میری ناچار کرد چەند هەنگاوێکی خێرا بنێ، نەک لەوە زیاتر خەڵکی ببنە قوربانی، ئەوە بـوو بەدرێژایـی ١٧ میـل، لەسـەر بـۆری نەوتەکان پێنج بنکەی پۆلیسی دروستکرد و هەردوو گوندی **حسین ئاغا** و **قزڵیاو** کە نزیک بۆریەکـان بـوون چـۆڵ کـران. .[121]زۆر جـاریش ڕۆژنامەکـانی ناوخۆ باسی برینداربوونی کرێکارانیان لە کاتی کارکردندا دەکرد، ئەگەرچی شـتێکی ئەوتۆشـیان نەدەکرد، کەمێک بـاری کە لەناکـاو.[122]کرێکـارانی ڕێگەوبـان، جـگە لەوانەی پێشـتر باسـکران، مەترسـییەکی تریشـیان لەسـەر بوو. سـەرۆک خێڵەکان دەرهەق بە دۆخـی خۆیـان، کردنەوەی ڕێگەوبانی تازەیان بە مەترسییەک دەزانی و لایان وا بوو هەڕەشـە لە سـەربەخۆییان دەکـات و هـۆیەکن بـۆ سـەپاندنی یاسـا و دەسـەڵاتی دەوڵەت. لەبەر ئەوە هەوڵیان دەدا بە هەموو شێوەیەک تەگەرە بخەنە ئیشـــوکارەکانی. بەم کارەیشـــیان ژیـــانی کرێکـــاران مەترســـییەکی ڕاســتەقینەی دەکەوتە ســەر و بــاروۆخێکی دەروونــی ناخۆشــی بــۆ دروست دەکردن؛ بەتـایبەتی تۆڵەسـەندنەوە، لەنـاو خێڵەکاندا، ڕۆڵێکی زۆری بینـی **ئا.م.هـاملتن** ی ئەنـدازیار چەنـدین ڕووداوی لەو جـۆرە دەگێـــڕێتەوە کە بەدرێژایـــی ئەو ســـێ ســـاڵەی بە ڕێگـــای

**هەولێر_ڕەوانـــدوز_رایات** .ــــە وە خەریـــک بـــووە، ڕوویـــــان داوە.[123] زۆرجـار ئەم خـێڵانە ئەوەی کرێکـاران بەڕۆژ بنیاتیـان نـاوە، بەشـــەو تێکیـــان دەدایەوە. چەنـــد ڕووداوێکـــی لەو مەســــەلەیش لە ناوەڕاست و خوارووی وڵاتدا، لەسـەر ڕێگەی ئاسـن ڕوویانـدا، بۆیە ناچـار بـوون بەشـەو ئێشـک بگـرن. جگە لەوەش قەواڵە بە سـەرۆک خێڵەکان مۆر کرا، کە دەبێت هەریەکە لە ناوچەی خۆیدا پارێزگاری لە ڕێگەی ئاسـن بکات.[124] ئەو سـەردەمە و بەتایبەتی سـاڵانی سـەرەتای ئینتیداب، خێڵەکان چەند جارێک هێرشیان بردە سـەر کرێکاران. هەر بە نمـوونە: لە مـانگی ئایـاری سـاڵی ١٩٢٣دا، نـزیکەی٥٠ ***بەدەووی*** هێرشیان بردە سەر ڕێگای شەمەندەفەر، لە نزیک سامەڕا، سـەرەنجام سێ کرێکار کوژران و یەکێکیش بریندارکرا و پاشان ئەویش مرد.[125]

زۆر بەڵـگەی تـر هەن گەواهـی ناخۆشـی بـارودۆخی کـارکردن و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست و دابین نەکردنی ژیانی کرێکارانن لەســــەردەمی داگیرکـــــردن و ئینتیدابــــدا. زۆربەی ئەوانەی لای کۆمپانیاکانی نەوت کاریان دەکرد، دەبوو بەدرێژایی چەند میلێک بەپێ بـڕۆن، تادەگەیشـتنە شـوێنی کـارکردنی خۆیـان یـان ئەو شـوینەی سەرپەرشتی کاری ئەو کرێکارانەیـان لـێ دەکرد کە لەبەر دەسـتیاندا بوون.[126] بەشێکی ئێجگار کەمی کرێکاران نەبێت، ئەوانی تر مۆڵەتی ساڵانەیان نەدەدرایە، کە ئەویش لە باشترین باردا لە ١٤ رۆژ تێپەری نە دەکـرد کرێکـاریش بـۆی نەبـوو کـۆی بکـاتەوە. زۆرجـاریش ئەم چەشـنە مـۆڵەتە، دەخـرایە بـری مـۆلەتی نەخۆشـی.[127] خـانووبەرە و شــــوێنی زۆربەی هەرە زۆریشـــیان لەگەڵ ناخۆشـــترین خـــانووی گوندەکانی عێراقدا جیاوازییان نەبوو. بەڵگەنامە فەرمیەکـان خۆیـان دان بەوەدادەنێن کە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی ئـاوەدانکردنەوە خێوەتی

بـۆ هەزاران کرێکــار ئامــادەکردبوو. بەڕێــوەبەرایەتی کشــتوکاڵیش کرێکارەکــانی لە کــۆختەدا نیشــتەجێ دەکــردن. ئەوەنەبــێ دۆخــی کرێکــاری ناشــارەزای کۆمپانیــا بیانیەکــان لە دۆخــی ئەوانە باشــتر بووبێــت. کۆمپانیــای نەوتــی عێــراق جێگــای لە تەنەکە و حەســیر و قامیش دروست دەکرد کە زۆربەی کرێکارەکانی تیدا نیشتەجێ بکات. لەوەش خراپتر؛ بەڕێوەبەرایەتی بەندەری بەسرە، کرێی ئەو زەویانەی لە کرێکـارە نەشـارەزاکان وەردەگرت کە لەنزیک بەنـدەرەرەوە بـۆی تەرخــــانکردبوون و لە گیرفــــانی خۆیــــان کۆختەیــــان تێــــدا دروستکردبوو.[128]

دەرکردنـی بـێ بەهـانە، یەکێک بـوو لە دیـارترین گیروگرفتـی کـار و کرێکــاران لە عێراقــدا. ئەم مەســەلەیە تەنــانەت لەدوای ســالآنی ئینتیـدابیش وەک خـۆی مـایەوە. چـی دامەزراوەی ئەهلـی و میـری و بیانی هەبوو، دەیانتوانی بەئارەزوی خۆیـان و کەی ویسـتیان کرێکار دەربــکەن و کرێکــاری تــر لەشــوێنیان دابمەزرێــنن. هــیچ کــام لەم دامودەزگایـانەش، پاداشـتی ئەو کرێکارانەیـان نەدەدایەوە کە بەهـۆ و بـێ هـۆ دەریـان دەکـردن. نەک هەر ئەوەیـش بەڵکـو ئاگاداریشـیان نەدەدانێ تاوەکو لە ماوەیەکی دیاریکراو مشـورێکی خۆیـان بخۆن: بە نمــوونە: بەڕێــوەبەری ڕێــگەی ئاســن کە کرێکــارێکی دەردەکــرد، مــووچەی ڕۆژێــک زیــاتری نەدەدایە، هەروەهــا ڕۆژێکــیش بەر لە دەرکردنی ئاگاداری دەکرد.[129]

بەریوەبەرایەتی نـاوبراو بەئاشـکرا ئەم مـافەی لە **بەنـدیی یـازدەیەمی** ئەو گرێبەسـتەدا بۆخـۆی مسـۆگەر کردبـوو، کە کرێکاری پێکردبـووە کۆیلەیەکی دەستوپێ بەستراو و دابوویە دەست بەڕێوەبەرایەتی:

بەنــدی یــازدەیەمی گرێبەســتەکە: ***گەر هــات و بە بەدڕەفتــاری و سەرپێچیکردن تاوانبار کرام، بەڕێوەبەری ڕێگەی ئاسن بۆی هەیە بەبێ ئاگادارکردن لە کار دەرمبکا***[130] ئەم بەندە ناڕەوایە بەشێوەیەکی ئەوەنـدە نـابەجێ پەیـڕەو دەکـرا، کەم ڕێکەوتـووە، لە سەرانســەری جیهانــدا وێـنەی هەبــووبێ.[131] لە ڕۆژانــی یەکەمــی ســەربەخۆیی وڵاتیشــدا، دامەزراوەکــانی ســەر بە میــری دامەزراوە ئەهلییەکــان، ئەوپەڕەکــی مــووچەی مانگێکیــان بەو کرێکــارە دەدا کە لە کــار دەردەکــرا؛ وەک ئەوەی چاپخــانەی حکومــوت لە ســاڵی ١٩٣١ دا سەبارەت بە چەند کرێکارێک کردی.[132] لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی بـوو کە ئەم هەڵوێسـتە ببێـتە هـۆی بڵاوبـوونەوەی بێکـاری. دیـارە بێکاریش خۆی لە خۆیدا ئاڵۆزترین و گرنگترین گرفتێک بوو کە چینی کرێکـاری عێـراق لە ســاڵانی داگیرکـردن و ئینتیدابـدا بە دەســتییەوە دەیانناڵاند.

## بێکاری و کرێکارە بیانییەکان لە ساڵانی داگیرکردن و ئینتیدابدا

پەرەســەندنی چەوســاندنەوەی دەرەبەگـایەتی لە لادێـدا و زیـادبوونی ژمــارەی ئەو جوتیــارانەی هــیچ ســەرچاوەیەکی ژیانیــان لە لادیــدا نەمابوو، لەگەڵ زیاتر دەرکەوتنی جیاوازی نێوان گوزەرانی شـار و لادێ و ڕەوکردنـی بەکـۆمەڵی جوتیــاران بەرەو شــارە گەورەکـان؛ ئەمــانە و لەنــاوچوونی بەرەبەرەی بەرهەمــی پیشــەیی و لاوازی بەرهەمهێنــانی پیشەســازی نیشــتیمانی و کەم بــوونەوەی پــڕۆژە

ستراتیژیەکان و چەندین هۆی تریش، دەڵێین هەموو ئەمانە وایان کرد لە سالآنی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ژمارەیەکی زۆر کرێکار فڕێبدەنە بازاڕەوە، بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە و پێویستی بە هێزی بازوویان هەبێت. لەمەوە دیاردەی بێکاری لەناو کرێکارانی عێراقدا بە شێوەیەکی ترسناک و کاریگەر بڵاوەی کرد. هەر لە ماوەی سی ساڵی دوای جەنگدا ٥٠ هەزار کرێکار لە کار دەرکران. ئەوانە بەشێکی کەمیان نەبێ بەرەگەز فارس بوون، زۆربەیان کورد و عەرەب بوون.[133]سەرەڕای ئەمەش هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگدا چەند ئاسنگەرخانە داخران.[134]کۆمپانیا بیانیەکانیش، بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسن، بەردەوام ژمارەی کرێکارە عێراقیەکانی کەم دەکردەوە. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٢٧دا، بەڕیوەبەرایەتی ناوبراو دەستی لە کۆمەڵێکی زۆری کرێکاران هەڵگرت. ئەمانە زۆربەیان عێراقی بوون، ئەم کارەش لەشکری بێکارانی ئەوەندەی تر زیاد کرد..[135]

گیروگرفتی بێکاری لە دوا ساڵەکانی تەمەنی ئینتیدابدا و لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆی بەیەکاچوو کە هەریەک کاری لەوی تر دەکرد، تا دەهات پتر یەقی دەدایەوە. دەتوانین تەنگ و چەڵەمەی ئابووری سەرمایەداریتی جیهانی ١٩٢٩_١٩٣٣ وە ڕادەی کارکردنی لە بارودۆخی عێراق بە گشتی، بە دیارترین هۆی بێکاری لە قەڵەم بدەین.[136]کۆمپانیا بیانیەکانیش ڕۆڵێکی بنچینەییان لە خولقاندنی ئەم بارە ناهەموارەدا بینی؛ وەک لە بابەتەکانی داهاتوودا ڕوونتر لێیان دەدوێین و قسەیان لەسەر دەکەین. دامەزراوەکانی سەر بەمیریش ڕۆڵی خۆیان لە زیاتر ئاڵوزکردنی ئەم مەسەلەدا گێڕا بە نموونە:

وەزارەتــی مەعــاریف* کتێبــی قوتابخانەکــانی لە میســر چــاپ دەکــرد،[137]لە کاتێکـدا چاپخانەکـانی عێـراق بەدەسـت بێبـازاڕییەوە دەیانناڵاند. جگە لەوەش چاپخانەی حکومەت بە بیانووی بێکارییەوە ژمارەیەک کرێکاری دەرکرد، کەچی لە هەمانکاتدا بە بیانووی ئەوەی کاری زۆرە، کاری زیادەی بەسەر کرێکارەکانی تردا سەپاند.[138]کارگە ئەهلییە تازەکانیش، ژمارەیەکی کەمی ئەم کرێکارانە نەبێ، جێگای ئەم هەمـوو خەڵکە بێکارەیـان تێدا نەدەبـوەوە کە ڕۆژبەڕۆژیـش پتریـان دەکرد. لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٣٢ دا ژمارەی ئەو بێکارانەی بە تەنهـا لای **کـۆمەڵەی کرێکـارانی میکـانیکی عێـراق** خۆیـان نـاونووس کردبـوو نـزیکەی ٥ هەزار کەس دەبـوون و مـانگێکی نەبـرد ژمارەیـان گەیشتە ٦ هەزار کەس، بەرلەوەی ساڵ تەواوببێت گەیشـتنە ١٠ هەزار کەس. بەڵام ژمـارەی بێکاران لە شـارەکانی تـردا، بە چوار ئەوەندەی ئەو ژمـارەیە خەمـڵ کـراوە.[139]نیوەشـیان پیشـەیەک و زۆرتریشـیان دەزانــی.[140]لە بــارودۆخێکی ئــاوادا هەر ئەوەنــدەی بانگەوازێــک دەربـارەی هەنـدێ ئـیش و کـاری دیـاریکراو بڵاوبکـرایەتەوە، ئەگەر لەوپەڕی وڵاتیشـدا بـوایە، سـەدان کرێکـار هەڵپەیـان بـۆ دەکـرد کە خۆیــان نــاونووس بــکەن.[141]بێکــاری پــاڵی بە ژمــارەیەکی زۆر لە کرێکارانەوە نا وڵات بەجێبهێڵن و بۆ کارکردن پەنا ببەنە بەر وڵاتانی دراوســێ. بێگومــان ئەوانە لە هەندەرانیــدا دەبــوو بە هەمووچەشــنە کارێک قایل ببن و ژیانێکی سـەخت بەسـەر بەرن، بە ڕادەیەک جاری وا هەبـوو، ژیانیشـیان لەدەسـت دەدا.[142] ئەمــانە و ژمــارەیەکی زۆر کرێکاری عێراقی برانە ئێران و لە کۆمپانیای نەوتدا خرانە کارەوە، بێ ئەوەی حکوموتی عێراق ئاگای لەوە بێت چۆن خراونەتە سەر کار و

---

* وەزارەتی پەروەردە

ڕۆژانەیان چەندە و هەلومەرجی کارکردنیان چییە و ژمارەیان گەیشتووەتە چەند، وەک لە بەڵگەنامەیەکی فەرمیدا باسی کراوە.[143] شایەنی باسە ئینگلیزەکانیش بۆ ڕێوشوێنی هەمیشەیی خۆیان بە چەشنێکی وا لەگەڵیاندا دەجووڵاننەوە جیاوازییەکی تەواوی هەبوو لەگەڵ شێوەی هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە برا کرێکارەکانیان لە عێراقدا. بە نموونە: کرێکارە عێراقیەکان لە **عەببادان** لەناو خانوبەرەی کۆمپانیای نەوتدا نیشتەجێ کران.[144] لێرەدا بێسوود نییە ئەگەر دەست بۆ ئەو حەقیقەتەش درێژ بکەین کە لەو کاتەدا ئێرانییەکان، داوایان لە دەوڵەتی بەریتانیا دەکرد، کرێکارە عێراقییەکان لە وڵاتەکەیان دووربخرێنەوە.[145]

لە سەرەتای سالانی سییەکاندا، مەسەلەی بێکاری بووبووە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە و بە شێوەیەکی فراوان سەرنجی ڕای گشتی ڕاکێشا. بەدرێژایی دوو ساڵ دوای تەمەنی ئینتیداب، کەم ڕێکەوتووە و ڕۆژنامەیێکی ناوخۆ دەربچێت و بەم یان بەو شێوەیە لە مەسەلەی بێکاری نەدوابێت.

سیاسەتی ئینگلیزیش لە عێراقدا ڕۆڵێکی دیاری لە گیروگرفتی بێکاریدا بینی. سروشتی ئیمپریالیستەکان وایە، لە هەر جێگەیەک بارگە و بنەیان خست؛ هەوڵدەدەن پۆلیس و سەربازی سوپا و کرێکاری شارەزای ناو دامودەزگا جۆربەجۆر و گرنگەکان بکەنە جێی متمانەیان و لێیانەوە نزیک بن. ئەم تاقیکردنەوەیە لە "لاهۆر"ە گەورەکەی هیندستان سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئەوە بوو سەرباز و پۆلیسیان لەخێڵە ناسراو و ئێجگار دواکەوتووەکان هەڵدەبژارد: بەتایبەتی لەو خێڵانەی کە سەرکردەکانیان تا سەرئیسقان ئەڵقە لەگوێی ئینگلیزبوون. لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی بوو داگیرکەران

هەوڵــی ئەوەبــدەن لە میزۆپۆتامیــادا هەمــان تــاقیکردنەوە دووبــارە بــکەنەوە، چــونکە نیازیــان وا بــوو بــیکەنە بنکەیەکــی چەســپاو و هەمیشــەیی لەنــاو جەرگەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا. ئەمەش ئەوە دەردەخــات کە بــۆچی کەوتــنە خــۆ و هێــزی **الشــبانة و لیڤــی** یــان دامەزرانـد و لە بەغدا قوتابخـانەیەکی تایبەتییـان بـۆ کـوڕی سـەرۆک خێڵەکان کردەوە.

هەرچەنـدە ئینگلیزەکـان بەهـۆی خەبـاتی بێوچـانی خەڵکـی عێـراقەوە نەیـانتوانی بگەنەمەبەسـت و لەم مەیـدانەدا دوچـاری تێکشـکان هـاتن، بەڵام ئەو سیاسەتەیان کە دەرهەق کرێکاران نەخشـەیان بۆ کێشـابوو ســەرکەوتنێکی باشــی بەدەســتهێنا. بەر لە هەمووشــتێک هەوڵیانــدا مــاوەی شــارەزابوونی کرێکــاری عێراقــی لە ڕووی هــونەرییەوە تــا دەتوانرێ بەربەست بکرێ، بۆئەوەی کادیری هـونەری عێراقی پێنەگا و لەو لاشەوە مەیدانیان بۆ چۆڵ ببێت، بێگانە و خەڵکی ئەڵقە لەگوێی خۆیان بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر دابمەزرێنن. ئەمەش خـۆی لە خۆیدا یەکـێکە تایبەتمەنـدیەکانی چینـی کرێکـاری عێـراق و تـا ئەو ڕۆژەش وڵات سەربەخۆیی سیاسیی وەرگرت، ئەم تایبەتمەندییەی لێنەبووەوە. واتە کەمیی ژمارەی کرێکاری شارەزا لەناو ڕیزەکانی چینی کرێکاری عێراقـدا. کۆمپانیــا بیانییەکــانیش بەرامــبەر بە پێگەیانــدنی کــادیری خــۆرهەڵاتی، ڕێگــای جۆربەجۆریــان دەگــرتبەر و پاشەکشــەیان لەو ئەرکــانە دەکــرد کە بەپێــی بەڵگەنــامە فەرمییەکــانی نێــوان ئەوان و دەوڵەت، دەبوو جێبەجێی بکەن.[146]

کۆمپانیاکــانی نەوت تەنــانەت دوای ئینتیــدابیش، بــۆ ڕاپەڕانــدنی ئیشوکاری هونەری بەتایبەتی مەسەلە ئاڵۆزەکان، پشتیان بەو کەسانە دەبەست کە سەر بە خۆیان بوون و پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵیان

هەبوو.[147] بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسن، هەرگیز هەنگاوێکی تایبەتی سەبارەت بە پێگەیاندنی کادیری هونەریی عێراقی نەنا لە دامودەزگاکانی خۆیدا. بە نموونە: ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لەگەڵ قوتابخانەی پیشەوەراندا پێکهات تا بە چەردەیەک پارە مەشق بە چەند کرێکارێک بکات. کەچی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لەماوەی دووساڵدا تەنها ٣٧ کەسی نارد بۆ ئەم کارە ، ئەمەش تەنها ٣ کەسیان خولەکەیان تەواو کرد ئەوانی تر گێڕدرانەوە بۆ قوتابخانەکەیان، چونکە یان زۆر منداڵ بوون، یاخود ئارەزوی کارکردنی ناو کارگەیان نەبوو.[148] بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسن بەمەشەوە ڕانەوەستا بەڵکو لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٠ ئەو دوو قوتابخانەشی داخست، کە لە ساڵانی داگیرکردندا ئینگلیزەکان لەبەر پێویستییەکی زۆر بۆ مەشق پێکردنی ژمارەیەک کرێکار دایان مەزراندبوون.[149]

هەموو ئەم کار و کردەوانە بەپێش چاوی لێپرسراوانی عێراقەوە ڕوویان دەدا.[150] سەرەڕای ئەوەی وڵات پێویستییەکی زۆری بە کادیری هونەری هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا کەلایەنە کرێکارییەکان چەندین جار پێیان لەسەر ئەم مەسەلە دادەگرت و دووپاتیان دەکردەوە کە بایەخی پێبدرێت؛ دەڵێن سەرەڕای هەموو ئەمانەش هێشتا کرێکاران و پیشەوەران سووربوون لەسەر ئەوەی قوتابخانەی پیشەسازییان بۆ بکرێتەوە تا مەشق بەکرێکاران بکات و تەنانەت داواشیان دەکرد شانبەشانی قوتابیان، دەوڵەت شارەزا و لێهاتووەکانیان بۆ دەرەوەی وڵات بنێرێت.[151] بۆیە کۆمەڵە جۆربەجۆرەکانی کرێکاران لە سەرەتای ساڵانی سییەکاندا ناچار بوون خولی ڕۆشنبیری و مەشق پێکردنی تایبەتی بۆ ئەندامەکانیان

بکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش کتێبی جیاجیای لە بارەی پیشەسازی میکانیکییان هێنا تا لە خولەکان بخوێنرێن.[152] چەندین بەڵگە بەدەستەوەن گەواهی ئەوەن کە تا چ ڕادەیەک کرێکاران و پیشەوەرانی عێراق ئامادەی فێربوون و داهێنانن.[153]

پیشەسازی نیشتیمانیش، لە سنووریکی زۆر تەسکدا نەبێ، ئەوەندە پێویستی بە کرێکاری هونەری نەبوو، بۆیە نەیتوانی کاری ئەوتۆ بکاتە سەر ئەم مەسەلەیە لە خۆڕایش نەبوو کە خاوەنی یەکەم کارگەی چنینی نوێی ئەهلیی ناچار ببێت، پرۆژەکەی لە "**کازمیە**" بنیات بنێت. چونکە لەوێ ئەوەندەی ئەو دەیویست و زیاتریش کرێکاری پیشەیی بوون، لەوانەی بۆ ئەو کارە پشتیان پێ دەبەسترا و شارەزای ئەم پیشەیە بوون وەدەست دەکەوتن. هەر لەبەر نەبوونی کرێکاری شارەزا، دامەزراندنی یەکەم کارگەی پێستە خۆشکردن دواخرا. ئەوە بوو چەند پارەدارێکی سەر بەو پیشەیە، ناچار بوون چەند کرێکارێک لەسەر حسابی خۆیان بنێرن بۆ ئەورووپا، تاوەکو ببنە پسپۆڕی ئەو پیشەیە، و هەتا ئەم هەنگاوە نەنرا، کەسێکی وەک "عەلی سائیب ئەلخزەیری" نەیتوانی، یەکەم کارگەی پێستە خۆشکردن لە وڵاتدا، دابمەزرێنێت.[154] تێکڕایی ئەم هەنگاوە لاوەکییانە بۆیان نەکرا کار بکەنە سەر ئەو کەلێنە گەورریەی چینی کرێکاری عێراق پێوەیان دەناڵاند؛ ئەویش نەبوون و کەم شارەزایی بوو لە ڕووی هونەرییەوە. لە ساڵانی داگیرکرندا لەناو تێکڕای کرێکارانی پرۆژە ودامەزراوەکاندا، کرێکارە عێراقییە شارەزاکان بەشێکی ئێجگار کەمیان پێکدەهێنا. لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا لەناو ٤٠٦ کرێکاری عێراقیدا کە لەناوچەی "**قۆرەتوو**"ی نزیک خانەقین کاریان دەکرد، تەنیا ٣ کەسیان شارەزابوون. لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا، ئەو

کرێکارە عێراقییانەی لە بەغداد کاریان دەکرد و ژمارەیان خۆی لە پێنج هەزار کەس دەدا، ٣٥٦٨ کەسیان ناشارەزا بوون.[155] لە سەردەمی ئینتیدابیشدا کەمێک نەبێ، ئەم واقیعە هەر وەک خۆی مایەوە. جا بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەم مەسەلەیە بخەینە بەرچاو، چەند نموونەیەک لەسەر دامەزراوەکانی میری دەهێنینەوە؛ چونکە ئەو ژمارانەی تایبەتن بە پرۆژە بیانییەکان، زۆرجار کرێکاری عێراقی و بیانی تێکەڵ دەکەن، دیارە ڕێژەی شارەزاکانیش لەناو کرێکارە بیانیەکاندا، زۆر لە ڕێژەی عێراقییەکان زیاترە. گرنگ ئەوەیە، ئەم نموونانە کە لە بەڵگەنامە فەرمییەکانمان وەرگرتووە، هی دوو ساڵ دوای سەردەمی ئینتیدابن. واتە پاش ئەوەی بیست ساڵی تەواو بوو عێراق لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دێرینترین دەوڵەتی پیشەسازی جیهاندا، دەژیا. لە ساڵی ١٩٣١دا لە بەڕێوەبەرایەتی ڕووپێوو ٣٥٠ کەس کاریان دەکرد، هەر هەموویان ناشارەزا بوون. بەڕێوەبەرایەتی بروسکە و پۆستەیش لەسەرجەم کرێکارەکانی، کە ژمارەیان خۆی لە ١٠٣ کرێکار دەدا، ١٧ کەسیان شارەزا بوون. لەناو هەموو ئەو کرێکارە عێراقیانەدا کە لە کارگەی شوشتنی خووری سەر بە کۆمپانیای "لەنج"دا کاریان دەکرد، تەنیا کرێکارێکی شارەزای تێدا نەبوو.[156] کەمی کادیری هونەری خۆماڵی، دامەزراوە ئەهلییەکانی ناچارکرد پەنا بەرن بۆ کرێکاری بیانی. بە نموونە: لە ساڵانی سیدا کارگەکانی جگەرە دروستکرن ٥٤ کەس و کارگەی شقارتە ٦ کەسی بیانییان لابوو کاریان دەکرد.[157]

ئینگلیزەکان ئەوەی مەرامیان بوو، بەهۆی ئەم کێشەیەوە دەستیان کەوت؛ ئەوە بوو کردیانە بەهانەیەک تاوەکو بە کۆمەڵ کرێکاری بیانی بۆ کارکردن بهێننە عێراقەوە.[158] لە ساڵانی داگیرکردندا خەڵکی

هیندۆس و ئێرانی و هی تریش، زۆربەی هەرەزۆری کرێکاری ئەو پڕۆژانەیان پێکدەهێنا کە سیستەمی داگیرکەران لە وڵاتدا بنیاتیان نابوو. تەنانەت سەرجەمی ئەو کرێکارە عێراقییانەی لە ساڵی ١٩٢١ لە دامودەزگاکانی ڕێگەی ئاسندا کاریان دەکرد، گەیشتە ٧٥٠ کەس، ئەوانی تر کە لە ٢٠ هەزار کەسیان تێپەڕاند بیانی بوون.[159] ئەم ڕێژەیە لە دوورترین ناوچەی وڵاتیشدا هەروەک خۆیەتی. هەر شوێنێک لەشکری داگیرکەرانی پێیگەیشتبێ، ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بیانی شوێنیان کەوتوون، یان لەگەڵیاندا بوون. لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ دا ٦٠٩ کرێکار لە ناوچەی **کنگربان** و ١٠٠ لە **بازیان** لەسەر ڕێگای **سلێمانی** و ٣٠ لە **تاووق** نزیک کەرکوک کاریان دەکرد. بەرامبەر بەوان ١٢٨٠ کرێکاری هیندۆسیش لە کاردا بوون.[160] بێگومان لەم ڕووەوە هیچ جیاوازییەک لە سەرانسەری وڵاتدا نەبوو.

لە ساڵانی ئینتیدابدا سەبارەت بە *دە هۆ* ئەم بارە کەمێک گۆڕدرا:

یەکەمیان: تەواوبوونی بەشێکی زۆر لەو پڕۆژە ستراتیژییانەی ئینگلیزەکان لەگەڵ هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی یەکەمدا دەستیان پێکردبوو. دووەمیان: هەڵوێستی کرێکاران و هێزە سیاسیەکانی عێراق بەرامبەر بەو هەمووە کرێکارە بیانیانەی لە وڵاتەکەیاندا دەژیان. بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا ئەوانە بەدرێژایی سەردەمی ئینتیداب ڕێژەیەکی ئێجگار زۆری کرێکارانیان لە عێراقدا پێکدەهێنا. کۆمپانیاکانی نەوتیش بە هیچ جۆرێک گوێیان بەو گرێبەستانە نەدەدا کە لەگەڵیدا مۆرکرا بوون، بەتایبەتی ئەو بەندەی کە دەبوو کرێکاری عێراقی بخاتە کارەوە.[161] بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسن لەمەش زیاتر پێی لێ هەڵبڕی و بەتەواویی پشتی بە کرێکاری بیانی دەبەست.

بەڕێوەبەرایەتی بەندەری بەسرەش لەم ڕووەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. سەرچاوەکان کە دێنە سەر خەملاندنی ژمارەی کرێکاری بیانی لە ساڵانی دوای سەردەمی ئینتیدابدا ڕای جیاجیایان هەیە. سەرچاوە کرێکارییەکان، بۆ ئەوەی ڕای گشتی بە لای خۆیاندا ڕابکێشن و بیانخەنە پاڵ خۆیان، زێدەڕۆیی لە ژمارەکاندا دەکەن. سەرچاوە فەرمییەکانیش بەتایبەتی ئینگلیزییەکان، هەوڵیان دەدا تا بۆیان دەکرێت ژمارەکان کەم بکەنەوە، بەتایبەتی کە بێکاری بووە کێشەیەکی گشتی و لە هەموولایەکەوە بایەخی پێ درا. زۆر جار سەرچاوە ئینگلیزییەکان ئەو کرێکارە ئێرانی و هیندۆسیانەی ڕەگەزنامەی عێراقییان وەرگرتبوو بە کرێکاری بیانی لەقەڵەم نەدەدران. وا لێرەدا چەند نموونەیەک لە هەردوو سەرچاوەکە دەخەینە ڕوو، لە هەموو بارێکدا وێنەیەکی ڕووناکمان سەبارەت بەزۆریی کرێکاری بیانی لە وڵاتدا نیشان دەدا. بەقسەی سەرچاوەیەکی کرێکاری، ڕێژەی ئەوانەی ڕەگەزنامەی جیاجیایان هەبووەو لە دامودەزگای کۆمپانیای نەوتی **ئینگلیزی فارسیدا** لە خانەقین کاریان دەکرد بەم جۆرەی خوارەوەبووە.

| | ئێرانیەکان | ئەرمەنیەکان[162] | هیندۆسەکان | عێراقیەکان | |
|---|---|---|---|---|---|
| کرێکارانی نەوتخانە | %٥٠ | %٢٠ | %٢٠ | %١٠ | |
| کرێکارانی ویستگەی پاڵاوتن | ٦٠ % | %٢٠ | %١٤ | %٦ | |
| کرێکارانی ویستگەی بارکردن | %٤٣ | %٢٣ | %٢٢ | %١٢ | |

شایانی باسە کاتێک ڕۆژنامەکانی ناوخۆ ئەم ژمارەیان بڵاوکردەوە و قسـەیان لەسـەرکرد و ڕای گشـتییان وریـا کـردەوە[163]، کۆمپانیـای ناوبراو بەهیچ شێوەیەک بەدرۆی نەخستنەوە.

سـەرچاوە فەرمییەکـان و ڕاپۆرتەکـانی بەریتانیـا ژمـارەی کرێکـاری بیانییـان لە سـاڵی ١٩٢٦ دا بە ٢٠% خەمڵ کردوە. ڕێژەیەکی نزیک بەوەشـیان بـۆ ئەو کرێکـارە بیانییـانە دانـاوە کە لە سـاڵی ١٩٢٧دا لە کۆمپانیاکانی نەوت کاریان دەکرد. ساڵی ١٩٣٠ یش ژمـارەی کرێکـارە بیانیەکانی بەندەری بەسرەیان بە ٤٠% خەملاندووە.[164]

لێرەدا پێویستە دوو تێبینی بچووک، بەڵام پڕ ناوەڕۆک بخەینەڕوو. لە ١٦ـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٢٨دا، کاتێـک وەزیـری ئـاوەدانکردنەوە و هاتوچۆ لە بەردەم پەرلەماندا ڕایگەیاند گوایە ڕێژەی کرێکاری بیانی لە کۆمپانیـا بیانیەکانـدا لە عێـراق لە ٢٠%ـی هەمـوو کرێکـاران تێپەڕ ناکـات، ڕۆشـنبیرێکی ئەو کـاتە بەرەنگـاری دەبێـت و لە ژێـر نـاوی *لادێییەکـی دڵ پڕ لە سـوێدا* وتـارێکی سـەرەکی لە ڕۆژنـامەیێکی ئەو کـاتەدا بڵاودەکـاتەوە و دەقـاودەق دەڵێـت: لە هەرسـێ نـاوچەکەی کۆمپانیـای نەوتـی خـانەقین کە **نەوتخانە و** ئەڵوەنـد [شـوێنی پـاڵاوتن] ویسـتگەی بـارکردنن، سـێ مـانگم بەسـەربردووە. ئەو کرێکـارە عێراقییانەی لەو کۆمپانیایانەدا کاردەکەن ڕێژەیان ٣٠% تێپەڕ ناکات، کەچـی تەنـانەت پاسـەوان و ئەو قۆنتەراتچییـانەی خـانوبەرە بـۆ ئەورووپایی و کرێکارەکـان دروسـت دەکەن و خەڵکی تریش هەمـوو بیانین.[165]

بەڵام نە وەزیـر و نە کۆمپانیـای نـاوبراو نەیـانتوانی بەرپەرچـی ئەم حەقیقەتە بدەنەوە. پاش ماوەیەکی کەمیش وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە

و هـــاتوچۆ بڵاوکــراوەی مانگـــانەی خـــۆی لەمەڕ نەوتـــی عێـــراق بڵاوکردەوە تێیدا باسی دەکات گوایە ژمارەی ئەو کرێکارە ئێرانییانەی لە کۆمپانیـای نەوتـی خـانەقین کـاردەکەن تەنیـا ١٦٨ کەسـن.[166] بەڵام هەر دوای دوو ڕۆژ، ڕۆژنامەکانی نـاوخۆ لەبەر ڕۆشـنایی سـەرچاوە ئێرانیەکان ئەو ژمارەیان بەدرۆ خستەوە و سـوربوون لەسـەر ئەوەی کە ژمارەیـان گەشـتوەتە٨٥٧ کەس؛[167] وەزارەتیش نەیتوانی وەڵامێکی ئەم هەواڵە گورچـــک بـــڕە بـــداتەوە. بەپـــێچەوانەوە، لە ژمارەکـــانی داهاتووی بڵاوکراوەکەیدا چی تر توخنی ژمـارەی کرێکارە بیانییەکـان نەکەوت و تەنها باسی ڕادەی بەرهەمهێنان و ئیشوکاری کۆمپانیاکانی دەکـرد.[168] ئەم هەمـوو کرێکـارە بیـانیە و لە بارودۆخێکدا کە بێکـاری لەناوخۆی وڵاتدا بڵاوبووبووە، کـارێکی نەرێنـی کـردە سـەر دەروونـی کرێکـارە عێراقییەکـان کە بەشـێوەیەکی لە ئەنـدازە بەدەر دژایەتیـان دەکـردن؛ بەتـایبەتی بەرامـبەر کرێکـارە هیندۆسـەکان، و پییـان وابـوو بەزۆری ئەمـانە کاریـان کـردوەتە سـەر کـار و کرێکـاران لە عێراقـدا. ئەوەیشــی کە پتـر کـاری لە هەڵوێسـتی کرێکـارە عێراقیەکـان دەکـرد، ئەوە بوو کرێکارە بیانیەکان هەندێ ئیمتیازیان پێ بەخشرابوو، ئەمـان لێی بێبەری بـوون. بە نمـوونە: بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسـن ٥٠ تـا ١٥٠ روپیە مانگانەی دەدا بەوانەی لە هیندسـتانەوە دەیهێنـان، هەر بە گەیشـتنیان مـانگی ٢٠ ڕوپیەی تریـان بەنـاوی دەرمـاڵەی خـواردنەوە دەدرایە. بەپیی گرێبەسـتی کـارکردنیش مـافی ئەوەیـان هەبـوو لەسـەر ئەژمـــاری بەڕێـــوەبەرایەتی نیشـــتەجێ بکـــرێن و چارەســـەری نەخۆشـەکانیان بکرێ. ئەگەر کۆمپانیـاش نەیتـوانی شـوینی نیشـتەجێ کردنیان بۆ دابین بکات،٨% مووچەکەیان لەبری کرێی خانوو بدرێتێ. هەر کەسـێکیش مـاوەی دوو سـاڵی لە کـاردا بەسـەربرد، بۆی هەبـوو

لەبریی هەر١٢ ڕۆژ خزمەت، ڕۆژێک مۆڵەت وەربگرێ. یەک مانگی تەواویش مۆڵەتی نەخۆشی بەمووچەی تەواوەوە دەدرایە و گەر پێویستیشی بکردایە مانگێکی تری بە نیوەی مووچەکەی دەدرایە. هەروەها زیادەی ساڵانەشیان هەبوو. کاتێکیش ماوەی کارکردنیان کۆتاییهات، دەبوو بەڕیوەبەرایەتی لەسەر ئەرکی خۆی بینێریتەوە بۆ هیندستان. بەو پێیە ڕۆژانەی کرێکارێکی ئاسایی هیندۆس بەلای کەمەوە، دەگەیشتە چوار ئەوەندەی ڕۆژانەی کرێکارێکی عێراقی؛ ئەمە جگە لەو ئیمتیازانەی ئەگەر هەژماریان بۆ بکرێ جیاوازییان لە چوار ئەوەندەش تێپەڕ دەکا. لە ساڵی ١٩٢٦دا سەرجەمی ئەو موچانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسن بە٥٧١٠ کرێکاری عێراقی داوە، ١٧١ هەزار و ٣٠ ڕۆپیە بووە. بەرانبەر بەوە ٣٠٠ هەزار روپیە دراوە بە ١٢٠٠ کرێکار و مووچەخۆری هیندۆس کە لە هەمان دامودەزگادا کاریان دەکرد.[169]لە لایەکی تریشەوە، کرێکارە بیانییەکان مووچەیەکی نەگۆڕیان وەردەگرت و هیچ شتێکی لاوەکی کاری تێنەدەکرد، بە پێچەوانەی کرێکارە عێراقییەکانەوە کە ڕۆژانەیان بە بیانووی جۆربەجۆر دەبڕدرا و لێی دەشکێنرا بە نموونە: دامەزراوەیەک مووچەی نەگۆڕی دەدا بەو ٦١ کەسەی لای ئەو کاریان دەکرد و ٤٧ کەسیان بیانی بوون[170]وەنەبێ ئەم جیاوەزییەش، هەر کرێکارە نەشارەزاکانی گرتبێتەوە، بەڵکو تەکنیکیەکانیشی دەگرتەوە. بە نموونە: مووچەی مانگانەی شۆفێری شەمەندەفەر، گەرعێراقی بوایە لە نێوان ٦٠ تا ١٠٠ ڕوپیەدا بوو. کەچی مووچەی شۆفێرێکی بیانی لەو جۆرە، لە نێوان ٢٠٠ تا ٤٠٠ ڕوپیەدا بوو، جگە لەو دەرماڵەی بۆی دانرابوو.[171]

که دامەزراوە بیانییەکـــان، ناوبەنـــاو دەکەوتـــنە ڕێکخســـتنی کرێکارەکانیـان، بەدەگمەن دەسـتیان بـۆ هیندۆسـەکان دەبـرد. دوای جەنگـیش کە ئینگلیزەکـان بـۆ یەکەمجـار هەوڵـی ڕێکخسـتنی لەو جۆرەیـان دا لەمـاوەی سـاڵانی ١٩١٨_١٩٢١ دا نـزیکەی ٥٠ هەزار کرێکاریـان لە کـار دەرکـرد، تـوخنی هـیچ کەسـێک لەو هیندۆسـانە نەکەوتـــن کە لە وڵات کاریـــان دەکـــرد.[172]تەنـــانەت لە ســـاڵانی ١٩٢٩_١٩٣٣ یشـدا کە گیروگرفتـی ئـابووری سـەرمایەدارێتی جیهـان گەیشتە لوتکە، ئینگلیزەکان لەسەر ئەم سیاسەتەیان بەردەوام بوون و بگـرە هەڵوێسـتی تریـان خسـتە پـاڵ، ئەوەیـش کەمکـردنەوەی مـاوەی کـارکردن بـوو، بەرامبەر بەوە مووچەیشـیان هێنـایە خـوارەوە،[173] بـۆ ئەوەی دەست لە مووچەی کرێکارە بیانیەکـان و دەرماڵەکانیـان بـدەن، ئەمەش ئەوەنـدەی تـر، ڕق وکینەیـان لە دڵـی کرێکـارانی عێراقـدا دروستکرد.[174]لە هەمانکاتدا، ئینگلیزەکان بەشـێکی زۆری ئەو کـارانەی کە پەیوەنـدیان بە چـاودێریکردنی ڕاسـتەوخۆی کرێکـارانەوە هەبـوو، دایـان بە مووچەخـۆرە هیندۆسـەکان. بە نمـوونە: لە سـاڵی ١٩٢٦ دا ژمـــارەی ئەوانەی لە دامودەزگاکـــانی ڕێـــگەی ئاســـندا، چـــاودێری بارکردنیـان دەکـرد و بەڕیـوەبەری ویسـتگە بـوون گەیشـتبووە ١٠٢ کەس لەوانە ٥٦ کەسـیان واتە نـزیکەی٦٠% یـان، هینـدۆس بـوون. هەروەهـــا ١٠٦ هیندۆســـی تـــر کارەکـــانی نووســـینەوەیان ڕادەپەڕاند.[175]ئەمە لە کاتێکدا کە نەک هەر ڕۆشنبیرانی عێراق، بەڵکو زۆربەی فەرمانبەرەکـانی سـەردەمی عوسـمانیی بەدەسـت بێکـارییەوە دیانناڵاند. ئینگلیزەکان کە بەدەستی ئەنقەست و بەوچەشنە بەدەست هیندۆسەکان دەجووڵانەوە، لەنـاو هیندوستەکاندا بە ملیۆنـان کەس بە دەسـت سیاسـەتی نـاڕەوای ئەوانەوە، دەیـان ناڵاند؛ بۆیە لەوێ بوونە

هێزی بنچینەیی و بزوێنەری خەباتی نیشتمانی دژ بە بەریتانیای داگیرکەر، وەک لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ساڵی ١٩١٨_١٩٢٢، ١٩٢٧_١٩٣٢ وە چەند ڕاپەڕینێکی تریشدا دەردەکەوێ. بەڵام لە عێراقدا، دۆخەکەی بەجۆرێکی تر بوو، چونکە ئینگلیزەکان توانییان لایەنێکی گەورەی ئامانجی سیاسییان بەرامبەر بە کرێکاران جێبەجێ بکەن. بەو جۆرە هەزاران کرێکاری بیانی بوونە داردەستی ئینگلیز و چییان گەرەک بوایە چۆنیان مەبەست بوایە، بۆیان مەیسەر دەکردن، بێ ئەوەی ترسی ئەوەی هەبێت لە ڕوویاندا، هەڵگەڕێنەوە. بەشێکیشیان بوونە ئامرازی چەوساندنەوەی کرێکارە عێراقییەکان، چ بە شێوەی زۆرلێکردن و چ بەشێوەی چاودێریکردن، ئەنجامی ئەمەش ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە و گیروگرفتێکی زۆر ڕوویان دا.[176] لەبەر ئەوە هەر وا لەخۆڕا نەبوو کە چەند جارێک کرێکارێکارە ئێرانی و هیندۆسەکان کۆبوونەوە و داواکارییان پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانی خۆیان کرد، تا چی کرێکاری عێراقی هەیە لە دامودەزگاکانیاندا، دەریان بکەن.[177] وادیارە حکومەتی ئێران چەند هەنگاوێکی بەکردەوەی دژ بەو کرێکارە عێراقییانە نابوو، کە لە کۆمپانیاکانی نەوتی ئینگلیز_ فارسیدا ئیشیان دەکرد.[178]

لە هەمووشی خراپتر ئەوە بوو، ئینگلیزەکان تا ڕادەیەکی باش توانییان کرێکاران لە کێشە بنچینەییەکانیان و هۆیە ڕاستەقینەکانیان دووربخەنەوە، ئەوە بوو پێش کۆتایی هاتنی ئینتیداب و دوای کۆتایی هاتنیشی، دوژمنایەتی کردنی کرێکارە هیندۆسەکانیان پێکردنە مەسەلەی بنچینەیی و دروشمی سەرەکی خەباتی ڕۆژانەیان.[179] چەند لایەنێکی سیاسی جیاجیاش، لەپێش هەموویانەوە ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان تێکەڵ بە هێرشی دژ بە کرێکارانی هیندۆس بوون.

بەرلەوەی مەودای بزووتنەوەی کرێکاران بەتەواوی جێی خۆی بگرێت، ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ دەنگییان بەرزکردەوە و دەیانویست ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن. هەرزوو ڕۆژنامەی "العراق" وتارێکی بە ناونیشانی **ڕۆڵەکانی وڵات [پێویستیان بە نانە و بێگانەکانیش لە خۆشگوزەرانیدا] دەژین. مەسەلەی کرێکارە بێکارەکان لە عێراقدا**، بڵاوکردەوە.[180] هەفتەیەکی نەخایاند هەر لەو ڕۆژنامەیەدا *عێراقییەکی بێکار* وتارێکی بە ناونیشانی *هاواری کرێکارێک* نووسی و لە هەمان ڕوانگە و بە هەمان گیانەوە چارەسەری مەسەلەکە دەکات.[181] زۆری تریش بە شێوازێکی کاریگەر و دڵتەزێن و چاونەترسانە، لەسەر ئەو مەسەلەیە نووسییان.[182]

لێرەدا گرنگ ئەوەیە لەو حەقیقەتە تێبگەین کە ئەوهێرشە تا ڕادەیەک پەردەی لەسەر ڕووی راستەقینەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێڕاق هەڵماڵی؛ چونکە هەڵوێستی نارەوای ئەوانە تەنانەت ڕۆژنامە کۆنەپارێزەکانییشی هێنایە قسە. **ڕۆژنامەی "العراق"** چەند وشەیەک لەسەر داواکارییەکی کرێکاران کە دژ بە کۆمپانیای نەوت ناردبوویان بۆ ئەو، دەنووسێ: *دادوبێدادی کرێکارانی عێراق لەدەست کۆمپانیا بیانیەکان شتێکی تازە نییە، بەڵکو چەندین جاری تریش بووە، بەلام کەسمان نەبینی بایەخیان پێبدا و مافی خۆیان بداتێ.*[183] *لادێیەکی دڵ پڕ لەسوێیش،*[184] بەم جۆرە کۆتایی بە نووسینەکانی دێنێ و دەڵێت:

***ئەم چەند وشەیەم دەنێرم بۆئەوانەی بەرامبەر ڕۆڵەی وڵاتەکەیان تۆزقاڵێک بەزەیی و دڵسۆزی لە دڵیاندا هەیە. بۆ ئەوانەی لە کەناری دیجلە و فوراتدا پەروەردەبوون و پێگەیشتوون بۆ ئەوانەی لەسەر کورسی وەزارەت و پەرلەمان کە لەبنچینەدا هی گەلە و بۆ گەلە، پاڵیان لێداوەتەوە.. تۆبڵێی کەس هەبێ گوێیان لێبگرێ؟! تۆبڵێی کەس***

***هەبێ لەجێی خۆی ببزوێ***[185]*عێراقییەکی بێکار*-یش لە بێدەنگی ئەو نوێنەرانەی لەرۆڵەی گەورە و بچووکی نیشتیمان هەڵبژێردراون[186] سەرسامی خۆی نیشان دەدات.

خۆگێلکردنی ئینگلیزەکان و هەڵخەڵەتاندنی بەردەوام و بەرگریکردنی درۆزنانەیان لە هیندۆسەکان؛[187]ئەوەندەی تر ئاگری دوژمنایەتیکردنی هیندۆسەکانی خۆشکرد، بە ڕادەیەک نارەزایی و تورەبوونی جەماوەر دژی ئەوانە چووە قاڵبێکی گشتییەوە و لە هەموو شوێنێکدا هەستی پێدەکرا. جا ئیتر ئەو شوینە ناو کارگەکان بووبێ، یان لە دامودەزگاکانی سەر بە میری و بیانییەکان، یاخود لە کاروفەرمانی تردا. بێگومان ئەم هەڵوێستەش مایەی سەرسوڕمان نییە و هەردەبوو ڕووبدات، بەتایبەتی لە ئەنجامی ئەو هێرشە فراوانەدا کە سەرکردایەتی کرێکاران بەمەبەستی کارلێکردنە سەر هەست و سۆزی هاوڵاتیان کردی. ئەی ڕۆڵەکانی دیجلە و فورات: ئێوە بە ڕەوای ئەزانن برا کرێکارەکانتان لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیان و لەناو نەتەوەی خۆیاندا ڕووت و برسیبن و بێگانەش لە ناز و نیعمەتدا بژین؟ ئا بەم چەشنە **محەمەد سالح ئەلقەزاز** ڕووی دەمی کردە میللەتی عێراقی مەزن و حزبە سیاسیەکان و کۆمەڵەی هەرەوەزی کرێکاران و لایەنە نیشتیمانییەکان و کۆمۆڵەی خێرەومەندان و پیاوانی ئایین و ڕۆژنامەنووسان و چینی پارێزەران* لاوانی

* واپێدەچێ سەرکردایەتی کۆمەڵەی پیشەوەران لە ڕووی تیۆری و دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا شارەزاییەکی باشیان نەبووبێ، دەنا پارێزەرانیان بەچینێکی سەربەخۆ دانەدەنا. حەقیقەتیەکەی پارێزەران توێژێکن لە چینی بۆرژوازی بچووک و لەگەڵ پزیشک و ئەندازیاراندا بە خاوەن پیشەی سەربەست المهن الحرة دادەنرێن. وەرگێڕ

ڕووناکبیر و پیاوانی ئازای پاشەڕۆژ و هەموو ئەو کەسانەی خاوەنی ویژدانێکی زیندوو و گشت نیشتیمان پەروەرێکی دڵسۆز..[188]

**محەمەد سالح ئەلقەزاز** کە کۆنترین ئەندامی سەندیکایی کرێکارانی عێـراقە، ئەمـرۆ دان بەو حەقـیقەتەدا دەنـێ کە چ سـەرکردایەتی کرێکاران و چ ڕۆشنبیران ئەو مەسەلەیەیان زیاد لە پێویست گەورە کردبـوو.[189]چـونکە کرێکـارە هیندۆسـەکان، لەوە بەولاوە کە داردەستێکی هەڵخەڵەتێنراو بوون بەدەست ئینگلیزەکانەوە و ژیان و گوزەرانی سەخت ناچاری کردبوون نیشتمانی خۆیان بەجێبهێڵن، شتێکی تر نەبوون. ئەمە جگە لەوەی ئەو هیندۆسانە لەو بەهەشتە پڕ لە نـاز و نـیعمەتەدا نەبـوون کەسـەرکردایەتی کرێکـاران و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ دەیانویست نیشانی ڕای گشتی بدەن. لە زۆر پـڕۆژەدا ئەوانە ڕۆژی دە سەعات کاریان پێ دەکرا.[190]نائومێدیش پاڵی بە زۆر کەسیانەوە دەنا، عێراق بەجێبهێڵن و تەنانەت هەندێ جار حاڵ دەگەیشتە ئەوەی خۆشیان بکوژن.[191]لە ماوەی تەنها سێ ساڵدا لە١٩٢٤ بـۆ ١٩٢٧ نـزیکەی هەزار کەسـیان وڵاتیـان بەجێهێشت.[192]ژمارەیەکی زۆریشیان هەوڵیاندا ڕەگەزنامەی عێراقی وەربگرن، ئەوە بوو لە ماوەی دوو ساڵدا زیاد لە ٥٠٠ کەسیان بوون بە عێراقی.[193]

لێرەدا پێویستە ئەو حەقیقەتەیش لەیاد نەکرێت کە ئەگەر لەو کاتەدا چینـی کرێکـاران سـەرکردایەتییەکی هۆشـیاریان ببـوایە، دوورنیـیە بەشێکی کرێکارە هیندۆسەکانیان بە لای خۆیاندا ڕانەکێشایە. یاخود لانـی کەم وایـان لـێ دەکـردن هەڵوێسـتێکی بـێلایەن نیشـان بـدەن. باشـترین بەڵگەیـش لەم ڕووەوە تاقیکرنەوەکـانی شۆڕشـی بیسـتە. چـونکە لەو ڕۆژگـارە ناسکەدا، خەڵکێکی زۆری هینـدۆس بەتـایبەتی

موسوڵمانەکانیان پشتگیریی خەباتی ڕەوای میللەتی عێراقیان دەکرد و بڕێکیشـــیان کەوتـــنە ســـەرپێچیکردن لە فەرمـــانی ســـەرکردە ئینگلیزەکانیـان.[194]ئەمە لە کاتێکـدا کە هەڵوێسـتی تونـدوتیژی خەڵکـی عێـراق بەرامـبەر کرێکـارە بیانییەکـان، بـوە هـۆی ئەوەی ئەنجـامی ئـاوەڕوو بەدەسـتەوە بـدات؛ واتە ئەوانەی کە ئەیـان چەوسـاندنەوە، بـوونە پارێزەریـان و وایـان لێهـات سـڵ لە کرێکـارە عێراقیەکـان و کۆمەڵەکانیـان بـکەنەوە و هەر کە دەرفەتێکیشـیان بـۆ بڕەخسـایە، زۆریـان بـۆ دەهێنـان، وەک پێشـتر باسـمان کـرد. هەرچۆنێـک بـێ مەسـەلەی کرێکـارە بیانییەکـان، بـووە یەکێک لە هـۆیە بنچینەییەکـانی خەباتی کرێکاران، بەتایبەتی لە کۆتـایی سـاڵانی بیستدا. جا ئەگەر لە وڵاتـدا یاسـایەکی کرێکـارانە بـۆ ڕێکخسـتن و پارێزگـاریکردنی مافەکانیـان لەگـۆڕێ بـوایە، نە ئەو مەسـەلەیە و نە مەسـەلەی لەو بابەتە، نەیان دەتوانی گیروگرفتی کرێکاران ئەوەندە ئاڵۆز بکەن.

## یاسای کرێکاران لە سایەی سیستەمی داگیرکردن و ئینتیدابدا

هەڵوێسـت و بیـانووی ئینگلیزەکـان، بەرامـبەر بە یاسـای کرێکـاران لە عێراقـدا، لە نـاوەڕۆکی ئەو ڕاپـۆرتەدا کە سـاڵی ١٩٢٦ پێشـکەش بە کۆمەڵەی گەلانیان کرد، بەوە لێک دەدایەوە گوایە:

*هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی یاسایەکی ئاڵوزی کرێکاران لە عێراقدا، وەک ئەوەی کە پێشـکەوتنی شارسـتانیەتی و مێـژووی کرێکـاران لە*

*وڵاتە رۆژئاواییەکـان سـەپاندیان، کـارێکی بێهـودەیە. چـونکە ئەوەی ئەمرۆ لەعێراقدا لە ئەستۆمانە و بەکردەوەش پەیڕەو دەکرێ ئەوەیە، چەنـد برگەیەکـی یاسـایی سـادە و ئاسـان دابنـرێن تـاوەکو کرێکـار و جوتیـاری عێـراق لە چـاوچنۆکی خاوەنکـار و سـەرۆک خێڵەکـان بپارێزرێن..*[195]

ئینگلیزەکانیش بەدرێژایی ساڵانی داگیرکردن و ماوەیەکی زۆریش لە ساڵانی ئینتیداب بەکردەوە هەرئەوەیان پەیڕەو دەکرد و لێپرسراوانی عێراقیش سووربوون لەسەر ئەوەی کە عێراق وڵاتێکی کشتوکاڵییە و پێویستی بە یاسای کرێکاران نیە.[196] لەو قۆناغەدا باشترین هەنگاوێک لەم ڕووەوە نرابێ ئەوە نەبوو کە چەند برگەیەکی سەیر و سەمەرەی یاسـا و سیسـتەمی عوسـمانی پەیـڕەو دەکـران کە هەنـدێکیان دەگەڕێـنەوە بـۆ چـارەکە سـەدەیەک بەر لە هەڵگیرسـاندنی جەنگـی جیهـانی یەکەم کە دەرچووبـوون.[197] ئەوانەش بریتـی بـوون لەوەی: ماوەی کرێکار نەدرێ بەبێ ڕەزامەندی فەرمی کار بکات.[198] ناکۆکی نێوان کرێکـار و خـاوەن پیشـە بخـرێتە بەردەم دادگـای تـایبەت بـۆ لێکۆڵینەوە. هەروەهـا دامەزراندنی نەقابەی کرێکـاران و رێکخـراوەی کرێکـارانی بەتەواوی قەدەغە کردبـوو. بەڵام نە ئینگلیزەکـان و نە کاربەدەسـتانی عێـراق نەیـان تـوانی تاسـەر گـوێ لە دانـانی یاسـای کرێکـاران بخەوێـنن. بەتـایبەتی چـونکە مەسـەلەکە گەیشـتە ڕادەیەک بـووە یەکێـک لە داخـوازییە سـەرەکییەکانی بـزووتنەوەی کرێکـارانی عێراق و تێکڕای هێزە نیشتیمانیەکانیش پشتگیرییان دەکرد. لە کۆتـایی سـاڵانی بیستدا کرێکاران کەوتنە خۆ و لەپیناو یاسایەکی تایبەت بە کرێکاراندا خەباتیـان دەکرد، ئەمەش بەقسـەی بەڵگەنـامە فەرمییەکانی خۆیان، کارێکی ڕاستەوخۆی کرد و ناچاری کردن لەم ڕووەوە چەند

هەنگاوێک بنێن.[199] ئەنجام کار گەیشتە ئەوەی کۆمەڵەی کرێکاران و پیشەوەران هەریەکەیان لای خۆیەوە، ڕەشنووسێکیان بۆ یاسا پێشنیارکراوەکان پیشکەش پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و چەند وەزارەتێک کرد؛ وەک *کۆمەڵەی پیشەوەران*[200] *کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان*[201] کردیان. *محەمەد سالح ئەلقەزاز ی* سەرۆکی *کۆمەڵەی پیشەوەران* لە ڕۆژی ۱۹۳۱/۳/۳۱دا یاداشتێکی دوورودرێژی پیشکەش بە لێپرسراوان کرد و تێیدا بە ۱۹ بەند، لە گرنگترینی ئەو گیروگرفتانە دەدوێ کە کرێکارانی عێراق بە دەستییانەوە دەیانناڵاند وەک *دیاری کردنی سەعاتی کاری ڕۆژ بە هەشت سەعات و کاری شەو بە شەش سەعات* لە بەندی یەکەم، هەروەها لە بەندی دووەم و سێهەمدا داواکارە؛ *کرێکار مافی ئەوەی هەبێت مووچەی ڕۆژانی مۆڵەت و جەژنە فەرمییەکان وەربگرێت*. لە بەندی چوارەم وپینجەمدا، داوا دەکات *گەر کرێکار لە کاتی کارکردندا پەککەوتە بوو، یان پیری زۆری بۆهێنا، مافی ئەوەی هەبێت پارەی بدرێتێ و خانەنشین بکرێ.* لە بەندی شەشەم و حەوتەمدا، داوا دەکات *کارپێکردنی منداڵ و کرێکاری بیانی قەدەغە بکرێت*. لە بەندی هەشتەم *داوا دەکات مەشق* بە *کرێکاران بکرێ* و لە بەندی نۆیەمدا داوا دەکات *مافی کرێکاران لە چەوساندنەوەی سەرمایەداران و لێپرسراوی کارگە و کۆمپانیاکان بپارێزرێ*، ئەوەش؛ یان بە دامەزراندی بیرۆیەکی کرێکاران دەبێ، یاخود بە پێکهێنانی چەند لیژنەیەک، لەبابەتی **لیژنەی دیسپلین** و ئەرکی تەماشاکردنی داوا و شکایەتی کرێکارانی پێ دەسپێردرێ. بڕگەکانی تریش پەیوەندییان هەبوو بە قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و تەندروستی و دیاریکردنی ڕۆژانە و شتی لەو بابەتەوە.[202]

هەر لەم ماوەیەدا، هۆیەکی دەرەکی هاتە پێشەوە و چ ئینگلیزەکان و چ کاربەدەستانی عێراقی ناچار کرد، تا ڕادەیەک بایەخ بە یاسای کرێکاران بدەن. ئەو هۆیەش ئەوە بوو عێراق بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان کە بڕگەی ٢٢ ئەلفی بەرنامەکەی دەقاودەق دەڵێت: *دەبێت ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان هەلومەرجێکی مرۆڤانە بۆ کار پێکردنی پیاو و ژن ومنداڵ دابین بکەن، ئەمەش تەنها بەهۆی یاساوە دەبێت و بەس..*[203]لەولاشەوە بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتانی سەر بە کۆمەڵەی گەلان، هەر لە سەرەتای سالانی بیستەوە، بایەخێکی باشی دابوو بەوەی کە ئاخۆ عێراق بە هۆکاریی ئەوەی دەوڵەتێکە و لە سایەی ئینتیداب دایە، تا چ ڕادەیەک یاساکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان پەیڕەو دەکات. لە ٢٥ ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٢٦دا، نوێنەری سامی بەریتانیا، سەبارەت بەو یاسایانەی کۆنگرەی کاری دەوڵەتان لە کۆبوونەوەکانی سالانی ١٩١٩_١٩٢١ بڕیاری لەسەر دابوون، یاداشتێکی ئاڕاستەی سەرۆک وەزیران کرد و تێیدا دەپرسێ ئاخۆ تا چ ڕادەیەک دەتوانرێ هەندێ لەو بڕیارانە بەتەواوی یان پاش دەستکاری کردنیان جێبەجێ بکرێن.. بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە کارپێکردنی مندالان و شەوکاری ژنان و شتی لەو بابەتەوە هەیە.[204] دامودەزگاکانی ئینتیداب لای خۆیانەوە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٢٦دا لەو ڕاپۆرتەدا کە ناوبەناو لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی عێراق پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلانیان دەکرد، پێناسەیەکی گشتی باری ژیان و گوزەرانی کرێکاران و هەلومەرجی کار کردن لە ولاتدا، دەکات:[205]

بەڵام نە ئینگلیزەکان و نە کاربەدەستانی عێراق، پەرۆشی ئەم مەسەلە نەبوون. ئەوەتا لە ڕۆژی ٥ ی حوزەیرانی ساڵی١٩٢٦دا، وەزارەتی

ناوخۆ وەڵامی یاداشتەکەی نوێنەری سامی بەم جۆرە دەداتەوە و دەڵێت: کرێکارانی عێراق ئەو قەبارە ڕێکوپێکەیان نییە، تا ئەو ڕێکەوتننامانەی لە بارەیانەوە مۆر دەکرێن جێبەجێیان بکەین. لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانین لەم ڕووەوە هیچ هەنگاوێک بنێین..[206] هەڵوێستی بەکردەوەی لێپرسراوانیش ئەو حەقیقەتە باشتر دەچەسپێنێ بۆچی فایلی کرێکاران لە وەزارەتی ناوخۆدا، لەدوایی ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦وە تا سەرەتای ساڵی ١٩٢٩ هیچ شتێکی سەبارەت بە مەسەلەی کرێکاران تێدا نییە. وەک بەڵگە نامەیەکی فەرمی ئەوسەردەمە، دەقاودەق باسی دەکات.[207]

پاش سێ ساڵ گوێ خەواندن دەبینین حکومەتی عێراق لەناکاو مەسەلەی کرێکاریی بیردەکەوێتەوە، بەڵام نەک لەبەرخاتری چاوی ئەوان بەڵکو بەهۆی ئەوەی خەریک بوو ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان. لە١٣ی شوباتی ١٩٢٩دا، سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە یاداشتێکی بۆ وەزارەتی ناوخۆ، دارای، ئاوەدانکردنەوە و هاتوچۆ نارد و تێیدا ئاماژە بۆ نووسراوەکەی پێنجی حوزەیرانی ١٩٢٦ دەکات و ڕای سەرۆک وەزیرانیشی دەخاتە پاڵ و دەڵێ:

پێویستە حکومەتی عێراق، وەک هەموو حکومەتانی تر بەتەنگ ڕێکخستن و چاودێریکردنی هەلومەرجی کار کردنەوە بێ. بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە، فەرمانگەیەکی تایبەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پێکبهێنرێ، پێشنیار دەکا لە ئێستاوە ئەرکی چاودێریکردنی هەلومەرجی گشتی کارکردن لە عێراقدا، بخرێتە ئەستۆی یەکێک لە وەزارەتەکان..[208] بەهۆی ئەوەشەوە کە لێپرسراوان بە باشی نەیان دەڕوانییە کرێکاران، ئەم مەسەلەیە کەوتە گێژاوی ڕۆتین و بگرە و بەردەی نێوان دامودەزگا فەرمییەکانەوە. وەزارەتی

نـاوخۆ بەو جـۆرە وەڵامیـدایەوە گـوایە وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە و هــاتوچۆ ئەو فەرمــانگەیەیە کە دەبــێ ئەو ئەرکەی پــێ بســپێردرێ. وەزارەتـی هـاتوچۆیش، وەڵام دەداتەوە و دەڵـێ: جێبەجـێ کردنـی ڕێکەوتننـامەی نیـوان دەوڵەتـان بەســەر کرێکارانـدا کـارێکی ئیجگـار گرانە، لەبەر ئەوە پێشـنیار دەکات، فەرمـانگەیەک یـاخود وەزارەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێ و ئەم ئەرکەی بخرێتە ئەسـتۆ. پاشـان وەزارەتی دارایـی داوای وێنەیەکـی ئەو ڕێکەوتننـامەیە دەکـات، تـاوەکو لێـی بکۆڵێتەوە.

پاش ئەوەی چەند مانگێک ئەم مەسەلەیە خەوت، وەک بەڵگە نامەیەکی فەرمی وتوویەتی،[209] ڕۆژی ١٩٢٩/١١/٣ وەزارەتی ناوخۆ بەوە قایل بـوو کە بەڕێوەبەرایەتی شـارەوانییەکان و ئەو فەرمانگـانەی سـەربە ئەون چــاودێری هەلــومەرجی کــارکردن لە عێراقــدا بــکەن. بەڵام بەڕێــوەرایەتی نــاوبراو لەوە بێتوانــاتر بــوو، بتــوانێ ئەم ئەرکە بەجێبهێنـــێ و ســـەرژمێر و زانیــاری تەواو لە بــارەی کرێکــاران و مەرجی کـار پێکردنیـانەوە پێشـکەش بکـات؛ بـۆیە لە مـانگی تشـرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠دا هەڵوەشێنرایەوە،[210]

ئەگەرچــی هەمیشــە کرێکــاران نارەزاییــان دەردەبــڕی و هەنـدێ لە کۆمەڵەکانیـان بەردەوام لە ڕۆژنامەکانی نـاوخۆدا شـکایەتیان دەکـرد. وەک سەرچاوە لێپرسراوەکان خۆیان دانیپیادەنێن.[211]

دەڵێن سـەرەڕای ئەمـانەش مەسـەلەی چاودێری کردنـی هەلـومەرجی کارکردن بەتەواوی پشتگوێ خرا. لەبەر ئەوهـۆیەی دوایـی و بەهـۆی ئەوەی کە لیــژنەی هەمیشـــەیی ئینتیــدابی ســـەر بە کــۆمەڵەی گەلان بــایەخێکی زۆری بە دۆزی کرێکــارانی عێــراق دەدا و لە ئەنجــامی ئەوەیشـدا کە هەنـدێک لایەنـی سیاسـی لەژێـر کـارتێکردنی ئەم دوو

هـۆیەدا کەوتنەخـۆ، ڕژێـم ناچـاربوو هەڵوێسـتی خـۆی سـەبارەت بە مەسەلەی کرێکاران وردە وردە بگۆڕێ. ئەوە بوو، لە مـانگی کـانونی یەکەمـی سـاڵی ١٩٣١دا نـوێنەری دلـێم کە "دکتـۆر فـایەق شـاکر" بـوو، پڕۆژەیەکی پیشکەش پەرلەمان کرد تاوەکو بکرێتە بناغەی یاسـایەکی سـەربەخۆی کرێکـاران لە وڵاتـدا. پـڕۆژەی نـاوبراو، بە نـۆ خـاڵی سەرەکی ئەم مەسەلەیەی دیاری کردوە و ڕێوشوینی بۆ داناون:

1. دیاریکردنی سەعاتی کارکردن.
2. کرێی ڕۆژانی جەژن و ئەوڕۆژانە بدرێتە کرێکارە هەمیشەییەکان کە کارگە و دامودەزگاکان بە فەرمی لە کار دەکەوێ.
3. کرێکاران لە زوڵم و ستەمەی سەرمایەداران بپارێزرێن.
4. مافی کرێکاران لە کاتی نەخۆشیدا بچەسپێنرێ و بەتەنگ چارەسەر کردنیانەوە بن.
5. تەواوەتـی ئەو کرێکـارە هەمیشـەییانە دابـین بکرێـت کە لەکـار دەردەکرێن.
6. گەر کرێکـار لە کـاتی کارکردنـدا پەکـی کەوت ، چەردەیەک پـارەی لە بریتی بدریتێ.
7. ئەو کرێکارانەی ماوەیەکی زۆر لای کۆمپانیاکان کاردەکەن و پاشـان توانای کارکردنیان نامێنی، مووچەی خانەنشینییان بدرێتێ.
8. ماوە نەدرێ کار بە منداڵان بکریت.
9. دەبێ کۆمپانیاکان لەو کارانەدا کە ڕۆڵەکانی عێراق تێیدا شـارەزان، ئەوان دابمەزرێنن.[212]

کرێکاران و لایەنە سیاسیەکانی وڵات بەپیری ئەم پڕۆژەیەوە چـوون و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و پاشان پەرلەمان بریاری لەسـەرداو لە کۆبـوونەوەی ڕۆژی ١١-ی کـانوونی یەکەمـدا، ڕایسـپارد لایەحەیەکی

یاسایی لە بارەی مافی کرێکارانەوە دابنرێ. دوای ئەوەی لە ڕۆژی ١٩ـی ئایاری ١٩٣١دا ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ **مەزاحیم ئەلپاچەچی** و ئەندامێتی بەڕێوەبەری گشتی مەعاریف **ڕەشید ئەلخەواجە** نوێنەری وەزارەتی مەعاریف و سەرۆکی دیوانی نووسینەوەی یاسا و نوێنەری وەزارەتی داد **نەسرەت ئەلفارسی و دکتۆر ب.ە. یکز** ی نوێنەری وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ حاکمێکی بەریتانیایدا وەک بریکاری ڕاوێژکاریی یاسایی، پێکبهێنرێ بەمەرجێک **مەحمود ئەحمەد** ی سکرتێری شارەوانی ئیشوکاری سکرتاریەتی ئەو لیژنەیە ڕاپەڕێنێ کە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕێکەوتننامە و لایەحەکانی دەوڵەتان دروستبووە و پەیوەندییان بە دۆزی کرێکارانەوە هەیە و ئاخۆ تا چ ڕادەیەک دەتوانرێ لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت. ئەنجوومەنی وەزیران مافی ئەوەیشی دا بە لیژنەی ناوبراو کە یەکێک یان دوو کەس لە ئەندامانی بنێرێ سەر لە بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان بدەن لە ژنێف.[213]لیژنەکە لە سێ لایەحەی یاسایی و٣٩ ڕاسپاردەی کۆلییەوە کە بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان بڕیاری لەسەر دابوون. بە هەموو توانایشیەوە هەوڵیدا پەلپ و بیانووی وا بدۆزێتەوە تاوەکو یاسایەکی تایبەتی بۆ کرێکاران دەرنەکرێت یان ماوە نەدا ئەو لایەحە دەوڵەتییانەی نووسراون لە عێراقدا جێبەجێ بکرێن. لەبەر ئەوەی شتێکی سروشتی و چاوەڕوانکراو بوو کە لیژنەکە[214]بگاتە ئەو بۆچوونەی کە لە ئێستادا، زۆر بەکەمی نەبێ... توانای جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەو لایەحە و ڕاسپاردانە لە عێراقدا نییە.. سووریش بوون لەسەر ئەوەی کە چەندین دەوڵەتی ئەندام لە *کۆمەڵی گەلاندا* بەشداریی هەموو ئەو

ڕێکەوتننامانەی *[بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان]* نەبوون و تەنها لە چەند ڕێکەوتننامەیەکدا هاوبەشییان کردوە و بەس.[215]

لەم کاتەدا **جەعفەر ئەلعەسکەری** کە وەزیری ڕاسپێردراوی عێراق بوو لە لەندەن گەیشتە ژنێف و پەیوەندی بە لێپرسراوانی **بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان**ـەوە کرد. بیرۆی ناوبراویش ڕایسپارد کە لانیکەم دەبێ عێراق بەم لایەحانەی خوارەوە قایلببێ.

1. یاسای دیاریکردنی سەعاتی کارکردن و ڕێکخستنی کاری منداڵ و ژنان.
2. یاسای پارێزگاریکردنی تەندروستی کرێکاران.
3. یاسای قەرەبووکردنەوەی کرێکاران، کە لە کاتی کاردا تووشی ڕووداو دەبن.
4. یاسای پێکهێنانی سەندیکای کرێکاران و پێکهێنانی ڕێکخراوی ئەوتۆ لە ناکۆکیەکان بکۆڵێتەوە و یەکلایی بکاتەوە.
5. یاسای کارپێکردنی کرێکاران و پاراستنی مووچە.
6. یاسای هاندانی دروستکردنی کۆمەڵەی کشتوکاڵ.

سەرەڕای ئەوەی کە وڵات بە ئەندازەیەکی لە ڕادەبەدەر پێویستی بەم یاسایانە هەبوو، تاوەکو کاروباری کارکردن و کرێکارانیان پێ ڕێک بخا، کەچی ئەو وەزیرە سووربوو لەسەر ئەوەی: عێراق لە کاتی ئێستادا و بەر لەوەی بچێتە کۆمەڵی گەلانەوە ببێتە ئەندامی لیژنەی کرێکارانی دەوڵەتان هیچ ڕێکەوتن نامەیەک مۆر ناکات و بەپێویستی

نازانێ و ئەو کاتەشی چووە ناو کۆمەڵەی گەلانەوە، هەر ئەوەندەی لەسەرە بەهەندێکیان قایل بێ و هیچی تر. دیارە مەبەستیان هەر ئەوە بوو ئەوکۆسپە لابچێ[216] کە رێگای لە عێراق گرتبوو بچێتە کۆمەڵەی گەلانەوە. لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نەبوو کە **جەعفەر ئەلعەسکەری** نەیتوانی چی تر لە جنێف چاوەڕوان بکات، تاوەکو ئاگاداری پێشنیارەکانی بیرۆی کرێکاران ببێت، ئەوە بوو بەهۆی نزمبوونەوەی نرخی **پاوەن** ـە وە بەپەلە گەڕایەوە بۆ لەندەن[217] بەڵام بانگهێشتی سەرۆکی بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتی کرد، سەر لە عێراق بدات، بەتایبەتی چونکە بیرۆی ناوبراو خۆی نەدەکرد بە خاوەنی مەسەلەی کرێکارانی عێراق و بەپیریەوە نەدەچوو.
بەو جۆرە دانانی یاسای کار و کرێکاران هەر لەناو چواردیواری ئەنجوومەن و وەزارەتەکاندا، لە نێوان ڕۆتین و دەستاودەستپێکردندا دەخولایەوە، بێ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی هەستپێکراو. ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەت گفتی دابوو ساڵی ١٩٣٢ لە دانانی یاسای کرێکاران ببێتەوە.[218] بەڵام هەنگاوی هەرە گرنگی حکومەت لەگەڵ سەربەخۆیی وڵاتدا، لەم بارەیەوە ئەوە بوو دوو بڕگەی خستە ناو یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانە وە کە ساڵی ١٩٣١ دەریکرد. ئەم دوو بڕگەیەش پەیوەندییان بە کرێکاران و پیشەوەرانەوە هەبوو:
**بڕگەی ٥٥** وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە لەسەر بنەمای ئەم بڕگەیە ڕێوشوێن بۆ چاودێریکردن و پشکنینی هەلومەرجی کارکردن و خۆشگوزەرانی کرێکاران لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دابنێ.
**بڕگەی ٥٨** چۆنیەتیی پێکهێنانی نیقابەی پیشەوەران و کاسبکاران دیارە کرێکارانیش ئاکام بەسترانەوە بە یاسایەکی سەربەخۆوە.[219]

بێگومان ناوەڕۆکی ئەم دوو برگەیە هیچی لە واقیعی ژیانی نالەباری کرێکاران نەگۆڕی و هەردەبوو ئەم هەڵوێستە نەرێنیەی حکومەت بەرامبەر بەدانانی یاسایەکی تایبەت بە کرێکارانەوە ئەوەندەی تر کرێکاران بورووژێنێ. ئەمەش بەڕوونی لە ناوەڕۆکی ئەو یاداشتانەدا دەردەکەون کە کۆمەڵەی کرێکاران و پیشەوەران لە کۆتایی ساڵانی بیستدا، ئاراستەی لێپرسراوانیان کردووە. لەو یاداشتەدا کە **محەمەد سالح ئەلقەزاز** بەناوی **کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیکیەوە**، پیشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان و چەند وەزارەتێکی کردووە، دەڵێ: کۆمەڵانی کرێکاران و پیشەوەران بێزاربوون ئەوەندەیان داوا لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کرد یاسایەک دابنێ و بەرژەوەندی کرێکارانی عێراق لە چنگ تالانیی کۆمپانیاکان و سەرمایەداران بپارێزێ.. ئەوە ویژدان نیە حکومەت کۆمپانیاکان بپارێزێ و دەسبەرداری کرێکاران ببێ بەوچەشنە بمێننەوە، بێ ئەوەی یاسایەک هەبێ لە ستەم بیانپارێزێ..[220]

ئا بەو جۆرە کرێکارە عێراقیەکان بەدرێژایی ساڵانی داگیرکردن و ئینتیدابی بەریتانی، لە یاسای کرێکاران بێبەش کران، بەمەیش ئەوەندەی تر گیروگرفتی کار و کرێکاران ئاڵۆز بوو، بە ڕادەیەک لەو قۆناغەدا بووە داینەمۆی بزووتنەوەی تێکڕای کرێکاران لە وڵاتدا.

# بەشی چوارەم

## بزووتنەوەی کرێکاری لە عێراقدا

١٩٣٢-١٩١٨

## سەرەتای بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق

ئەوەی ڕاستییێ بە تەنها باری گرانی ژیان پاڵی بە کرێکارانەوە نەنا بچنە مەیدانی خەباتەوە، بەڵکو چەند هۆی تریش هەبوون ماوەیان نەدەدا، نارەزایی کرێکاران بەخێرایی بچێتە بارێکەوە هەوڵی گۆڕینی واقیعی پڕ لە مەینەت و ئازاریان بدەن. دەتوانین نزمی ئاستی هۆشیاریی چینایەتی لەڕیزی پێشەوەی ئەو هۆکارانە دابنێین؛ دیارە ئەمەش دەرئەنجام کۆمەڵێک هۆی تری یاریدەدەر بوون، وەک: نەخوێندەواری بەشێوەیەکی بەربڵاو لەناو کرێکاراندا بڵاوەیی کردبوو. ژمارەیەکی زۆر کەمی کرێکارە پیشەییەکان نەبێت لەوانەی شارنشین بوون و لە *حوجرەدا* فێری خوێندن و نووسینی سەرەتایی بووبوون، بەدەگمەن کرێکارێک دەبینرا خوێندەواری هەبێت. سەرەڕای ئەوەش. ئەمانیش وەک جوتیاران لە هۆشیاری سیاسی بێبەش بوون، تەنانەت کاتێکیش بۆ مەسەلەکە دەچوون کە سیاسەت پیشەیەکە و تایبەتە بە توێژە کۆمەڵایەتییە دەستڕۆیشتووەکان و شتێکە لە وزە و توانای ئەودا نییە. هەر ئەم تێڕوانینە باوە؛ وایلێکردبوون وەک حەقیقەتێک لە قەڵەمی بدەن. ئا ئەم بۆچوونە هەڵەیە ڕاستەوخۆ کارێکی نەرێنی کردەسەر سروشتی بزووتنەوەی کرێکارانی عێراق لەو قۆناغەدا.

ئینگلیزەکانیش دەیانزانی، چۆن خۆیان بۆ ئەم دۆزە تەرخان دەکەن و چۆنیش کۆسپ دەخەنە بەردەم ئەو ڕێکارانەی ئاستی هۆشیاریی کرێکاران بەرزدەکەنەوە و لە سایەیاندا بزووتنەوەیەکی کرێکارانە دروستدەبێت؛ چونکە ئەوان لە تێگەیشتنەوە حەقیقەتی بزوتنەوەیەکی لەوجۆرەیان دەزانی و ترسیان لە ئەنجامە ئابووری و سیاسیەکانی

هەبوو. بۆیە هاوکات ئەو ڕێگا پێچ و پەنایانەی لە بەشی سێیەمدا بە دوورودرێــژی باســمان لێــوەکردن؛ بەردەوام ڕیزەکانیــان پــاک دەکردنەوە، واتە کرێکارە کۆنەکەکانیان دەردەکرد و لەشوێنی ئەوان تازەیـان دادەنـا، تـاوەکو مـانەوەی ئەوانە و پەیوەنـدی هەمیشــەییان نەبێتە هـۆی تێگەیشـتنی نـوێ. لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٣١ دا کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق ١٠٠ کرێکـاری عێراقـی لەوانەی پێـنج سـاڵ و زیـاتر بەسەر دامەزراندنیاندا تێپەڕ بووبوو، دەرکرد. زۆربەی ئەو کرێکارنە لەوانە بــوون لەگەڵ دەســـتبەکاربوونی کۆمپانیـــای نـــاوبراودا دامەزرابـوون. بیانوشـیان بـۆ ئەم هەنگـاوە ئەوە بـوو، گـوایە چەنـد هۆیەکی ئـابووری ناچاری کردوون دەستبەرداریانبن. کەچی بەپەلە لەجێی ئەوانە کرێکاری هیندۆسییان بە مووچەیەکی زیاتریش دانـا.[1] لەبەر ئەوە لەخـۆڕا نەبـوو کە سـاڵی[2] ١٩٥٦ لەنـاو نـزیکەی سـیانزە هەزار کرێکاری عێراقیی ناو کۆمپانیای نەوتی عێراقدا، تەنها ٥٨ کەس ٢٥ ساڵ خزمەتیان تەواو کردبوو، ١٢٤ کەسیش ٢٠ سـاڵ خزمەتیـان هەبـوە ٣٠٤ کەسـیش ١٥ سـاڵیان تەواو کردبـوو . بەرامـبەر بەوانە ١٠,٧٣٢ کرێکار ماوەی خزمەتیان پێنج ساڵی تێنەپەڕاندبوو. شـایەنی باســە ئەو ژمـارانەی سـەرەوە هــی یەک جـۆر کرێکـارنین، بەڵکـو لەناویانـدا کرێکـاری شـارەزا و پیشـەوەری جۆربەجـۆر و کرێکـاری ناشارەزاش هەیە.[3]

دەبێ ئەوەش بووترێ کە هەندێ دامودەزگای ئەهلی هەرزوو کەوتنە پاککردنەوەی ڕیزی کرێکارەکانیان. بە قسەی ڕۆژنـامەیەکی کرێکـاران خـاوەن چاپخانەکـان کرێکاری یەدەکیـان ئامـادە دەکـرد. ڕۆژنـامەکە ئەمانە بە چینی دووەم ناودەبا کە خاوەن چاپخانەکان فێری پیشـەیان دەکـردن و هەرکاتێک چینـی یەکەم نـاڕەزایی دەربـڕی و زانییـان ئەم

هەڵوێستەیان دەبێتە هۆی ئەوەی دەست لە کار هەڵبگرن، وەک ئامرازێک بەکاریان دێنن. ڕۆژنامەکە دەڵێ: ئەو گروپە یەدەکە، ئەو خەڵکە بێدەرەتانەنە دەستاودەستیان پێدەکرێ و هیچ شتێکیش لە بارەی خاوەن چاپخانە و هەڵسوکەوتیانەوە نازانن و بۆجێبەجێکردنی مەرامی کاری خۆیان چۆنیان بوێ دەیان چەوسێننەوە، جا بە هەڕەشەی دەرکردنبێت، یاخود بەو گفت و پەیمانە گەورە گەورانەبێت کە بۆیان هەڵدەڕشتن، دەرد و مەینەتی ژیانیان لەبیر دەبردنەوە. یان ناو بەناو ئاژاوەیان تێدا دەنانەوە و سوودیان لە جیاوازیی بیروڕاو دووبەرەکییان وەردەگرت.[4] لێرەدا جێی خۆیەتی دەست بۆ ئەوەش ڕابکێشین کە باری ژیانی کرێکارانی چاپخانە لە سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکە ڕیالیزمەکانی عێراقدا، ڕانگیدایەوە.[5]

زۆربوونی کرێکاری کاتی لەناو ڕیزی کرێکارانی عێراق بەئاشکرا ڕۆڵێکی نەرێنی گێڕا و ماوەی نەدا هۆشیاری [چینایەتی، ئابوری و سیاسی] لەناویاندا گەشە بکات، هەروەک لە پێشەوە باسکرا. بەشێکی زۆری ئەوانە و تەنانەت کرێکارە هەمیشەییەکانیش بەتەواوی پەیوەندییان لەگەڵ لادێ و نەریتی خێڵگەریدا نەپچڕاندبوو. ئەوانە لایان وابوو کارکردن لە شار و لەناو پرۆژە جۆربەجۆرەکاندا، دەبێتە هۆیی یاریدەدەر و ناهێڵێ ئابووری کشتوکاڵییان هەرەسبهێنێ. ئەمانە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کرێکارانەیان پێکدەهێنا کە لە ڕێگاوبان و پرۆژەکانی ئاودێری و بیناکاری و خورما ڕنین و داگرتن و کاری لەو بابەتانەدا کاریان دەکرد. ژمارەی ئەوانیش زۆر لەو کرێکارانە زۆرتر بوو کە لە کۆمپانیاکانی نەوت و دامودەزگاکانی لە جۆرەدا کاریان دەکرد. سەیر ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر لەو کرێکارانە هەرچی پێی بووتریت سەرچاوەی ژیان لە لادێدا نەیان مابوو. وەک ***هاملتن*** ی

ئەندازیار دەیگێڕێتەوە، بەشێکی زۆر لە دەشتاییەکانی دەوروبەری موسڵ، ئەوانەی کە خاوەن زەوی نەبوون و کشتوکاڵیان نەدەکرد، بە هاوین لەسەر ڕێگای ڕەواندوز کاریان دەکرد و زستان دەگەڕانەوە گوندەکانی خۆیان.[6] ئەم چەشنە کرێکارانەش گیانی بزووتنەوەیان تێدانییە و گەر هەندێکیشیان گیانی ڕاپەڕینیشیان تێدا دروستببێت، ئەوا بەدەگمەن ئەبێت، ئەویش لە سنوری بزوتنەوەیەکی خۆڕسک تێپەڕ ناکات.

لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا، ئەوانەی لە کارگەکانی چنیندا کاردەکەن بەدەستەی یەکەمی چینی کرێکاران دادەنرێن و داینەمۆی بزووتنەوەی کرێکارین، چونکە بەژمارە لە هەمویان زیاترن و لە گشت کرێکاری کەرتەکانیتر پەرەسەندووترن[7] بەڵام لە عێراقدا مەسەلەکە جیاوازتربوو، چونکە کرێکارانی پیشەسازی چنین بەدرێژایی سەردەمی ئینتیداب بەڕێژەیەکی کەمی چینی کرێکارانی تازەیان پێکدەهێنا و،[8] بەقسەی ئەو ڕاپۆرتە فەرمییەی بەریتانیا دەربارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی عێراق پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلانی کرد، باری گوزەرانی کرێکارانی چنین لە ڕووی سەعاتی کارکردن و ڕۆژانەوە لەسەرجەم کرێکارانی تر باشتربوو[9] هەرچی کرێکارە عێراقییەکانی کۆمپانیای نەوت بوون، زۆربەیان نەشارەزا و لەو کەسانەبوون لە دێهاتەکانی دەوروبەرەوە، ڕەوویانکردبووە شار، هۆشیاری سیاسییان زۆر لەخوارەوە بوو.

کرێکارانی ڕێگەی ئاسن بەپێی ئەوەی بەشێکی گەورەیان لە بەغدادی پایتەختدا کۆبوبونەوە و لە نزیکەوە ئاگاداری باری سیاسی هێزە نیشتیمانییەکان بوون، ژمارەیەکی زۆریشیان سەر بە پیشەوەران بوون، لە ڕووی هۆشیارییەوە جیاوازییەکی ڕێژەییان لەگەڵ تێکڕای

کرێکـارانی تـردا هەبـوو. ئەمە جـگە لەوەی کرێکـارانی ڕێـگەی ئاسـن بەپێی سروشـتی چینایەتییـان دەچـنەوە سـەر کەرتە پێگەیشـتووەکەی چینی کرێکاران و زۆر لەکرێکاری کارخانەوە نزیکن، بە کاکڵەی چینی کرێکار و پێشڕەوەکەی دادەنرێن. ئەم تایبەتمەندیەش تاڕادەیەکی زۆر بەسەر ئەو کرێکارانەدا دەچەسپی کە لە کارگەکانی شاڵچییەدا کاریـان دەکـرد. جـا هەرچەنـدە ئەم تـوێژە لە قۆنـاغی یەکەمـی بـزوتنەوەی کرێکـارانی عێراقدا ڕۆڵێکـی دیـاری گێـڕا و بگـرە سەرکردایەتیشـان دەکرد، بەڵام ئینگلیزەکان توانیان بە گیروگرفتی لاوەکییەوە خەریکیان بکەن، وەک لە باسـەکانی بەشـی ڕابـردوودا لێیـان دوایـن. سـەرپاکی ئەم هۆکـارانە و هیتریش، ماوەیـان نەدا نـاڕەزایی دەربـڕین سـەبارەت بە باری ژیان و گوزەرانیـان بچێتە قۆنـاغێکی بـاڵاترەوە؛ واتە قۆناغی تەقینەوە و کاری سەندیکایی ڕێکخراو.

بەڵام بەرامـبەر بەمە، کـۆمەڵێ هـۆی تـر تـاڕادەیەک یارمەتییانـدا، بە چەند هەلومەرجی پێویست بگەن و پاڵ بە کرێکاری عێراقییەو بنێن بجـوڵێ؛ دیـارە نزمبوونەوەی بەردەوامـی بـاری ئـابووری و نالەبـاری هەلـومەرجی کـارکردن، لە ڕیـزی پێشـەوەی ئەو هۆکـارانە دادەنرێن. لەلایەکـی تریشـــەوە. نەشـــونماکردنی بـــزووتنەوەی نیشـــتیمانی و بیروبـــاوەڕی دژ بە ئیمپریـــالیزم وەک چـــۆن کـــاری لە بیروهۆشـــی ڕۆڵەکـــانی عێـــراق کـــرد، هەر بەو شـــێوەیەیش ڕۆڵێکـــی گرنگـــی لە هۆشـــیارکردنەوەی بیـــری کرێکارانـــدا گێـــڕا. بێگومـــان پەیـــدابوونی ڕۆشـــنبیرانیش لەســـەر شـــانۆی سیاســـی وەک تـــوێژێکی شۆڕشـــگێڕ دەورێکی باشی بینی لەم مەیدانەدا. تەنـانەت هەندێ لەوانەی سـەربەم توێژەبوون بەر لە هەمووان بەنووسینی وتـار و بڵاوکردنەوەی لەنـاو ڕۆژنامەکـانی نـاوخۆدا، سـەرنجی خەڵکییـان بـۆ واقیعـی تـاڵی ژیـانی

کرێکارانی عێراق ڕاکێشا، لێرەدا گرنگ ئەوەیە بزانین کە بەشێکی ئەو ڕۆشنبیرانە سەربە خێزانە پیشەییەکان بوون. بە نموونە: **محەمەد مەکی ئەلئەشتەری** کە دووایی بووە سەرۆکی *کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان* بەیەکێک لە ناسراوترینی ئەو ڕۆشنبیرانە دادەنرێ.

بێگومان چەندین هۆی دەرەکیش هەبوون توانییان ڕۆڵێکی دیاریکراو لە بزواندنی کرێکارانی عێراقدا بگێرن، چونکە نەدەتوانرا کرێکاری عێراق بەتەواوی لەو ڕووداو و کارەساتانە دابڕبکرێن کە لە دەوروپشتیدا ڕوویاندەدا. خەباتی کرێکارانیش لە دەرەوەی وڵات و سەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسییان، ڕاستەوخۆ کاری لەبیروڕای ڕۆڵە هۆشیارەکانی چینی کرێکارانی عێراق و هەموو ئەو کەسانە کرد کە بە تەنگ مەسەلەکەیانەوە دەهاتن، وەک **محەمەد سالح ئەلقەزاز** دەڵێت، بەتایبەتی لەو کاتەوەی کە زانییان لەسەرانسەری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا [بێجگە لە وڵاتانی ئەورووپا کە کرێکاران بوونە خاوەنی مافی چەسپاوی خۆیان] کرێکاران یاسایان هەیە دەیانپارێزێ، و دۆخی ئەوانە وەک دۆخی کرێکاری لای ئێمە نییە. لە فەلەستین و هیندستانی داگیرکراودا، لە چین و ژاپۆن و تورکیا و میسر و ئێراندا، یاسا هەیە کرێکاران دەپارێزێ و دان بە ڕێکخراوە و دامودەزگاکانیاندا دەنێت و فەرمانگەی تایبەتی هەیە لە زوڵم و ستەمی چەوسێنەران دەکۆڵنەوە[10]

*مەحمود ئەحمەد ئەلسەید* لە ڕۆژی یەکی ئابی ساڵی ١٩٣٠ داو لەو وتارەیدا کە بەبۆنەی ئاهەنگێکی کرێکارانەوە گێردرا و خوێندییەوە، باسی ئەوەدەکات چۆن لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەمەوە کرێکارانی وڵاتە عەرەبییەکان وریابوونەتەوە و دەزانن سوودی هاوکاری و یەکخستنی ڕیزەکانیان چەندە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە مانگرتنی

کرێکـارانی جـگەرە دروسـتکردن کە سـاڵی ١٨٩٩ لە قـاهیرە لە پێنـاو زیـادکردنی ڕۆژانەدا یەکەمـین بەڵـگەی ئەم وریـابوونەوەیە. پاشـان دێتە سـەر هەوڵوکۆششـی کرێکـارانی میسـر و سـووریا کە دایان، لە پێنـاو سـەندیکا بەرگری لە مافەکانیان بکات. ئینجا دەست بۆگرنگی ئەو مانگرتنەیـان ڕادەکێشـێ کە بەر لەجەنگـی یەکەمـی جیهـانی سازیانکرد.[11]

لە لایەکی تریشـەوە، باری ژیانی کرێکارانی وڵاتە پەرەسـەندووەکان، کرێکـاران و ڕۆشـنبیرە شۆڕشـگێڕەکانی عێراقـی بە ئەنـدازەیەک هۆشیارکردەوە، لە نووسین وتار و یاداشتی سـەرکردەکانیدا ڕەنگیان دایەوە. ئەوەتـا هەر لەو ئـاهەنگەدا کە لەسـەرەوە باسـکرا *مەحمـود ئەحمەد ئەلسـەید* پێ لەسـەرئەوە دادەگرێ کە پەرلەمـانی سیسـتەمە ئەورووپاییەکان سەدان نوێنەری کرێکارانیان تێدایە.[12] **محەمەد مەکی ئەلئەشتەری** ـیش لە بارەی هەمان مەسەلەوە دەنووسێ:

**دۆخی کرێکاری عێراقی ئەوەندە خراپ و نالەبارە گریانت بۆی دێت. نە پەیرەوێکی هەیە و نە نەقابە و نە کۆمەڵەیەک تا تێیدا کۆببنەوە و ڕیزەکانیـان یەکـبخەن. دەیبینـی هەمیشـە وەڕسـە و ئـاخ و داخ هەڵدەکێشێ چونکە توانای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی نییە. ئەمە حاڵی کرێکاری لای خۆمانە، کەچی هاوپیشەی ئەو لە ئەورووپادا کە لە بارەیـانەوە دەیبیسـتین و لە ڕۆژنامەکانـدا لە بارەیـانەوە دەخـوێنینەوە، خۆیـان و هاوڕێکانیـان هاوکـاری یەکتـر دەکەن و دەسـتیان لە دەسـتی یەکتـردایەو یـارمەتی یەکتـردەدەن.. کرێکـاری ڕۆژئـاوایی یەکێتـی، کـۆمەڵە، سیسـتەم و یاسـای هەیە و هەمـوو ئەمـانەش دەستەبەری مـافی ڕەوای ئەوانن.. گەر کرێکارێک توانـای کـارکردنی نەمـا، ئەو کـۆمەڵەیە یـان ئەو یەکێتـیە کە تێیـدا ئەنـدامە،**

**مانگانەیەکی بۆ دەبڕێتەوە تاوەکو پێی بژی..**[13] **بەو جۆرە، باری ژیانی کرێکاری ڕۆژئاوایی بووە خولیایەک، دەستەی یەکەمی سەرکردە سەندیکاییەکانی عێراق و ڕۆشنبیران خەویان پێوەدەبینی.**[14]

سەرکردەی سەندیکای ناسراو **محەمەد سالح ئەلقەزاز** ئەوە دووپات دەکاتەوە کە لە زووەوە، مانگرتنی کرێکارانی وڵاتە عەرەبییەکان و دەستگرتنی کرێکاران بەسەر دامودەزگای دەوڵەتی وڵاتێکی گەورەی ئەورووپاییدا، لەدوای سەرکەوتنی یەکەم شۆڕشی سۆشیالیستی، کاریان لە بیروهۆشی کردبوو.[15] شایانی باسە ئینگلیزەکان، بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن سەرنجی دانیشتوانی عێراقیان بەلای شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستیدا ڕاکێشا. بە نموونە: پێش ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتاییبێت، لەو ڕۆژنامانەدا کە لە عێراق بە زمانی عەرەبی و کوردی، فارسی و تورکمانی دەریان دەکرد، پڕۆپاگەندەیان دژی بیروباوەڕی سۆشیالیزم دەکرد.[16] ئەم هێرشە لەدوای جەنگیش هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئەمجارەیان **ڕۆژنامەی العراق** ی عەرەبی و *پێشکەوتن* ی کوردی، ئاڵاکەیان هەڵگرت. دیارە بەتەنها ئاگاییەکی لەوجۆرە، بەس بوو، بۆئەوەی ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان لەو ڕاستییە تێبگەن کە ئیمپریالیزمی بەریتانی دوژمنی باوک کوشتەی سۆشیالیزمە. هاوکات لەگەڵ ئەو پروپاگەندە فراوانەدا کە ئینگلیزەکان بڵاویان دەکردەوە، جارجار بیروڕای وا دەهاتە کایەوە لەگەڵ مەبەست و ئامانجی پروپاگەندەدا نەدەگونجا، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی چەندین پرسیاری نوێ و هەمەچەشن لە مێشکی خوێنەردا بووروژێنێ.

دەبێ ئەوەش لەیاد نەکرێت کە کرێکارانی عێراق لەبەر ئەوەی بزووتنەوەکەیان بەخۆیدا بێت و لەسەر ئاستی ناوخۆ ڕەنگ و ڕووی

خۆی وەربگرێت، هەندێ پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردەی کرێکارانی وڵاتە عەرەبییەکاندا بەست. ئەوە بوو لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٩ دا، نووسەر و کرێکاری لوبنانی **فؤاد شیمالی** کە چەندین ساڵی لە بەندیخانەکانی فەرەنسای داگیرکەردا بەسەر بردبوو، پێنج دانەی لەو کتێبەی خۆی **یەکێتیەکانی کرێکاران_نقابات العمال** نارد بۆ **کۆمەڵەی پیشەوەران**. کۆمەڵەی ناوبراویش داوای لەئەندامانی کرد بیخوێننەوە و خەبات و تێکۆشانی نووسەرەکەی بکەنە سەرمەشقی تێکۆشان.[17]

لە هەندێ کتێبی عێراقیدا دەستدەبنەن بۆ چەند بزووتنەوەیەکی سادەی کرێکاران کە پێشتر ڕوویانداوە،[18]***وەک مانگرتنی ساڵی ١٩١٨ـی کرێکارانی بیناکاریی لە نەجەف و مانگرتنی کرێکارانی کەشتی دروستکردن لە بەسرە لە هەمان ساڵدا.***[19] بەقسەی ئەو سەرچاوانە لە مانگرتنەکەی دواییاندا سەدان کرێکار[20]بەشدارییان کردووە و لەو داواکارینامەدا کە پێشکەش بەکاربەدەستان کراوە داوا دەکەن باری گرانیان لەسەر شان لابىرێ و لە ڕووی ڕۆژانە و مۆڵەتەوە، وەک کرێکارە بیانییەکان تەماشا بکرێن.[21]

سیمای چینی کرێکارانی عێراق، وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی ناو بزووتنەوەی نیشتیمانی لە ڕۆژگاری شۆڕشی بیستدا خۆیان نواند. کرێکار و پیشەوەرانی بەغداد، بڕبڕەی پشتی هەموو ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە جەماوەرییانە بوون کە لە شوێنەگشتیەکانی ئەوێدا دەبەستران. هەر ئەم کۆبوونەوانەش نموونەی یەکێک لە گرنگترین پلەی هۆشیاری نیشتیمانی ئەو کاتەی عێراق نیشاندەدەن. ئەو حەقیقەتانەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی پۆلیسی بەریتانی لە بغداد تۆماری کردوون لە توانایاندا هەیە تاڕادەیەک ڕۆشنایی بخەنە سەر ئەم

مەسەلەیە. یەکێک لەو بەڵگەنامانە باسی ئەو خۆپیشاندانانە دەکات کە لەسەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی بەغداد ڕوویداو دەڵێت: تەپڵ و تەنەکە لێدەدران و داوای سەربەخۆیی دەکرا. ئەم خۆپیشاندانەش دوو کەس سەرکردایەتییان کردووە یەکێکیان، *شێخ تەهای کوڕی خزەییرە* کە دانیشتووی ڕۆژئاوای بەغدادە و دارفرۆشێکی بچووکە. دووەمیشیان، *عەبدوالرەزاقی کوڕی عەلییە* و لە گەڕەکی *فەزڵ* چێشتلێنەرە لە ڕاپۆرتێکی تری نهێنیدا، پولیس لە بارەی ئەوکۆبوونەوەیەوە کە لەڕۆژی ١٥ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٠ دا لە بەردەم مزگەوتی حەیدەرخانە سازکرا، واتە لە گەرمەی ڕۆژگاری شورشدا، دەقاودەق دەڵێت: کاتێک جەماوەرەکە بڵاوەیان کرد، مرۆڤ هەر ئەوەندەی بۆدەکرا تەماشای ئەوخەڵکە هەژارە بکات کە بریتی بوون لە زەحمەتکێشان و خەڵکی بێکاری ناو چایخانەکان[22] یەکەمین هاوڵاتی عێراقیش کە لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشدا ٢٤ی ئایاری١٩٢٠ شەهیدکرا، دارتاشێکی هەژار بوو. لە ڕۆژی دواییدا جەماوەر بەخۆپیشاندانێکی گەورە بەخاکیان سپارد و ناویان لێنا شەهیدی نیشتیمان.[23] لە ڕۆژی ٣ی ئابدا، لایەنگرانی شۆڕشیش بە یارمەتی کرێکاران، توانییان ئاگر لە کەمپی ئۆتۆمبیلەکانی دوژمن بەربدەن لە بەغداد. جا لەبەر ئەوەی بڕێکی چاک سووتەمەنی تێدابوو، تاڕادەیەک کاری لە هاتوچۆی هێزەکانی ئینگلیز کرد، چونکە ئەو هێزانە بۆ گواستنەوە و هێنان و بردنی ئازووقەی سەربازەکانیان، زیاد لەپێویست پشتیان دەبەست بە ئۆتۆمبیل، تاوەکو بیانگەیەنێتە مەیدانی جەنگ. بەتایبەتی لەو کاتەدا شۆڕشگێڕان توانیبوویان لە چەند جێگایەکی گرنگی ناوەڕاست و خوارووی وڵاتدا، ڕێگەی ئاسن تێکوپێک بدەن.[24]

چەندین بەڵگە و نیشانەی تری دوایی شۆڕشی بیستیش جارێکی تر ئەوە دەسەلمێنن کە وردەوردە کرێکاران نەک هەر بوونەتە هێزێکی کۆمەڵایەتی خاوەن دەنگورەنگی تایبەتی خۆیان، بەڵکو دەبوو بەهەندیش وەربگیرێن. **ڕۆژنامەی العراق** ی سەربە میری لە سەروتارێکیدا کە بەناونیشانی کرێکار بازووی پەیکەری کۆمەڵە دەڵێت: .. ماوەیەکی دوورودرێژی مێژووی مرۆڤایەتی، کرێکاران بە نزمترین چینی کۆمەڵ دادەنران، بەڵام دەبێت ئەو حەقیقەتە بگۆترێ کە ئەمانە بەهیچ شێوەیەک لە خەڵکی تر کەمترنین.[25]

لە خۆڕایش نەبوو کە لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٢٢دا، یەکەم بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی لە بەغداد، بۆ هەر جۆرە کار و پیشەیەک، سەرۆکێکی هەڵبژارد. ئەوە بوو ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بەجۆرێک ئەم هەڵوێستەیان لێکدایەوە گوایە **هەنگاوی یەکەمە بۆ دامەزراندی نەقابەی کرێکارانی ڕێکخراو و سەرەنجامیش وڵات لە ڕووی ئابوورییەوە سوودێکی زۆریان لێ وەردەگرێت.**[26] جا لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەرکی ئەم دەستەیە بەتەنها بریتیبوو لە ڕێکخستنی کاروباری مووچە و ڕۆژانە بەشێوەیەک هەردوو لا لە کرێکار و خاوەنکار قایل بکات، بەڵام سەرهەڵدان و چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی ئەم چەشنە، ئەو ناوەڕۆک و مەرامە دەبەخشن کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە.

یەکەمین نیشانەی تێگەیشتن و پێگەیشتنی کرێکاران و هەستکردنیان بە ڕێگای خەباتی بێوچانیان لە پێناو دەستخستنی مافە ڕەواکانیاندا، بەندە بەو هەوڵ و کۆششەوە کە هۆشیارترین کەسی ئەو کرێکارانە[27] لەپێناوی دامەزراندی یانەیەکی سەربەخۆی کرێکاراندا بەختیان کرد. پاش ئەوەی میری لە ڕۆژی ٢٩ـی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٩دا یاسای کۆمەڵەکانی دانا و لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزدا

ڕۆژنامەکان بڵاویانکردەوە،[28] هێزە سیاسییەکانی عێراق کەوتنەخۆ و بەفەرمی حزبی خۆیان پێکهێنا. کۆمەڵە پیشەییەکانیش یەک لەدوای یەک و بە خێرایی دامەزران. لەوانە نەقابەی پارێزەران  کە دوو لقی کردەوە، یەکێک لە موسڵ و ئەویتر لە بەسرە.[29] ئینجا کۆمەڵەی دەرمانخانەکان[30] و کۆمەڵەی پزیشکان ئەویش دوو لقی لە موسل و بەسرە کردەوە.[31] بۆ یەکەمین جاریش دەستەیەک لە ژنان، یانەیەکی ژنانیان بەناوی یانەی ڕاپەڕینی ژنان لە بەغداد دامەزراند و لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٤دا کرایەوە[32] هەر لەساڵی ١٩٢٤دا جموجۆڵێکی هەست پێکراو ڕوویدا بۆ دامەزراندی چەندین کۆمەڵەی پیشەی.[33]

ئا لەم ماوەیەدا کۆتایی ساڵی ١٩٢٤ کرێکاران هەستیان بە ڕۆڵی مێژوویی خۆیانکرد و تێگەیشتن کە پێویستە کۆمەڵەی تایبەتیان بۆ دابمەزرێنرێ، تاوەکو هەوڵی حەوانەوەیان بۆ بدات و کارەکانیان ڕێکبخا و سەعاتی کارکردن و ڕۆژانە و شتی تریان بۆ دیاری بکات.[34] پاشان **محەمەد سالح ئەلقەزاز** و **محیەدین محەمەد** ی[35] سەرۆکی بەشی فیتەرخانەی کارگەی سوپا[36] و "**قاسم عەبباس**"ی کرێکاری ڕێگەی ئاسن لە کارگەی شالچییە[37] داواکارینامەیەکیان دابە وەزارەتی ناوخۆ تێیدا داوایان کرد ماوەیان بدرێتێ، یانەیەکی کرێکاران دابمەزرێنن. بەڵام وەزارەتی ناوبراو، سەرەڕای هاتوچۆی ئەوان و سەرەڕای ئەوەی کرێکارە بیانییەکان، یانەی تایبەتی لەوجۆرەیان بۆ کرابووەوە، داواکەی ئەمانی خستەداواوە. بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەی ئاسنیش ئەم دەستپێشخەرییەی کرێکارانی بەلاوە پەسەندنەبوو؛ بۆیە کەوتە خۆی چەند هەنگاوێکی ئیداری دژی

**ئەلـقەزاز** و **قاسـم و عەبباس** گرتەبەر. ئەمەی دواییـانی لەجـێگەکەی خۆی گواستەوە و زیادەی سالآنەی ئەوانی تریشی ڕاگرت.[38]

بایەخی ئەم کارە بەتەنها لەوەدانییە کەسـەرەتایەکی گرنگ سـەبارەت بە هۆشـــیاریی کرێکـــاران نیشـــاندەدا و خـــۆی لەخۆیـــدا نیشـــانەی گۆڕانێکی چۆنیەتییە لە ئاگایی کرێکاراندا، بەڵکو بێجگە لەمانەش ئەوە دەگەیەنـــێ کە ســـەرەتای پێکهـــاتنی ســـەرکردایەتییەکی کرێکـــارانی هۆشـــیار هـــاتووەتە مەیـــدان و لە بەرژەوەنـــدی زەحمەتکێشـــان و هەلـــومەرجی کـــارکردن و دابینکردنـــی ئەو بەرژەوەنـــدییانە، بـــا بەشـــێوەیەکی ســـەرەتاییش بـــێ، تێگەیشـــتووە. ئەم کـــاکڵەیە کەوتە نەشونماکردن و تا دەهات خەڵکی هۆشیاریان لە دەور کۆدەبووەوە و بەوپەڕی دڵسـۆزییەوە، خزمەتی مەسـەلەکانی کرێکارانیـان دەکـرد و تـوانی لە قۆنـاغێکی نـوێی مێـژووی بـزووتنەوەی کرێکـاریی عێراقدا ســـەرکردایەتی بکـــات. گومـــان لەوەدا نیـــیە کە بەبـــێ ئەو کـــاکڵەیە نەیاندەتوانی سیما و مۆرکی خۆڕسکی لە خۆیان بکەنەوە.

وەنەبـــێ ئەو هەڵوێســـتەی وەزارەتـــی نـــاوخۆ ورەی بە **ئەلـقەزاز** و هاوڕێکانی بەردابێ، بەپێچەوانەوە بەدرێژایی چەند ساڵێک، ناوبەناو داخوازییەکەیان تازە دەکردەوە، ئەگەرچی هیچ ئەنجامێکیـان دەسـتگیر نەبـوو.[39] بەوەشـەوە ڕانەوەسـتان، بەڵکـو هەر لەو مـاوەیەدا چەنـد جارێـک لە ڕۆژنامەکـانی نـاوخۆدا گرنگـی و بـایەخی ڕێکخـراوی کرێکارانەیان ڕونکردەوە.[40] ژیانی پڕلە ئەشکەنجەی زەحمەتکێشـان و تەشـەنەکردنی بێکـاری لەناویانـدا، پـاڵی پێوەنـان ئەو ڕێگـا تـازەیە بگرنەبەر کە لە هێزە سیاسـیەکانی تـرەوە فێری بووبـوون. ئەویـش پیشکەشـکردنی داواکارینـامە و داخـوازیکردن لە لێپرسـراوان بـوو، بەهیـوای ئەوەی دەسـتگیرۆییان بـکەن و بـاری سەرشـانیان سـووک

بکەن. لەو ڕۆژگارەدا کرێکاران وەک خەڵکی تر هیوایەکی گەورەیان بە مەلیک و وەزیرە 'بەڕێزەکان' هەبوو. چونکە دڵنیا بوون لەوەی کە چاوی سۆزوبەزەییان لێیانەوە دەبێت، وەک کرێکارێکی بێکار لەو وتارەیدا کە بەناونیشانی هاواری کرێکارێک[41] نووسیویەتی. ئەم جۆرە تێکۆشانە، تا ماوەیەک بووە شێوەی خەباتی کرێکاران. بەڵام وردەوردە لە بێ ئەنجامی ئەم ڕێگایە تێگەیشتن، چونکە نە هیچی دەستخستن و نە لەوەودواش دەیتوانی دەستکەوتێکی کرێکارانەیان بۆ بچەسپێنێ. بۆیە کرێکاران بەرامبەر بە میری کەوتنە قسەکردن کە دەبێ لەجیاتی پشتگیریکردنی کۆمپانیا بیانییەکان، کرێکاران بپارێزی. ئەمە جگە لەوەی کە ڕەخنەیان لە نوێنەرانی گەل و وەزیرەکان دەگرت، چونکە گیروگرفتە بنچینەییەکانی کرێکارانیان پشتگوێ خستبوو.. پاشان شکایەتێکی زۆر بەسەر ڕۆژنامەکاندا داباری و دەستە دەستە کرێکاری بێکار ڕووی تێدەکردن و بارگرانی خۆیان ڕوون دەکردەوە، بەڵام میری **هیچ گوێی بەو هاتوهاوارە نەدا کە لە زاری سەدان خەڵکی بێکارەوە دەهاتە دەرێ و هەنگاوێکی ئەوتۆشی نەنا، ئەو خەڵکە لەو تەنگوچەڵەمەیە ڕزگار بکات.**[42]

ئەوجا بزووتنەوەی کرێکاران لە دژی کۆمپانیا بیانییەکان بە ئاشکرا دەستیپێکرد و سەرەتای مانگرتنی کرێکارانی ڕێکوپێک لەو ماوەیەدا خۆی نواند. ئەوە بوو لەساڵی ١٩٢٧ دا کرێکارانی ڕێگەی ئاسن یەکەم مانگرتنیان سازکرد,[43] دروشمی چەند داخوازییەکی پێشەییان بڵندکردەوە. لەوانە: زیادکردنی ڕۆژانە بەئەندازەیەک لەگەڵ ڕۆژانەی کرێکارە بیانییەکاندا بگونجێت. هەروەها لە کاتی خۆیدا بەبێ دواکەوتن مووچەیان بدرێتێ[44] و مۆڵەتیان دوانەخرێ و کرێخانووی ئەو کرێکارانە کەم بکرێتەوە کە لە خانوبەرەی بەڕێوەبەرایەتی

ڕێگەی ئاسندا، نیشتەجێن. بەڕیوەبەرایەتی ناوبراو بەدەنگ هەندێ لەو داخوازییانەوە هات، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بەوەرگرتنی مووچە و دوانەخستنی مۆڵەتەوە هەبوو. گفتیشیدا بەڕاستی چاو بەداخوازییەکانی تردا بگێرێ. کرێکارانیش لەدوای ئەم هەنگاوە چوونەوە سەر ئیشوکاری خۆیان و بۆ یەکەمجار لە دژی چەوسێنەرانیان تامی سەرکەوتنیان چەشت. **محەمەد سالح ئەلقەزاز** کە دیارترینی سەرکردەی مانگرتنەکە بوو، بەتایبەتی ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە هاوکاری مانگرتووەکان لەم تاقیکردنەوە نوێیەدا، وای لەڕژێم کرد ناچاربێ حساب بۆ کرێکاران بکات. تەنانەت کە داخوازییەکی پێشوویان لەمەڕ دامەزراندنی یانەی کرێکارانیان تازەکردەوە، دەمودووی لێپرسراوان لەگەڵیاندا بەجۆرێکی تربوو.[45]

هەر لەو ماوەیەدا دەستپێشخەرییەکی نوێ هاتەگۆڕێ و خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەو گۆڕانەبوو کە بزووتنەوەی کرێکاران لە سەرەتای نەشونماکردنیدا بەخۆیەوە بینی. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٨ دا، ٤٥ کرێکار کۆبونەوە و پرۆتستۆیەکیان دژی هەڵسوکەوتی دڵڕەقانەی کۆمپانیای نەوت و تێکڕای کۆمپانیا بیانییەکان مۆرکرد و پاشان وینەیان دا بەلێپرسراوان و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ[46] هەندێ دەستپێشخەری دیکەیش هەر لەو ماوەیەدا دەرکەوتن کە هەریەکەیان لە ڕووی مێژووییەوە بایەخی خۆیان هەبوو، چونکە بوونە سەرەتایەک بۆ دەربازبوونی ئەوکرێکارانەی لەبنەڕەتدا جوتیار بوون و بەشێوەی جیاجیا پابەندی نەریت و ڕەوشت و پەیوەندی خێڵەکی بوون. هەندێک سەرچاوە باسی ئەو ناکۆکییانە دەکەن کە لەنێوان کرێکاران و سەرۆک خێڵەکاندا ڕوویانداوە، سەبارەت بەوەی بەشێکی ڕۆژانەو مانگانەکانیان وەردەگرتن.[47]

سەرپاکی ئەم بزاووتن و گۆڕانکارییانە لەگەڵ کۆتایی ساڵانی بیستدا تێکەڵ بە ڕەوتی بزووتنەوەیەکی فراوانتر بوون، کە بە چەندین تایبەتمەندی و شێوەی دەربڕینی نوێوە هاتنەکایەوە؛ هەموو ئەمانەش بە ئاشکرا لە دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵە کرێکاریی و پیشەییەکاندا، ڕەنگیان دایەوە.

## سەرهەڵدانی کۆمەڵەی کرێکاریی و پیشەیی

لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستەوە کرێکاران و پیشەوەران کەوتنەخۆ و چەند جارێک هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەی کرێکارانیاندا. تا گیروگرفتەکانیان زیادی بکردایە و ئاڵۆزتربوایە، توێژە هۆشیارەکەی ئەوچینە باشتر پێی لەسەر خۆڕێکخستن دادەگرت و یەکخستنی تێکۆشانیانی بەپێویستییەکی گرنگ لەقەڵەم دەدا. *محەمەد سالح* **ئەلقەزاز** ئەم مەسەلەیە بە کورتی و بە شێوەیەک باسدەکات بە ئاشکرا دیارە کە چاک لەو هەلومەرجانە تێگەیشتووە کە هەندێ گیروگرفتی زەحمەتکێشانی عێراقی کەم دەکردەوە؛ ئەوەتا لە بارەی پێکهێنانی کۆمەڵەی کرێکارانەوە، دەقاودەق دەڵێ:

**ئێمە بەتەواوی لاوازبووین و کەسێک نییە داوای مافەکانمانکات و لەبەردەم میری و کۆمپانیاکاندا ببێتە نوێنەرمان و لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەیە ڕێکمانبخەن؛ ئەم بێدەسەڵاتییەیشمان ئەنجامی ناکۆکی نێوان خۆمانە.. یەکێتیش ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستودروست پێک نەیەت ئەنجامی هەستپێکراوی نابێ. ڕێکخستنیش تەنها بە ڕێگای دروستکردنی کۆمەڵە و نەقابەوە دەبێ. سەبارەت بەم**

**هۆکارانە و بەیارمەتی کرێکارە هۆشیارەکان نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر چەند داخوازییەکمان.[48] پێشکەش کردووە، تاوەکو ڕێگامان بدرێ ئەو کۆمەڵانە پێکبهێنن.[49]**

بێگومان لێپرسراوان نەیاندەتوانی تاسەر گوێ لە داخوازی کرێکاران سەبارەت بە پێکهێنانی کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان بخەفێنن. چونکە لەو کاتەوەی کە وردەوردە دەنگی کرێکاران بەرزبووەوە و گیروگرفتەکانیان لەناو ڕای گشتیی و لە ئاستی فەرمیدا خۆیان سەپاند؛ ئارەزوی پێکهێنانی ئەو جۆرە کۆمەڵانە، تا دەهات لە کرێکاران و پیشەوەرە تازەکاندا، زیاتر گەشەی دەکرد.

پاشان **ئەلقەزاز** و هاوڕێکانی وازیان لە دامەزراندنی یانەی کرێکاران هێنا و لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٨دا، داخوازییەکی تازەیان دا بەوەزارەتی ناوخۆ و داوایان کرد ڕێگایان بدرێت کۆمەڵەیەک بەناوی کۆمەڵەی کرێکارانەوە[50] دابمەزرێنن. سەرتاشەکانیش شوێنپێی ئەوانیان هەڵگرت. ئەوە بوو *محەمەد مەکی ئەلئەشقەری* و چەند سەرتاشێکی شاری بەغداد داوایان لە وەزارەتی ناوخۆ کرد، ڕێگایانبدەن *کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان* دابمەزرێنن چونکە مەبەستیانە گوزەرانی سەرتاشان باشتربکەن و دەستی یارمەتی و برایەتی بۆ یەک درێژبکەن و لەسایەی خۆشەویستی و دڵسۆزی و ڕێزلێگرتنی یەکتردا کۆبووبوونەوە[51] دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە داوایان لە پەرلەمان کرد دەستبخاتە ئەم دۆزەوە و وەزارەتی ناوخۆ ناچار بکات ڕێگای دامەزراندنی بدرێ؛ ئەوەبو، وتوویژێکی زۆر سەبارەت بەم دۆزە لەنێوان پەرلەمان و لایەنە لێپرسراوەکاندا کرا[52] ڕەنگە هەر بەو هۆیەیشەوە بووبێ کە **ئەلئەشقەری** و هاوەڵەکانی بەر لە خەڵکیتر مۆڵەتی دامەزراندنی

کۆمەڵەکەیان وەرگرت. **کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان** یش بە فەرمی لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٢٩ دا[53] دامەزرا، بە یەکەمین کۆمەڵەی پیشەیی دادەنرێ کە ڕێگای کارکردنی لە عێراقدا پێ درابێ.[54]

کرێکارانی چاپخانە و بەرگدروەکان و شۆفێر و میوەفرۆشان و زۆری تریش، یەک لەدوای یەک داخوازیان پیشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد. بەڵام وەزارەتی ناوبراو زۆر بە سستی لەو داخوازییانەی دەکۆڵییەوە. بە نموونە: میوە فرۆشەکان لە مانگی ئەیلوولی ١٩٢٩دا، داوای دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان کرد[55]، کەچی وەزارەتی ناوخۆ چەند مانگێک وەڵامەکەی دواخست و تا ٤ـی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو، نەیانتوانی یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکەیان هەڵبژێرن.[56]

بەو جۆرە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٩ وە چەند کۆمەڵەیەک بەناوی پیشەیی جۆربەجۆرەوە هاتنە ئاراوە، بێجگە لە **کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکانی عێراق** کە لە ٤ ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٠دا بەفەرمی ڕێگای پێدراو[57] **کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیکی عێراق** کە لە دوادوایی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ دا بە فەرمی مۆڵەتی وەرگرت[58]، دەڵێین بێجگە لەو دوو کۆمەڵەیە هیچ کام لەوانی تر ناوی کرێکاریان پێوە نەبوو؛ هیچیشیان لە سەرەتادا ئەوەندەی تۆزقاڵێک لە خزمەتی کرێکاران و بەرژەوەندییەکانیاندا نەبوون، وەک لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە.

جا ئەگەر بەوردیی تەماشای چۆنیەتیی دروستبوونی ئەم کۆمەڵانە بکەین، دەبینین هەموویان لەبنچینەدا کۆمەڵەی پیشەیین، یاخود کۆمەڵەیەکن بنکەیان لەکرێکاران و پیشەوەران پیکهاتووە و وردە

بۆرژوا] سەرکردایەتییان دەکەن. با لەو تاقە کۆمەڵەیەوە پێیدابێین کە لەناو تێکرای کۆمەڵە نیشتیمانیەکاندا[59] ناوی کرێکارانی لەخۆیناوە، واتە کۆمەلەی کرێکارانی چاپخانەکان. سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە ناوی "**عەبباس حوسەین ئال ئەلچەلەبی**" ـیە بە مانای تەواوی وشە خۆی کرێکار نەبوو. لێرەدا گرنگ ئەوەیە ڕەچاوی ئەوەبکەین ناوبراو کە لە ڕۆژی ١١ ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ دا بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە هڵبژێردراو تەنها ٣٦ دەنگی وەرگرت، ئەمەش بەگوێرەی هەڵبژێردراوەکانی ترەوە کەمترین ژمارەبوو، چونکە تێیدا هەبوو لە دووئەوەندەی ئەو زیاتر دەنگی هێنابوو[60] ڕاستە لە داواکەی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکاندا کە ڕۆژی ٢٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٩ پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆکرا، باسی ئەوە کراوە کە ئامانجی کۆمەڵە[61] ئەوەیە ئاگای لە بارودۆخی کرێکارانی چاپخانەکان بێت لە عێراقدا و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێ و ئەم کۆمەڵە سوودی تر دەبەخشێ و دەبێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ سەرتاپای وڵات.[62] بەڵام سەرۆکەکەی لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەریدا کە ڕۆژی ١٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ سازکرا، لە بارەی ئامانجەکانی کۆمەڵەوە دەقاودەق دەڵێت:

.. بڵاوکردنەوەی گیانی خۆشەویستی لە ڕیزی کرێکارانی چاپخانەکانی عێراقدا و هەوڵدان بۆ پێشخستنی هونەری چاپکردن و شارەزاکردنی کرێکار لەم مەیدانەدا و بەتەنگەوە هاتنی تەندروستییان ئامانجمانە هەرچیش لە توانادابێ بۆپاراستنی مافی خاوەن چاپخانەکان دریغی ناکەین.. پاشان کۆتایی بە قسەکانی دێنێ و دەڵێت:

هاوڕێیـان؛ لە سەرانسـەری جیهانـدا کرێکـارانی چاپخـانە خزمەتێکـی زۆری کۆمەڵگایـان کـردووە، ئەوان نەبوونـایە خەڵکـی نەیانـدەتوانی کتێب و ڕۆژنـامە، کە پڕن لە زانیـاری جۆربەجـۆر، بخـوێننەوە. لەبەر ئەوە پێویستە لەسـەرتان، دڵسـۆزی خـاوەن چاپخانەکانبن چی ئەرکی سـەرشـانتانە لە ئاسـتی ئەوانـدا بەجێیبهێنن[63] بـۆیە شـتیکی سـەیرنییە ئەگەر کۆمەڵەی ناوبراو لیژنەیەکی تایبەتی پێکبهێنێت و ئەرکی ئەوەی پێبسپێرێت بە شـێوەیەکی دادپەروەرانە کـار بەسـەر چاپخانەدا دابەش بکات و ناکۆکی نێوان کرێکارانیش [بڕوانە: تەنها لەنێوان کرێکاراندا. ک .م] بە ئاشـتی چارەسـەر بکات.[64] کاتێکیش سـەرۆکی کۆمەڵە بـۆی دەرکەوت بەم شـێوەیە ناگـاتە ئامانجەکـانی و پاشـان لەوە دڵنیـابوو، دامەزرانـدنی ئەم کـۆمەڵەیە لە بنەڕەتـدا بەدڵـی خـاوەن چاپخانەکـان نەبـوەو[65] بەرژەوەنـدی تایبەتییـان ناچـاریکردن دڵڕەقـانە بەرامـبەر کرێکـاران بجـوڵێنەوە؛ دەڵـێن لەوکـاتەوە وردەوردە سیاسـەتی خـۆی گۆڕی. ئەم هەڵوێستەش بەئاشکرا لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی **نداء العمال** دا، دەردەکەوێت کە پاش دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان بە ماوەیەک خۆی دەریـدەکرد.[66] لەگەڵ ئەوەشـــدا ســـەرۆکی کـــۆمەڵەی کرێکـــارانی چاپخانەکان هێشتا هەر باوەڕی بە ***گفتـی شـیرینی*** گەورە لێپرسـراوان و هەوڵـــی چالاکیـــان هەبـــوو. هیـــوایەکی گەورەشـــی پێیـــانبوو کە بەرژەوەنـدی کرێکـاری عێـراق[67] بپـارێزن. لەمەوە بۆمـان دەردەکەوێ کە وازهێنانی **ئال ئەلچەلەبی** لە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی ناوبراو، لەگەڵ پاشەکشـــەی بـــزووتنەوەی کرێکـــاریی و لەئەنجـــامی هێرشـــی کۆنەپەرستاندا کە دوایی باسی دەکەین شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە.[68] لەوەش سـەیرتر ئەوەیە کە پەیڕەوی نـاوخۆی **کۆمەڵەی پیشـەوەران** تـاقە ئامـاژەیەکی تێدانییە، پەیوەنـدیی بەکرێکـارانەوە هەبێ[69] ئەمە لە

کاتێکدا کە بنکەی سەرەکی کۆمەڵەیشیان پێکدەهێنا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە هەموو کۆمەڵەکانی تر زیاتر و دڵسۆزانەتر خزمەتی دۆزی ڕەوای کرێکارانی عێراقی کرد.[70] بەرامبەر بەمەش پرۆگرامەکەی چەند بەندێکی بنچینەیی تێدایە ڕاستەوخۆ بەرژەوەندی پیشەوەران دەپارێزی. ئەوەتا بڕگەی یەکەمی پەیڕەوەی ناوخۆی دەقاودەق دەڵێت: تاکە مەبەستی کۆمەڵە ئەوەیە پیشەوەران لە ڕووی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە پەروەردە بکات. بڕگەی دووەمیش دەڵێت: کۆمەڵە هەوڵدەدات پیشەسازی لەعێراقدا پێشبخات و ئەو کەسانەش کە لێهاتوون دەیاننێرێتە دەرەوەی وڵات تا لە یەکێک لە پیشەسازییەکاندا ببنە پسپۆڕ. بڕگەی ٢٥ یش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەرکی لیژنەکانی کۆمەڵە ئەوەیە: هانی ئەو پیشەسازییانە بدەن کە خۆیان سەرەوکاری دەکەن.[71] وەک پێشتریش باسکرا بڕگەی ٢٧-٣٠ پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە دەقاودەق دەڵێت: پێویستە ساڵی دوو پیشانگا بە مەبەستی هاندانی پیشەسازیی نیشتیمانی بکاتەوە.

ناوەڕۆکی بڕگەی حەوتەمی پەیڕەوی ناوخۆ بەباشی ڕۆشنایی دەخاتە سەر بنچینە و بینای کۆمەڵەی ناوبراو لە سەرەتای دروستبوونییەوە. ئەو بڕگەیە دەڵێت: هەر عێراقییەک [بڕوانە: هەرعێراقییەک بێ ئەوەی تەماشای ئەوە بکرێت سەربە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە .ک .م] ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێ بەئەندامی ئەم کۆمەڵەیە وەردەگیرێت:

ا: تەمەنی لە بیست ساڵ کەمتر نەبێت.

ب: ڕەوشتی باشبێت.

ج: مافی مەدەنی لێ وەرنەگیرابێتەوە.

د: بەلای کەمەوە دوو ئەندامی کۆمەڵە بیناسن.

*پاش هەموو ئەمانە شتێکی زۆر سروشتی بوو کە محەمەد سالح ئەلقەزازی [72] باوەڕپێکراوی کۆمەڵەی پیشەوەران دوای مۆڵەتپێدانی کۆمەڵەکەیان، بانگەوازێک بۆ کرێکاران و پیشەوەران دەربکات و تێیدا بانگیان بکات بێنە ناو ئەوکۆمەڵەوە، کە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندی و پاراستنی ئەو بەرهەمانەتان کە لە کەڵک کەوتوون و لەناوچوون دروستبووە. دەی بەخۆ کەون با یەکگرین و بە هەمووان هاریکاری یەکتر بکەین و لە بەردەرگای خواو نیشتتماندا پەیمان بدەین کە لەدوای ئەم یەکێتییە جیانەبینەوە*[73] لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە مەبەستی لە یەکێتی نێوان کرێکاران و خاوەن پیشەسازییەکانە.

وا پێدەچێ پیشەوەران یان پیشەوەران بەهۆی نەزانین و تێنەگەیشتنی جیاوازی نێوان کرێکاران و پیشەوەرانەوە، خۆیان بەکرێکار لەقەڵەم دابێت. یاخود لەبەر ئەوەی کە کرێکاران بووبوونە خاوەنی دەنگوڕەنگی خۆیان و جێپێیان لە کۆمەڵدا قایم کردبوو، پیشەوەرە بچکۆلەکان حەزیان دەکرد شانازیی بەوەوە بکەن، گوایە ئەوانیش کرێکارن. شایانی باسە **محەمەد سالح ئەلقەزاز** کە یەکەمین سەندیکاییە، تا ئەمڕۆش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کرێکاربووە و زۆریش شانازی پێوە دەکات.[74] ئەم کرێکارە ساڵی ١٩٠٥ هاتووەتە دونیاوە و بە هەموو پێوانەکانی ئەوسای وڵاتانی ڕۆژهەڵات سەر بە خێزانێکی مامناوەندی بووە.[75] باوکی پیشەوەر بووە گوڵنکەی هەڵدەبەست. سەبارەت بەوەی گوزەرانی باشبووە، هەر چوار کوڕەکەی واتە: محەمەد سالح و سێ براکەی تری ناردووەتە بەر خوێندن. ئەمەیان نەبێت، ئەوانیتر بوونەتە مووچەخۆر و بە پێودانی سەردەمی خۆیان پلەو پایەی دیاریان هەبووە.[76] *محەمەد سالح*

قۆناغی سەرەتایی لە بەغداد تەواوکردوە و پاشان لە ساڵی ١٩١٧دا چووەتە خوێندنی پیشەسازییەکان.[77] پاش چەند ساڵێک چووەتە قوتابخانەی بازرگانی ئەهلی ئێواران. جگە لە زمانی زگماکی خۆی، زمانی ئینگلیزی و تورکی و هیندۆسیش بە چاکی دەزانێت.[78] دیارە هەموو ئەم تایبەتمەندیانە و زیرەکی خۆیشی.[79] وایانکردوە لە هاوتەمەنەکانی خۆی زیاتر هەلی خۆگەشەکردنی بۆ بڕەخسێت. تەنانەت زۆر جاریش داوایان لێ کردووە ببێتە مووچەخۆر. ئەمە جگە لەوەی لە گەرمەی ڕۆژگاری سەرکردایەتیکردنی بزوتنەوەی کرێکاراندا، وەرشەیەکی ئاسنگەریی و چاککردنەوەی ماشین و ئامرازی جۆربەجۆری هەبووە. دانیشتووی گەڕەکی ***ئەعزەمییەش*** بوو، کە ئەوسا بە باشترین گەڕەکی بەغداد دادەنرا.[80] کەواتە یەکەمین سەندیکایی و سەرۆکی پیشەوەران یان باوەڕپێکراوی ئەو کۆمەڵەیە، پیشەوەرێکی لیبڕاو و دڵسۆزێکی ڕەسەن بووە و بەهۆی دۆخی تایبەتی و بابەتیی خۆیەوە،[81] وەک پێشتر باسی هەندێ لایەنی بنچینەییمان کرد[82]بووەتە خاوەنی دۆزی کرێکاریی. ئەم حەقیقەتەش ئەو بۆچونەمان چاکتر دەچەسپێنێ کە تا چ ڕادەیەک پیشەوەران توانیویانە لەناو بزووتنەوەی کرێکاریی عێراقدا ڕۆڵی خۆیان بینن.

سروشتی چینایەتی ئەم کۆمەڵانە پاڵی بەسەرکردەکانیانەوە دەنا، لە هەموو بۆنەیەکدا پشتگیری پیشەسازی نیشتیمانی بکەن. تەنانەت کۆبونەوەکانی هەندێکیان لە بنچینەدا بۆ ئەوە تەرخاندەکران وتاری جۆربەجۆر لە بارەی پیشەسازی نیشتیمانییەوە بخوێنرێتەوە وەک *کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان* لە ئاهەنگی ڕێزلێنانی شەوی ٢٧ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ دا بەبۆنەی مۆڵەتپێدانی کۆمەڵەی

کرێکــارانی چاپخانەکــانەوە کردیــان. ئەوە بــوو بەشــی زۆری ئەو وتارانەی بەو بۆنەیەوە خوێندرانەوە قسەیان لە پیشەسازی چنینی نیشــتیمانی دەکــرد[83]کەچــی کەســێک نەبــوو لەو دەیــان کــۆڕ و کۆبــونەوەیەدا کە کۆمەڵەکــان و لەپــێش هەموویــانەوە **کــۆمەڵەی پیشــەوەران** دەیــانگێڕا تــوخنی ئەوەبکەوێ چــۆن و بە چ شــێوەیەک ســەرمایەی نیشــتیمانی کرێکــاران دەچەوســێنێتەوە، یــان باســی ئەوە بکات باری ژیانی کرێکاران لەناو دامەزراوە ئەهلییەکاندا زۆر لەباری ژیــانی کرێکــارانی نــاو کۆمپانیــا بیانییەکــان خراپتــرە. بە نمــوونە: لە کۆمپانیای **تراموایدا** کرێکار نۆزدە سەعات لەسەر یەک کاری دەکرد، ڕۆژانەکەشــی زۆربەی کــات لەڕوپیەیەکــی تێنەدەپەڕانــد[84] وەنەبــێ دۆخی کرێکارانی چاپخانە ئەهلییەکانیش لەوان باشتر بووبێ.[85] ئەوانە ئەوســاش و ئێســتایش لەنــاو کرێکــارانی وڵاتە دواکەوتووەکانــدا کەرتێکی ڕۆشنبیر پێکدەهێنن، لەبەر ئەوە هەندێجار زۆر بەگران ئەو ژمــارەیەی کە پێویســتە دەســتدەکەون. هەر لەســەر بنــاغەی چەوساندنەوەی کرێکارانیش بوو کە سەرمایەی نیشتیمانی ئەو کاتەی کۆمەڵگــای عێــراق قــازانجێکی خەیــاڵی دەســتکەوت. ئەوەتــا پــاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر دامەزراندنی کارگەی ***فەتاح پاشا***دا سامانی ئەو خێزانە بە ٤ ملیۆن دینار خەملێنراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە کــوڕەکەی فەتــاح پاشــا تاســاڵی ١٩٢٠ مووچەخــۆری میــری بــووە، مانگانەکەی لە ٥٠٠ ڕوپیە تێپەڕی نەدەکرد. سامانی "محەمەد تاهیر ئەلبەغــدادی" یــش کە ســاڵی ١٩٣٤ کــارگەیەکی هاوبەشــی جــگەرە دروستکردنی دامەزراند گەیشتە دوو ملیۆن دینار، کەچی بەر لەوەی ئەم کــارگەیە دابمەزرێنێــت داهــاتی ســاڵانەی لە ١٥٠٠ ڕوپــیە تێنەدەپەڕی[86]. وەک **ئەلقەزاز** باسی دەکات: سەرەڕای ئەوەی کە ئەو

کـۆمەڵانەی دامەزران پێویسـتییەکی لە ڕادەبەدەریـان بە یـارمەتی هەبـوو، بەڵام هیچکـام لەو پـارەدارانە دەسـتی یارمەتییـان بـۆ درێژنەکـردن[87]، بـۆیە ڕۆشـنبیران و کرێکـاران بەخـۆڕایی ئیشـوکارەکانیان دەکـردن و ڕایـان دەپەڕانـدن،[88]دەڵێـین سـەرەڕای هەموو ئەمانە کەچی لەناو هەموواندا "نوری فەتاح پاشا" بەسـەرۆکی فەخری **کۆمەڵەی پیشەوەران** هەڵدەبژێردرا.[89]

با لە هەموو ئەو شتانە گەڕێین کە پێشتر باسکران؛ دامەزراندنی ئەو کـۆمەڵانە بە خـاڵێکی درەوشـەدار و گرنگـی مێـژووی نـوێی عێـراق دادەنرێت و کـاتیخۆی لە زۆر مەیـدانی جیاجیای ڕای گشـتی عێراقدا بەشـێوەیەکی بەربـڵاو دەنگیـدایەوە. هێـزە نیشـتیمانیەکان و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ بایەخێکی هەستپێکراویان بەم بزووتنەوە پیرۆزە دا و هـانی وەزارەتـی ناوخۆیـان دەدا مـاوەی دامەزرانـدنی ئەوچەشـنە کۆمەڵانە بدرێت تاوەکو چینی کرێکاران جموجۆڵی تێبکەوێ[90] دوایش دەستی ڕێزیان بۆ کاری پڕسوودیان بەسنگەوەگرت و لایان وا بوو بایەخدان بە کرێکـاران و بەرهەمەکانیـان ئەرکێکە و لە ئەسـتۆیانە.[91] بەبـۆنەی مـۆڵەت پێدانی کـۆمەڵەی پیشـەوەرانەوە، ڕۆژنـامەی **العـالم العربـی** سـەروتاری ئەو ڕۆژەی بە ناونیشـانی ***پێویسـتیی، پاڵەوان و کردار دەخولقێنێ*** تەرخان کرد. نوسەری وتار دەڵێت:

*کە دەوترێت ئەوانەی بەڕەنجـی بـازووی خـۆیـان دەژیـن [بەڕاسـتیش ئەوانە باشـترین کەسـن] و لەپێنـاوی خۆشـگوزەرانیدا کـاردەکەن و دەیانەوێ مـافە ڕەواکـانی خـۆیـان دابین بکەن، دڵخـۆش دەبـم ، وەک دڵخۆشی ئەوانەی نەک ئاو بەڵکو خوێن بە دەمارەکانیانـدا دەگەڕێ*[92]

ئینجا قسە و ڕای هەمەچەشن لە بارەی کرێکارانەوە سەریان هەڵدا، کە تا ئەو کاتە نەبیسترابوون. *کرێکاران، واتە هەمـوو ئەوانەی بەهـۆی*

*ڕەنجی خۆیانەوە دەژین وەک وتراوە بەخشندەن و سوودبەخشترین ئەندامن بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، چونکە هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ خەڵکی کاردەکەن، و گەربێ و لە کار بکەون ژیان ڕادەوەستێت*[93] ئەم جۆرە هەڵوێستە ئەوەندەی تر ورەی کرێکارانی بەرزکردەوە و زیاتر باوەڕیان بەخۆیان پەیدا کرد، بەتایبەتی چونکە بەدرێژایی چەندین ساڵ لە کۆمەڵگادا پشتگوێ خرابوون. ئەوەتا کرێکارێک لە ئاهەنگێکدا کە سەرتاشان و کرێکاری چاپخانەکان تێیدا ئامادەبوون، بەم جۆرە هەستی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێت: لەناو لەشی ئەو کرێکارانەدا کە ئیستا خەریکن لە خەوی چەند ساڵە ڕاستیان دەبێتەوە گیانێک هەیە، ئەویش گیانی ڕاپەڕین و هەڵمەتبردنە ڕووەو بەرزیی[94].

لە لایەکی تریشەوە ئەم کۆمەڵانە، خزمەتێکی زۆری ئەندامە کرێکار و پیشەوەرەکانی خۆیانکرد. گەربێ و ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەمانە یەکەمین دامودەزگان لە مێژوی عێراقدا ئەرکی داکۆکی کردنیان لە دۆزی کرێکاران خستە ئەستۆ، ئەوەندەی تر بایەخی ئەو خزمەت گوزارییەمان بۆساغ دەبێتەوە. هەر ئەو کۆمەڵانە بوون لە دژی بێکاری دەجەنگان و پەردەیان لەسەر هەڵوێستی ناڕەوای کۆمپانیا بیانییەکان بەرامبەر بە کرێکارانی عیراق دامالی و چەندین یاداشت و پرۆتستویان سەبارەت بەم دوو مەسەلە پێشکەش کرد. **کۆمەڵەی پیشەوەران** و کرێکارانی چاپخانەکان و هاریکاری سەرتاشان چەند خولێکیان کردەوە بە ئێواران، ئەندامە نەخوێندەوارەکانیان فێری خوێندن و نووسین دەکرد و ئاستی خوێندەواری ئەوانی تریشیان بەرز دەکردەوە. هەندێ جاریش زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لایەنە بنچینەیەکانی تەکنیکی نوێ دەگووترانەوە، بەتایبەتی کە سەرکردەی ئەو کۆمەڵانە لەوە تێگەیشتن کە کاتی ئەوە هاتووە کرێکاران لە

خەوی غەفڵەت ڕاستیانبێتەوە و داوای زانست و بەروبوومی ژیان بکەن[95]ئەم کۆمەلانە چەندین ئاهەنگ و کۆڕیان گێڕا و ئەندامانیان کۆدەبوونەوە و گوێیان لەو وتارانە دەبوو کە بۆ خەڵکی وەک ئەوان تازە و نەبیستراو بوون، وەک کرێکار و شوێن دەستی لە ژیانی پراکتیکیدا[96] و پەیوەندییەکانی کرێکاران لە جیهاندا[97] و یەکیتی و شوێندەستی لە کۆمەڵدا،[98] کۆمەڵە پیشەییەکان و شوێندەستیان لە کۆمەڵدا[99] و سەرتاش و پەیوەندی پیشەکەی بە تەندروستییەوە[100] و زۆر مەسەلەی تریش کە هەر هەموویان ئامانجیان هاندانی کرێکاران بوو تا زیاتر تێبکۆشن و کۆششیان یەکبخەن و ئەو توێژە ونبووە لە خەوی غەوفلەت ڕاستبکەنەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵیک کرێکاری بە هێزی یەکگرتوو پێکبهێنن و لە ئێستا زیاتر داوای ئەو مافانەیان بکەن کە لە زۆر ڕووەوە پشتگوێخراون، تا ئەو کاتەی کرێکاری عێراقی بە مافی زەوتکراوی خۆی شاد دەبێتەوە، و کەرامەتی پێشێلکراوی دەست دەکەویتەوە[101]

بەهۆی ئەم کۆمەڵانەوە، کرێکاران و پیشەوەران بۆ یەکەمجار کاری شانۆییان کردە ئامرازی خۆ ڕۆشنبیر کردن[102] هەندێ جاریش ئەم کۆمەڵانە بەپێی ئەو توانا کەمەی هەیانبوو، یارمەتی ئەندامە نەدار و دەستکورتەکانیان دەدا[103]جاری واش هەبوو جموجۆڵی ئەم کۆمەڵانە ئەنجامی ڕاستەوخۆیان بەدەستدەهێنا. بە نموونە: لە کۆڕێکی *کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشاندا* هەر ئەوەندەی خاوەن باس لە خویندنەوەی نووسینەکەی بووەوە، تێکڕای ئامادەبووان بڕیاریاندا کەس بۆ قومارکردن هاتوچۆی ***لۆنا پارک*** نەکات؛ وا پێدەچێت خەڵکێکی زۆری سەر بە چینە هەژارەکان لەو سەردەمەدا خوویان دابێتێ و بەدەستییەوە ناڵاندوویانە.[104]

جموجۆڵی کۆمەڵەی کرێکاران و پیشەوەران لەناو ڕای گشتی عێراقدا بەباشــی دەنگیــدایەوە. ئەوەتــا *ئیبــراهیم حیلمــی ئەلعــومەری* کە ڕۆشنبیرێکی ئەو قۆناغەیە بەم شێوەیە چالاکی ئەوسای کرێکاران هەڵدەسەنگێنێت:

هەر کەسێک شوین پێی ڕاپەڕینی کرێکارانی عێراق هەڵبگرێ و خۆی بگەیەنێتە ناو یانە و کۆمەڵەکانیان و گوێ لەو بیروڕا ئازادانەیان بگرێ کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا دەری دەبڕن و بە باشــی بڕوانێتە ئەو شێوە تێفکرینەی کە چارەسەری هەلومەرجی کارکردن و مەسەلە تایبەتیەکانی خۆیان پێدەکەن؛ خێر و خۆشییەکی زۆر لە مانە ڕادەبینێ و وایان لێ چاوەڕوان دەکات ببنە هۆی شانازی هەمیشــەیی نیشــتیمان و خۆشــگوزەرانییەکی بەردەوام.[105] *سەلمان ئەلسەفوانی*یش ڕووی دەم دەکاتە کرێکاران و دەڵێت: ئەم خۆیەکخستنەتان لەناو کۆمەڵەکانتاندا و لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە و دەنگی دلێرانەتان کە جاروبار بەهۆی ڕۆژنامەوە لە ئاسۆی وڵاتاندا دەنگدەداتەوە، مـوژدەی خێر و خۆشـییە و هیوادارین لە داهـاتوودا ببێتە ڕووناکییەکی ئەوتۆ پەردەی ڕەش و تاریکی لەسەر ئەم وڵاتە لێقەومـاوە بـرەوێنێتەوە[106] *گۆڤـاری الحاصـد*ـیش چـالاکی ئەم کۆمەلانە بە بەڵگەی ڕاستبوونەوەی کرێکاری عێراق لەپاش نوستنێکی دووردرێـژ لەقەڵەم دەدا و بەگیـانێکی بەرزە و خەریـکە دەرژێـتە دەروونـی کرێکـارانی عێراقەوە وەک سەرنوسـەری گۆڤاری ناوبراو لەدوای بەشـداریبوونی لە کۆبـونەوەیەکی کـۆمەڵەی کرێکـارانی چاپخانەکاندا نووسیبووی[107]

هەرچەنـدە جموجـۆڵی کـۆمەڵەی کرێکـاران و پیشـەوەران بەتەنهـا لە بەغدادا چەقی بەستبوو، بەڵام کارێکی ئەوتۆیشیان کرد کرێکار و

پیشـــەوەری شـــارەکانی تـــریش بگـــرێتەوە و ئەنجـــامیش نەک هەر لە هەندێکیاندا لقی کۆمەڵەکانی بەغدادیان تێدا کرایەوە، بەڵکو لە چەند شارێکیشـدا کـۆمەڵەی سـەربەخۆ دامەزران؛ وەکـو کـۆمەڵەی میـوە فرۆشـان لە مووسـڵ، کە وەزارەتـی نـاوخۆ لە سـەرەتای تشـرینی دووەمـــی ســـاڵی ١٩٣٠دا مـــۆڵەتی دامەزرانـــدنی[108] دا . هەروەهـــا ژمارەیەکی زۆر کرێکار و پیشەوەر، داخوازیان پێشکەش بە بارەگای کۆمەڵەی بەغداد کرد و دەیانویست لە شارەکانیاندا لقی ئەو کۆمەڵانە بکـــرێتەوە[109] دەســـتەی بەرێـــوەبەری هەنـــدی لەو کـــۆمەڵانەش بە مەبەستی پێکەوەنانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زەحمەتکێشـان و هێزە سیاسییەکاندا، سەریان لە ناوچەکانی تردا، و هەر بە ڕاسـتیش توانییـان ئەو کـارەی پییـان سـپێردرابوو، تـا ڕادەیەک سـەرکەوتن بەدەستبهێنن.[110]

**کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان** بەهـۆی محەمەد مەکی ئەلئەشتەری ی[111] یەوە کە سەرۆکی بوو، لەگەڵ **کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکان** کە بەهـۆی سروشـتی پیشـەکەیانەوە هۆشـیارییەکی باشـیان هەبـوو، لەســەرپاکی کۆمەڵەکـانی تـری ئەوقۆنـاغە جموجـۆڵ و جەماوەریـان زیـاتربوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هێشـتا هەر کـۆمەڵەی پیشـەوارن بزێوترین و بەهێزترینی هەمـوو ئەو کۆمەڵانەبـوون و لە هەموشـیان پترتر خەریکی دۆزە بنەڕەتییەکانی جەماوەری کرێکاران بوو.

# کۆمەڵەی پیشەوەران

ئەو داوایەی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی کرێکاران پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی کرد، تا ماوەیەکی زۆر لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە دواخرا چونکە، **یەکەم:** ئامانجی کۆمەڵە ئەوە بوو کەرتێکی فراوانی کرێکاران ڕێکبخا. **دووەم:** لەبەر ئەوەی بەتەنها ، ئەو دەبوو ڕووبەڕووی کۆمپانیایەک ببێتەوە کە تا ئەو کاتە لەژێر ڕکێفی ئینگلیزیدا بوو، هەر ئەوانیش بەڕێوەیان دەبرد. **سێیەم:** دەستەی دامەزرێنەری ئەو کۆمەلەیە بزێوترین ڕێکاربوون و ڕژێم دانی خێری پێدانەدەنان. **چوارەم:** ئەو کۆمەڵەیەی پێشنیاری دامەزراندنی کرا، ناوی کۆمەڵەی کرێکارانی لێ نرابوو. بەڵام پاش ئەوەی وەزارەت مۆڵەتی *کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشانی* داو بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام پێ لەسەر ئەم داخوازییە دادەگیرا، وەزارتی ناوخۆ بە داواکەی دەستەی دامەزرێنەر قایلبوو، بەمەرجێک ناوی کرێکاران بگۆڕدرێ بە ناویکی تر. سەرئەنجام هەمویان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن ناوی پیشەوەرانی لێبنێن. ئینجا بەبۆنەی ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ ڕێگەی دا، بەڕێز *عەبدولڕەحیم ئەفەندی ئەلتکریتی*[112] و هاوەڵەکانی کۆمەڵەیەک بەناوی **کۆمەڵەی پیشەوەران**[113]ـەوە دابمەزرێنن ڕۆژنامەکانی ناوخۆ بەپیر ئەم هەواڵەوە چوون و موژدەیان بە هەموو پیشەوەران دا. کۆمەڵەی ناوبراویش ڕۆژی مۆڵەت پێدانی کە ڕێکەوتی ١ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٩ی دەکرد، بە مێژووی فەرمی دامەزراندی خۆی دانا.[114]

ئەم کۆمەڵەیە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە دیسپلین و ڕێکخراوی پێوە دیاربوو. ئەوەتا دەستەی دامەزرێنەری بەهۆی

ڕۆژنامەکـــانەوە کـــات و شـــوێنی هەڵبژاردنـــی یەکەم دەســـتەی بەڕێوەبەری، بەپێی بڕگەی یازدەی پەیڕەوی ناوخۆی دەستنیشان کرد[115]. لە کاتی دەستنیشانکراودا ٢٦ـی تەمووزی ١٩٢٩ دەستەی گشـتی لە بینـاکەی ئامۆژگـای زانسـتی کۆبـوونەوە و ئەنجـامی هەڵبژاردنەکەش بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

1. محەمەد سالح عەبدوالجەببار ئەلقەزاز، **سەرۆک**.
2. ئەحمەد ئەلسەید محەمەد، **جێگری سەرۆک**.
3. محەمەد موستەفا کرێکار لە ڕێگەی ئاسن، **سکرتێر**.
4. نەعیم فەتتوحی فیتەر لە ڕێگای ئاسن، **لێپرسراوی سندوق**.
5. یوسف ئەلسەید تاها فیتەر لە ڕێگەی ئاسن،[116] **چاودێری گشتی**.
6. عەبدولجەبار سەلمان فیتەر، **سەرۆکی بەش** لە کارگەی سوپایی ئەندامی یاریدەدەر.
7. محییەددین محەممەد کرێکاری ڕێگەی ئاسن[117] **ئەندامی یاریدەدەر**.[118]

سەرەتا **کۆمەڵەی پیشەوەران** بیناکەی سینەما ڕۆیاڵیان کردە بنکەی خۆیان و دوایی لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا گواستییەوە بۆ بارەگا تایبەتییەکەی خۆی لە *حەیدەرخانە*[119] بەپێی بڕگەی ٣٧ـی پەیڕەوی ناوخۆ، **کۆمەڵەی پیشەوەران** بێجگە لە دەستەی بەڕێوەبەر چەند لیژنەیەکی تریشی هەبوو، وەک لیژنەی تۆکمەچییەکان و لیژنەی تۆرنەچییەکان و هیتریش، هەریەک لەم لیژنانەش دەستەی بەڕێوەبەر

و سەرۆکی خۆیان هەبوو[120] پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە[121] لە ٩ بەش و ٣٩ بڕگە[122] پێک هاتووە و ئامانجی کۆمەڵە و مەرجی وەرگرتنی ئەندامان و ئەرکی دەستە و لیژنەکانیان دیاریکردووە.

بڕگەی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆ بەشێوەیەک ئامانجی **کۆمەڵەی پیشەوەرانی** داڕشتووە، ئەگەر وا نەبوایە هەرگیز ماوەی نەدەدرا لە بارودۆخی ئەوسای وڵاتدا کار بکات[123] **بڕگەی یەکەم دەڵێت:** **کۆمەڵەی پیشەوەران** بە هیچ جۆرێک توخنی سیاسەت و ئایین ناکەوێ و تاکە مەبەستی ئەوەیە، پیشەوەران لە ڕووی ڕەوشت و پیشەسازی زانستی و کۆمەڵایەتییەوە پەروەردە بکات و بیروباوەڕی بەرز لەناو ئەندامانیدا بڵاوبکاتەوە[124]( سەرۆکی کۆمەڵەش چەندین جار لەو وتارانەیدا کە بەبۆنەی جیاجیاوە دەیخوێندنەوە، ئەم مەسەلەیەی دووبارە دەکردەوە. بەتایبەتیش لەو کاتانەدا پێی لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرت کە دەسەڵاتدارانی ڕژێم دەیانویست بە بیانووی خۆهەڵقورتاندن لە کار و باری سیاسەتەوە، کۆمەڵە دابخەن. دیارە ئەم شێوە تێڕوانینەیش ڕای ئەوانە بوو کە جڵەوی کاروباری سیاسەتیان بەدەستەوە بوو، وایان دادەنا گوایە سیاسەت پیشەیەکە خەڵکی ئاسایی لێی نازانن. لەبەر ئەوە قەدەغەکردنی سیاسەت، هەر کۆمەڵەی پیشەوەرانی نەگرتبووەوە بەڵکو سەرپاکی کۆمەڵە پیشەیی و کرێکارییەکان بەبێ جیاوازی بەدەستییەوە دامابوون. بە نموونە: **محەمەد مەکی ئەلئەشتەری** سووربوو لەسەرئەوەی کە مەبەستی *کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان* تەنها هاریکاری و ئابووری و تەندروستییە و بەس. هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە.[125]

بێگومان ئەم شێوە داڕشتنەی بە زۆرەملێ بەسەر پەیڕەوی ناوخۆدا سەپێنرابوو، نەیتوانی ڕێگا لە کرێکاران و پیشەوەران بگرێ تاوەکو لە

شـارەکاندا نـوێنەرایەتی لە بـزوتنەوەی ڕزگـاریی نیشـتیمانی بـکەن. بەپـێچەوانەوە، ئەوان بە کـردەوە بـوونە سـوتەمەنی ئەو مەسـەلەیە. ئەمە جـگە لەوەی کە سـەرکردایەتی کـۆمەڵە خـۆی دەگەڕا بەشـوێن دەرفەتێکـدا تـا هەڵوێسـتی سیاسـی دژ بە ئیمپرپـالیزم دەرببـڕێ. کـاتێکیش کە پەیوەنـدی نێـوان و وەزارەتـی *نـاجی ئەلسـوەیدی* و لێپرسـراوانی ئینگلیـز لە عێراقـدا بەو ڕادەیە تێکچـوو *ئەلسـوەیدی* ناچـارکرا ڕۆژی ٩ـی مـارتی١٩٣٠ دەسـت لە کـار بکێشـێتەوە و حەقیقەتـی مەسـەلەکەیش بـۆ گەل ڕوونبکـاتەوە و ئەنجـامیش خۆپیشاندانی زۆر گەورە ساز کرا[126] دەڵێین: ئا لەو کاتەدا **محەمەد سالح ئەلقەزاز** بەناوی لاوانی کرێکار و پیشەوەرانەوە پرۆتستۆیەکی بڵاوکردەوە تێیدا دەڵێ: *لاوە کرێکارەکان و پیشەوەران لەم بارودۆخە نالەبارە تەواو داخ لەدڵن و نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە کەلە ڕەقی ئینگلیـز لە ئاسـت داخوازییەکـانی گەلـدا، دەردەبـڕن و پشـتگیری وەزارەتەکەی ئەلسـوەیدی دەکەن کە بەشـێکە لە داخوازییەکانی وڵات و داوا لە بەرێـزان نـوێنەرانی گەل و دڵسـۆزانی مـیللەت دەکەن بە هەمووشێوەیەک سووربن لەسەر داخوازییەکانی نەتەوەی عێراق.*[127]

هەروەها **ئەلقەزاز** دوپاتی دەکاتەوە کۆمەڵەی پیشـەوەران بە توندی دژی پەیمـانی ١٩٣٠ـی نێـوان عێـراق و بەریتانیـا ڕاوەسـتا و چەنـد پرۆتسـتۆیەکی دژی ئەو پەیمـانە بـۆ کـۆمەڵی گەلان ڕەوانەکـرد، بـۆ دڵنیایش کۆمەڵەی ناوبراو لە گەیشتنی پرۆتستۆکانی ئاگاداریکردەوە. ئەم هەڵوێسـتەی *کـۆمەڵەی پیشـەوەران* بەرامـبەر بەو پەیمـانە، کاربەدەسـتانی ئینگلیـز و دەسـەڵاتدارانی عێراقیـان ورووژانـد و سـەرکردەکانیان بەوە تاوانبـارکرد گـوایە لە پەیـڕەوەی نـاوخۆ لایانداوە[128] لێرەدا پێویستە دەست بۆ ئەو ڕاستییە درێژبکەین کە زۆر

سـەرکردەی کـۆمەڵە کرێکـاریی و پیشـەییەکان و لەپـێش هەموویشـیانەوە **ئەلـقەزاز** و **ئەلئەشـتەری** پەیوەنـدی پتەویـان بەسەرکردە نیشتمان پەروەرەکان و ئەپۆزسیۆنی ئەوساوە هەبوو، وەک **جەعفەر ئەبولتمەن** و خەڵکی تریش.

بەو چەشنە **کۆمەڵەی پیشەوەران** لە سنووری پەیڕەوەی ناوخۆ و ئەو ئامانجانەی لە بڕگەنانیاندا دیاریکرابوون، چووە دەرەوە. ئامانجی ڕاستەقینەی کۆمەڵەیش لەو کاروکردارانەدا دەردەکەوێ کە لەگەڵ قسە و گوفتاری **ئەلقەزازدا** یەکیان گرتووە؛ خۆیشی چەندین جار دووپاتی کردووەتەوە کە مەبەستی کۆمەڵە *بەرگریکردن لە مافی کرێکاران و خەباتکردنە بۆ دەستخستنی داواکانیان و پاراستنیان لە چنگی ئەوانەی یاری بە بەرژەوەندییەکانیان دەکەن. با چی تەوژمی کۆسپ و تەگەرە و زریانی بەهێز و سەرهەڵگرتوو هەیە، هێرش بۆسەر بیروباوەری سەختمان بهێنن، گەر خۆمان داناوە و تووشی هەزاران چورتم بووین، دەست لەم ماسەلەیە هەڵناگرین و هەوڵ دەدەین کرێکاری عێراقی لەو کۆتوزنجیرە ڕزگار بکەین کە تێوەی ئالاوە و دەمانەوێ بەمانای تەواوی وشە[129]بەختیاری بکەین، تا لەگەڵ برای کرێکاری پیشکەوتووی ڕۆژئاواییدا ووردو وورده یەکسان دەوەستێتەوە.*[130]

بەهۆی کۆمەڵێک هۆوە کە بەم یان بەو شێوە کاریان لە یەکتر دەکرد کۆمەڵەی پیشەوەران لە گشت کۆمەڵەکانی تر، پتر ڕۆڵی لە ژیان و بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق دەبینی. بەر لە هەموو شتێک ئەو کۆمەڵەیە لەسەر بنکەیەکی کرێکرانە بنیاتنرا بوو، نەک پیشەوەرانە. بەشی زۆری ئەو بنکەیەیش بریتی بوو لە کرێکارانی ڕێگەی ئاسن. ئەمانە جگە لەوەی تەواو لە کرێکاری کارخانەوە نزیکن، ڕۆژ لەدوای

ڕۆژیش زیاتر دەچەوسێنرانەوە، بۆیە هەمیشە بە توندی ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی[131] لە لایەکی تریشەوە زۆربەی سەرکردەکانی ئەو کۆمەڵەیە سەربە چینێکی کۆمەڵایەتی بوون و لەچاو سەرکردەی کۆمەڵەکانی تردا هۆشیارییەکی چینایەتی قووڵتریان هەبوو. **ئەلقەزاز** خۆیشی سەرکردەیەکی بێ وێنەبوو بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەرگری لەو مەسەلە دەکرد کە خۆی کردبووە خاوەنی. دەیزانی چۆن سۆزی خەڵکی دەبزوێنێ و بە چ شێوەیەک لە ناخەوە دەیان وروژێنێ و چۆنیش گیروگرفتەکانیان نیشاندەدا و بەرگری لە حەق دەکات. کۆمۆڵەی پیشەوەران کەوتبووە ژێر کارتێکردنی هەندێ ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕەوە لەناو ئەمانەیشدا خەڵکی وا هەبوون ریبازی سۆشیالیزمی گرتبووەبەر وەک چیرۆکنووسی پێشکەوتووخواز *"مەحموود ئەحمەد ئەلسەید*[132] *و* **"حسەین ئەلرەحال"** *و"* **عەبدوللا جەددوع"** *و* **"ئیبراهیم ئەلقەزاز"** باسیان دەکات، هانی بزووتنەوەی کرێکارییان دەدا و بە هەموو شێوەیەک دەستگیرۆییان دەکرد.[133]

بێگومان ئەم هەڵوێستەیشیان هەر وا لەخۆوە نەبووە بەڵکو ئەنجامی ئەوە بوو ئەمانە لە خەڵکی تر، قوڵتر لە واقیعی کۆمەڵ تێگەیشتبوون. ئەوانە لەو باوەڕەدابوون: کۆڵەکەی ژیان کرێکاران ڕایانگرتووە. خەڵکی تەمەڵ و کارنەکەر میکرۆبن و پێویستە قەلاچۆ بکرێن.[134] شایانی باسە زۆربەی ئەوانەی ناومان هێناون بەشدارییان لەو کۆڕانەدا دەکرد کە کۆمەڵە سازی دەکردن، گوتار و باسی کرێکارانەیان بۆ دەخوێندنەوە و هەربەڕاستیش کارێکی گەورەیان کردە سەریان.[135] ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆڵێکی دیاریان لە ڕۆژنامە کرێکاریەکاندا گێڕا.

سـەبارەت بەو هۆکـارانە و هـی تـریش کـۆمەڵەی کرێکـران بەزوویـی جێگەی خۆی لەناو زەحمەتکێشانی عێراقدا کردەوە، و لەو سـەردەمە ناسکەی مێژوویـی وڵاتـدا دەنـگ و ڕەنگـی خـۆی لەنـاو بـزووتنەوەی نیشـتیمانیدا، دەرخسـت. تەنهـا لە مـاوەی سـاڵێکدا نـزیکەی سـێ هەزار کرێکــار چــوونە ڕیزەکــانییەوە[136] وەنەبــێ جموجــۆڵی کــۆمەڵەی پیشــەوەران بە تەنهـا لە بەغـدادی پایتەختـدا گیـری خـواردبێ نەخێـر؛ بەڵکــو لە زووەوە هەوڵـــی خـــۆی بگەیەنێـــتە شـــارەکانی تـــر و مەڵبەنـــدەکانی تـــری کرێکـــاران و لەو شـــوێنانەدا کە فـــارگۆنی شەمەندەفەریان لێ چاکدەکرانەوە چەند لقێکی بۆ کرێکارانی ڕێگەی ئاسـن لە ***دیـوانییە*** و ***ئـوور*** و ***قەرەخـان*** و شـوێنی تـریش کـردەوە. دوایـی تێپەڕبـوونی شـەش مـانگیش بەسـەر دامەزراندنیـدا، وەفـدێکی بەنـاوی وەفـدی خـوارووەوە بە سـەرۆکایەتی **ئەلـقەزاز** پێکهێنـا. ئەم وەفـدە دەگەیشـتە هەر شـوێنێک لەلایەن کرێکـارانی ئەو شـوێنەوە بەگەرمیـی پێشـوازی لـێ دەکـرا و لە هەمـوو ئەو شـوێنانەیش یەک لەدوای یەک کۆبونەوەیان بۆ کرێکاران و پیشـەوەران ساز دەکرد و ئامـانجی کـۆمەڵەی پیشـەوەران و چـۆنیەتیی ئـیش وکارەکانیـان بـۆ ڕووندەکردنەوە. بەو جۆرە لقی کۆمەڵەی ناوبراو لە بەسرە و ناسریە و حیللە و شوێنی تریش کرایەوە. ژمارەی کرێکارانی ئەو کۆمەڵەیە لە شـارێکی وەک بەسـرەدا گەیشـتە ٦٠٠ کەس.[137] کرێکـارانی خـانەقین لایـان وا بـوو، چـالاکی و جموجـۆڵی کـۆمەڵەی پیشـەوەران وزەی کارکردنیـان پێدەبەخشـێ و تیشـکی بەختیارییـان بـۆ دەنێـرێ،[138] بـۆیە لقێکی کۆمەڵەیان لە شارەکەیاندا کردەوە.

کۆمەڵەی پیشەوەران لەناو تێکڕایی کۆمەڵە پیشـەیی و کرێکارییەکانی تردا، ناوبانگی ئەوەندە گەورەی دەرکرد، هیچ کام لەو کۆمەڵانە بەبێ

پرس و ڕاوێژکردن بە **ئەلقەزاز** و هاوڕێکانی تری، کاروباریان ئەنجام نەدەدا.[139] **ئەلـقەزاز** تەمـای بـوو چـی کـۆمەڵی کرێکـاری و پیشـەیی هەبووە لە یەک ڕێکخراوەی سەربەخۆدا کۆبکاتەوە و زۆر جاریش لە بـۆنەی جیاجیـادا قسـەی لەم مەسـەلەیە کـردووە و پێـی لەسـەر دادەگـرت. ئەوەتـا لەو ئـاهەنگەدا کە بەبـۆنەی تێپەڕبـوونی سـاڵێک بەسـەر دامەزرانـدنی کـۆمەڵەدا سـازکراوە، بەم شـێوەیە کۆتـای بەو وتارە دەهێنێ و دەڵێت:

*.. لە کۆتاییـدا، هیـوادارین ئەم ڕۆژە لە سـاڵی داهـاتوودا بە جۆرێـک بکەینەوە کە هەمـوو کـۆمەڵ و خـاوەن پیشەسـازییەکان با ناویشـیان جیـاوازبێ یەکیـان گرتبـێ و کـۆمەڵەیەکی گشـتییان بـۆ خۆیـان پێکهێنـابێ.[140] کـۆمەڵەی پیشـەوەران وەک **ئەلـقەزاز** باسـیدەکات لە ڕووی دارایـیەوە توانـایەکی ئەوتـۆی نەبـووە. سـەرچاوەی دارایـی کـۆمەڵە. بریتـی بـووە لە ئـابوونەی مانگـانەی کرێکـارە هەژار و نەدارەکان بە پلەی یەکەم[141] کرێکارە ئازادیخوازەکانی ڕێگەی ئاسن، هەروەهـا لەو پیتـاکە کەمەی کە لە دەسـتکەوتی ئەو ئـاهەنگە بـۆی مـایەوە کە ڕۆژی ١٣ـــی ئەیلـولی ١٩٣٠ لەسـەر شـانۆی ئـۆپێرا سازیکرد.[142]*

سـەرەڕای بێتوانـایی و کەمـدەرامەتی، کـۆمەڵە تـوانی لە مـاوەی دووسـاڵی تەمەنیـدا، بەگشـتی کرێکـاران و ڕونـاکبیران جموجـۆڵێکی بەرفراوان بنوێنێ. بایەخێکی زۆریدا بەسـازکردنی کۆڕ و کۆبونەوە بۆئەندامەکانی. مەسەلەی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەیش کە لەو کۆڕانەدا دەخوێندرانەوە، لە باس و گوتاری کومەڵەکانی تر، باشتر چارەسەری مەسـەلەی کرێکـاران و گیروگرفتەکانیـان دەکـرد. ئەوانەیـش کە بۆگـوێگرتن ئامـادەی ئەو کـۆڕانە دەبـوون، زۆر لە ژمـارەی ئەوانە

زۆرتر بوون کە بەژداریی کۆڕ و کۆبوونەوەی کۆمەڵەکانی تریان دەکرد. زەحمەتکێشان بە گشتی و کرێکارانی ڕێگەی ئاسن بەپەرۆشەوە بەدەم بانگهێشتی ئەم کۆمەڵەیەوە دەچوون. زۆربەی کاتیش هەندێ لە پیاوە ناودارەکانی ناو بزووتنەوەی نیشتیمانی و نوێنەری ڕۆژنامەکان و پیاوانی ئایین و لاوە شۆڕشگێڕەکان، ئامادەی ئەم کۆبونەوانە دەبوون.[143] جاری وایش هەبوو ئەندامە هۆشیارەکانی کۆمەڵە بەبۆنەی ١ی ئایارەوە[144]بە نهێنی و لە ماڵی یەکێکیاندا، یاخود لەناو فارگۆنێکی بەتاڵدا ئاهەنگیان دەگێڕا.[145]

کۆمەڵەی پیشەوەران لەناو ئەندامانیدا بایەخێکی باشی بە مەسەلەی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری دابوو، بۆ ئەم مەبەستەیش دەورەی تایبەتی بۆ کردبوونەوە. هەروەها چەند پۆلێکیشی کردەوە بۆ ئەو ئەندامانەی کە ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزیان بوون. بەسەرێکی تریش کۆمەڵە بە پارە یارمەتی هەندێ کرێکاری داو[146] لەگەڵ پزیشکێکدا ڕێککەوت تا بەخۆڕایی چارەسەری نەخۆشەکانیان بکات.[147] لەگەڵ چەند پارێزەرێکیشدا پێکهات تاوەکو سۆراخی داوا و شکایەتی کرێکارە هەژارەکان بکەن بەبێ پارە.

ئەوەی کە بە شانازییەوە بۆ کۆمەڵەی پیشەوەران تۆماردەکرێت ئەوەیە، بەبێ جیاوازی نەتەوە وئایین و تیرە و ڕەگەز تەماشای ئەندامانی دەکرد. کاتێکیش کە لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ دا و بەبۆنەی سەری ساڵی تازەوە ئاهەنگی گێڕا و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بەشدارییان تێداکرد، دەستپێشخەرییەکی ئەوەندە جوانبوو، ڕۆژگاری "*شۆڕشی بیست*" ی هێنایەوە یاد. هەر لەو ئاهەنگەدا چەند وتارێک خوێندرانەوە و هەموویان کرێکارانیان هاندەدا دەستبخەنە ناو دەستی یەکەوە و هاریکاری یەکتر بکەن.[148]

جا ئەگەر کۆمەڵەی پیشەوەران لەو قۆناغەدا بایەخێکی تایبەتی بە مەسەلەی بێکاری دابێت شتێکی سروشتی بووە. چونکە کۆمەڵەی ناوبراو هەر لە زووەوە داوای لە بێکارەکان کردبوو لە بارەگا خۆیان ناونووس بکەن. هەروەها پەیوەندی بە چەند لایەنی جیاجیاوە کرد، ئەو بێکارانە بخاتە سەر کار، و هەربەڕاستیش کاری بۆ هەندێکیان دۆزییەوە. چەند جارێکیش ئەوەندەی لە توانایدابوو، بە پارە دەستگیرۆی دەیان کرێکاری بێکاری کرد.[149] بۆیە کرێکارە بێکارەکانیش تا دەهات زیاتر لە کۆمەڵەی پیشەوەران دەورووژان و ڕۆژی بە دەیان کەسیان لە بارەگاکەیدا کۆدەبوونەوە، تەنانەت هەندێجار ئەو ڕاستەشەقامەی بەتەنیشت بارەگای کۆمەڵەوە بوو، ئەوەندەی خەڵکی تێدەڕژا ڕێگای هاتوچۆی دەبەست. ئەم هەموو بایەخپێدانەی کۆمەڵە بە مەسەلەی بێکاری و کرێکارە بێکارەکانی دەدا، دامودەزگای ڕژێمی بەتەواوی ورووژاند، و لەتاوا کەوتنە پروپاگەندە کردن گوایە بە هانە هانەی ئۆپۆزسیۆن ئاژاوە دەنێنەوە و ئەوەیشی کە ڕۆژنامەکان لە بارەی کرێکارە بێکارەکانەوە بڵاویدەکەنەوە لەڕاستییەوە دوورن.[150] بەرامبەر بەم هەڵوێستە، کۆمەڵەی پیشەوەران ناچاربوو داوا لە هەموو کرێکارێکی بێکار بکات بڕوا نامەیەک لەمەڕ دواکاری و بەڵگەنامەیەکی ڕەوشت باشی لە موختاری گەڕەکەکەی وەربگرێت و لەگەڵ ڕەگەزنامەکەیدا بیدات بە کۆمەڵە. ڕایشیگەیاند ئامادەیە، بە پارە یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە لەبەر بێدەرامەتی توانای دەرهێنانی ڕەگەزنامەیان نییە.[151] لە هەموو ئەوانەیش گرنگتر ئەوە بوو زۆر چالاکانە بەشداری لە سەرکردایەتیکردنی خەباتی کرێکاران و پیشەوەراندا کرد و ئەنجامیش لە سەرەتای سالانی سیدا بووە یەکێک لە گرنگترین

سیماکانی بزووتنەوەی نیشتیمانی گەلی عێراق، وەک لەدوایدا باسی دەکەین.

یەکێک لەو کارانەی جێبەجێی کرد و شایەنی باسکردنە، ئەوە بوو هەوڵیدا بەپێی تێگەیشتنی خۆی، بە هەرشێوەیەکبێت دەنگی کرێکاری عێراق بگەیەنێتە دەرەوەی وڵات. بە نموونە: حەزی دەکرد تەنانەت دەزگا دیپلۆماسییەکان و دەوڵەتانی تر، لە ناکۆکیی نێوان کرێکارە عێراقییەکان و کۆمپانیا بیانییەکان بکۆڵنەوە.[152] بۆیە *محەمەد سالح* **ئەلقەزاز** ی سەرۆکی کۆمەڵە، بەرلەوەی عێراق ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و پاش ئەوەیش، بەردەوام پەیوەندی بە بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان لە جنێف international labour office[153] و یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی جیهان لە بەرلین Eration of Trade Union Fed دەکرد.[154] وا پێدەچێت ئەم هەڵوێستەش لەوەوە هاتبێت کە کۆمەلەی گەلان، لە کاتی وەرگرتنی عێراق بە ئەندام، بایەخێکی باشی بە مەسەلەی کار و کرێکارانی عێراق دابێت.[155] لە ١٤ـی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٢دا **ئەلقەزاز** نامەیەکی بۆ بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان نارد، و تیایدا قسە لەباری ناهەمواری ژیانی کرێکارانی عێراق دەکات و داوای لێ دەکات بەپێی توانا یارمەتی کرێکارانی عێراق بدەن تا لە رووی رۆشنبیریەوە گەشە بکەن. پاشان سەرۆکی کۆمەڵە وەڵامی بیرۆی ناوبراوی لەگەڵ چەند نامیلکەیەکدا پێگەیشت و لە ناویاندا دەرفەتی کارکردن و جۆری ئەو یارمەتییەی کە دەتوانن پیشکەش بە کرێکارانی عێراق بکەن، روونکراونەتەوە.[156]

بەپێی راسپاردەکەی بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان **ئەلقەزاز** بە نامە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی جیهان لە بەرلین

بەست. لەو نامەیەیدا لە ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ بۆ سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوەی ناردووە، داوا دەکات زانیاری تەواو لە بارەی بزووتنەوەی کرێکاریی جیهانەوە بۆ کۆمەڵەی پیشەوەران بنێرن، هەروەها ڕووی دەمیان تێدەکات، دەستی یارمەتی بۆ کرێکارانی کەنار فورات درێژ بکەن، چونکە پێویستییان بەوە هەیە ***براکانیان لە دەرەوە هەندێ یارمەتی چەپکێک تیشکیان بۆ بنێرن.***[157]

ئەوەی ڕاستی بێ هەموو ئەم پەیوەندییانە، نەیانتوانی گۆڕانێکی چۆنیەتیی لەناو بزووتنەوەی کرێکاریی ئەوسای عێراقدا دروست بکەن، ئەمەیش بەهۆی باری سەرنجی ئەوانەوەبوو کە جڵەوی بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخراوانەیان گرتبووەدەست و هەمیشە ئامۆژگاریی کرێکارە عێراقییەکانیان دەکرد توخنی سیاسەت نەکەون و گرنگی بە دۆخی گشتی کرێکاران بدەن و بەس.[158] بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەمووی، نامە ئاڵوگۆڕکردنی **ئەلقەزاز** لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا، سەرنجی هەندێ لایەنی دەرەوەی بۆ ئەو واقیعە تاڵە ڕاکێشا، کە کرێکارانی عێراق تێیدا دەژیان. لەوەیش دەچێت چەند ڕۆژنامەیێکی بیانی، بە شێوەیێک دەستیان بۆ ئەم نامە ئاڵوگۆڕکردنە ڕاکێشابێت.[159]

کاتێکیش کرێکاران داوایان لە کۆمەڵەی پیشەوەران کرد نوێنەری خۆی بنێرێ بەشداری لە کۆنگرەی کرێکارانی دەوڵەتاندا بکات، کە بڕیاربوو ساڵی ١٩٣٣ ببەسترێ، میری ڕێگای نەدا و بەم کارەیشی هەڵوێستی فەرمی خۆی بەرامبەر بە کرێکاران لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ئاشکرا کرد.[160] هەر لەبەر ئەوەیش بوو، ڕژێم لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵەی ناوبراو و دامودەزگاکانی دەرەوە سڵی دەکردەوە و هەوڵیدا لەهەر چوارلاوە ئابلۆقەی بدات، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی

**ئەلقەزاز** ناچاربوو بەنهێنی و بەهۆی ئەوانەوە کە دەچوونە دەرەوەی وڵات نامەکانی بۆ بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان و یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی جیهان بنێرێت[161] دەسەڵاتدارنی ڕژێم بە ئەندازەیەک لەم پەیوەندییانە تۆقیبوون جارێکیان دەستیانگرت بەسەر وێنەی خۆنیشاندانێکی کرێکاراندا لە ترسی ئەوەی نەبا لە دەرەوی وڵات بڵاوبکرێتەوە.[162] شایانی باسە کاربەدەستان هەوڵێکی زۆریاندا **ئەلقەزاز** قایل بکەن بروسکەیەک بۆ بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان بنێرێ و تێیدا ڕایبگەیەنێ گوزەرانی کرێکارە عێراقییەکان ڕوو لە باشییە و میری بایەخیان پێ دەدا.[163]

چالاکیی کۆمەڵەی پیشەوەران، و سووربوون و بەرگریکردنی سەرکردایەتیەکەی لەسەر گرنگترین ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە زەحمەتکێشانی عێراقەوە هەبوو، لەناو ڕای گشتی عێراقدا، ناو و ناوبانگێکی گەورەی پەیداکرد. بەدرێژایی سالآنی ١٩٢٩-١٩٣١ کەم ڕێکەوتووە ڕۆژنامەیێک لە بەغداد دەرچووبێت و پەنجەی بۆ دەستکەوتێکی کومەڵە ڕانەکێشابێ، یان چەند بڕگەیەکی لە قسەی سەرکردە و گووتار بێژەکانیان بڵاو نەکردبێتەوە. هەر زوویش ڕۆژنامەکان خۆیان کردە خاوەنی ئەو کارە سوودبەخشانەی کۆمەڵەی پیشەوەران ئەنجامیداون و شایەنی ڕێز و ستایشن.[164]

جموجۆڵی کۆمەڵەی پیشەوەران و بڵاوبوونەوەی ناو و ناوبانگی، بەدڵی ئینگلیزەکان و ئەو کاربەدەستە عێراقییانە نەبوو کە چەندین کۆسپیان خستەبەردەمی، و ویستیان لە کاری بخەن.

یەکەم هەنگاویان ئەوە بوو، ڕێکخراوێکیان دروستکرد بۆ بەربەرەکانێکردنی.. دیارە ڕێکخراوێکی لەو جۆرەش، بە ڕای ئەوان دەبوو توانایەکی ئەوتۆی پێ ببەخشرێ کرێکاران بەلای خۆیدا

ڕابکێشێت. ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠ دا کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیکی عێراق دامەزرا و لە ڕۆژی ٣٠ـی کانونی دووەمی هەمان ساڵدا، دەستەی دامەزرێنەری لە بارەگاکەیدا لە *ڕەئسولقەریە*[165] کۆبوونەوە و *سەلیم ئەحمەد ئەلمیسری* بە سەرۆک و *ئەحمەد جاسم* بە سکرتێر و جێگری سەرۆک و *محەمەد تاهیر* بە ئەمینداری سندوق و *داود سەلمان* و *سەلمان شێخ ناسر* و *عەبدوڵڵا ئەلجەنابی* و *خەلیل بەربوتی* بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردران.[166] جا لەبەر ئەوەی بێکاری بووبووە گرێکوێرەی هەموو گیروگرفتەکانی ئەوسای کرێکاران، پەیڕەوەی ناوخۆی ئەو کۆمەڵەیە وای دەگەیاند گوایە، هەرچی کرێکاری بێکار هەیە نیوەی ئەو مووچەیەی دەدرێتێ کە لەدوایین کاریدا وەریگرتووە،[167] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا *کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیک* بۆی نەکرا هیچ ڕۆڵێک لە ژیانی کرێکاران بگێڕێ و تا ئەو کاتەی کەوتەدەست چەند ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی چینی کرێکاران، بە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی مایەوە، وەک لەدوایدا باسی دەکەین. چەند هەوڵێکی تری لەو جۆرەش درا، تاوەکو لە ناوەوە کۆمەڵەی پیشەوەران هەڵتەکێنن؛ بەوەی خەڵکی گومانلێکراویان دەهێنایە ناویەوە. لەو جێیەدا کە لە مانگرتنی کرێکاران دەدوێین بە دورودرێژی قسە لەم مەسەلەش دەکەین.

هەوڵ و تەقەلای ڕژێم لەم بوارەدا **ئەلقەزاز**ـیشی گرتەوە. لێپرسراوان چەند جارێک هەوڵیاندا ئەو بە وەرگرتنی پۆستێک لە دەرەوەی عێراق لەخشتە بەرن، ئینجا کە زانییان بۆیان نەرم نابێ، ویستیان بەوە چەواشەی بکەن لە بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتاندا ببێتە نوێنەری عێراق. دوای ئەوەی کە ناوبراو ئەم پایە گەورەیەیشی ڕەتکردەوە، بە بیانووی ئەوەی گوایە لە کار پچڕاوە، دەریانکرد.[168]

بەڵام مەبەستی لێپرسراوانی ڕێگەی ئاسن لەم هەنگاوەیان ئەوە بوو چیتر ماوەی نەدەن ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە کرێکارانی ئەم دامەزراوەیە ببێت و ئاگای لەگرفتەکانیان بێت. لە هەمان کاتدا ژمارەیەک لە چالاکترین ئەندامانی ئەو کۆمەڵە، لەوانە *دەرویش موراد* کە لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوبەردا بە جێگیر دەرچووبوو، لە بغداد دوورخرانەوە. ناوبراو بە چالاکی ناوبانگی دەرکردبوو، لە فێرکردنی میکانیک و وانەبێژیی بە ئەندامانی کۆمەڵە بەشدارییەکی چاکی کردبوو.[169] پاشان توانییان یەکێکی وەک *نەعیم فەتووحی* کە کرێکارێکی ڕێگەی ئاسن بوو بە پۆستێکی باشتر دەستخەڕۆ بکەن و لە کۆمەڵە دووریبخەنەوە.[170] کاربەدەستان بۆ ئەوەی کۆمەڵە پیشەیی و کرێکارییەکان لە کۆمەڵەی پیشەوەران داببڕن و نەهێڵن لەناو یەکدا هاریکارییبکەن، ڕێگا نەما نەیگرن. لەو لاشەوە هەوڵیاندەدا ناو و ناوبانگی **ئەلقەزاز** لە لای سەرکردەی کۆمەڵەکانی تر[171] بزڕێنن،[172] ئینجا هەڵسوکەوتی بەتەواوی خرایە ژێر چاودێرییەوە.

کاربەدەستان هەر بەوەیشەوە ڕانەوەستان، بەڵکو تۆمەتێکیان بۆ **ئەلقەزاز** و *شازدە* ئەندامی تری کۆمەڵە دروستکرد و بەهۆیەوە دران بە دادگای سزایی بەغداد و یەکی بیست ڕوپیە سزایان لێسەندن. بەڵام ڕژێم بەم سزایە قایل نەبوو، چونکە سزای لەوجۆرە ئەوە نەبوو ترس بخاتە دڵی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە، لەبەر ئەوە دەزگای پۆلیس داوای تێهەڵچوونەوەی لە دژیان بەرزکردەوە. کەچی دادگای تێهەڵچوونەوە نەک هەر داواکەی پۆلیسی ڕەتکردەوە بەڵکو سەبارەت بەبێ بناغەیی داواکە بڕیاریدا سزای پارەکەشیان هەڵوەشێتەوە.[173] دوای ئەم ڕووداوە، چەندین جاری تر **ئەلقەزاز** گیرا و تۆمەتی ناڕەوای بۆ دروستکرا، تەنانەت جارێکیان تاوانی ئەوەیان خستەپاڵ

گوایە کارێکی دژ بە میریی کردووە، پاشان دەرکەوت ئەو کاتە ئەم لە بەندیخانەی ناوەندیدا ناڵاندویەتی.[174]

ڕاستییەکەی چالاکی و جموجۆڵی دوژمنانی ڕێکخراوە کرێکاری و پیشەییەکان بەتەنها دژی کۆمەڵەی پیشەوەران نەبوو، ئەگەر چی لە بنچینەیشدا دوژمنی سەری ئەو بوون. بە نموونە *گۆڤاری الحاصد* دەستنیشانی ئەو کۆسپ و تەگەرانە دەکات، کە خرانە بەردەم کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکان لە یەکەمساڵی تەمەنیدا،[175] تەنانەت لای دوژمنانی کۆمەڵە کرێکاری و پیشەییەکان و ئەوانەش کە دەستیان بە پشتیاندا دەدا، حاڵ گەیشتە ئەوەی سەرۆکی کۆمەڵەی میوەفرۆشانیان بە ڕۆژی ڕووناک، و لەو کاتەدا کە لە کۆبونەوەکەی ٢٠ـی نیسانی ساڵی[176] ١٩٣٠ هاتە دەرەوە، بکوژن. ئەم ڕووداوە ئەوەندەیتر کرێکاران و پیشەوەرانی ورووژاند و بە خۆپیشاندانێکی گەورە تێیدا ئاڵا و دروشمی جۆربەجۆریان بەرز کردبوەوە، بەخاکیان سپارد. کۆمەڵەکانی تریش پرسەیان بۆ دانا و بڕیاریاندا جەژنی قوربان کە ڕێکەوتی ٢٨ ی نیسانی دەکرد جەژن نەکەن؛ هەروەها کرێکاران بۆ دەبڕینی نارەزای لەناو خۆیاندا جەژنە پیرۆزەیان قەدەغەکرد.[177] زۆر ڕێی تێدەچێت کوشتنی سەرۆکی *کۆمەڵەی میوەفرۆشان* پیشتر پیلانی بۆدانرابێ و لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراودا جێبەجێ کرابێ.

ئەمەش بەڕوونی نەک هەر لە شێوەی کوشتنەکەیدا دەردەکەوێ، بەڵکو لەوەشدا دیارە ڕێکەوتی ئەو ڕۆژانە دەکات کە بزووتنەوەی کرێکاری و نەقابەکانی عێراق لە هەرەتیدابوو. ئەوەتا ڕۆژنامە نیشتیمانیەکان ڕۆژی دوای ئەو ڕووداوە بەئاشکرا دەست بۆ ئەم حەقیقەتە ڕادەکێشن، بڵاویدەکەنەوە کە کوشتنی سەرۆکی کۆمەڵەی

میـوە فرۆشـان لەوە بەولاوە کە ئەنجـامی دڵسـۆزی  و بە تەنـگەوە هاتنی برا میوە فرۆشـەکانی بووە،[178]شـتێکی ترنییە. ئەوەشـی لێرەدا پێویسـتی بە باسـکردن هەیە، ئەوەیە ئەو کەسـەی پاش ئەو ڕووداوە بەزۆر بەسـەر کـۆمەڵەی میوەفرۆشـاندا سـەپێنرا سیاسـەتێکی تەواو پـێچەوانەی هەبـوو. لە ڕۆژگارێکـدا هێرشـی کۆنەپەرسـتان گەیشـتە ئەوپەڕی، ئەم سـەرۆکە تـازەیە دژی کۆمەڵەی پیشـەوەران ڕاوەسـتاو لە دژی کرێکـاران و کۆمەڵەکانیـان پشـتگیری هەڵوێسـتی ڕژێمـی کـرد.[179] هەمـوو ئەم کـاروکردەوانە نەیـانتوانی لە پشـت و پەنـای کۆمەڵەی پیشەوەران کەم بکەنەوە، یاخود کار بکەنە سـەر دڵسـۆزیی، بەپـێچەوانەوە ئەو کەسـەی شـوینپێی ڕووداوەکـانی ئەو قۆنـاغە هەڵبگرێت، بەتەواوی بۆی دەردەکەوێ کە چ کرێکاران و چ پیشـەوەرە بچووکەکان زیاتر لە دەوری دروشمەکانی ئەو کۆمەڵەیە گردبوونەوە. هەر لەو ماوەیەدا لە شارەکانی تری عێراقەوە، یەک لەدوای یەک داوا پیشـکەش بە کـۆمەڵە دەکـرا، و دەیانویسـت ببـنە ئەنـدام و لقـی کۆمەڵەیـان لە شـارەکاندا بۆ بکرێتەوە. هەروەهـا کرێکارانی کـارگەی وەزارەتـی ئـاوەدانیی لە بارەگـای کـۆمەڵەدا کۆبـوونەوە و بڕیاریانـدا بچنە ناو کۆمەڵەوە چونکە حەقیقەتی ئەو خزمەتگوزارییەی پیشکەش بە کرێکـارە عێراقییەکـانی کـردووە و یارمەتیـدانیان بە شـێوەی جۆربەجـۆر، لای هەمـووان ئاشـکرا و ڕوونە.[180] پێویسـتە ئەوەیـش بگۆترێ کە ڕۆژنامەکـانی ئەو کـاتە ڕۆڵێکـی گەورەیـان لەم مەیدانەدا گێڕا، و ئامانج و چالاکییەکانی کۆمەڵەی پیشەوەرانیان بۆ ڕای گشتی عێراق ڕوون کردەوە. کۆمەڵەی ناوبراو خۆیشـی هەر لەو قۆنـاغەدا و لە بـواری جموجـۆڵی ڕاگەیانـدن و بەهـۆی ڕۆژنـامەی کرێکـارانەوە، ڕۆڵێکی دیاری بینی.

## ڕۆژنامە و هۆیەکانی تری ڕاگەیاندنی کرێکاران

لە دوادوایی سالآنی بیستەوە و تا کۆتای سەردەمی ئینتیدابیش، ڕۆژنامەکانی ناوخۆ بەتایبەتی ئەوانەی بەرهەڵستی سیاسەتی ڕژێمیان دەکرد، بووبوونە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئەو کۆمەلآنە و جەماوەری خەڵکی عێراق. ئەم ڕۆژنامانە کەوتنە بلآوکردنەوەی دەنگوباسی کۆمەڵەکان و نیشانیدا گیروگرفتی کرێکاران و هەندێ جاریش بەرگرییان لە مەسەلە ڕەواکانیان دەکرد. سەرکردەی ئەو کۆمەلآنە بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی هەوڵیاندا سوود لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ وەربگرن و ڕایان بکێشن بەلای ئەو مەسەلانەدا کە زۆر بە شێوازێکی ڕۆمانسییانە دەیانورووژاند، هەر وەک لە باسی بێکاری کرێکاراندا قسەی لەسەرکرا. ئەوەشی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە چەند نازناوی تازەیان هێنایە کایەوە وەک *کرێکار، کرێکارێکی بێکار، لادێیەکی دڵ پڕ لە سوێ و هی تریش.* هەمووشیان لە مەسەلەی کرێکاریی و چالاکییەکانیان دەدوان.[181] چالاکی ڕاگەیاندنی کرێکاران بە تەنها بەمەوە رانەوەستا، بەڵکو لە کۆتایی سالآنی بیستەوە لە زۆر ڕووەوە ڕێبازی نوێی گرتەبەر، بە ڕادەیەک دەتوانین قسە لە سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژنامەی سەربەخۆی کرێکاران بکەین. سەرکردەکانی کۆمەڵە کرێکاری و پیشەییەکان، هەستیان کرد کە دەبێ خۆیان بهاوێژنە ئەو مەیدانە گرنگەوە کە بووەتە یەکێک لە پێویستییەکانی خەباتی سەرکەوتویان،[182] بەتایبەتی هەندێکیشیان چەند ساڵێک بەر لە

پێکهاتنی کۆمەڵەکانیان لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کاریان کردبوو. ئەوە بوو **عەباس حسەین ئال ئەلچەلەبی** کە یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکانی عێراق بوو ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و کۆمیدی و ڕەخنەیی بە ناوی *"الحقائق"ـەوە* لە ٢٢ شوباتی ١٩٢٤ دا دەرکرد و لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٦دا ڕژێم بە بیانووی ئەوەی لە ڕێبازی ڕۆژنامە ئەدەبییەکان لایداوە، لە کاریخست. پاشان ئەلچەلەبی لە ٣٠ی نیسانی ساڵی ١٩٢٨دا ڕۆژنامەیەکی تری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و کۆمیدی بە ناونیشانی "صدی الحقائق"[183] دەرکرد، بەڵام ئەمیش چەند جارێک لەکارخرا و دوای نۆمانگ بەیەکجاری ئیمتیازەکەیان لە خاوەنەکەی سەندەوە.[184]

وەنەبێت دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کرێکارانە لە بارودۆخی ئەوسای عێراقدا هەر وا شتێکی ئاسان بوو بێ. "**عەباس حسەین ئال ئەلچەلەبی**" کە خاوەنی ڕۆژنامەی **نداء العمال** بوو لە سەر وتاری یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەدا، دەڵێت: .. لە مێژبوو دەمانویست ڕۆژنامەیێک دابمەزرێنین لە زمانی کرێکارانەوە قسە بکات و بەرژەوەندیان بپارێزێ و پشتگیری خواستەکانیان بکات و بیروڕای ئەوان دەرببڕێت بەڵام ـوەک دووپاتی کردووەتەوەـ زۆر شت بوونە ڕێگر و زۆریش کۆسپ و تەگەرەی نالەبار خرایە بەردەممان.[185]

ئەوەی کە زانراوە لەساڵی ١٩٢٩وە ، هەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سەندیکای لە عێراقدا دراوە. هەر لەدوای مۆڵەت **پێدانی کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان** بە چەند مانگێک سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە **محەمەد مەکی ئەلئەشتەری** داواکارینامە بە وەزارەتی ناوخۆ دەدا و تێیدا داوای کرد ڕێگای بدرێت ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی وێنەدار بەناوی "التعاون"ەوە دەربکات. وەزارەتی ناوبراو لە

ڕۆژی ١٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٩ دا، بڕیاری لەسەر داواکەی دا. بەڵام *ئەلئەشتەری* دواکەوت و ڕۆژی ١٤ـی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ یەکەم ژمارەی دەرکرد. *ئەحمەد عیززەت موحەممەد ڕۆژبەیانی* بەڕێوەبەری لێپرسراو، و *مەلا حوممادی* ـیش بەڕێوەبەر و سەرنووسەری بوو . ئەم ڕۆژنامەیە نەیتوانیی لە چوار یان پێنج ژمارە زیاتر دەربکات.[186] دوای ئەوەی *ڕاجی ئەلعەسکەری* کە ئەندامێکی *کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیک* بوو لە ڕۆژی ١٤-ی ئەیلوولی ساڵی١٩٣٠ دا سەر لەنوێ ئیمتیازی ئەو ڕۆژنامەیەی بەناوی **صدى التعاون** *ـەوە* وەرگرتەوە، لەپاش سێ مانگ لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٠ یەکەم ژمارەی دەرچوو. دووەم جار سەرۆکی کۆمەڵەی پیشەوەران هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەکی سەندیکای بۆ زەحمەتکێشانی عێراق دەربکات. ئەوە بوو **محەمەد سالح ئەلقەزاز** داوای لە میری کرد ڕێگایبدرێت گۆڤارێکی پازدە ڕۆژی بەناوی **الصنائع** *ـەوە* دەربکات. وەزارەتی ناوخۆ لە ڕۆژی ٢٩-ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠ دا ئیمتیازەکەی پێ دا. بەڵام لەبەر لەناوچوونی ژمارەکانی تا ئێستا نازانرێ بەتەواویی چەند ژمارەی لێ دەرچووە. هەموو ئەوانەش سەبارەت ڕۆژنامەی کرێکاران دواون، مێژووی مۆڵەت پێدانی ئەو گۆڤارە واتە حوزەیرانی١٩٣٠ بە سەرەتای دەرچوونی دادەنێن.[187]. لە بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەکانی عێراقیش هەمان ڕا دووبارە بووەتەوە.[188]

بەڵام هەندێ بەڵگەی باوەڕپێکراو هەن ئەم ڕایە پوچ دەکەنەوە. دوای ئەو مێژووەی ئەو نووسەرانە باسی دەکەن، ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە بە ئاشکرا ڕوونی دەکەنەوە کە **ئەلقەزاز** تەمای وایە[189] گۆڤاری **الصنائع** دەربکات، ڕۆژنامەی **العالم العربی** ڕۆژی ١٠ـی

تەمووزی ساڵی ١٩٣٠ هەواڵێکی بڵاو کردوەتەوە و ڕایگەیاندووە کە *محەمەد* **سالح ئەلقەزاز** *ی* سەرۆکی کۆمەڵەی پیشەوەران ئیمتیازی گۆڤاریکی پازدە ڕۆژی بە ناوی **الصنائع** *ـەوە* وەرگرتووە. ئەم گۆڤارەیش کە دەبێتە ئۆرگانی کۆمەڵەی ناوبراو یەکەمین گۆڤاری عێراقییە، کرێکارانی عێراق بەدەستی خۆیان دەریدەکەن و زمانحاڵی ئەوانە. دەستەیەک لاوی پێگەیشتوو، سەرپەرشتی دەکەن، بەم زووانە دەردەچێ و پڕە لە مەسەلەی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و هەموو ئەو شتانەی لای چینی کرێکار بایەخدارن[190] بەپێی ئەو هەواڵە و شێوەی بڵاوکردنەوەکەی بە ئاشکرا دەردەکەوێ کۆمەڵەی پیشەوەران خۆیان هەواڵەکەیان بڵاوکردۆتەوە. کەواتە ناشێت گۆڤاری **الصنائع** بەر لە١٠ـی تەممووزی ساڵی ١٩٣٠دا دەرچووبێت و دوورنییە یەکەم ژمارەی لە کۆتای هاوین یاخود سەرەتای پایزی١٩٣٠دا دەرنەچووبێت، بەقسەی "**ئەلقەزاز**" گۆڤاری **الصنائع** سێ ژمارە زیاتری لێ دەرنەچووە ، ژمارە ٣ـی هەر لەچاپخانە و پێش بڵاوبوونەوەی لەلایەن حکومەتەوە دەستی بەسەردا گیراوە[191]، سەرنووسەری ئەو گۆڤارە **ئەلقەزاز**، بەڕێوبەرەکەی *عەبدولمەجید ئەلرافعی* بووە، وە *محەمەد مەکی ئەلئەشتە*[192]*،مەحمود ئەحمەد ئەلسەید، حسەین ئەلرەحال، عەبدولفەتاح ئیبراهیم، عەبدوڵا جەدووع، عەبدولقادر ئەلسەییاب*[193] و چەند کەسێکی تریش تێیدا دەیان نووسیی، هەر ژمارەیەکی نزیکەی١٥٠٠ دانەی لێ چاپدەکرا و بە پێودانی ئەو کاتە ڕەواجێکی باشی هەبووە،[194] شایەنی باسە ئەوانەی سەرپەرشتیان دەکرد هەوڵیان دا ناوەکەی بکەن بە **صوت العمال***

---

* دەنگی کرێکار

بەڵام دەسـەڵاتدارانی ڕژێـم بەم داوایە قایـل نەبـوون و ڕەتیانکردەوە.[195]

**گۆڤاری الصنائع** چارەسەری گرنگترین ئەو گیروگرفتانەی دەکرد کە کرێکاری عێراقی بەدەستیانەوە دەیانناڵاند و لەپێش هەموویانەوە بێکاریی، بۆیە چەندین وتاری لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە، ئەو وتارانەش بوونە هۆی زیاتر هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و تێگەیشتنیان لە واقعی ژیانی کرێکاران لە دەرەوەی عێراق، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین باس و خواستی تر کە بەدڵی ڕژێم نەبوون و ئەنجام بەلادان و پێ لێ هەڵبڕین لە قەڵەمدرا، و میری کردییە بەڵگە و بیانوو بۆ ئەوەی لە کاری بخات[196]، بە قسەی "**ئەلقەزاز**" هۆی ڕاستەوخۆی دەستبەسەرداگرتنی ژمارە ٣ی ئەو گۆڤارە چامەیەکە کە لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەدا، کە بەبۆنەی جەژنەوە سازکرابوو خوێندرایەوە،کە چامەکە دەڵێت:

أعيد الشعب أفسد المال رأسه　　فخان ومن خان البلاد له القتل
أعيد لشعب وقعت صك رقه　　عصابة سراق فانهكه الغل
أعيد وعمال البلاد حقوقها　　سليبه أطماع ترأسها القتل

لێپرسراوان وایان لەقەڵەم دا کە بەیتی یەکەم و دووەمی شیعرەکە ڕاست ورەوان مەلیک دەگرێتەوە.

پاشان کە زانییان دەقی چامەکە لە ژمارە ٣ی **الصنائع** ـدا بڵاوبۆتەوە، بە گورجی دەستیان بەسەردا گرت، ئەگەرچی "**ئەلقەزاز**" بۆ خۆپاراستن لە بگرەوبەردەی دەسەڵاتدارانی ڕژێم بەیتی یەکەمی شیعرەکەی بەم جۆرەی خوارەوە گۆری بوو"

*اعيد الشعب افسد المال جله　　فخانوا، ومن خان البلاد له القتل*[197]

تاکە ڕۆژنامەیەکی کرێکاران کە تا ڕادەیەکی باش شتی لە بارەوە بزانرێت ڕۆژنامەی "*العامل*"ـە،[198] هەر ئەوەندەی خاوەنەکەی لە ٩ی ئابی ساڵی ١٩٣٠ ئیمتیازەکەی وەرگرت، ئیتر کەوتە خۆ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی، ئینجا بەیاننامەیەکی چاپکراوی لەم بارەیەوە بەسەر ڕۆژنامە و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکردەوە و تێیدا ڕوونیدەکاتەوە کە تەمای وایە *ڕۆژنامەی العامل* دەربکات، ڕۆژنامەیێکی هەفتانەی وێنەدارە و بۆ خزمەتی کرێکاران هاتۆتە مەیدانەوە و تەماشای کاروباری ئەوان دەکات و بەرگری لە مافی ڕەوایان دەکات.[199]

**عەبدولمەجید حەسەن** کە خاوەنی ڕۆژنامەکە بوو لە چاپخانەیەکی ئەهلیدا کرێکار بوو، جگە لەوەش ئەندامێکی **چالاکی کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکانی** عێراق بوو، لە بزووتنەوەی کرێکاریی ئەو سەردەمەیشدا چالاکانە و بێ کۆڵدان خەباتی دەکرد.[200]

یەکەم **ڕۆژنامەی العامل** لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی هەشتی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ دا بەقەبارەی ٢٨ X٢١ سم دەرچوو،[201] لە ژێر ناوەکەیدا نووسرابوو *ڕۆژنامەیێکی ئەدەبیی و هونەریی هەفتانەیی وێنەدارە،عەبدولمەجید حەسەن خاوەنیەتی و فایەق ئەلقشتێنی بەڕێوبەرییەتی*،[202] ئەم ژمارەیە ١٤ بابەتی تێدا بڵاوکراوەتەوە، گرنگترینیان ***وتەی کرێکار*** کە بە شێوەیەکی سەروتار، هێڵی گشتیی ڕۆژنامەکە و چۆنێتی ڕێبازەکەی ڕووندەکاتەوە، ***ژیانی کرێکار*** *ئیبراهیم حیلمی* نووسیویەتی، ئینجا وتاری ***یەکێتیی کۆمەڵەی کرێکاران*** *ی "مەحموود ئەحمەد"*[203]، و ***تۆبڵێی کاربکەن-*** *ی سەلمان ئەلسەوافی* و ***چاکەی کرێکاران*** *ی "ئەمین ئەحمەد"*، وەک بە ئاشکرا لەو ناونیشانانەدا دیارە *ڕۆژنامەی العامل* خۆی بۆ خزمەتکردنی

مەسـەلەی کرێکـاران و ڕۆشـنبیرکردنیان تەرخـان کردبـوو، ئەمەش بەتەواوی لەسەروتارەکەیدا دەردەکەوێ کە دەڵێت:

**ئەی کرێکاری عێراق: ئەم ڕۆژنامەیە کە ناوی تۆی لەسـەر لاپەرەی یەکەمی نووسیوە ڕۆژنامەی خۆتە، چەکێکی ئەدەبییە بە دەستتەوە و بۆت هەیە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوامدا و لە پێناو دەستخستنی مـافی پێشـێلکراو و بەرگریکـردن لەو مەسـەلەیەی کە بەشـێکە لە مەسـەلەی کرێکـارانی وڵاتە عەرەبییەکـان شـانازی پێوە بـکەی، ئەم ڕۆژنامەیە ئەو دەنگە زوڵاڵەی تۆیە کە سەرانسەری جیهان دەیبیستێ و دەزانێ تۆیش زیندووی و هەسـت بە چەوسـاندنەوە و زەوتکردنی مافاکانت دەکەیت، هەسـت دەکەیت خـۆت و براکانـت کە لە وڵاتـانی دراوسێدا دەستی زۆرداران لەتوپەتی کردوون، لێپرسـراوی، هەسـت دەکەیـت کـاتی ڕاپەڕین هـاتووە و دەبێ شانبەشـانی ڕاپەڕیـوان بـۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشمان کۆشش بکەین و خۆمـان بگەیەنینە بیروبڕوای ئەم چینە زەحمەتکێشـەی سـەر ڕووی زەووی. لە کۆتـای سەروتارەکەیدا ڕۆژنامەکە بەم جۆرە ڕووی دەمی دەکاتە کرێکارانی عێراق و دەڵێت: چی بۆ کرێکاران بە سوودبەخش دەزانی پێشـنیاری بـکە [واتە ڕۆژنـامەکە. ک.م] چ بیـروڕایەک مەبەسـتە دەریببـڕە و هەمیشە و هەتاهەتایە دووبارەی بکەرەوە کە دروشمی ئێمە لەژیاندا و تـا ئەو کـاتەی بە ئامـانج دەگەیـن ئەوەیە: ئەی کرێکـارانی جیهـان یەکگرن![204]**

هەرچی وتارەکەی "مەحموود ئەحمەد ئەلسەید"ی چیرۆک نووسـە کە بە ناونیشـانی **یەکێتی کۆمەڵەی کرێکـاران** بڵاویکردبـۆیەوە شـایەنی ئەوەیە هەڵوێستەیەکی تایبەتی بۆ بکەین، چونکە بە شـێوەیەکی جوان ڕۆشنایی دەخاتە سەر چەندین لایەنی گرنگی ژیانی کرێکارانی عێراق

و ئاسـتی بزووتنەوەیـان لە قۆنـاغی یەکەمـدا، ئەمە جـگە لەوەی کە بەهـۆیەوە لەبـاری سـەرنجی ڕۆشـنبیرە شۆڕشـگێڕە ڕادیکاڵییەکـان تێـدەگەین بەرامـبەر بەو هێـزە نـوێیەی لە بینـای کـۆمەڵایەتی گەلـی عێراقدا خۆی نواند، *ئەلسەید* دەڵێت: ..**بانگەوازی یەکەمم بۆ هەموو کرێکـاران و جوتیـارانی وڵاتەکەمـان، بـۆ هەمـوو ئەشـکەنجە دراو و ستەمدیدەیەک، بۆ هەموو سەربازە سـەربڵندەکانی مرۆڤایەتی کە لە گەورەتـرین جەنگـدا و لەپێنـاوی مافەکـانی چینـی کرێکـاران و سەربەستی و بیروباوەڕە پیرۆزەکەیاندا پشتی یەکتری دەگرن، هەر ئەو بـانگەوازایە کە سـەرکردەکانی ئەو چیـنە پـێش دەیـان سـاڵ و ئێستاش دەیڵێنەوە:. ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن!** - با ئەم بانگەوازە دروشمی کرێکارانی خۆشمان بێت، بەبێ جیاوازی کار و پیشـەیان، با ئەوەش بـزانن کە نـاکۆکی و بەربەرەکـانێی یەکتـر لەوە بەولاوە کە تێکیان دەشکێنێ و بەرەو دواوەیان دەبات و تا ماوەیەکی دوورودرێژ مافیان بەفیرۆ دەبات هیچی تریان لێ دەستگیر نابێت، سەبارەت بە مافی کرێکارانیش *ئەلسەید* دەڵێت:

**"کرێکارانیش مافی زۆریان هەیەو خاوەنی نین، و هەر وا بە ئاسانی بەدەسـتی نـاهێنن، گومـانی تێـدانییە ئەوانە مـافی ژیـانن و بەبـێ دەستخسـتنیان مـردن گەلێک باشترە، کرێکار مـافی ڕەوای خـۆیەتی ڕۆژی هەشـت سـەعات کـار بکـات، کەچـی زۆربەی کـات چـواردە سـەعات کاری پێدەکرێ، مـافی خـۆیەتی بێکـار نەبـێ، مـافی ڕەوای خۆیەتی منداڵەکانی لە قوتابخانەدا فێری خوێندن و نووسین ببێ، نەک بە نەزانی فرێبدرێنە سەر شەقامەکان، یاخود بخرێنە بەر شـاگردی و لەناو کارگە و کارخانەکاندا کاری گرانیان پێ بکرێ، مافی خۆیەتی خـواردنی سـوودبەخش بخـوا و بەرگـی بـاش بپۆشـێ و جێگـایەکی**

لەباری هەبێ تێیدا بحەوێتەوە، نەک وەک ئاژەڵی کێوی لە ئەشکەوتدا بـژی، مـافی خـۆیەتی گەر خـۆی یـا ئەنـدامانی خێزانەکەی نەخـۆش کەوتن، پزیشک چارەسەریان بکات و داودەرمانی پێویستیان بدرێتێ و گەر کەفتەکاربوو نەیتوانی ژیانی خۆی دابین بکات و لەسـەر کار بمێنێتەوە، ئاوا چەردەیەک پارەی بدرێتێ و گەر پیری زۆری بۆهێناو چیتـر بـۆینەکرا ئەرکـی خـۆی بەجێبهێنـێ و کـار بکـات، مـووچەی خانەنشینی بدرێت بە خێزانەکەی، ***ئەلسەید*** لە کۆتـایی وتارەکەیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ***گەربێ و کرێکاران هاوکاری یەکتر نەکەن و کۆمەڵەکانیان لە سایەی ئاڵایەکی یەکگرتوودا یەک نەخەن کەڕاستتر وایە ناوی یەکێتی کۆمەڵە و نەقابەکانی کرێکارانی لێبنێن، هەرگیز بەو مافانەیـان شـاد نـابن، دەبـێ ئامانجیشـی بەرگریکـردن بـێ لە بەرژەوەندی هاوبەشـی کۆمەڵەی کرێکاران و هەوڵدان بێ بۆدانانی یاسایەکی ئەوتۆ تا لە سایەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە دێرینەدا کە بەزۆرەملێ پەیڕەوی یاساکانی دەکرێت، خۆیان و مافە ڕەواکانیان بەپێی توانا بپارێزێ و کرێکاریش سەربەست و سەربڵند بژی.***[205]

ژمـارەی یەکەمـی ڕۆژنـامەی **العامـل** چەنـد وتـارێکی گشتیشـی تێدا بڵاوکـراوەتەوە، وەک ئەو کەسـەی بەخـتەوەری دەدۆزێـتەوە ـی عەبـدولرەحمان الرکـابی و گـۆتینبێرگ *چـۆن هـونەری چـاپکردنی دۆزیـیەوە، گۆتینبێرگ گەر ژنـی نەهێنـایە و ئەویـش بەردەوام هـانی نەدایە، ئەوا مرۆڤـایەتی شارسـتانییەتی لە دەسـت دەچـوو*" و "وتووێژێک لەگەڵ داهێنەری کاتژمێری عێراقی مامۆستا عەبدولرەزاق مەحسوب ئەلئەعزەمی" و "*ڕابردووی خەمناکی لوتفی بەکر سیدقی*" و لە پەراوێـزدا : کرێکـاری ئـێمە و ئەوان : کە باسـی چـۆنیەتیی بەکارهێنـانی کارەبادەکات لە ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، و

پاشـان لەگەڵ واقعـی کرێکـار و جوتیـاری عێراقدا بەراوردی دەکات، **لەسەر شـانۆی هـونەر** کە باسـی تیپە هونەرییەکانی عێراق دەکات و چەند مەسەلەیەکی تری لەو جۆرە.

جـا گەربێـت و هەمـوو ئەو هەلومەرجـانە لەبەر چـاوبگرین، ئەوا ڕۆژنامەی **العامل** لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆک و شێوازی دەرهێنـان و پــلەی ڕۆشــنبیرییەوە جێگــایەکی تــایبەت داگیردەکــات، لەنــاو ڕۆژنامەکانی تریشدا. تاکە ڕۆژنامەیێکە گیروگرفتی کرێکارانی عێراقی دەستنیشـانکردووە و بە شـێوەیەک لە هەمـووان قـووڵتر هەلـومەرجی خەبــاتی ســەرکەوتوویان دەخــاتەڕوو،"[206] بــۆیە هەر زوو وەک ڕۆژنامەیێکی کرێکاران سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.[207]

تـا ئێسـتا ڕایەکـی چەسـپاو دەربـارەی ژمارەکـانی **ڕۆژنـامەی العامـل** لەئـارادا نیـیە، هەنـدێک سـوورن لەسـەر ئەوەی لە یەکەم ژمــارەی زیـاتری لێدەرنەچووە،[208] هەنـدێکی تـریش ڕایـان وایە سـێ ژمـارەی لێدەرچووە،[209] ئێمەش سـەرەڕای هەوڵ و تەقەلایەکـی زۆر لە یەکەم ژمارە زیاترمان دەست نەکەوت، زۆر ڕێـی تێدەچێ کە ئەوە یەکەم و دوا ژمارەی ڕۆژنامەی ناوبراو بێت.

هەرچەنـدە ڕۆژنـامەی[210]**نـداء العمــال** ژمـارە یەکـی ٢٢ ی تشـرینی دووەمـــی ١٩٣٠ X ٢٨ ٢٠ ســـم[211]، لە زۆر ڕووەوە لە ئاســـتی ڕۆژنامەی العمال ـدا نەبووە، بەڵام بەهـۆی چەنـد هـۆیەکی دیاریکراو دەچێتە خانەی ڕۆژنامەی کرێکارانەوە، **عەباس حەین ئال ئەلچەلەبی** کە سـەرۆکی **کـۆمەڵەی کرێکـارانی چاپخانەکـانی عێـراق** بـوو دەری دەکــرد، هەر کە ژمــارەی یەکەمــی کەوتە بــازاڕەوە بــۆ ســبەینێ ڕۆژنامەکـانی نـاوخۆ بڵاویـانکردەوە کە **بـایەخ بە *ژیـان و کـاروبـاری***

***کرێکاران دەدا،***[212] ئەم ڕاستییەش بەتەواوی چ لە نیشاندانی بابەتەکانی ژمارەی یەکەمیدا و چ لە پێناسەی ڕۆژنامەکە خۆیدا دەردەکەوێ.

ئەوەتا لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسیویەتی ***ڕۆژنامەیکی ڕەخنەیی ئەدەبیی پازدە ڕۆژیی وێنەدارە، زمانحاڵی کرێکاران و چەکی ئەدەبییانە، ئامانجی خزمەتکردنی کرێکارانە لە سەرانسەری وڵاتە عەرەبییەکاندا***[213]، لە سەروو ناوی ڕۆژنامەکەوە نووسراوە: " *قەوارەی میللەتان بە بازووی کرێکاران دروست دەبێت و ڕاپەڕینی ئەوان تەوقی ستەم و کۆتی گومڕایی دەتوێنێتەوە*".[214]

یەکەم ژمارەی **نداء العمال** بریتییە لەم حەڤدە دۆزە . بانگەوازی کرێکارانی خاوەن ڕۆژنامەکە، پەرەسەندنی جێوڕێی کرێکاران -ی یوسف ڕەجیب[215] و لە باخچەی ئەدەبدا -ی شاعیرێکی گەورە، ڕۆکفلەری پارێزەری ڕاجی ڕاعی، بۆ کرێکارە ئازادیخوازەکانی سەلمان ئەلسەفوانی، بیروڕای گەورەپیاوان سەبارەت بەشەرەفی ڕۆژنامە، یادی ڕۆژی ١٣-ی تشرینی دووەم[216]، ڕووداوی کرێکارانە لە هەندەران، لە باخچەی ڕۆژنامەگەریدا، هەمەڕەنگ، چەند ڕێکەوت و بیرێک ـی ئەمیر شەکیب ئەرسەلان، گەشتێک لە پێناو بەرژەوەندی کرێکاران -ی خاوەنی ڕۆژنامەکە، نەهامەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمان پاشا مورتەزا، ئەلفرێد نۆبڵ، کۆمەڵەی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن و دۆزینەوەی قوتابخانەیەک٤هەزارساڵ لەمەوبەر بنیاتنراوە.

بە ناونیشانی بابەتەکاندا بەڕوونی دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەی **نداء العمال** بە پلەی یەکەم بایەخی بە بابەتەکانی کرێکاران و پاش ئەوە بە ڕۆژنامەگەریی داوە، بەمەدا دیارە کە خاوەنەکەی تا چ ڕادەیەک بە تەنگ کاری ڕۆژنامەگەرییەوە بووە،[217] و چۆن ڕۆڵی سەرەکی لە دەرکردنی ڕۆژنامە تازەکە و نووسینی بابەتەکانیدا بینیوە، ژمارەی

یەکەمی لە وێنەیەکی گەورەی بەڕێوبەرەکەی زیاتر کە پارێزەر **تەوفیق ئەلفکێکی** بووە، هیچی تری بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام تێیدا گفتی داوە لە ژمارە دوودا وتارێک بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە.

ڕۆژنامەی **نداء العمال** هۆشیارانە ئامانجەکانی دیاریکردبوو، لە سەروتاری ژمارەی یەکەمدا بەم جۆرە دەستپێدەکات و دەڵێت: ئەم ڕۆژنامەیەمان کە بۆخزمەتی نیشتیمان و خەباتکردن لە پێناو بیروباوەڕی ڕزگاریخوازانەدا هاتۆتە مەیدان و لە ناوجەرگەی ئەو چینەوە هەڵقوولاوە کە مرۆڤایەتی پێکیهێناوە، پێشکەش دەکەین بە خوێنەران، بە کرێکاران و خەڵکی تریش، ئەو چینی کرێکارەی کە بە هێزی شان و بازوویان جیهان ئاوەدان بووە، و چەندین وڵات و شارستانییەت بنیات نرا، هەرچی بیروباوەڕی ڕۆژنامەکەشە لە نامەکەیدا دیارە چ ناوەڕۆک و مەبەستێک دەگەیەنێ و پێویستمان بەلێکدانەوەی ماناکەی نییە، کە وترا **نداء العمال** مەبەست ئەوەیە کار لە هەست و نەستیان بکرێت و هەڵپەی یەکگرتن بکەن و شانبەشانی یەکتر هاریکاری بکەن و پیشەسازی پێشبخەن و کۆمەڵگاکەیان بەرەو خۆشگوزەرانی بەرن، ئا لەم بۆچوونەوە ڕۆژنامەی ناوبراو خزمەتکردنی مەسەلەی کرێکارانی خستە ئەستۆی خۆی و *گوومانی تێدانییە کە لە پێشخستنی وڵاتدا و بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی شوێن دەستی دیار دەبێت.*[218] هەر لە سەروتارەکەیدا هەست بەوە دەکەین کە سەرەتای گۆڕان و چوونە پێشەوەیەک لە هزری سەرکردە سەندیکاییەکاندا گەڵاڵە بووە، ئەوەتا نووسەرەکەی ئاشکرای دەکات ئێمە: ئەم ڕۆژنامەیە لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست و لەسەر بنچینەی خۆبەختکردن لەپێناوی چینێکدا دەردەکەین کە خۆمان ڕۆڵەی بەوەفای ئەوین و لە هەموو کەس

چـاکتر ئاگـاداری پێویسـتییەکانین و بـۆ بیسـتنی داد و هاواریـان گوێچکەمـان لە هەمـوو لایەنێکـی دی سـووکترە و بە نـاڵە ناڵیشـی لە هەموو دڵێکی تر زۆرتر غەمبار دەبین.[219]

**ئال ئەلچەلەبی** بەم جۆرە کۆتایی بە سەروتاری ژمارەی یەکەمی نداء العمـال دەهێنێت و دەڵێت: بـا خـوێنەران ئاگـاداری ئەوەشـبن کە ئەم ڕۆژنامەیەمان هەرچەندە زمـان حـاڵی کۆمەڵە کرێکارییەکانە کە ئێمە تێیـدا ئەنـدامین، بەڵام بە هەمـوو توانـاوە بـایەخیش بەو مەسـەلە گشـتییانە دەدەیـن کە بەلای نەتەوەکەمـانەوە گـرنگە، بەتـایبەتی مەسەلەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ئایدۆلۆژییەکان، جا ئەگەر کرێکار خزمەتکـاری کـۆمەڵ و نیشـتیمان بێـت، ئەوا ڕۆژنـامەی نـداء العمـال شـانازیی بەوەوە دەکـات کە هەردەم ئامـادەیە خزمەتـی ڕاپەڕینـی گشتیی بکات و لە نێوان چینەکانی نیشتیماندا پەیکی بیر و ئایدۆلۆژیا بێت،[220]شـایەنی باسـە نـداء العمـال بڵاویشـی کـردەوە کە لە ژمـارەی داهـاتوودا لاپەڕەیەک بە نـاوی *مینـبەری قوتابیـانەوە بـۆ بیـروڕای ڕۆشنی قوتابیان تەرخان دەکات.*[221]

ئەوەنەبـێ هەمـوو ئەو وتـارانەی لە نـداء العمـال دا بڵاوکـرانەوە لە ئاسـتی سـەروتارەکەدا بووبێـت، زۆربەیـان لە ڕووی داڕشـتن و بەرچاوخسـتنی بابەتەکانیـانەوە لاوازن، ئەگەرچـی لە نـاوەڕۆکی ژمارەی یەکەمدا بەگشتی هەڵەی کەمی تێدایە، بەڵام بابەتەکان هەندێ جار لە هەڵەی زەق بەدەرنین[222]، ئەمە لەکاتێدا دەبوو ئەو ڕۆژنامەیە لەسەرپاکی ڕۆژنامەکانی تری کرێکاران لە ڕووی چاپ و دەرهێنانی هـونەرییەوە باشـتربوایە، چـونکە زمانحـاڵی **کـۆمەڵەی کرێکـارانی چاپخانەکان** بوو.

تا ئێستا زانیارییەکی تەواو سەبارەت بە ژمارەکانی ڕۆژنامەی نداء العمال لە ئارادا نییە، هەندێ سەرچاوە وای دەگەیەنن گوایە چوار مانگ دوای دەرچوونی یەکەم ژمارەی لەکارخراوە.[223] نووسەریش هەیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە و پاشان وەستاوە،[224] بەش بە حاڵی خۆشمان لە یەکەم ژمارە زیاترمان بۆ نەدۆزراواتەوە.[225]

ئەوەی ڕاستیبێ هیچ کام لەو ڕۆژنامانە نەیاندەتوانی لەوەندە زیاتر درێژە بکێشن، **یەکەم:** لەبەر زۆر لێ کردن و تەنگەتاو کردنی خاوەنەکانیان وەک ئەوەی لەگەڵ **الصنائع** ـدا کردیان، **دووەم:** بە هۆی نزمی ئاستی هۆشیاری و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری لەناو ئەوچینەدا کە ئەو ڕۆژنامەیان بە ناوەوە دەردەچوو، بۆیە کەمدەرامەتی ئەو ڕۆژنامانە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە داخستنیاندا نەبینی، گۆڤاری **الصنائع** ی لێ دەرچێت کە بەهۆی بەربەرەکانێی ڕژێمەوە بووبووە خولیای ڕۆشنبیرانی عێراق و ڕەواجێکی باشی هەبوو، زۆربەی کات کرێکارە هۆشیارەکان تەنها ئەو چەند ژمارەیان دەخوێندەوە کە بەخۆڕایی بۆکۆمەڵەکانیان دەنێردران و پاشان ئەمانیش ناوەڕۆکی گشتیی باسەکانیان بەدەمیی بۆبرادەرەکانیان دەگێڕایەوە.

لەو ماوەیەدا لە شاری موسڵ ڕۆژنامەیێک بەناوی العمالەوە کەوتە بازاڕەوە، بەپێی بۆچوونی ئێمە ناشێ ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕیزی ڕۆژنامە کرێکارییەکان دابنرێ،[226] چونکە ئەو کەسەی دەری دەکرد و ئەوانەی تێیدا دەیاننووسی هیچ کامیان کرێکار نەبوون، ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە لەو سنوورەدا نەبێت کە ئۆپۆزسیۆن کێشابووی توخنی مەسەلەی کرێکاریی وگرفتەکانیان نەدەکەوتن، ئەمەش

بەتەواویی لەپێشچاوخستنی ئەو بابەتانەدا دەردەکەوێ کە لە یەکەم ژمارەیدا بڵاوکراونەتەوە، بە ئاشکراش لە چەند حەقیقەتێکی تردا خۆدەنوێنێ، و هەڵبژاردنی ناوەکەشی یەکێکە لەو حەقیقەتە چەسپاوانە، چونکە لەو قۆناغەدا کرێکار و کرێکاران زاراوە و ذاوی لەو بابەتە جەماوەر و ڕۆشنبیران حەزیان لێ دەکرد و ئارەزوویان لێی بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی کتوپڕ و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش کرێکارانی عێراق بوونی خۆیان سەپاند، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕاستییە وەبیربهێنینەوە کە لێپرسراوانی ئەو سەردەمە بە هیچ شێوەیەک ئامادەنەبوون مۆڵەتی ڕۆژنامەیێکی ڕۆژانەی سیاسی بدەن، ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە گشتی و ناکرێکارانە نەبووایە، هەر وەک بە ئاشکرا پەیڕەوەکەی ڕۆژنامەی *العمال*، لە ژمارەی یەکەم و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی بڵاویکردبووەوە، میریش هەر لەبەر ڕۆشنایی پەیڕەوەکەی بوو کە لە ٥ی ئایاری ساڵی ١٩٣١دا ڕێگای دەرچوونی دا، واتە پاش ئەوەی داوای ئیمتیازەکەی لە وەزارەتی ناوخۆ کرا، دوو مانگ تێنەپەڕی مۆڵەتی دەرچوونی درایە.[227]

لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی *ڕۆژنامەی العمالدا* نووسرابوو ڕۆژنامەیێکی سیاسی گشتییە لە ئیستادا هەفتەی سێ کەڕەت دەردەچێ، *سەعدەدین زیادی* پارێزەر خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوبەریەتی، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٥ـی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣١دا بەقەبارەی ٥٦X٤٤سم دەرچوو.[228]

پێش ئەوەی بابەتەکانی یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە بخەینە بەرچاو، بە پێویستی دەزانین ئەو حەقیقەتە دووبارە بکەینەوە کە خاوەنەکەی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی[229] نە بەکۆمەڵە کرێکاری

و پیشـەییەکانی عێـراق و نەبە لقەکـانییەوە لە موسـڵ و نەبە هـیچ دەستە و لایەنێکی کرێکارانەوە هەبووە.[230]

بڕیار وابوو ئەم ڕۆژنامەیە ببێتە زمانحاڵی حزبێکی سیاسی بە ناوی *العمال*ـەوە، پەیـڕەوی ئەم حیـزبەش لە هەمـوو شـتێکی تـر زۆرتـر بـایەخی بەو مەسـەلە سیاسـییانە دەدا کە خەڵکـی تێـدا دەژیـن. وا پێدەچێ ئەوانەی تەمای دامەزراندنی ئەو حزبەیان هەبوو ڕۆژنامەی **العمـال** یشـیان دەردەکـرد، ویسـتبێتیان لاسـایی کرێکـارانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بکەنەوە کە ئەو کاتە لەنـاو چەنـد دەسـتە و تـاقمێکی سیاسـی عێراقـدا نـاو و ناوبـانگێکی گەورەیـان پەیـدا کردبـوو، لەو شوێنەیشدا کە باسی هەڵوێستی هێزە سیاسیەکان دەکەین سـەبارەت بە چینی کرێکارانی عێراق بە دوورودرێژی لەم مەسەلە دەدوێین.

لەمەوە بۆمـان دەردەکەوێت بـۆچی *ڕۆژنـامەی العمـال* لە سـەروتاری یەکەم ژمارەیـدا خـۆی بە "لاوانـی ڕۆشـنبیر و نیشـتیمانپەروەرە بەشەرەفەکان و دڵسۆزانی وڵات، و هەڵگرانی ئاڵای تێکۆشان لە پێناو سەربەستی و سەربەخۆیدا" دەناسێنێ...جا کە ئەم ڕۆژنامەیە مۆرکی کرێکارانی پێوە نەبووبێ ئەوە ناگەیەنێ توخنی مەسەلەی کرێکاریی نەکەوتووە، بەتایبەتی لەو ڕۆژگارەدا مەسەلەی کرێکاریی بەجۆرێک خـۆی سـەپاندبوو سـەرنجی هەمـوولایەکی ڕادەکێشـا، ئەوە بـوو ڕۆژنامەی باسکرا و لەدوایی سـەروتاری یەکەم ژمارەی،[231] کورتە وتارێکی بە ناونیشانی *ڕۆژنامەی العمال* **پاڵپشتی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەیە و زمانحاڵی** ئەوانە بڵاوکردەوە تێیدا دەڵێت:

"مەبەست[232] لە دامەزراندنی *ڕۆژنامەی العمال* کۆکردنەوەی سامان و دەستکەوتی تایبەتی نەبووە، نەخێر بەڵکو مەبەست بەرگریکردنە لە مافە زەوتکراوەکانی وڵات و پەردەهەڵماڵینە لەسەر پڕوپاگەندەکانی

ئیمپریالیزم، کە ویستوویەتی و دەیەوێ چی خێروبێری وڵات هەیە بەتاڵان ببات و دوا فلس لە گیرفانمان بهێنێتە دەرەوە و بیدات بە سەرمایەدارانی بێگانە، ئەنجامی داگیرکردن: لە دەستچوونی سامان و کوێرەوەری چینەکان و کرێکاران و ذابووتبوونی هەمیشەییە، ئەوەتا ئەمڕۆ هەژاری زۆری بۆ هێناوین، کرێکارانیش بێکار دەسوورێنەوە و بە دەردەسەری نەبێت ناتوانن ڕۆژی چەند ***عانەیەک**** پەیدا بکەن، تا خێزانی برسی و ڕووت و ڕەجاڵیان بژیەنن، ئەمە هەمووی لە کاتێکدا کە نرخی دەغڵودان بەڕادەیەک شکاوە تا ئێستا نەبینراوە[233] کەواتە گەربێ و بەربەرەکانێی ئیمپریالیزم بکەین، واتە یارمەتی کرێکاران و هەژاران دەدەین، بەمەیش ئەو سامانەی وڵات دەپارێزین کە ماوە و ناهێڵین چیتر بۆدەرەوە بچێت، کەوابوو *ڕۆژنامەی العمال* بۆیە دامەزراوە تا ببێتە ئامرازێک بەرهەڵستی ئیمپریالیزم بکات و پاڵپشتێکی گەورەی کرێکاران و هەژاران و خەڵکی بێ چارە بێ، هەرچیش لە توانادابێ بۆ ئەم ڕێگایە بەختی دەکەین، بڕیاریشمان داوە لەم ڕۆژنامەیەدا گۆشەی تایبەتی بەناوی *سکاڵای کرێکاران ـەوە* بکەینەوە و تێیدا ئەو سکاڵا و داوایانە بڵاوبکەینەوە کە لەلایەن کرێکاران و خەڵکی تریشەوە پێماندەگەن، چونکە زۆربەی سکاڵا و داد و بێدادی کرێکاران لەجێی خۆیەتی و مەگەر هەر داخ و خەفەتیان بۆهەڵڕێژن و ڕەنگ زەردی و پرزەڵی براوییان بۆ مابێتەوە... لەبەر ئەوە تکا لە هەموو چینەکانی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە دەکەین سکاڵایان چییە ئاگادارمان بکەن،[234] جائیتر ئەوشکایەتانە دژی دامودەزگا فەرمییەکانە یان دژی هەندێ فەرمانبەر و خەڵکی ترە، تا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بڵاویان بکەینەوە، چونکە ئەم ڕۆژنامەیە

---

* یەکەی پارە ئەو سەردەمەیە.

بەتایبەتی بۆ بە گژاچوونی ژیانی کوێرەوەری و پارێزگاری چینە هەژارەکان دامەزراوە و بەسنگێکی فراوانەوە وەریان دەگرێت... *رۆژنامەی العمال* پاڵپشتی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەیە و زمانحاڵیانە و هەر بەو جۆرەش دەمێنێتەوە..

هەرچەندە ئەمرۆژنامەیە بەباشی سیاسەتی ئیمپریالیزم و واقیعی تاڵ و تفتی توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگای عێراقی بە یەکەوە گرێدابوو، بەلاّم لە هەمان کاتتدا نەیتوانیبوو دەستبنێتە سەر گرنگترین گیروگرفتی کرێکارانی عێراق، بە نموونە : *داوا لە* ***کرێکاران و خەڵکی زۆرلێکراو*** دەکات دژی هەندێ دامودەزگای فەرمی و هەندێ فەرمانبەر و خەڵکی تر شکایەتەکانیان بنێرن، بەبێ ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکانی بەبیردابێ کە ئەو کاتە لەدەروونی زۆربەی کرێکارە عێراقییەکاندا بووبوونە گرێکوێرە، شتێکی بەڵگەنەویستە ئەورۆژنامەیەی بەراستی خۆی بۆ مەسەلەی کرێکاریی تەرخان بکات، دەبێ خۆی بەشوێن گیروگرفت و داواکانیان بگەرێت نەک چاوەروان بێت بۆی بنێرن، شایانی باسە هەر لەو ماوەیەدا گۆڤار و رۆژنامەی تری وەک **الشباب و الأهالی لە رۆژنامەی العمال** قووڵتر لەمەسەلەی کرێکاریی و گیروگرفتەکانیان دەدوان، وەک لەجێیەکی تری ئەم بەشەدا بەدوورروو درێژی لەهەندێ لایەنی دەدوێین.

**رۆژنامەی العمال** بەشێکی زۆری لاپەرەی دووەمی بۆ دەنگوباسی ناوخۆ تەرخانکردووە، هەروەها بەشێکی گەورەی لاپەرەی سێیەمیشی بۆدەنگوباسی جیهانی داناوە، لە لاپەرەی چوارەمیدا *عەلی ئەلنعێمی* بەشێوەیەکی رۆمانسییانە هانی جەماوەری خەڵکی عێراق دەدات کاربکەن، بەوچەشنە یەکەم ژمارەی بەچیرۆکێکی شاکار کۆتاییدێت کە باسی دایکێک دەکات چۆن لە سەرمادا رەق هەڵهاتووە

و چـۆنیش کـورەکەی لەداخ و خەفەتـی دایکـی مێشـکی تێکـدەچێت و شـێت دەبێـت، ئینجـا چەنـد ئامۆژگـارییەکی ژاپـۆنی سـەبارەت بە ***بەختیاری ژن و مێرد*** بڵاو دەکاتەوە و داوا لە مێرد دەکات ***لە بەردەم خێزانەکەیدا هەمیشە گرژومۆن نەبێت*** و پێویستە ***جاروبار گاڵتە و گەپی لەگەڵدا بکات*** و ***نوکتەی بۆ بگێڕێتەوە*** با نوکتەکە خۆشیش نەبێ و مادام لەسـەری نییە بەدڵسـۆزییەوە خۆشـی بوێ دەبێت هەوڵبدات ***هەندێک جار ئارەزووەکانی جێبەجێ بکات*** ئەمەش بایەخێکی ئەوتۆی نییە....

ڕۆژنامەی "العمال" ـی موسڵ چەند ژمـارەیەکی کەمـی لێدەرچووە،[235] وادیارە لەسەر ڕێبازەکەی خۆیشـی بەردەوامبووە، لە ژمـارەی ڕۆژی ٨ ـی حـوزەیرانی ١٩٣٢دا دەنگوباسـی گشـتی وەک: **سـەرباز و ئەفسـەرە بەریتانیەکـان و خێزانەکانیـان سـەر لە هاوینەهەوارەکـان دەدەن، دروستکردنی هۆتێلێک لە ئامێدی** و **کردنەوەی ڕێگای نێوان دهۆک و ئامێدی** لەو بابەتانەی بڵاوکردووەتەوە.[236]

وەنەبێ بەتەنهـا ئەو ڕۆژنامـانە نـاوی کرێکاریـان لە خۆیـان دەنـا، لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە ناتەواوییان تێدا بووبێت نەخێر، تەنانەت ڕۆژنامەکـانی کرێکـاران خۆشـیان لە کەموکـووڕی بەدەرنەبـوون، بە نموونە : لەسەر لاپەڕەکانی *ڕۆژنـامەی العمـال* زۆر جار ڕووبەڕووی بیروڕای ناکۆک دەبینەوە،[237] جاروباریش بـابەتی ئەوتۆ دەخـوێنینەوە کە کەم ڕێککەوتـووە ڕۆژنامەکـانی تـر خۆیـان لەو باسـە دابێـت، بەتـایبەت لەومـاوەیەدا ململانێـی نێـوان هێـزە نیشـتیمانییەکان و دەسەڵاتی ئیمپریالیزم گەشتە لوتکە، هەروەهـا ئەو ڕۆژنامـانە شتی وا سەیروسـەمەرانەیان بڵاودەکـردەوە زۆر دووربـوون لە مەسـەلەکانی چینـی کرێکـارانەوە، بە نمـوونە : دەسـت دەنێینـە سـەر ئەو وتـارەی

**ڕاجــی ئەلڕاعــی** کە بەناونیشــانی **لە چــوار دۆلارەوە بــۆ ملیـاران، ڕۆکفـلـەر - جـان ڕۆکفـلـەر** کە لە ڕۆژنـامەی **نـداء العمـال**ـدا بـڵاوی کـردۆتەوە و تێیـدا دەیەوێ کرێکـارانی عێراقـی هـان بـدا شـوێن پێـی ملیاردێری ئەمریکایی **ڕۆکفلەر** هەڵبگرن، کە سەرەتای ***هەوڵوکۆششـی*** **وەک خاوەن وتار دەڵێت بە مانگانەیەکی چوار دۆلاری دەستپێکرد و خزمەتگوزاربـوو لە فەرمانگەیەکـدا، تـا سـەرکەوتوو بووەخـاوەنی چەندین ملیار دۆلار.**[238]

هەر چـۆنێکبێ تێکـڕای چـالاکی هۆیەکـانی ڕاگەیانـدنی کرێکـاران، بە ڕۆژنامەی کرێکارانیشـەوە یەکێکە لە دیاردە گرنگەکانی پەرەسـەندنی بـزووتنەوەی کرێکـاری لە کۆتـایی سـاڵانی بیسـتی ئەم سـەدەیەدا و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش کاری لەو گەشـەکردن و چوونەپێشـەوەیە کـردوو، پاشـان بـووە سـیمای هەرە دیـاری بـزووتنەوەی نیشـتیمانی ئەوسای عێراق.

## سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق
## ١٩٢٩ ـ ١٩٣٢

لەدوای سـاڵانی بیسـت و سـەرەتای سـاڵانی سـیدا، چەنـد هـۆیەکی ئابووری و سیاسی نوێ دەرکەوتن، خەباتی چینی کرێکاری عێراقیـان لەشـێوەی تـازە و پەرەسـەندوودا بـردە بـارودۆخێکی تـرەوە لەنێـوان سـاڵانی ١٩٢٩ ـ ١٩٣٢ دا، سـەرتاپای جیهـانی سـەرمایەداری و ئەو وڵاتـانەی بەسـترابوون بە ڕەوڕەوەی ئەوانەوە، دووچـاری تەنـگ و چەڵەمەیەکی ئـابووری ئەوتـۆ هـاتن، توێژە زەحمەتکێشـەکان تـا سـەر

ئێسقان بەدەستییەوە دەیانناڵاند، دیارە عێراقیش نەک هەر نەیدەتوانی خۆی لە ئاسەواری ئەو تەنگوچەڵەمەیە قوتار بکات، بگرە دیاردەیەکی نـوێی ئـابووری تێـدا پەیـدا بـوون، و بە ئەنـدازەیەک بەدەسـتییەوە دەیناڵاند پێشتر شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، بەرهەمهێنان لە پێناو بازاڕی سـەرمایەداریدا و کەمبوونەوەی شـمەکی نێردراو بۆ دەرەوە بەرێــژەی دووئەوەنــدە لە جــاران کەمتــر،[239] لەئەنجــامی ئەوبــارە ناهەموارەی تووشی بازاڕ هاتبوو: دەڵێین هەمـوو ئەمـانە بـوونە هـۆی بێبـازاڕیی ئەو کەلـوپەل و شـمەکانەی لە نـاوخۆدا بەرهەم دەهێنـران، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی کە نرخیشـیان دووئەوەنـدە و زیـاتری نرخـی بەرهەمی کشتوکاڵێش دابەزیبوون،[240] بە نموونە:نرخی تەنێک خورمـا کە بەرهەمی جوتیارانی خواروی وڵاتە لە ١٠٠ ڕوپییەوە هـاتە سـەر ١٥ ڕوپییە[241]، لە هەمان کاتدا بەشـێوەیەکی هەست پێکراو کەلوپەلی بێگانە لەوڵاتدا کەمی کرد، لە سـاڵی ١٩٣٠دا ئەوقوماشـانەی لەدەرەوە دەهێنــــران ٢٥٪ و جلـــوبەرگ ٤٥٪و ئـــامێری جۆربەجـــۆر بە ترومپایشەوە ٤٧٪ لەچاو ساڵی پێشوودا کەمیان کرد.[242]

هەمــوو ئەمــانەو بەتــایبەتی، بێبــازاڕی بەرهەمە کشــتوکاڵیەکان بە شـێوەیەکی نەرێنی شـوێن دەسـتیان بەسـەر بـاری ئـابووری وڵاتەوە دیـاربوو، داهـاتی جوورتیـار بەڕادەیەک هـاتەخوارەوە تـا ئەو کـاتە نەبینرابـــوو، بازرگانەکـــان بە دوکاندارەکانیشـــەوە بەئەنـــدازەیەک بەدەست گیروگرفتی ئابوورییەوە دەیانناڵاند زۆربەیان سەرمایەکانیان لەدەست دابوو، بازاڕەکان وەک گۆڕسـتانیان لێ هـاتبوو، وەک ئەندام پەرلەمانێکی ئەو کاتە باسی کردووە.[243]

بێگومان شتێکی سرووشتی بوو کە لەسایەی ئەم بارودۆخەدا داهـاتی دەوڵەت لەو باجــانەی کە بنچیــنەی بــودجەی گشــتییان پێکــدەهێنا

بێتەوەیەک، بۆیە لە خۆوە نەبوو، کە هەر زوو میری بڕیاریدا لەبەر کەمـدەرامەتی جوتیـاران و کەڵەکەبـوونی دەغڵـودانێکی زۆر، بـاجی دەغڵـودان بەشـێوەی نەختینەیـی وەربگرێت[244]، زۆرجـاریش خەڵکی سـەربە تـوێژە کۆمەڵایەتییە نەدارەکان لەناو شـارەکاندا نەیاندەتوانی ئەو باجـانەی لەسـەریان دانرابـوو بیـدەن، لەبەر ئەوە دەکەوتـنە بەر زەبروزەنگی دامودەزگا فەرمییەکان.[245]

جـا بـۆ ئەوەی دەوڵەت شـوێنەواری ئەم تەنگـوچەڵەمەیە بسـڕێتەوە، چەنـد هەنگـاوێکی بێسـوودی نـا، سـەرئەنجام ئەوەنـدەیتر بـاری سەرشـانی تـوێژە هەژار و مامناوەنـدییەکانی گرانترکـرد، ئەوە بـوو وەزارەتـی ئـاودێری و کشـتوکاڵی هەڵوەشـاندەوە، و چـی دەسـەڵاتێک درابـوو بە وەزیـری ئەو وەزارەتە، درا بە وەزیـری ئـاوەدانکردنەوە و هاتووچۆ[246]، ئەم بڕیارە سەیروسەمەرە بەسە بۆئەوەی لە سروشـتی ئەو هانگـاوانە تێـبگەین کە میـری بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی گیروگـرفتە ئابوورییەکـان نـابووی، هەر ئەم هەنگـاوەی جـگە لەئەنجامەکانی تری، بووەهـۆی ئەوەی ژمـارەیەکی زۆر فەرمـانبەری وەزارەتـی باسـکراو بەبـێ ئیشـوکار بمێنـنەوە[247]، وەنەبـێ ئەم چارەنووسـە بەتەنهـا فەرمـانبەرانی وەزارەتـی ئـاودێری و کشـتوکاڵی گـرتبێتەوە، نەخێـر چـونکە بەپەلە یاسـای نیـووە مـووچە بـۆ ئەو فەرمـانبەرانەش دەرکـرا کە یاسـای خانەنشـینی مەدەنـی دەیگـرتنەوە، بەپێـی ئەو یاسـایەش دەسـەڵاتدرا بە ئەنجـوومەنی وەزیـران ئەو فەرمانـانە چـز بکـات کە پێویسـت نـین و دەسـتبەرداری ئەو فەرمانبەرانەشبن کە پێویستیان پێیـان نییە،[248]ئەوە بـوو ژمـارەیەکی زۆر فەرمـانبەری نـاو دامودەزگاکـانی دەوڵەت نـاوڕۆکی ئەم یاسـا ناڕەوایەیـان بەسـەردا سـەپاندن و لە کـار دەرکـران،[249] نەک هەر

ئەوەش بەڵکو بڕیارەکەی دەرکردن، ئەو فەرمانبەرانەشی گرتەوە کە تـا ئەمـڕۆش جـۆری کارەکانیـان لە نـاو دامەزراوە فەرمییەکانـدا دانسـقەن و بـایەخێکی زۆریـان هەیە، ئەوەتـا بەپێـی یەکێـک لەو لیسـتانەی لەم بـارەیەوە دەرچـووە، دەوڵەت لەسەرانسـەری وڵاتـدا دەسـتبەرداری ١٠ ئەندازیار بوە،[250] بەڵام سـەبارەت بە فەرمـانبەرانی تـرەوە یاسـای داشـکاندنی مـووچە و پاداشـتی خانەنشـینی دەرکـرا و بەپێی ئەویاسایە ڕێژەی مووچە ٥٪ تا ٨٪ هاتە خوارەوە.

ئەمەش کارێکی نەرێنی کردە سەر جەماوەری فەرمانبەران و تەنانەت پـاش مـاوەیەک بەوە تاوانبـار کـران، گـوایە هـانی خەڵکیـان داوە دژی یاسـای بـاجی شـارەوانییەکان مـانبگرن،[251] ئەوەشـی کە زیـاتر خەڵکەکەی وروژانـد، ئەوە بـوو لە ڕۆژگـارێکی وا سـەخت و دژواردا میری نەیوێرا توخنی مووچەی فەرمانبەرانی ئینگلیز بکەویَ، یان هیچ نەبێت ژمارەیەکی کەمییان لیَ دەربکا،[252] ئەمە لە کاتێکدا کە مووچەی فەرمانبەرێکی ئینگلیز چەند ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی عێراقی بـوو، هەر لەبەر ئەوەش بـوو فەرمانبەرەکـانی ئینگلیـز بووبـوونە بـار بەسەر خەزێنەی دەوڵەتی عێراقەوە.

لە هەمـوو ئەوانەش خراپتـر فەرمـانبەری وایـان تێـدابوو لەوکـاتە ناهەموارەدا بێسەڵکردنەوە کاروبـاری وایان ئەنجامدەدا ئەوەندەی تر بـاری نالەبـاری ئـابووریی عێراقـی قـورس دەکـرد، بە نمـوونە: بەڕێوبەرایەتی ئەوسـای *بەنـدەری بەسـرە* دەسـتیکرد بەدروسـتکردنی بینـایەکی گەورە و **کۆڵۆنێـل وارد** ــی بەڕێـوبەری بەنـدەر خـۆی دانیپێدادەنیَ کە بە پێچەوانەی باری ئـابوورییەوە جوڵاوەتەوە، کەچی لە کـاتی کـردنەوەی بینـاکەدا کە ڕێکەوتـی نیسـانی ١٩٣١ دەکـرد، لە

بەردەم مەلیک فەیسەڵی یەکەمدا، بیانووی بۆ ئەم کارە ناڕەوایەی هێنایەوە.[253]

هەر لەم مەیدانەدا: شوێنی خۆیەتی لەسەر مەسەلەی باج هەڵوێستەیەکی تایبەتی بکەین، چونکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئاستی گوزەرانی زەحمەتکێشان و داهاتی خێزانی کرێکاران و پیشەوەرە بچکۆلەکان دێنێتەوە یەک. لە سەرەتای داگیرکردنی عێراقەوە سەپاندنی باج بەسەر دانیشتواندا بووەیەکێک لەهۆ بنەڕەتییەکانی ناڕەزایی توێژە چەوساوەکان، هێڵی بەیانی باجی ناڕاستەوخۆیش بەردەوام سەرەوژوور دەبووەوە، تا وای لێ هات بەرلەوەی وڵات سەربەخۆبێ ئەوچەشنە باجە٨٢٪ ی باجی گشتیی دەوڵەت و لە٧٠٪ ی سەرجەم داهاتی بوودجەی عێراقی پێکدەهێنا،[254] بەشێکی زۆری ئەم باجانەش لەو ساڵانەدا کە وڵات دووچاری گیروگرفتی ئابووری بووبوو زیادکران، بە نموونە: لە ساڵی ١٩٣٠دا بەتەنها کاسبانە ٥٠٪ زیادکرا.[255]

ڕووەکەی تری ئەم سکەیەش ئەوەندە تەڵخ بوو مرۆڤ قێزی لێدەهاتەوە، کۆمپانیا بیانییەکان و لەپێش هەموویانەوە کۆمپانیاکانی نەووت چەندین جۆر ڕەسم و باجیان لەسەر هەڵگیرا، بەوەشەوە ڕانەوەستان و بێ ئەوەی گوێبدەنە باری دارایی وڵات، لەو ڕۆژگارە ناسکەدا پێیان دادەگرت چەند باجێکی تریشیان لەسەرلاببرێت بەداهاتیشەوە،[256] ئەوە بوو حکومەتی ئەوسای عێراق چەند بڕیارێکی دەرکرد: بەپێی ئەوبڕیارانە گومرگی لەسەر هەندێ کۆمپانیای بیانی لابردو[257] پاشان ناچار بوو بکەوێتە قەرزوقۆڵە لە *کۆمپانیای نەوتی عێراق*[258]

لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە پیشەوەران سەبارەت بەو باج و ڕەسمانەی بەسەریاندا سەپێندرابوو، بەشێوەی جۆربەجۆر ناڕەزایی خۆیان دەربڕی و تەنانەت هەندێ جار مانیان لە کاردەگرت، لە یەکەم ڕۆژی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٢دا قەسابەکانی بەغداد مانیانگرتوو پایتەختی وڵات ماوەی ٣ ڕۆژ بەبێ گۆشت مایەوە، تا موتەسەڕیفی• بەغداد لەگەڵیان کۆنەبوەوو دەستکاری ڕەسمی مەڕومالات سەربڕینی نەکردوو ڕێوشوێنێکی تازەی بەدڵی ئەوان بۆ دانەنا، وازیان لەمانگرتن نەهێنا،[259] دوای ئەوەش مانگرتنی لەوبابەتە چ لەبەغداد و چ لەشارەکانی تردا ڕوویاندا، وەک مانگرتنی قەسابەکانی بەسرە کە لەدوادوایی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٨دا سازکرا،[260] زۆر جاریش پیشەوەران و خەڵکی تریش خۆیان لە ڕەسمی شارەوانی دەدزییەوە و بە شێوەی جیاجیا فێڵیان لەو دەزگایانە دەکرد کە ئەو ڕەسمەیان وەردەگرت.

ڕژێمیش بۆ دەستخستنی ئەو ڕەسم و باجانە بەرامبەر بەخەڵکی زەبروزەنگی بەکاردەهێنا، بەڕادەیەک هەندێجار حاڵ دەگەیشتە ئەوەی پەنایدەبردە بەر ئەویاسایانەی داگیرکەران لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا دایان نابوو،[261] لەوساڵانەدا کەوڵات دووچاری تەنگوچەڵەمەی ئابووری هاتبوو، ناڕەزایی پیشەوەران ڕەنگوڕوویەکی ڕاستەقینە، و لە جاران بەرفراوانتری بەخۆیەوە دی، یاداشت و داواکارینامەی کۆمەڵە و پیشەوەر و دوکاندارەکانی بەغداد و بروسکەی هاوەڵەکانیان لەسەرپاکی شارەکانی تردا، بەسەر پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیراندا داباری، داوایان دەکرد هەندێ لەو ڕەسمانەی بەسەریان سەپێنراوە، یان کەم بکرێتەوە یاخود لاببرێ،[262] خاوەن

---

• پارێزگار

داواکارینامە و بروسکەکان هەمیشە ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە لەئەنجامی ئەستاندنی ئەو باج و ڕەسمانەی لەسەریان دانراوە، باری ئابووریان تا چ ڕادەیەک خراپ بووە، بە نموونە: سەرتاشەکان لە داواکارینامەکەیاندا باسی ئەوە دەکەن **ناتوانن ئەوەندە پەیدا بکەن پێی بژین**[263] پیشەوەران سەرلەنوێ بەهۆی مانگرتنەوە ناڕەزایی خۆیان دەربڕی، لەناوەڕاستی شوباتی ساڵی ١٩٣٠دا *کۆمەڵەی میوەفرۆشان* داوایکرد هەندێ لەو باجانە لاببرێن کە بووبوونە بار بەسەر ئەندامەکانیانەوە، کاتێکیش زانرا میریی بەدەم داواکارییەکانەوە ناچێت، میوە فرۆشانی بەغداد مانیان گرت و لەڕۆژی ٣١ـی ئایاردا بڕیاریاندا میوە و سەوزە لەبازاڕ نەکڕن،[264]جاری وایش هەبوو ڕژێم ناچار دەبوو هەندێ لەو باجانە، کە لەسەر کاری پیشەیی دانرابوون، لایان ببات یان کەمیان بکاتەوە، وەک ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠دا کردی و بڕیاریدا چەند ڕەسمێکی نائاسایی کە لەسەر دەلاڵ و سەڕاف و خاوەن چاپخانە و ماسی فرۆشانی موسڵ دانرابوون لابچێت.[265]

بەوچەشنە مەسەلەی باج و ڕەسم بووە داینەمۆیەکی بەهێز و پاڵی بەتوێژە کۆمەڵایەتییەکانی ناوشارەوە دەنا، دەرئەنجام لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٣١دا وەک لەمەودوا دەیبینین یەکەم مانگرتنی گشتی بەرپاکرا، مانگرتنێک تا ئەو کاتە لە وڵاتدا نەبینرابوو.

باری سیاسی وڵاتیش هۆیەکی تربوو پاڵی بە کۆمەڵانی خەڵکەوە نا، تابچنە مەیدانی خەباتی نیشتیمانییەوە، لەدوادوایی ساڵانی بیستەوە دامودەزگای ئیمپریالیزم و دەستەودایەرەی ئەوسای عێراق، کە ئەڵقەلەگوێی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزبوون، کەوتنەخۆ تا بەدزی میللەتی عێراقەوە داوای پەیمانێکی نوێ - **بەڵام لەوانەی پێشوو قورس**

**و گرانتر** ـ لە نێوان عێراق و بەریتانیا بچنن، کە دەویسترا وڵات پاش ئەوەش کە ساڵی ١٩٣٢ کە بەرووکەش سەربەخۆیی وەرگرتبوو، لە هەمــوو ڕوویەکەوە لەژێــر ڕکێفــی ئەودا بمێنێــتەوە و لەتەوەری سیاسەتی بەریتانیادا بخولێتەوە، بێگوومان ئەم هەڵوێستەش بووە هــۆی ئەوەی هێــزە نیشــتیمانییەکان لەنــاخەوە بــووروووژێنێ، بــۆیە کۆبوونەوە و ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندانی جەماوەری و دژی ئەم پیلانە نوێیە یەک لەدوایەک دەستیانپێکرد، و چالاکی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی فراوان دژی ئیمپریالیزم هاتەگۆڕێ، توانیشی کار بکاتە سەر هەمووان، بەتایبەتی لەو ڕۆژگارەدا خەڵکی دادو بێدادیان بوو لەدەست باری ناهەمواری ئابووریيان، شتێکی ئێجگار سرووشتیش بوو کە هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانەی لەسەر شانۆ و لەپشت پەردەوە ڕوویاندەدا، ڕاستەوخۆ کار لە جەماوەری کرێکاران و پیشەواران بــکەن، نەک هەر ئەوەش بەڵکــو خەبــاتی بێوچانیــان بەتــایبەت مانگرتنەکانی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن، لەو ڕۆژانەدا بوونە دیارترین شــێوەی دەربڕینــی بەکــردەوەی جەمــاوەر دژی ئیمپریــالیزم و دامودەزگاکانی.

## مانگرتنەکانی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن

لە بەشەکانی پێشوودا بۆمان دەرکەوت کە هەموو ئەو ڕێگا ئاسنانەی کە ئینگلیزەکان ڕایانکێشابوو، بۆ ئەوە بوو لە ساڵانی جەنگدا خزمەتی تەما و مەبەستە سوپاییەکانی خۆیانی پێبکەن، لەدوای جەنگیش ئامانجە ستراتیجییەکانی پێ جێبەجێ بکەن، جا لەبەر ئەوە لەوکاتەدا

ئینگلیز دووچاری تەنگوچەڵەمەیەکی ئابووری هاتبوو ناچار بوون بۆڕاکێشانی ئەو ڕێگایانە خراپترینی ئەو کەرەستانە بەکاربهێنن کە لەبەردەستتدابوو، زۆربەی ئەوکەرەستانەش بریتی بوون لەو ئاسنانەی کە لەهیندستان بەکارهاتبوون، لەبەر ئەوە هەر ڕێگایەو پێوانەیەکی جیاوازی هەبوو،[266]جگە لەوەش لە ڕووی چۆنێتییەوە جۆربەجۆر بوون، زۆربەی ئەو پردانەی دروست کرابوون لە تەختە بوون و بەرگەی ڕۆشتنی خێرای شەمەندەفەری نەدەگرت، سەرپاکی ئەو فارگۆنانەی لە عێراق کاریان پێدەکرا کۆن و تەمەنیان لە نێوان ١٣ و ٢١ ساڵدا بوون، هەر هەمووشیان لەهیندستانەوە هێنرا بوون، شایەنی باسە تێکڕای ڕاپۆرتە فەرمییەکان بە ڕاپۆرتەکەی *ژەنەراڵ ف..هامند* یشەوە بە ئاشکرا دان بەو حەقیقەتەدا دەنێن،[267]لەڕاپۆرتێکی فەرمی تردا هەر لەم بارەیەوە نووسراوە کە **هێزە سوپاییەکان ئەم ڕێگایانەیان بۆئەوە ڕانەکێشاوە تاهەمیشە بەکاربهێنرێن، یان بۆئەوەی مەبەستی ئابووری و بازرگانییان پێ جێبەجێبکرێت، بەڵکو مەبەست لەڕاکێشانی ئەوە بووە سەرباز و کەلوپەلی جەنگیان پێ بگوازرێتەوە و لە کاتی گشتیدا هاتوچۆ و جولاندنی سوپا ئاسان بکەن...**[268]

بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئینگلیزەکان سەبارەت بەپێداویستییە ئابوورییە نوێیەکانیان و لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو نەخشە بەرفراوانەیاندا، کە دەربارەی بەرۆژهەڵاتی ناوەڕست کێشابوویان، و لەدوای ساڵانی جەنگ بەتەواوی مەودایان دەرکەوت و لەبەر ئەوەی دەیانویست پرۆژە بە ناوبانگەکەی ڕێگەی ئاسنی بەغداد بژیەننەوە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٨ وە بە نهێنی چەندین پەیوەندی لە بارەوەکرا و مەبەستیان بوو ڕێگاکەی عێراق بگەیەنن بە شاری **نوسێبین** ـی تورکیا. دەڵێین: لەبەر ئەم هۆکارانە سووربوون لەسەر ئەوەی ئەم

کەرتە گرنگە بپارێزن و لەژێر چنگی خۆیاندا بیهێڵنەوە، هەموو ئەمانە وایانکرد سەرکردایەتی سوپایی بەریتانیا لەڕۆژی یەکی نیسانی ١٩٢٠دا ڕێگەی ئاسن بداتە دەست بەڕێوبەرایەتی ئینتیداب، لە ماوەی تەنیا دوو ساڵدا، واتە دوای ئەو مێژووە، ئەوەی لە ڕێگەی ئاسندا خەرج کراوە ١١٤ لک ڕوپییە[269] لە داهاتەکەی زیاتر بوو، هەموو ئەو پارەیەش لە خەزێنەی بەریتانیا دەردەچوو[270]، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٢٣یشەوە بەڕێوبردنی ڕێگەی ئاسن تەنها بەناو، درا بە حکومەتی عێراق.

گەرچی بەهای ڕاستەقینەی گشت پڕۆژەکانی ڕێگەی ئاسن لەلایەن ئینگلیزەوە هیچ نەبوو، چونکە لە بنەڕەتدا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری جەنگ بنیات نرابوون و کەرەستەکانیشی کۆن و پەرپووت بوون و وەک لە ڕاپۆرتە فەرمییەکانی خۆیاندا دانی پیادەنێن،[271] لە ناوەڕاستی سالانی بیستەوە پێویستیان بە گۆڕین بوو، لەبەر ئەوەش کە نەدەتوانرا ئەو کەرەستانە بگوێزرێنەوە بۆ شوێنی تر، و بۆ هەر جێیەکی دیکەش بنێردرانایە دەبوو ئەوەندە پارەیان تێدا خەرج بکرێ کە زۆر لە بەهای ڕاستەقینەیان زیاتر بوو.[272]

سەرباری هەموو ئەمانەیش وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانیا بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسنی قەرزاربارکرد و ناچاریکرد ساڵی چەردەیەک لەو *قەرزە* بداتەوە، بەمەش ئەوەندەی باری شانی بەڕێوبەرایەتی ناوبراوی لە ڕووی داراییەوە گرانکرد،[273] هەموو ئەو هەوڵ و کۆششەی حکومەتی عێراق لە سالانی ئینتیدابدا لەگەڵ وەزارەتی موستەعمەراتدا بەختیکرد، تاوەکو ڕێگەی ئاسن و بەڕێوبەرایەتی ڕاستەقینە بدرێتە عێراق بەفیڕۆچوو، چونکە وەزارەتی موستەعمەرات داوای پارەیەکی ئەوتۆی دەکرد لە کێشی عێراقدا

نەبوو، ئەمە لە کاتێکدا نوێنەری عێراق لەسەر ڕێوشوێنی هەمیشەیی خۆی لە زۆر لایەنەوە ملی بۆ بەریتانیا شۆڕکرد و ڕایگەیاند کە حکوومەتی عێراق بە کوڵودڵ دەیەوێ کەلوپەل و دامودەزگاکانی ڕێگەی ئاسن بکڕێتەوە.[274]

ئەم تابلۆ گاڵتەجاڕییە بەتەواوی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە دەبینین هەر لەو ڕۆژەوەی بەڕێوبردنی ڕێگەی ئاسن بەناو درایە حکوومەتی عێراق، ئیتر بەریتانیا چی یارمەتی هەیە لەو بەڕێوبەرایەتییەی بڕی، تەنانەت ئەو ملیۆن و نیو جونەیهەشی نەدایە کە بڕیاربوو لە ساڵی ١٩٢٥ دا بەقەرز بیدات بە بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن و ئەمیش هەندێ لە پڕۆژە ئێجگار پێویستییەکانی پێ تەواو بکات.[275]

کەچی حکوومەتی عێراق یەک لەدوای یەک بەبێ دەستگێڕانەوە قەرزوقۆڵی ئەو بەڕێوبەرایەتییەی دەدا، بە ڕادەیەک ئەو قەرزانەی عێراق لە نێوان تەممووزی ١٩٢٣ و ١٩٢٦ دابوویە، گەیشتە چوار ملیۆن و نیوو ڕوپییە، لە هەموو ئە ماوەیەدا بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن لە ١٤ ی ئایاری ١٩٢٥ دا تەنها قەرزێکی ٣٣٠ هەزار ڕوپییەی لە کۆمپانیای نەوتی *فارسی - ئینگلیزی* وەرگرت، ئەویش بەمەرجێک ڕێگایەکی تایبەتی بۆ خانەقین ڕابکێشێ، چونکە کۆمپانیای ناوبراو هێندەی بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی لە ناوچەکەدا هەبوو دەیهێنا ئەو **قوربانییە گەورەی بۆ بدات.**[276]

ئەمە لە کاتێکدا کە حکوومەتی عێراق بەردەوام تەنانەت دوایی ئەو مێژووەش کە باسکرا قەرزی بەو بەڕێوبەرایەتییە دەدا، ئەوە بوو لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٦دا قەرزێکی ٦٠٠ هەزار ڕوپییەی دایە،[277] لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٢شدا واتە لەو کاتەدا کە وڵات لە تەنگوچەڵەمەی ئابووریدا دەژیا. قەرزێکی تری ٤٨ لک ڕوپییەی دایە،[278] ئەم

هەڵوێستە بەتووندی کۆمەڵانی خەڵکی عێراقیان وروژاند[279] و دەنگیان لێ هەڵبڕی و دەیانپرسی **ئاخۆ حکوومەتی عێراق قەرز بە موڵکێک دەدا هی خۆی نییە** وەک دەقاودەق لە بەڵگەنامەیەکی فەرمی باڵیۆزخانەی ئینگلیز لەڕۆژی ١٢ ـی ئەیلوولی ١٩٢٥دا نووسراوە.[280]

شایەنی باسە داهاتی ڕێگەی ئاسنیش لەپاش ساڵی ١٩٢٢، ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندا بوو، تا وای لێ هات لەو پارەیەی تێپەڕاند کە تێی دا خەرجدەکرا، ئەوەتا ساڵی ١٩٢٢ـ١٩٢٣ بڕی ٣٣٥ هەزار ڕووپییەی پاشەکەوت کرد،[281] بەڵام ئەم دۆخە ئابوورییەی ڕێگەی ئاسن لە ساڵێک زیاتری نەخایاند،[282] چونکە تەنگوچەڵەمەی ئابووری کاری لەویش کرد و بەهۆی زیادکردنی ئەو پارانەوە کە تێیدا خەرج دەکران و لە داهاتەکەی زۆرتر بوون، بودجەی ساڵانەی کورتی هێنا،[283] بەمەرجێک لە توانادابوو بە هەرشێوەیەک بێت چارەسەری بکەن، ڕاستییەکەشی کورتهێنانی بودجەی ساڵانەی وڵات ئەنجامی چەند هۆیەک بوون، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەتەنگ و چەڵەمەکەی جیهانی سەرمایەدارییەوە هەبوو، لەبەر ئەوەی دەغڵودان ڕەوانەی دەرەوە نەدەکرا، ڕادەی گواستنەوەشی بە شەمەندەفەر هاتە خوارەوە، هەمان شتیش لە بارەی ئەو کەلوپەلانەوە ڕوویدا کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دەهێنرانە عێراقەوە، بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن خۆی ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە زیادکردنی تەنگوچەڵەمەکانیدا، بە نموونە: زۆر کەم پارەی بۆ پەرەپێدانی فارگۆن و چاککردنەوەی هێڵە ئاسنینەکان خەرج دەکرد، کە زۆربەی کات لافاو تێکوپێکی دەدان و ڕێگای هاتووچۆکردنی لەسەر دەبڕین، یەکێک لەو لیژنە تایبەتیانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتەکانی ڕێگەی ئاسن پێکهاتبوو دانی پێدادەنێ

**کە: بە تەنـــگەوە نەهـــاتن و خزمەتگـــوزاری هـــاتوچۆکەران لەڕادەیەکدابووە خەڵکی هەڵپەی ئەوە نەکەن بە شمەندەفەر هاتووچۆ بـــکەن و لەبەر ئەوەی هۆیەکـــانی حەوانەوەی تێـــدا نەبـــوو، هاتووچۆکەران حەزیان لێ نەبوو هاتووچۆی پێبکەن.**[284]

هۆیەکی تری گرنگیش هەبوو وای کرد ڕێگەی ئاسنی عێراق بگاتە ئەو حـاڵەی باسـمانکرد، بەڕێـوبەرایەتی ئەم دامودەزگـایە ئەوەنـدەی لەگەڵ کرێکـار و فەرمـانبەرە عێراقییەکانـدا چـرووک بـوو، ئەوەنـدە و بگـرە زیـاتریش لەگەڵ ئەو فەرمـانبەرە بیـانییە گەورانەدا دەسـتودڵ کراوەبـوو کە لەلای کاریـان دەکـرد، فەرمـانبەری وایـان تێـدابوو مانگانەکەی بەبێ دەرماڵە بەقەدەر مانگانەی ١٥٠ کرێکاری عێراقی و بگرە زیاتریش بوو،[285] لە کاتێکدا کە ئەم هەموو کرێکار و فەرمانبەرە بیانیانە بووبوونە گرێیەک و چەندین گیروگرفتیان خوڵقاند، و پاڵینا بە ژمارەیەکی زۆرەوە عێراق بەجێبهێڵن، و لە کاتێکدا کە بەڕێوبەرایەتی خـۆی، دەسـتە دەسـتە کرێکـاری عێراقـی لە کـار دەردەکـرد، وەک لەمەودوا باسـی دەکەیـن : دەڵـێن لە هەمـان کاتدا خەڵکـی تـری بیـانی دەهێنـا و لە دامودەزگاکـانی کـاری پـێ دەکـردن، لە مـاوەی سـاڵی ١٩٢٤ـ١٩٢٥دا ژمـارەی ئەوانەی بـۆ ئەم مەبەسـتە هـاتبوونە عێـراق گەیشـتە ١٩٣ کەس و لە سـاڵی دوایـدا ٩٠ کەس و لە شـەش مـانگی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ ـ ١٩٢٧ دا ٤٤ کەس بوون.[286]

بێگومـــان بەڕێـــوبەرایەتی ڕێـــگەی ئاســـن بـــۆ خۆدەربـــازکردن لە تەنگوچەڵەمەی دارایی زۆر بە ئاسانی کرێکارە عێڕقییەکانی دەکردە قوربـانی، پـێش ئەوەی ئەم تەنگوچەڵەمەیە گەورە بێت و بە ئاشکرا شـوێنەوارەکانی دەربکەوێ، بە بیـانووی ڕێکخسـتنی ئیشـوکاری نـاو دامودەزگاکانییەوە دەستیکرد بە دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر کرێکاری

عێراقی، ئینجا ڕێگای کەمکردنەوەی سەعاتی کارکردنی گرتەبەر و ڕۆژی دوو سەعاتی کەم کردەوە، دیارە بەرامبەر بەمەیش ڕۆژانەی کرێکارە عێراقییەکان هێنرایە خوارەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆژانەی ژمارەیەک کرێکاری بەڕێژەی ٥٠٪ داشکاند، بێ ئەوەی گوێبداتە ماوەی کارکردنی ڕۆژانەیان.

بەڵام ئەم هەنگاوانەی وەک سالانی پێشوو تر هەر وا به ئاسانی بەسەرخەڵکیدا تێ نەپەڕی و هەڵسوکەوتی ناڕەوای بەڕێوبەرایەتی زۆر لایەنی جیاجیاو لە پێش هەموویانەوە کۆمەڵەی پیشەوەرانی جوولاند، ئەمیش چەند جارێک بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە لێپرسراوانەوە کرد و یاداشتی پێشکەش کردن و داوای دەکرد سنوورێک بۆ هەڵسوکەوتی بە ئارەزووی لێپرسراوانی ڕێگەی ئاسن سەبارەت بە کرێکارە عێراقییەکان دابنێ، کۆمەڵەی ناوبراو هەرچی شتێکی دەربارەی جموجوڵی بەڕێوبەرایەتی بزانیایە لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بڵاویدەکردەوە، تاوەکو ڕای گشتی عێراق ئاگادری هەموو ئەو شتانە بێت کە ڕوویان دەدا.[287]

بەڕێوبەرایەتی ڕێگای ئاسن نەک هەر ئەو ناڕەزایەتیانەی پشتگوێ خست کە کرێکاران و ڕێکخراوەکانیان پێشکەشیان دەکرد، بەڵکو بایەخی بەو یاداشتانەش نەدەدا کە هەندی لایەنی فەرمی لە ژێر زەبری ڕای گشتیدا پێشکەشیان کردبوو، بەپێچەوانەوە بیانووی هیچوپووچ و نابەجێی کردە بەڵگە و لەسەر هەڵوێستی ستەمکارانەی خۆی بەردەوامبوو، بە ڕادەیەک تا دەهات باری ژیانی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن ڕوو لەخراپی بوو، پێش ئەوەی ساڵی ١٩٣٠ کۆتاییبێت، جارێکی تریش بەڕێوبەرایەتی دەستی لە سەعاتی کارکردن وەردا و کەمی کردەوە، ئەمەیش لەگەڵ هەنگاوەکانی پێشوویدا بوونە هۆی

ئەوەی کرێکـــاری عێراقـــی لە مانگێـــدا کرێـــی ١٢ ڕۆژ زیـــاتر وەرنەگرێ.[288]

جا کە دەرکەوت هەوڵ و کۆششی کۆمەڵەی پیشەوەران ئەنجامێکی وای بە دەستەوە نەداوە، سەرکردایەتی کۆمەڵە بڕیاریدا لەپێناوی جێبەجێکردنی داخوازییە ڕەواکانیدا مانگرتنێکی گشتی ساز بکات، **ئەلقەزاز** و هاوڕێکانی کەوتنەخۆ و بەشێوەیەکی فراوان پەیوەندییان بە کرێکارانەوە کرد و لەگەڵیاندا کۆبوونەوە تاوەکو بۆ ڕۆژی خۆی ئامادەیان بکەن، [289] لە ڕۆژی ٣ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠دا نزیکەی هەزار کرێکاری[290]سەربە لقە جیاجیاکانی کارگەکانی ڕێگەی ئاسن لە گۆڕەپانی ویستگەی ڕۆژئاوای بەغداد کۆبوونەوە و مانگرتنیان ڕاگەیاند، ئەم مانگرتنە لە ڕووی قەوارە و شێوەی ڕێکخستن و ئەنجامەکانییەوە بە یەکەم مانگرتن دادەنرێت لە مێژووی عێراقدا.

مانگرتووەکان بەمەبەستی لابردنی زوڵم وستەم چەند داخوازییەکیان پێشکەش کرد، بریتی بوون لەم خاڵانەی خوارەوە:-

1. ڕۆژانەی کرێکاران بچێتەوە دۆخی جارانی.
2. مووچەی جەژنە فەرمییەکانیان بدرێتێ.
3. کە کرێکار مۆڵەتی نەخۆشی وەردەگرێت، ڕۆژانەکەی نەبڕدرێ.
4. ئەو *ئانە*یەی کە پێشتر لە هەموو ڕوپییەیێک دەبڕدرا، بیاندرێتەوە.
5. سنوورێک بۆ هەڵسوکەوتی لێپرسراوانی ڕێگەی ئاسن دابنرێ کە بە ئارەزووی خۆیان لەگەڵ کرێکارە عێراقییەکان دەجووڵێنەوە.[291]

مانگرتووەکان ڕوویان کردە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و هاتووچۆ، بەڵام پۆلیس ڕێگەی پێگرتن و ماوەی نەدان بگەنەجێ، بەڕێوبەرایەتیش بەیاننامەیەکی سەبارەت بە مانگرتنەکە دەرکرد و ڕوونیکردەوە کە بەڕێوبەری گشتیی ئامادەیە لەگەڵ نوێنەری مانگرتووەکان کۆببێتەوە و **وتوویژی برایانەیان لەگەڵدا بکات و ئەوەی لەتوانایدایە ئەنجامی بدات،**[292] کرێکاران وەفدێکیان بە سەرۆکایەتی **ئەلقەزاز** پێکهێناو ڕۆژی دوایی چاویان بە بەڕێوبەری گشتی کەوتوو داخوازییەکانی کرێکارانیان خستە بەردەست، بەڕێوبەری "***گشتی بەو لووتبەرزییەوە پێشوازی نەکردن کە پێی ناسرابوو***" وەک ئەلقەزاز وەسفی دەکات،[293] ناوبراو دڵنیایکردن یاسای باجی مووچە کە دەوڵەت داینابوو کرێکارانی ڕێگەی ئاسن ناگرێتەوە و بەڕێوبەرایەتی سەرلەنوێ چاوبە مەسەلەی کەمکردنەوەی سەعاتی کارکردندا دەخشێنێتەوە و چارەسەرێکی باشیدەکات و بەوەش ڕەزامەندە **ئەلقەزاز** ببێتە نوێنەری کرێکاران.[294] دوبەدوای ئەمە مانگرتووەکان چوونەوە سەر ئیشوکاری خۆیان، جابۆئەوەی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن تەماپاکی خۆیدەربخات دوای چەند ڕۆژ لیژنەیەکی پێکهێناو بە قسەی خۆیان کاری ئەوە بوو گوایە ڕێگای ئەوتۆدەگرێتەبەر، خەرجی کەم بکاتەوە و دەستبەرداری هەندێک کرێکاری هیندۆسیش دەبێت[295]، بەڵام هەرزوو دەرکەوت مەبەستی بەڕێوبەرایەتی لەم هەنگاوانەی ئەوە بووە کات بەسەرببات و پاشان هێرشێکی وایان بکاتەسەر و بەشەڕی دەروونی تێکیانبشکێنێ، تا جارێکی تر نەتوانن تووخنی مانگرتن بکەون، وەک لەوهەنگاوانەیدا دەردەکەوێت کە دوایی هاویشتنی.

مـانگرتنی کرێکـارانی ریگـای ئاسـن ئەگەرچـی کەمـی خایانـد، بەڵام خاڵێکی ڕۆشـن وگرنگە لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی عێراقداو نیشـانەی ئەو ئـاڵوگۆڕە تـازەیەیە کە بەسـەر بـزووتنەوەی کرێکاریـدا هات، ئەوتۆزە سـەرکەوتنەی کرێکارا بەهـۆی مـانگرتنەوە بەدەسـتیان هێنـا، تێیگەیاندن کە هاریکـاریکردنی یەکتـری تـا چ ڕادەیەک بـایەخی هەیە، جـگە لەوەش سـەرنجی توێژەکـانی تـری کرێکـارانی ڕاکێشـاو هەسـتیان بەکەڵک و سـوودی ئەم شـێوازە نوێیەی خەبـاتکرد، دیارە هەر وا لەخۆڕانەبوو کە دوای نزیکەی مانگێک پتر لە هەزار کرێکار داواکارینامەیانـد بە لێپرسـراوان و تێیـدا پشـتگیری کرێکارانی ڕێگەی ئاسنیان کرد و داوایان کرد: ***لە پێنـاو پاراسـتنی مـافە زەوتکراوەکـانی کرێکاراندا و لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەتی کرێکاران، بەزووتـرین کات یاسای کرێکاران دابنرێت،***[296] گرنگ ئەوەیە ئاگاداری ئەوەبین کە ئەومانگرتنە بەتەنیا کاری لە کرێکاران نەکرد بەڵکو کاری لەچەندین توێژی کۆمەڵایەتی کرد.

کە هەمـوویـان بە هۆکـاریی کـار و شـوێن دەسـتیان لە بەرهەمهێناندا سـەربە چینـی بـۆرژوای بچـووک بـوون، جـارێکی تـرێش دووبـارەی دەکەیـــنەوە کە هەر وا لەخـــۆوە نەبـــوو فەرمـــانبەرە عێـــراقییە بچکۆلەکانی ناو دامودەزگای ڕێگەی ئاسن دوو هەفتە دوای مـانگرتنی کرێکـــاران و ســـەبارەت بەوەی جیاوازییـــان لەگەڵـــدا دەکـــرا و دەچەوسـێنرانەوە نەچوون مووچەکانیـان وەربگرن،[297] ئەوەی لێرەدا نـــاوەڕۆکێکی گەورەی هەیە ئەو تێبینـــیەیە کە لەنـــاو ڕاپـــۆرتە تایبەتییەکەی حکوومەتی بەریتانیادا نووسراوە، کە لە بارەی چۆنێتی بەڕێـوبردنی عێـراقەوە لە سـاڵانی ئینتیدابـدا پێشـکەش بە *کـۆمەڵەی گەلان ی* کردووە و دەڵێت:

**هەندێک بەڵگە هەن دەریدەخەن کە زەحمەتکێشان [ لە عێراقدا. ک.م ] خەریکن لەوە تێدەگەن کە کاری هەرەوەزی چ هێزو توانایەکیان پێدەبەخشێ و چۆنیش لەگەڵ خاوەنکاردا بە کاری دەهێنن ئەوەی لێرەدا پێویستە دووپاتبکرێتەوە ئەوەیە ئەمبڕگەیە ڕاستەوخۆ لەوجێیەدا نووسراوە کە ڕاپۆرتەکە دێتە سەر باسی مانگرتنی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن.**[298]

وەک لەپێشەوە باسکرا پاشگەزبوونەوەی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن لەبەردەم مانگرتووەکاندا، لەوەبەولاوە کە فڕوفێڵێک بوو، کرێکارانی پێ دەسخەڕۆکرد هیچیترنەبوو، چونکە تاقە داخوازییەک چییە بۆ کرێکاران جێبەجێ نەکرا، نەک هەرئەوەش بەڵکو چەند هەنگاوێکی تریشی ناو دەیویست هێز وتوانای خۆی نیشانبدات و تۆوی نائومێدی لە دەروونی کرێکاراندا بچێنێت، بەوەی بەرژەوەندی هەندێکی پێشێلکرد تاوەکو بە لێکدانەوەی خۆی وانەی ئەوانەی تری پێبدا، بەپێچەوانەی هەموو ئەو گفتو و بەڵێنانەوە کە پێیدابوون، بەڕێوبەرایەتی لەئیوارەی کریسمسدا ڕایگەیاند کە بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵەوە هەموو دامودەزگاکانی لەڕۆژی ٢٥ـی کانوونی یەکەمەوە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لەکار ڕادەوەستن،[299] ئەمەش مانای ئەوە بوو کە مووچەی ئەو ٣ ڕۆژەی کرێکارە عێراقییەکان دەبڕدرێ، ئینجا هەنگاوێکی نارەوای تری هاویشتوو بۆکرێکارانی سەلماند کە لێپرسراوانی ڕێگەی ئاسن نەک هەر تەمایان خراپە. بەڵکو بە ئاشکراش گاڵتە بە بەرژەوەندییەکانیان دەکەن، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٣١دا بەڕێوبەرایەتی بڕیارێکی دەرکرد و بەپێی ئەوبڕیارە ماوەی کارکردنی ڕۆژانەی کردە ٤ سەعات و مووچەی کرێکارە عێراقییەکانی بە هەمان ڕێژە هێنایە خوارەوە. بە مەرجێک ئەو بڕیارە

لە ڕۆژی ٢٤ی شوباتەوە کاری پێبکرێت.[300] ئا ئەم بڕیارە سەبارەت بە کرێکارانی ڕێگەی ئاسنەوە دەستوەشاندنێکی لەناکاوبوو، چونکە ئەوان وایان چاوەڕوان دەکرد بەپێی ئەو گفتو بەڵێنەی پاش مانگرتنەکە پێیاندرابوو، ماوەی کارکردنی ڕۆژانەی لە ٦ سەعاتەوە بۆبکرێتەوە بە ٨ سەعات، وەک نەریتی هەمیشەی کەوتە بڵاوکردنەوەی گیانی دووبەرەکی لەناو کرێکاراندا و بڕیاریدا داشکاندنی ڕۆژانەی کرێکارە ئەرمەنییەکان نەگرێتەوە.[301]

ئەم بڕیارە نوێیە هەرایەکی گەورەی لەناو کرێکارانی ڕێگەی ئاسندا نایەوە و کۆمەڵەی پیشەوەران جارێکی تریش خۆی کردەوە بەخاوەنی ئەم دۆزەو لەزۆر لاوە کەوتە پەیوەندیکردن، کرێکارانیش بەخێرایی وەفدێکیان بە سەرۆکایەتی **ئەلقەزاز** پێکهێنا تاوەکو چاویان بەگەورە لێپرسراوانی ڕێگەی ئاسن بکەوێت، هەر ئەوڕۆژەی بڕیارەکە دەرچوو، وەفدەکە چاویان بە سەرۆکی ئەندازیارە میکانییەکانی *کارگەی شاڵچییە* کەوت،[302] و ڕۆژی دوایی چوونە لای بەڕێوبەری گشتی بەڵام بێ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک شایانی باسکردنبێ.

لە لایەکی ترەوە کرێکارانی ڕێگەی ئاسن بە مەبەستی ئەوەی سەرنجی ڕای گشتی بەلای کێشەکانیاندا ڕابکێشن، لە مەیدانی ڕاگەیاندندا چالاکییەکی هەستپێکراویان نواند، **ئەلقەزاز** لەو بانگەوازەیدا کە بەو بۆنەیەوە بڵاویکردەوە دەپرسێ **نازانین هەڵوێستی لێپرسراوانمان و پیاوانی دامودەزگا نیشتیمانییەکان و ئەوانەی مەسەلەی کرێکارییان لەلا مەبەستە و بەتایبەت ڕۆژنامەکانی عێراق چی دەبێت؟**[303] ئەوسا ڕۆژنامەکان کەوتنە قسەکردن لەسەر ئەو پەشێوییە گەورەیەی کەوتۆتە ناو ڕیزی کرێکارانی ڕێگەی

ئاسنەوە و خەریکە دەست لەکار هەڵبگرن چونکە **بێکارییان لەو چەشنە کارکردنە پێ باشترە**، ناچار سەرۆکی کۆمەڵەی پیشەوەران و هەندێ لە سەرکردەکانی تری **هەوڵێکی زۆریاندا کرێکاران خاو بکەنەوە تا وەڵامی بەڕێوبەری گشتییان بۆدیتەوە.**[304]

بەڵام وەڵامی بەڕێوبەرایەتی زۆر دلڕەقانە بوو: بە ئاشکراش کرێکارانی خستە بەردەم دووڕیانێک، یان سەعاتی کارکردنی ڕۆژانە وەک خۆی بمێنێتەوە، یان ئەوەتا ١٧٣ کرێکار لە کار دەربکرێن، تا بتوانێ بە قسەی بەڕێوبەرایەتی ڕۆژی شەش سەعات کار بە کرێکارەکانی تر بکات، بەسەرزارەکیش گفتیدا چی لە توانایدا هەبێت لە داهاتوودا بیکات، تاوەکو هەموو شتێک بگەڕێتەوە شوێنی خۆی،[305] بەو جۆرە کرێکاران هیچیان بۆ نەمایەوە ئەوەنەبێ پەنا بەرنە بەر ئەو چەکە نوێیەی فێری بەکارهێنانی بوون و پێشی سێ مانگ بەوپەڕی سەرکەوتنەوە تاقییان کردەوە کە مانگرتن بوو.

مانگرتنی دووەمی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن لە ٢٦ شوباتی ساڵی ١٩٣١دا دەستی پێکرد، ئەم مانگرتنە بە هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەی بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق دادەنرێ چونکە ئەمجارە ژمارەیەکی زۆرتر بەشداری تێدا کرد،[306]جگە لەوەش لە ئەنجامی پراکتیک و تاقیکردنەوەدا چووە بارێکی ڕێکترەوە، بۆیە مانگرتنی دووەم لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا لەمانگرتنی یەکەم زیاتر دەنگیدایەوە، ئەوە بوو کرێکارانی بەغداد و چەند شارێکی تر پشتگیرییان کرد و زۆربەی کۆمەڵە و حزبە سیاسییەکان و ڕۆژنامە و پیاوە ئایینییەکان لەسەرییان هاتنە دەنگ.[307]

کۆمەڵەی پیشەوەران بەیاننامەیەکی چڕی لە بارەی ئەم مانگرتنە تازەیەوە بڵاوکردەوە، تێیدا هۆی بەرپابوونی مانگرتنەکە و فڕوفێڵی

بەڕێــوبەرایەتی و چــی هەوڵ و تەقەلــلایەک لە دوادوایــی کــانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ تا ڕۆژی مانگرتنەکە بۆ هەڵخەڵەتاندنی کرێکاران دابــووی ڕوونـــی کـــردەوە، بەیاننـــامەکە دەستنیشـــانی هەمـــوو داخوازییەکـــانی کرێکـــارانی کـــردووە، کە بـــریتین لە هەمـــان داخوازییەکانی پێشـوو لەگەڵ دوو خـاڵی نوێدا، یەکەمیـان: دەربـارەی ئەوە بـوو کە پێویسـتە ئەو بڕیـارەی سـەعاتی کـارکردنی ڕۆژانەی لە ٢٤ی شوباتەوە کردبوو بە ٤ سەعات چز بکرێت، دووەمیـان: لابردنی ئەوفەرمانبەرە بیانیانەی کە پسپۆڕنین لە تێکڕای دامودەزگانی ڕێگەی ئاسـندا،[308] سـەرکردەکانی مـانگرتنەکە ڕسـتەی "***خــواردنی مــافی کرێکـاران زوڵمێکـی ئاشـکرایەو ئەنجـامەکەی مـاڵوێرانییە***" کردبـووە دروشـمی سـەرەکی، و مانگرتووەکـان لە کۆبوونەوەکانیانـدا بەرزیـان دەکردەوە و لەگەڵ لێپرسراوانیشدا پێیان لەسەر دادەگرت.[309]

لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەگەر بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن ڕێگای پێچ و پەنــا و فڕوفێڵـــی گرتبـــێ شـــتێکی سرووشـــتی بـــووە، ئەوتـــا بڵاویکـردۆتەوە گوایە ئامـادەیە لە مـاوەیەکی کورتـدا هەمـوو شـتێک بگێـڕێتەوە سـەر دۆخە سرووشـتییەکەی خـۆیی و چـی پێویسـتبێ ئەنجامی بدات، بەڵام کرێکاران سـوور بـوون لەسـەر ئەوەی تانەگەنە ئەنجـامێکی ئەوتـۆ کەمێـک بـاری شـانیان سـووک بـێ درێـژە بە مانگرتنەکەیـــان بـــدەن،[310] هەردوو ڕۆژ دوای ئەوەی مـــانگرتنەکە دەسـتیپێکرد نـزیکەی ١٢٠٠ کرێکـاری ڕێـگەی ئاسـن لە گۆڕەپـانی ***السرای*** کۆبوونەوە و داوایان لە میری کرد پشتگیرییان بکات، تـاوەکو داخوازییە ڕەواکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، دروشـمی ناوندی کرێکـاران لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوە بـوو کە پێویسـتە لەگەڵ کرێکارە بیانییەکاندا بەیەک چاو سـەیربکرێن و یەک هەڵسـوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، دوای

نزیکەی دوو سەعات و پاش ئەوەی کە میریی نەیتوانی بڵاوەیان پێ بکات، وەزیری ئابووری و هاتووچۆ ناچار بووقایل ببێ لەگەڵ **ئەلقەزاز** کۆببێتەوە و سەبارەت بە داخوازی مانگرتووەکان، وتووێژی لەگەڵ بکات،[311] پاش ئەوەی وەزیری ناوبراو گفتی دا کە میری لەسەریان هەڵبداتێ و کرێکاران درێژە بە خۆپیشاندانەکەیان بدەن بۆ ئەوەی مەسەلەکەیان بخەنە بەردەم لایەنە لێپرسراوەکانی تر، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی سەرنجی ڕای گشتی بەلای بزووتنەوەکەیاندا ڕابکێشن.[312]

بە بیانوو ئەوەی سەرۆک وەزیران خۆی بۆی نەلوا چاوی پێیان بکەوێ، ئینجا بڕیاریاندا بچنە کۆشکی پاشایەتی،[313]جا هەرچەندە خۆپیشاندانەکە هێمن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشداران بە ژیانی ***مەلیک، سەرۆک وەزیران، وەزیری ئابووری و هاتۆچۆ*** *و تەنانەت* ***بەژیانی بەڕێوبەری گشتی ڕێگەی ئاسن*** یش دروشمیان دەدا، کەچی پۆلیس هەر ڕێگای بە کرێکاران نەدا لەسەر خۆپیشاندانەکەیان بەردەوام بن و "*لەبەر زۆری کرێکاران*" لە ئەنجامەکەی دەترسان و نەوەک ببێتە هۆی شێواندنی ڕای گشتی لەبەر ئەوە داوایان لێ کردن بڵاوەی لێ بکەن و بەپێی ئەو فەرمانە فەرمییانەی دەرچووە هەر کەس بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.[314]

بەڵام پێش ئەوەی کرێکاران بڵاوەی لێ بکەن بڕیاریاندا ئێوارەی ڕۆژی دوایی یەکی مارت لە بارەگای کۆمەڵەی پیشەوەران کۆببنەوە، سەرکردەکانی مانگرتنەکە، نوێنەری کۆمەڵە کرێکاریی و پیشەییەکان و ژمارەیەک لە پیاوە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسانیان بانگ کرد، تا بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بکەن، لە کاتی دیاریکراودا کرێکاران و میوانان ڕوویان کردبووە بارەگای کۆمەڵەو بە ڕادەیەک قەرەباڵغ

بووبوو جمەی دەهات و[315] زۆر کەس ناچاربوون لەسەر باڵکۆن لە بەردەم بارەگاکەدا بە پێوە بوەستن.[316]

هەموو ئەو وتارانەی لەو کۆبوونەوەیەدا خوێندرانەوە باسی ژیانی پڕ لە کوێرەوەری کرێکارانی عێراقی دەکرد، بەتایبەتی ڕەخنەی توندوتیژییان لە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن دەگرت بەرامبەر بە کرێکارە عێراقییەکان و داوایان لە میری دەکرد بە هەموو تواناوە پشتگیری مانگرتووەکان بکات و چی وزە و توانای هەیە بیخاتەگەڕ، و لێپرسراوانی ڕێگەی ئاسن ناچار بکات وەڵامی داخوازیەکانی کرێکاران بداتەوە، لە کۆتایدا بڕیاریان دا ڕۆژی هەینی کە ڕێکەوتی ٦ـی مارتی دەکرد لە بەردەم مزگەوتی ***حەیدەرخانە*** کە یەکێک بوو لە بنکەکانی شۆڕشی بیست، کۆببنەوە، و لەوێوە بە خۆپیشاندان بکەونەڕێ، پاش ئەوەی چاویان بە گەورە لێپرسراوان دەکەوێ، بگەڕێنەوە بۆبارەگای کۆمەڵە، **ئەلقەزاز** بۆ ئەم مەبەستە بە فەرمی داوای لە موتەسەڕیفی بەغداد کرد ڕێگای بدەن[317]بەڵام موتەسەڕیف داواکەی دایە دواوە.

یەکێک لەو بڕیارە گرنگانەی دەستەی بەڕێوبەریی کۆمەڵەی پیشەوەران لە سەرەتای مانگرتنەکەدا دابووی ئەوە بوو، "لیژنەی دەستگیرۆیی کرێکاران" بەسەرۆکایەتی ***ئەلسەید یوسف ئەلسەید تالیب*** و بە ئەندامێتی ***یوسف ئەلموەللی، جەمیل عیسا، محەمەد جەمیل، تەها عەباس و داوود گەییارە*** پێکبهێنرێ، ژمارەیەکی زۆر کرێکار و پیشەوەر و خەڵکی تریش هاوکاری و پیتاکیان کرد و پاشان ئەوپارەیە و پارەی سندوقی کۆمەڵە لەلایەن لیژنەی ناوبراوەوە بەسەر کرێکارە مانگرتووەکاندا دابەشکرا، ئەوە بوو

لەماوەی تەنیا دوو ڕۆژدا زیاد لەسەد کرێکار یارمەتییان لە *لیژنەی دەستگیرۆی کرێکاران وەرگرت*.[318]

بەو جۆرە مانگرتنی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن لەسەر ئاستی فەرمی و میللی زۆر بە خێرای بووە بابەتی یەکەم، ئینجا لە زۆر لای جیاجیاوە پشـتگیریی لە مـانگرتن و مانگرتووەکـان کـرا، ڕۆژنامەکـان لەگەڵ جیـاوازی ڕێبازیشـیاندا بـایەخێکی زۆریـان بە بـابەتی مـانگرتن و جموجـۆڵی مانگرتووەکانـدا، ڕۆژنـامە نیشـتیمانپەروەرەکان وایـان لەقەڵەم دا ئەوەی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن کردوویانە "**بزووتنەوەیەکی پیـرۆزە**" هەر وەک لە سـەروتاری *ڕۆژنـامەی الاسـتقلال* ـدا باسکراوە.[319]

حکومەتی عێراق لەم بارودۆخە ناسکەدا و لەژێر زۆری کۆمەڵە و لایەنەکانی تری کرێکاراندا کە لە هەموو بۆنەیەکدا، داوایان لێ دەکرد پارێزگارییان بکات نەیدەتوانی هەڵوێستی تەماشاکەری هەبێت، لە ڕۆژی ٢٨ی شوباتدا کاتێک کرێکاران خۆپیشاندانەکەیان سازکرد و لە *گۆڕەپانی السرای ـدا* کۆبوونەوە، و وەزیری ئابووری و هاتوچۆ نامەیەکی بەپەلەی بۆ بەڕێوبەری گشتیی ڕێگەی ئاسن نووسی و تێیدا داوای لێ کرد تەماشای داخوازی کرێکاران بکا،[320] وەزیر خۆشی لەگەڵ **ئەلقەزاز** و چەند ئەندامێکی کۆمەڵەی پیشەوەران کۆبوویەوە لە بارەی مانگرتنەکەوە وتوویژیان کرد.[321] ڕۆژی ٣ی مـارت وەزیـر داوای لە **ئەلـقەزاز** کـرد لەگەڵیـدا کـۆببێتەوە، لەو کۆبـوونەوەیەدا کە پـارێزەرەکەی کـۆمەڵە *داود ئەلسـەعدی* و ئەندامێکی فەخری ئامادەبوون، وەزیر داوای کرد کرێکاران بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان و گفتی پێدان بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانیان یارمەتییان بدات، بەڵام **ئەلقەزاز** دووبارەی کردەوە کە **کرێکاران تا**

**بەتەواوی لە سەرچاوەیەکی فەرمییەوە دڵنیا نەکرێن کە داخوازییەکانیان جێبەجێ دەکرێ ناچنەوە سەر کار**، ئەم پێداگرتنەی **ئەلقەزاز** وەزیری گەیاندە ئەو بڕوایەی کە پێویستە بە زووترین کات مانگرتووەکان لەگەڵ بەڕێوبەری گشتیی ڕێگەی ئاسن کۆببنەوە و خۆیشی لەگەڵیاندا بەشداری بکا و پاش کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکە گفتی دا ئەم مەسەلەیە بگەیەنێتە ئەنجام.[322]

بەو جۆرە بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن لە پاشەکشە زیاتر هیچی تری بۆ نەمایەوە، ڕۆژنامەیکی ناوخۆ بەشێوەیەکی ئەوتۆ پاشەکشەی بەڕێوبەرایەتی ڕوونکردۆتەوە کە توێژەرەوە پێویستی بە لێکدانەوە و بۆچوونی تایبەتی نامێنێ، ئەوەتا لەو سەروتارەیدا کە بە ناونیشانی **کرێکارە مانگرتووەکان پاش ئەوەی مەرجەکانی خۆیان سەپاند دەگەڕێنەوە سەر کار** بڵاوی کردۆتەوە و دەڵێت:

**...بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن کە بۆی دەرکەوت کرێکاران ئەم مانگرتنەیان بەڕاستییە و فڕوفێڵ و دووبەرەکی نانەوە کار لە گیانی نەبەزیویان ناکا و پاش ئەوەی زانی خەریکە شەمەندەفەریش لە کاردەخرێ،[323]ناچار بوو وەڵامی داخوازییەکانیان باتەوە.**[324]

کەواتە کرێکاران لە ڕێگەی یەکێتیی و پێداگرتنیانەوە توانییان لە سەرەتایی بزووتنەوەکەیاندا یەکەم سەرکەوتنی لەو جۆرە بەدەستبهێنن، وەزیری ئابووری و هاتوچۆ لە ڕۆژی ٤ی مارتدا، واتە لە ڕۆژی شەشەمی مانگرتنەکەدا لە دیوانی وەزارەت "**محەمەد سالح ئەلقەزاز**"ی "**سەرۆکی کۆمەڵەی پیشەوەران**"ی لەگەڵ بەڕێوبەری گشتی ڕێگەی ئاسن بەیەک گەیاند،[325]دوای مشتومڕێکی دوورودرێژ کە چەند سەعاتێکی خایاند هەردوو لا گەشتنە ئەنجام و ڕێکەوتن لەسەر چوارخاڵی سەرەکی:

1. دەبـێ بەڕێـوبەرایەتی بەپەلە دەسـتبەرداری هەمـوو ئەو کرێکـارە بیانییـانە ببێت کە تەکنیکی نـین و کـاتی خـۆی بەو ناونیشـانە دامەزرێنـراون. هەروەهـا داوا لە گشـت کرێکـاران بکرێت ڕەگەزنامە بخەنە ڕوو، تـاوەکو بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت ژمـارەی تەواوی کرێکـارە بیانییەکـان دەستنیشـان بکرێ.
2. بەڕێـوبەرایەتی گفتیـدا لە جێـی ئەو کرێکـارە بیانییـانەی دەستبەرداریان دەبێ، کرێکاری عێراقی دابمەزرێنێت.
3. ناتەواویی بودجەی بەڕێوبەرایەتی بە مووچەی کرێکاران و فەرمـانبەران پڕبکـرێتەوە، بە مەرجێـک ئەو پـارەیەی لێیـان دەبـڕن بە ڕێژەیەکـی ئەوتـۆ بێـت لەگەڵ مووچەکەیانـدا بگونجێت.
4. لە ڕۆژی ١ـی نیسـانەوە واتە لە کـاتی دیـاریکردنی دارایـی ساڵانەوە، کار بەم ڕێککەوتنە دەکرێ.[326]

پاش ئەم ڕووداوە سەرکردایەتی مانگرتنەکە کرێکارانی ئاگادارکردەوە لە ڕۆژی پێنجی مارتەوە بچەنەوە سەر کار، لەو ڕۆژەوە ***کارگەکانی شـالچییە*** بـووژانەوە، و کرێکـارانیش لە قوتابخـانەی خەبـات و تێکۆشـاندا وانەیەکی ئەوەنـدە گەورە فێربـوون، چـی دەسـتە و تـاقمی نیشـتمانی ئەو کـاتە هەبـوو دانیـان بەو گرنگیدا نـا، ئەوەتـا ***ڕۆژنـامەی الاستقلال*** کە قسە لە سەرکەوتنی کرێکاران دەکات دەڵێ :

**ئەم هەنگـاوە سـەرکەوتووانە وای لە کرێکـاران کـرد،[327] شـانازی بەخۆیانەوە بکەن و تێبگەیاندن کە تەنها بە یەکێتیی مافەکانی خۆیان**

**بەدەستدەهێنن، ئەگەر کرێکار پشتوپەنایەکی هەبێت هەر برای کرێکارییەتی کە لەگەڵیدا ئازار دەچێژێ و لە ڕۆژی ڕەشدا پشتیوانی دەکات و دڵی بۆ دەسووتێ، گومانیش لەوەدا نییە کە سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە پیرۆزە و شادبوونیان بە هەندێ لە مافە ڕەواکانیان، پڕر هانیان دەدا لەسەر ئەم ڕێبازە ئاشکرایە کە خەباتی کرێکاران خۆیانە بەردەوام بن، تاوەکو مافە زەوت کراوەکانیان وەردەگرنەوە.**[328]

سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە هەندێ ئەنجامی ئەوتۆی لەو قۆناغەدا بەدەستەوەدا، ڕاستەوخۆ شوێندەستی بەسەر بزووتنەوەی کرێکارییەوە دیار بێت، جگە لەوەی کرێکاران زیاتر باوەڕیان بەخۆیان هێنا، ناو و شۆرەتی "کۆمەڵەی پیشەوەران"یش لەناو کرێکاران و پیشەوەراندا بە جۆرێک دەنگیدایەوە تا ئەو کاتە نەبیسترابوو، ئەم حەقیقەتەش لەوەدا دەردەکەوێ کە دوو هەفتە دوای مانگرتنەکە و **پاش ئەوەی کرێکاران لە دڵسۆزی و هەوڵ و کۆششی کۆمەڵە لە پێناو جێبەجێ کردنی مافە ڕەواکانیاندا دڵنیابوون.**[329]

دەستە دەستە جۆلا، دارتاش، کرێکاری بینا و زۆرێکی تریش بە گەرمییەوە لە دەووری ورووژان و داوایان دەکرد بچنە ڕیزی کۆمەڵەوە، ماوەیەکی کەمیش دوای ئەوە کرێکارانی شاری *دیوانییە* و *حیللە* داوای لەو جۆرەیان پێشکەش بە دەستەی بەڕێوبەری کۆمەڵە کرد،[330] هەر کە سەرکردەی کۆمەڵە جیاجیاکانی کرێکاران و پیشەوەران لەناو خۆیاندا و بە مەبەستی یەکخستنی ڕێکخراوەکانیان کەوتنە وتوویژ و گفتوگۆ کردن، ئەم مەسەلەیە چووە بارێکی ترەوە و لە چوارچێوەیەکی نوێ تردا خۆی بینییەوە، چونکە هەموو

دەیانویست ڕێکخراوەکانیان بە هۆی لیژنەیەکی باڵا یاخود لەناو کۆمەڵێکی گشتییدا یەکبخەن.[331]

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەک لەوانەی سەرکردایەتی مانگرتنەکەیان دەکرد، گومانیان لە تەما و مەبەستی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن هەبوو، بەلام هەڵوێستی گەرموگوڕی وەزیر[332] لە لایەک و مەترسی ئەوەی کرێکاران لە ژێر زەبری نەبوونی و بێ دەرامەتیدا دەست لە مانگرتن هەڵبگرن لە لایەکی ترەوە، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵەی پیشەوەران لە رووی داراییەوە بێ توانا بوو، ناچار بوون مل بدەن و بەوە قایل ببن دەست لە مانگرتن هەڵبگرن، کەچی هەر زوو ڕاستی بۆچوونی کرێکاران دەرکەوت، چونکە سووکە هەنگاوێک کە بەڕێوبەرایەتی لەدوای مانگرتنەکە هاوێشتی ئەوە بوو ڕەگەزنامەی کردە مەرج و بەسەر ئەو کۆڵبەرانەیدا سەپاند کە تاک و تەرایان نەبێ هەر هەموویان عێراقی بوون،[333]پێش ١ـی نیسانیش واتە ڕۆژی جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنەی کۆتایی بەمانگرتنەکە هێنا، بەڕێوبەرایەتی وەک بیەوێ کرێکاران تاقیبکاتەوە ١٢ کرێکاری عێراقی لە کار دەرکرد، ئەوەیش کە باشتر ئەم حەقیقەتە دەچەسپێنێ ئەوەیە دەرکراوەکان سەر بە دوو بەشی جیاوازی کارگەکانی ڕێگەی ئاسن بوون و هاوڕێکانیان ئامادەبوون دەست لە ٦٪ ی ڕۆژانەکانیان هەڵبگرن، بە مەرجێک دەرکراوەکان بخرێنەوە سەر کار، کەچی بەڕێوبەرایەتی بەتەواوی ئەم پێشنیارەی ڕەتکردەوە،[334] بەلام کە زانی کرێکاران زۆر دڵگرانن و هەڕەشەی مانگرتن دەکەن و سەر لە نوێ سەرکردەکانیان کەوتوونەتە خۆ و پەیوەندی بە زۆر لایەنەوە دەکەن و یاداشتیان بۆ نوێنەری سامی و

سەرۆکی ئەنجوومەنی چاودێری[nk] و وەزیری ئابووری و هاتوچۆ و جێگری وەزیری ناوخۆ و گشت ڕۆژنامەکان ناردووە،[335] جارێکی تر پاشەکشەی لێکرد و لەسەر ڕێوشوێنی هەمیشەیی خۆی دەیویست بە فڕوفێڵ، تۆوی گومان و دوودڵی لە دەروونی کرێکاراندا بچێنێ، ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢ی نیساندا فەرمانێکی دەرکرد کە لە تەواوی بەشەکانی کارگەدا ڕۆژی ٨ سەعات کار بکرێ، دوای دوو ڕۆژیش بە کرێکارانیان ڕاگەیاند کە دەبێ هەموو کەس ڕەگەزنامەکەی بخاتە ڕوو، تاوەکو بەقسەی بەڕێوبەرایەتی بەپێی بەندی یەکەمی ڕێککەوتنامەکە دەستبەرداری ئەو کرێکارە بیانییانە ببێت کە پێویستی پێیان نییە، بەو جۆرە بەڕێوبەرایەتی، کرێکارانی هێمن کردەوە.[336] هێشتا مەرەکەبی ئەو دوو بڕیارە وشک نەبووبوەوە، دوو دیاردەی دژ بەو دوو بڕیارە لە ئاسۆوە دەرکەوتن، بەڕێوبەرایەتی بە مەبەستی نزم کردنەوەی ورەی کرێکاران و خاو کردنەوەیان زنجیرەیەک هەنگاوی تازەی نا، بێ ئەوەی لێپرسراوە عێراقییەکان لە جێی خۆیان ببزون، هەر وەک **ئەلقەزاز** لەدواییدا دووپاتی کردەوە.[337] وا پێدەچێ هەردوو لایان پێشتر لەسەری ڕێککەوتبن، هەنگاوەکانی بەڕێوبەرایەتی یەک لەدوای یەک و بە خێرایی جێبەجێدەکران و شتی ئەوتۆشی تێدابوو هەرگیز بە خەیاڵی کرێکاراندا نەدەهات، ئەوە بوو بە ئەنقەست ڕۆژانە و سەعاتی کارکردنی کرێکارە عێراقییەکانی کەم کردەوە، ئەوانەی لەو بەشانەدابوون پێش مانگرتنەکە نەیدەگرتنەوە

---

[nk] مجلس الاعيان: وەک ئەنجوومەنی پیران وابووە و یەکێک بووە لە دەزگا دەستورییەکان کە شانبەشانی ئەنجوومەنی نوێنەران هەبووە، ئەم دوو دەزگایە یەکەمین نەریتی پەرلەمانی بوون لە عێراق لە سەروەختی حوکمڕانیی پاشاییدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢١ بۆ ١٩٥٨.

وەک بەشـــی گواســـتنەوە، پاشـــان لە ڕۆژی ١٣ و ١٤ـــی نیســـاندا فەرمانێکی دەرکرد تێیدا دەستبەرداری نزیکەی ٥٠ کرێکاری عێراقی بوو، پاش ماوەیەکی تریش چەند کرێکارێکی تری دەرکرد، ئەمە جگە لەوەی لێپرسـراوەکانی بەڕێـوبەرایەتی لەسـەر ڕێوشـوێنی جارانیـان کەوتـنەوە سـەر زەبروزەنـگ نوانـدن،[338] جـا وەنەبـێ بەڕێـوبەرایەتی ڕێـــگەی ئاســـن هەربەم کـــردەوانەوە ڕاوەســـتابێ، بەڵکـــو ئەو قەوالانەشـــی[nk] پـــووچ کـــردەوە کە لەگەڵ هەنـــدێ لە کرێکـــارە عێراقییەکانـدا مـۆری کردبـوون و مەرجێک لە مەرجەکانی ئەوە بـوو مـووچەی نەگۆڕیـان بـدرێتێ، بەو شـێوە تـوانی بە ڕۆژانە کاریـان بەسـەردا بسـەپێنێ، تـاوەکو ڕۆژانـی جەژنە فەرمییەکـان و لە کـاتی مۆڵەتی نەخۆشـیدا بێ بەشـیان بکـات، بە سـەرێکی تـریش بۆ ئەوەی چەنـدی لە سـەعاتی کـار کردنیـان کەم کـردەوە ئەوەنـدەیش لە ڕۆژانەکەیان دابشکێنێ.

سەبارەت بەم هەڵوێستە کرێکاران و ڕای گشتی بە توندی بەرپەرچی ئەم هەنگـــاوەی بەڕێوبەرایەتییـــان دایەوە، کـــۆمەڵەی پیشـــەوەران دەستبەجێ بەیاننامەیەکی بۆ لێپرسـراوان و ڕای گشـتیی بڵاوکردەوە تێیدا باسی بڕیاری دەرکردنـی کرێکارانی کردبوو، بەسـەرێکی تـریش ئەوەی خســـتبووە ڕوو کە چـــۆن کاربەدەســـتانی ڕێـــگەی ئاســـن سـووکایەتی بە مافەکـانی کرێکـاران دەکەن و چـی گفـت و پەیمانێـک لەوەو پێش دابوویان و لەسـەری ڕێکەوتبوون پشـتگوێیان خسـتووە، ئەوجـا بەیاننـامەکە هەڕەشـــە دەکـات، ئەگەربێـت و دەرکراوەکـان نەگێڕێتەوە بۆسەر ئیشوکاریان ناچارن سەر لە نوێ مان بگرنەوە،[339] هەرەوهـا **ئەلـقەزاز** داوا لە دامودەزگا فەرمییەکانی عێراق دەکات بە

[nk] قەواڵە؛ گرێبەست

پەلە تێ بکەون و سنوورێک بۆ هەڵسوکەوتی بە ئارەزووی بەڕێوبەرایەتی و چەوساندنەوەی کرێکاران دابنێن،[340] پاش ئەوەی کۆمەڵەی پیشەوەران بەدەست هاتووچۆی نێوان وەزارەتەکانی عێراق و ئەنجوومەنی چاودێری و پەرلەمان و باوەڕپێکراوی بەریتانیا و بەڕێوبەری گشتیی ڕێگەی ئاسنەوە شەکەت و ماندووبوون لە ڕۆژی ٢٦ی نیساندا یاداشتێکی دووروودرێژی پێشکەش بە مەلیک خۆی کرد و ئەم حەقیقەتەشی تێدا ڕوون کردەوە، پاشان وێنەی ئەو یاداشتەیان دابە سەرۆکی ئەنجوومەنی چاودێری و سەرۆک وەزیران و نوێنەری سامی و ژمارەیەک لە وەزیرەکانی عێراق و بەڕێوبەری گشتی ڕێگەی ئاسن.[341]بەڵام پارێزەری وڵات هەنگاوێکی ئەوتۆی نەنا بۆ دەستگیرۆیی کردنی ئەو کرێکارانەی لە کەوانی خۆڕاگریدا تیریان پێ نەماو پەنایان بردە بەر خاوەنشکۆ[342]، ئەمە لە کاتێکدا رایگشتی بەتەواوی ئاگای لەو یادداشتە بوو پێشکەش کرا،[343]دوای ئەوەی لە ٢٧ی حوزەیراندا جارێکی تریش **ئەلقەزاز** سەرنجی خاوەن شکۆی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ***تا چ ڕادەیەک کرێکاران بەدەست هەڵسوکەوتی نارەواوە دەناڵێنن*** و پاش ئەوەی دووپاتی کردەوە کە **تەنها ئەو بە پشت و پەنای ستەم لێکراوان دەزانێت،**[344]دەڵێین سەرەڕای هەموو ئەمانە گۆڕانێک لە هەڵوێستی مەلیکدا بەدی نەکرا و تەنانەت دیوانی پاشایەتی ئەرکی وەڵامدانەوەی یادداشتەکانی **ئەلقەزاز** ی وەک نەریتێکی باو بەخۆی ڕەوانەبینی، ئەوەندە نەبێ وەزیری ئابووری و هاتووچۆ وەڵامێکی بۆ ناردەوە و تێیدا جارێکی تریش ئەوە دووبارە دەکاتەوە گوایە داوای لە بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن کردووە **کێشەی کرێکاران بە شێوەیەکی باش چارەسەر بکەن.**[345]

سـەبارەت بەوەی ڕای گشـتی بەتەواوی ئاگـاداری ئەم حەقیقەتە بێت کـۆمەڵەی پیشـەوەران چەنـد کـۆڕ و کۆبـوونەوەیەکی ڕێکخسـت و کرێکـاران و نـوێنەری کـۆمەڵە جیاجیاکـان و ڕۆژنـامە و لاوانـی شۆڕشـگێڕ و ژمـارەیەک پیـاوی ئـایینی و هێزەکـانی ئۆپۆزیسـیۆن بەشدارییان تێدا کرد، و *کەوتنەخۆ و وتـووێژکردن لەسـەر ئەوەی کە ئەگەر هـات و بەڕێـوبەرایەتی : ئەو کرێکـارانەی نەگێـڕایەوە کە دوای ٤ی ئاداری ١٩٣١ دەری کردوون چ ڕێگایەک بگرن.*[346]

بەلای سـەرکردایەتی کرێکـارانەوە پـرس و ڕاوێژکـردن بە هەمـوو لایەنەکانی تر و لەو قۆناغە ناسکەی بزووتنەوەکەیاندا کارێکی ئێجگار پێویسـت بـوو، بەتـایبەتی دوای ئەوەی کێشـەکەیان زۆرتـر پەرەی سـەندوو، بـووبە **مەسـەلەیەکی نەتەوایەتـی** و نەک هەر بە کرێکـارانی ڕێـگەی ئاسـن بەڵکـو هەمـوو هـاولاتییەکی بەشـەرەفی عێراقـی دەگرتەوە،[347] یەکێک لەو خاڵانەی ئامادەبووان لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩ـی نیسـان، لە بارەگـای کۆمەڵە بڕیاریـان لەسـەردا ئەوە بـوو، گەر هـات و بەڕێوبەرایەتی سـوور بـوو لەسـەر ئەو هەڵوێسـتانەی خـۆی، داوا لە هاولاتیان بکەن بە شـەمەندەفەر هـاتووچۆ نەکەن[348] و لیژنەی تـایبەتی بـۆ پڕوپاگەنـدە پێکبهێـنن و لەپێناو سەرخسـتنی ئەم هەوڵەدا فەتوای پیاوە ئایینییەکانیش وەربگرن،[349] کۆمەڵە ویستی سـوود لەو دەرفەتەش وەربگرێ کە لەو ڕۆژانەدا بۆی ڕەخسابوو، ئەوە بوو هەر لەو ڕۆژانەدا ئەمینـدارێتی پایتەخـت بڕیـارێکی دەرکـرد، بەپێـی ئەو بڕیـارە نەدەبـوو پاسـی هـاتووچۆ پێکردنی خەڵک لە شـەقامی گشـتیدا کـار بکەن، ئینجـا کۆمەڵە هەمـوو ئەوانەی بانـگ کـرد کە ئەو بڕیـارە دەیگرتنەوە و داوای لێ کردن کۆمپانیایەکی ئەهلی بە هاوکاری لەگەڵ ئەودا پێکبهێنن، تاوەکو لە نێوان بەغداد و مەزارە ئایینیەکاندا خەڵکی

بگوێزێتەوە، باوەڕیشی وابوو بەو کارەیان ***ڕێگەی ئاسن لە مانگرتن زیاتر زیانی لێدەکەوێ*** و هیواشی وایە ئەوکۆمپانیایە ژمارەیەک کرێکاری بێکار جێ بکاتەوە،[350]زۆر لایەنی جۆربەجۆر بە گەرمییەوە بەرەوپیری ئەم پڕۆژەیە چوون، هەندێ لە پیاوە نیشتیمانپەروەر و پیاوە ئایینییەکان، گفتیشیاندا ئەوەندەی لە توانایاندا بێت یارمەتی ئەم پڕۆژەیە بدەن، کاتێک ئەم هەواڵە گەشتە بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن بەڕێوبەری گشتیی داوای لە وەزیری ناوخۆ کرد ئەو بڕیارەی کە پەیوەندی بە قەدەغەکردنی پاسی هاتوچۆپێکردنی خەڵکییەوەیە هەڵبوەشێنرێتەوە، وەزیر دەستبەجێ بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە و بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەمینداریێتی پایەختی تا کاتێکی نەزانراو ڕاگرت.[351]

جموجۆڵی کۆمەڵەی پیشەوەران بەڕادەیەک بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن و دامودەزگاکانی سەر بە میرییان ورووژاند، کەوتنە بەرهەڵستیکردنی و تەنگیان پێ هەڵچنی، بە نموونە لەو ڕۆژانەدا فەرمانگەی موتەسەڕیفی بەغداد ماوەی کۆمەڵەی نەدا، ڕۆژی ١٠-ی ئایار لە هۆڵی **سێنتراڵ سینەما** کۆبوونەوەیەکی گشتی ساز بکات، بۆیە ناچاربوو لە بارەگای کۆمەڵەدا پێکیبهێنێ،[352] هەر لەو کاتەدا **محەمەد ساڵح ئەلقەزاز** ی سەرۆکی کۆمەڵە نامەیەکی بە ناوی ***پێشمەرگەیەکی بیانییەکان*** پێگەشت تێیدا هەڕەشەی کوشتن لە خۆی و هاوڕێیانی دەستەی بەڕێوبەری کۆمەڵە دەکات.[353]

ئەوەشی کە لە هەمووشت زیاتر ڕژێمی توورە دەکرد ئەوە بوو، چالاکییەکانی کۆمەڵە هەر بە تەنها هەڵوێستی ناڕەوای میریی لە بەردەم ڕای گشتییدا ئاشکرا نەدەکرد، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی دەربڕینیش دژی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی

ئاسن بۆ پشتگیریکردنی کرێکاران و کۆمەڵەی پیشەوەران بێتە کایەوە، بزووتنەوەی ناڕەزایی دەربڕین بێجگە لە چەندین کۆمەڵە و خەڵکی پیشەوەر، ژمارەیەکی زۆر شۆفێر، پایسکیلچی، بەنا و دارتاش و خەڵکی تریشی گرتەوە،[354] لێرەدا گرنگ ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم جارەیان کرێکارانی عێراق وەک چینێکی سەربەخۆ خۆیان نیشاندا و هەڵسوکەوتیان کرد و لەناو ڕیزەکانی خۆیاندا و لە هەموو لایەکەوە دەنگی ناڕەزایی دەربڕین بڵند بووەوە.

کرێکارانی نەوت لە کەرکوک بە گشتی لە کردەوەی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن ناڕازیبوون و پاش ئەوەی بەیاننامە و بڵاوکراوەی کۆمەڵەی پیشەوەرانیان خوێندەوە، بڕیاریاندا لە هەموو ئیش و کارێکدا پشتگیرییان بکەن و یارمەتییان بدەن، وە بەوپەڕی بێ ئارامییەوە چاوەڕوانی سەرکەوتنی برا کرێکارەکانیان دەکرد، لە هەمان کاتیشدا لەوە سەرسووڕمابوون کە چۆن دەبێت کەسێکی وەک بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە هەڵوێستی تەماشاکەری هەبێت،[355] بەڵام کرێکارانی نەوتی خانەقین یاداشتێکیان لەڕۆژنامەی ناوخۆدا دژی زوڵم وستەمی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن بڵاوکردەوە، تێیدا ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە تا چ ڕادەیەک مافی ڕەوای کرێکاران پشتگوێ دەخات و گەربێ و **یەکە یەکە ئەو مافە ڕەوایانەی هاوڵاتیان بنووسینەوە، لە ستوونی ڕۆژنامەکاندا جێگایان نابێتەوە**[356]وەک لە دەقی یاداشتەکەدا نووسیویانە، ئەمە جگە لەوەی لە شارەکانی تریشەوە کرێکاران داوایان لە دامودەزگا لێپرسراوەکان دەکرد **لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کرێکارانی ڕێگەی ئاسندا بکەونەخۆ و هەنگاوبنێن**[357] شتێکی سرووشتیش بوو ئەم بارودۆخە کرێکاران و بەتایبەتی سەرکردایەتییەکەیان هۆشیار بکاتەوە و لە

جاران زیاتر لە یاسای کرێکاران بدوێن و یەک لەسەر یەک داوا لەڕژێم بکەن **یاسای مافی کرێکاران** دابنێت.[358]

ئاسەواری ئەم تەوژمە بەتینە لاوانی شۆڕشگێڕی گرتەوە، بەتایبەتی لە بەغداد ١٣٠ کەس لەوانە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە تێیدا دژی کردەوە ناڕەواکانی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن[359] پشتگیری کۆمەڵەی پیشەوەران یان کرد، هەروەها دانیشتووانی گەڕەکی *فەجرولڵا، بەنی سەعید* و *کولات* لە بەغداد، بەهۆی ڕۆژنامەکانی ناوخۆوە پشتگیری لەو جۆرەیان کرد.[360]

هەموو ئەمانە بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن و لایەنە لێپرسراوەکانیان ئەوەندە نەجولاند، تاوەکو دەستبەرداری ئەو نەخشە و پلاندانە ببێت کە بە ئاشکرا بۆ داپڵۆسین و سەرکوتکردنی تێکڕای بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق لە قۆناغی یەکەمیدا داینابوون، هەر وا بە ڕێکەوتیش نەبوو کە کۆمپانیا بیانییەکانی تر شوێنپێی هەنگاوەکانی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسنیان هەڵگرت، لە کاتێکدا کە نەک هیچ گیروگرفتێکی ئابووریيان نەبوو، بەڵکو سوود و قازانجێکی لە ژمارە نە هاتووشیان لە سامانەکانی وڵات دەستدەکەوت.

بە نموونە: کۆمپانیای نەوتی خانەقین کارگەی چککردنەوەی کەشتی لە بەسرە دەستیان کرد بە ڕێکخستنی کرێکاران و کەم کردنەوەی مووچەی هەندێکی تر، کۆمپانیای نەوتی کەرکوک ژمارەیەکی تر کرێکاری بیانی هێناو لە دامودەزگاکانیدا دایمەزراندن، بێ ئەوەی گوێبداتە ئەو هەموو داخوازییەی بەردەوام سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو کرێکارانە پێشکەشی دەکران، کە نائومێدییان گەیشتبووە ڕادەیەک زیاد لە هەزارکەسیان داوا بکەن ***پاسپۆرت و کرێی ڕێگایان بدەنێ ئەو وڵاتە بەجێدەهێڵن کە تێیدا گۆش و پەروەردەکراون***، وەک

دەقاودەق لەو یاداشتەدا نووسراوە کە بەهۆی ڕۆژنامەکانی ناوخۆوە پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی ڕژێم کرا.[361]
هەمــوو ئەمــانە وایــان لە کرێکــاران کــرد دژی چەوســێنەرەکانیان ئامادەی جەنگێکی تازە بن، هەر لەو کاتەدا باروودۆخێکی نوێ هاتە گــۆڕێ و وای کــرد بزووتنەوەیەکــی جەمــاهیری بتەقێــتەوە، کە بە مــانگرتنی ڕەســمی شــارەوانییەکان ناســراوە و تێیــدا کرێکــاران و پیشــەوەران ڕۆڵـی بنچینەییـان لە ڕووداوەکانیـدا گێـڕا، ئەم مـانگرتنە نوێیەش بووە ئامرازێکی گرنگ و بە هۆیەوە تووڕەیی و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی.

## کرێکاران و مانگرتنی ڕەسمی شارەوانی

لە کۆتـای سـاڵی ١٩٣٠دا تەنگوچەڵمەی ئـابووری لە عێراقدا گەیشـتە لـوتکە، هێـزی کـڕین لای زۆربەی خەڵکـی بە ئەنـدازەیەکی ڕادەبەدەر هـاتە خـوارەوە، جوتیـار بەهـۆی نەفرۆشـتنی بەرهەمەکەی، کرێکـار بەهــۆی کەم کــردنەوەی ڕۆژانە و دەردی بێکـارییەوە، پیشــەوەران بەهۆی ساغ نەبوونەوەی کەلوپەلەکانیان، فەرمانبەری بچووک بەهۆی بڕیــاری دەرکــردن و کەمکــردنەوەی مــووچەوە، فرۆشــیارەکان بە هۆکـاری ئەوەی بـاری ئابوورییـان بەنـدە بەو تـوێژانەوە کە باسـمان کــرد، دەڵێــین هەر هەمــوو ئەوانە بەدەســت ئەم بــارە ئــابوورییە داڕماوەوە بە ڕادەیەک دەیانناڵاند، بە ئاشکرا کاریگەریی بەسەر باری گــوزەرانی تــوێژە ناوەنجییەکانیشــەوە دیــار بــوو، بەتــایبەتی بازرگانەکـان و خـاوەن وەرشـە و کارگەکـان، بە نمـوونە: بە قسـەی لێپرســـراوان خۆیـــان ئەو فرۆشـــیارە دەســـتگێڕانەی ڕاســـتەوخۆ

پەیوەنــدییان بە جەمــاەری هەژار و نەداری لادێ و شــارەوە هەبــوو، ڕۆژی چـوار یـان لە باشـترین حاڵەتدا هەشـت ئانەیـان زیـاتر دەسـت نەدەکەوت،[362] ئەمەش پـارەیەکی ئەوەنـدە کەمە بەتەواوی دەریـدەخا کە بارودۆخی بازاڕ لە عێراقدا گەیشتبووە چ ڕادەیەک.

ڕژێـم لای خـۆیەوە هـیچ هەنگـاوێکی بە کـردەوەی نەنـا تـاوەکو بە هـۆیەوە کەمێک گرفتی ئابووری کەم بکاتەوە، ڕاسـتییەکەی بە هـۆی ئەوەی لە بەردەم کۆمپانیـا بیانیەکـان و پاڵپشـتەکەیاندا کە ئینگلیزبـوو نەیــدەتوانی هەنگــاوێکی لەو جــۆرە بهــاوێژێ، بــۆیە هیچــی بــۆ نەمابووبووە ئەوەنەبێ قورساییەکە بخاتە ئەستۆی زەحمەتکێشـان و بەو چەشـنە چارەسـەری بـوودجەی گشـتیی پـێ بکـات، کە بەڕاسـتی تووشـی گیروگرفـت هـاتبوو، ئەوە بـوو لە ٢ـی حـوزەیرانی ١٩٣١دا یاسـایەکی نـوێی بـۆ ڕەسـمی شـارەوانییەکان دانـا و نـاوەڕۆکی ئەو یاسـایە بـووە هـۆی ڕاسـتەوخۆ تەقینـەوەی جەمـاوەر و نـاڕەزایی دەربڕین.

ئەم یاسـا نوێیە بڕگەی وای تێدابوو هەرچی زەحمەتکێشـانی عێـراق هەیە دەیخسـتنە ژێـر بـاری گرانـی بـاجێکی نـوێی ئەوتـۆوە، لە زۆر ڕووەوە سەیر و سەمەرە بوو، یاسـای نـاوبراو ڕەسـمی وای دانـابوو کە پێشــتر نەبیســترابوو، وەک "ئەوەی خرابــووە ســەر ســەگ،[363] گوێدرێژ، مردوو ناشتن و یۆقلەمەکردنی[nk] ئۆتۆمبێل، پرد، کەڵەک و هەموو جۆرە هۆیەکی گواستنەوە، ئەو شـتانەی قـابیلی داگیرسـاندن و سووتاندن، مۆڵەتی بینا دروستکردن، ڕاگەیاندن، و مۆڵەتی پیشـە بە هەموو جۆرەکانییەوە، وێنەگرتن، چاپکردن، دەرمانخانەکان، شانۆ و شـوێنی کـات بەسـەربردن، هۆتێل و چێشـتخانە، پاسـەوانیی، کرێـی

---

[nk] یۆقلەمە ؛ وشەیەکی تورکییە بەمانای بەناوکردن دێت.

شۆستە و سەنگ و ترازوو، وە زۆری تریش"،[364] هەندێک لەم ڕەسمانە زۆر زۆر بوون، بە نموونە: ڕەسمی مردوو ناشتن، سەرەتا وا بڕیاردرا ئەگەر کەس و کاری مردوو، مردووەکەی لە سنووری شارەوانیدا ناشت ٦٠٠ ڕوپیە ڕەسم بدەن، ئەمە لە کاتێکدا لە سەرانسەری عێراقدا چەند کەسێکی لێدەرچێت کەس توانای ئەو پارەیەی نەبوو، وەک نوێنەرێک لە کاتی مشتومڕ کردن لەسەر لایەحەکە دانی پیادەنێ،[365] کۆڵکێش کە زۆر بەزەحمەت داهاتی مانگێکی دەگەشتە ١٥ ڕوپیە بەپێی *یاسای ڕەسمی شارەوانییەکان* دەبوو مانگی سێ ڕوپیە بدات،[366] ئەمە جگە لەوەی کە سنوورێکی دیاریکراوی لە نێوان پیشەوەر و خاوەن بەرژەوەندییەکاندا نەکێشابوو، سەرتاش کە تا ئێستاش لە هەندێ ناوچەدا بە ئاڵوگۆڕی گەنم و جۆ سەر دەتاشن، دەبوو ئەوانیش وەک خاوەن کارگەی سەهۆڵ و سۆدە دروستکردن و خشت و کاشی مانگی ٥ ڕوپیە بدەن، تەنانەت بۆیاخچی، زێراب پاکەرەوە و فرۆشیارە دەستگێڕەکان دەبوو لەو دەستکەوتە کەمەی پەیدایان دەکرد مانگی سێ ڕوپیە ڕەسم بدەن.[367]

لەگەڵ هەموو ئەو حەقیقەتانەی کە لە زاری نوێنەرانەوە و لە کاتی لێکۆڵینەوەی یاسایی ڕەسمی شارەوانییەکاندا، لە ناو پەرلەماندا دەرهاتن و سەرەڕای ئەو مشتومڕەی لەسەر بەندەکانی ئەو یاسایە کرا، و دانپیانانی زۆربەی نوێنەران کە گرفتی ئابووری خەریکە دەست دەنێتە گەردنی هەموو چینەکانی کۆمەڵ و ڕێگای ژیانی لێ بەستوون، داوایان کرد ئیش پێکردنی یاساکە ماوەیەک دوابخرێت، یان هەندێک لەو ڕەسمانەی تێیدا دانراون کەم بکرێنەوە،[368] دەڵێین سەرەڕای هەموو ئەوانە لایەحەی یاساکە دوای پێنجەمین

خوێندنەوەی بەبێ گرفت دەرچوو، لە کۆبوونەوەی ٥٢ هەمـی ڕۆژی ٤ـی نیسـانی سـاڵی ١٩٣١دا لەو ٥٥ ئەنـدامەی ئامـادەی کۆبـوونەوەکە بوون ٥٣ کەس دەنگیان بۆدا.[369]

ڕژێمی سیاسی هەوڵێکی زۆریدا تـاوەکو زەینی جەمـاوەر بەو یاسـایە پڕ بکات، بە نمـوونە: چـاودێری بیرۆی چاپەمەنی لە ٤ـی تەممـوزدا ڕاگەیانـدنێکی لەگەڵ دوو خشـتەی دووردودرێـژدا بڵاوکـردەوە و دەیویست بە هۆی ئەوانەوە بیسـەلمێنێت کە ئەو باجەی یاسـای نوێی ڕەسـمی شـارەوانییەکان داینـاوە، ! ڕێـژەی لەوە کەمتـرە کە پێشـتر بانگەوازەکەی *بلفۆی*[370]حاکمی سیاسی سوپایی بەغداد داینابوو،[371]... ئەو ڕۆژنامـانەش کە ئەڵقەلەگـوێی ڕژێـم بـوون پڕوپاگەنـدەیەکی زۆریـان بۆ ئەو یاسایە کرد، تەنانەت کار گەشتە ئەوەی لە *ڕەسمی سەگ ڕەواتریان* نەدەبینییەوە و دەیان گوت ئەم جۆرە ڕەسمە تەنها خەڵکی بیانی دەگرێتەوە.[372]

لەگەڵ ئەوەشدا هەر کە ئیرادەی پاشایەتی سەبارەت بەبڵاوکردنەوە و کـارپێکردنی یاسـاکە دەرچـوو لە هەمـوو لایەکەوە دەنگـی نـاڕەزایی بەرزبوەوە، بەتایبەتی لەناو کرێکاران و ئەو پیشـەوەرە بچکۆلانەدا کە لێپرسراوان خۆیان دەیانزانی ئەم یاسا تازەیە چ کارێکی خراپ دەکاتە سەرئاستی گوزەرانیان.[373]

سـەرئەنجام کۆمەڵەی کرێکاران و پیشـەوەران جڵەوی مەسـەلەکەیان گـرتە دەسـت و جەماوەریـان ڕووەو بزووتنەوەیەکی ئەوتـۆ بـرد، لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا بێ هاوتـایە، لە ڕۆژی ٢٧ـی حوزەیراندا سـەرۆکی ٢٣ کـۆمەڵە و پیشـە جیاجیاکـان لەبارەگـای *کـۆمەڵەی پیشەوەران* کۆبوونەوە و لەناو خۆیاندا وەفدێکیان هەڵبژارد و چاویان بە ئەمینـداری پایتەخـت کەوت و داوایـان لێکـرد یاسـای نـاوبراو

هەڵبووەشێنێتەوە، یاخود ئەو ڕەسمانەی بەسەرخەڵکیدا سەپێنراوە کەم بکرێتەوە، لە هەمان ڕۆژیشدا سەرکردەکان داواکارینامەیەکیان دابە وەزیری ناوخۆ و داوایان کرد، ئەو یاسا نوێیە گەربێ و بچەسپێنرێ **بەتەواوی لە ناومان دەبات** وەک لە دەقی داواکارینامەکەدا نووسیویانە.[374]

*کۆمەڵەی کرێکاران و پیشەوەران* لە سەروو هەمووشیانەوە کۆمەڵەی پیشەوەران بەردەوامبوون لەسەر پڕوپاگەندەی خۆیان و دەیانویست جەماوەر ئامادەب کەن بۆ کارێک کە: **ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵکە بە پیشەوەر و کرێکارانەوە لە ئەنجامی سەپاندنی یاسای ڕەسمی شارەوانییەکاندا نیشانبدا.**[375]

کاتێکیش زانرا هەموو ئەو هەوڵ و کۆشش و داواکاریدامە پێشکەش کردنەی کۆمەڵەکان ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەدا، سەرکردەکانیان بیریان لە مانگرتنێکی گشتیی کردەوە لە ٣٠ـی حوزەیراندا. هەر ئەوەندەی وەزیری ناوخۆی ئەوسا *موزاحیم ئەلپاچەچی* هەواڵەکەی پێ گەیشت، ئیتر کەوتە پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرکردەی کۆمەڵەکان و دواجار قایلی کردن بەوەی دەستبەرداری مەسەلەی مانگرتن ببن، چونکە تەما وایە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە ئەو ڕەسمانەی یاساکە دەستنیشانی کردوون کەمیان بکاتەوە، ئەوە بوو لە ڕۆژی دیاریکراودا لە شاری *حیللە* و *دیالە* نەبێ لە هیچ شوێنێکی تر مانگرتن ڕووی نەدا.[376] هەر زووش دەستەکەی وەزیری ناوخۆ کەوتە ڕوو کە دەیویست کاتیان پێ بەسەر بەرێ و بە داپڵۆسین و تۆقاندن یان بە دەستخەڕۆکردن و هەڵخەڵەتاندن دووبەرەکی بخاتە نێوان سەرکردەی کۆمەڵەکانەوە،[377] ئەنجام

دەرکەوت کە توانیویەتی بەشێوەی جۆربەجۆر کار بکاتە سەر چەند سەرکردەیەکیان.[378]

ئەم هەڵوێستەی وەزیری ناوخۆ وای لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی کرێکاران و پیشەوەران کرد، جارێکی تر بیر لە مانگرتن بکەنەوە، بەتایبەتی کە زانییان کۆمەڵانی خەڵک بەگەرمیی پشتگیریی چالاکییەکانیان دەکەن، لە هەمان کاتدا **ئەلقەزاز** هەوڵیدا وا لەسەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکات پشتگیری بکەن، لەوانە **جەعفەر ئەبولتمەن، یاسین ئەلهاشمی** و ***ڕەشید عالی گەیلانی***، و وایان لێ بکات بەلای مانگرتندا ڕایان بکێشێ،[379] هەر بەڕاستیش ئەوانە هانی مانگرتنەکەیان داو ژمارەیەکی باش لە دۆست و لایەنگرەکانیان کەوتنە پڕوپاگەندە کردن بۆ سازدانی مانگرتنەکە، بەتایبەتی لەشارەکانی تردا.[380]

پاش ئەوەی جەماوەر لە مانگرتنی گشتی ئاگادار کرانەوە، ڕۆژی پێنجی تەمموز دانرا بە یەکەم ڕۆژی مانگرتن، کۆمەڵانی خەڵکیش بە گەرمی بەپیر مانگرتنەکەوە چوون و بە ڕادەیەکیش سەرکەوتنی بەدەستهێنا، تەنانەت ئەوانەی سازیانکردبوو بەتەمای ئەو ئەنجامە نەبوون،[381] چی دوکان و چایخانە و دەرمانخانەی پایتەخت هەیە لەگەڵ دوکانی پیشەوەران لەو ڕۆژەدا بە سانایی داخران، ئەمە وای لە میری کرد لە هەمان کاتدا هەم ڕێگای چاوەڕوانی و هەم ڕێگای تۆقاندن بگرێتە بەر، لە ڕۆژی یەکەمی مانگرتنەکەدا چاودێری بیرۆی چاپەمەنی بەیاننامەیەکی بەناو خەڵکیدا بڵاوکردەوە تێیدا لە لایەک بەڵێن دەدات و هەوڵی قایلی کردنی دڵی جەماوەر دەدا، لە لایەکی تریشەوە هەڕەشە دەکات، بەیاننامەکە وا دەردەخات گوایە ناوەڕۆکی ئەم یاسا نوێیە **شتێکی چەسپاو نییە و ئەشێ دەستکاری بکرێت و**

**کەم بکرێتەوە و لێی چز بکرێ**، و میریش بڕیاری داوە **کەس بە زۆر نەخاتە سەر ئیش و کاری خۆی و دوکانی پێ نەکاتەوە و نایەوێ دەستبخاتە کاروباری کەسەوە و دوکانیان پێ دابخا یان پێیان بکاتەوە**، لە لاییەکی تریشەوە بەیاننامەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە میری سوورە لەسەر ئەوەی **هەر کەسێک سەربەستی خەڵکی زەوت بکات یاسای بەسەردا دەچەسپێت و سزای دەدات**، ئینجا هەڕەشەی ئەوە دەکات گەربێ و **ئەمڕۆ شۆفێرەکان نەچنەوە سەر ئیشوکاری خۆیان مۆڵەتی لێخوڕینیان لێ دەسێنرێتەوەو، یاسای تەندروستی بەسەر ئەو دەرمانخانانەشدا دەچەسپێنرێ کە دەرمانخانەکانیان داخستووە**،[382] لە هەمان کاتدا پۆلیس بەشەقامە گشتییەکاندا بڵاوبوویەوە دەستیانکرد بە بڵاوەپێکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و **لێدانی ئەو کەسانەی کە خەڵکیان هاندەدا دوکان دابخەن**، وەک ڕۆژنامەکانی سەر بەمیری باسی دەکەن،[383] ئەم ڕۆژنامانەش لای خۆیانەوە کەوتنە هاندانی خەڵکی بۆ ئەوەی بچنەوە سەرکار وفەرمانی خۆیان،[384] پاشان چەند سەرکردەیەکی کۆمەڵە پیشەیی و کرێکارییەکان و لە پێش هەموویانەوە **محەمەد ساڵح ئەلقەزاز، محەمەد مەکی ئەلئەشتەری** *و عەبدوڵا ئەلبەدری* کە تازە بووبووە سەرۆکی کۆمەڵەی چاپخانەکان، و *محەمەد یاس ئەلبەیاتی* و چەند کەسێکی تریش لەلایەن پۆلیسەوە گیران و تۆمەتی هاندانی خەڵکییان خرایە پاڵ.[385]

بەیاننامەی ناوبراو و هەموو هەنگاوەکانی تری میری نەیانتوانی ئەوەندەی تۆزێک وورەی خەڵکی بهێننە خوارەوە، دانیشتوان قایل نەبوون بچنەوە سەرکاروباری خۆیان، کرێکاران و پیشەوەران بەردەوام لە کۆڵان و جادەکاندا کۆڕ و کۆمەڵیان دەبەست، گرووپە

جیاجیاکانی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی باڵە نیشتیمانییەکەی پشتگیری مانگرتووەکانیان دەکرد و هانیان دەدان لەسەر ئەم کارەیان بەردەوام بن کە تێکڕای دانیشتووان پێی گەشکەدار بوون، لە بەردەم ئەم واقیعەدا میری بۆ شکاندنی مانگرتنەکە پەنای بردە بەر ڕێگایەکی تر، فەرمانی بە دامودەزگاکانی شارەوانیدا چی لە توانادا هەیە بیکەن و بەزوویی چەردەیەکی زۆر گۆشت و سەوزە و میوە و شتی پێویست بە نرخێکی هەرزان بخەنە بازاڕەوە، بەڵام دانیشتووان بەپیرییەوە نەچوون و شارەوانییەکان ناچار بوون هەموو ئەو شتانە فڕێبدەنە ڕووباری دیجلەوە.[386] ئا ئەم یەکێتی و یەک دەنگییە بێ هاوتایە ئەوەندەی تر دەروونی هاوڵاتیانی لە شارەکانی تردا وروژاند و دانیشتووان بەگەرمیی پشتگیری مانگرتنە گشتییەکەی پایتەختیان کرد، هەندێ لەو شارانەش مانگرتنیان ڕاگەیاند، وەک لە *حلە، دیوانییە، مونتەفیک و بەسرە* ڕوویدا.

سووربوون لەسەر ئەوهەڵوێستەی پەرەسەندنی ڕووداوەکان بەو خێراییە میری ناچارکرد پاشەکشە لە هەڵوێستی خۆی بکات، وەزیری ناوخۆ و جێگری سەرۆک وەزیران *موزاحیم ئەلپاچەچی* وەفدێکی لە *قاسم پاشا ئەلخضەیر ی سەرۆکی ژووری بازرگانی*[387]و بەڕێوبەری گشتیی پۆلیس و ژمارەیەکیتر خەڵکی خاوەن پلەو پایە پێکهێناو ناردنی بۆ بەندیخانەی ناوەندی، تا وتوویژ لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەکاندا بکەن، بەڵام بە هۆی پێداگرتنی **ئەلقەزاز** و هاوەڵەکانی لەسەر لابردنی یاسای ڕەسمی شارەوانییەکان نەگەیشتنە ئەنجامێکی ئەوتۆ.[388] پاشان *ئەلپاچەچی* بانگی کردنە دیوانی وەزارەت و بە ئامادەبوونی ئەمینداری پایتەخت و موتەسەریفی لیواو سەرۆکی ژووری بازرگانی و هەندێ خەڵکی تر، لەگەڵیاندا کۆبووبووەوە و

پەیمانیدا گەربێ و کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بێنن، دەستبەجێ فەرمان بە دامودەزگاکانی شارەوانی دەدا کە بڕیاری لابردنی هەندێ لەو ڕسمانە و کەم کردنەوەی هەندێکی تریان بدات، بە شێوەیەک لەگەڵ خواست و ئارەزووی هاوڵاتیان و گیروگرفتی ئابووری ئێستادا بگونجێت.[389]

ئەم گفتەی وەزیری ناوخۆ ئەگەرچی ناکۆکی خستە ناو سەرکردەکانەوە بەڵام وەک ئەوەوابوو ئاسنی سارد بکووتێ، هەبوو باوەڕی بە گوفت و بەڵێنی *ئەلپاچەچی* نەبوو لەبەر ئەوە داوایان دەکرد لەسەر مانگرتن بەردەوام بن، هەشبوو قسەکانی ئەو کاری تێکردبوون و ڕایان وابوو کۆتایی بە مانگرتنەکە بێنن، جا لە ترسی ئەوەی ناکۆکی ناوخۆییان لەوە زیاتر پەرەنەسەنێت **ئەلقەزاز** پێشنیازی کرد دوو بەیاننامە بڵاوبکرێتەوە، **یەکێکیان**: بە ناوی میرییەوە بێ و تێیدا پەیمانبدا ئەو ڕەسمانەی تازە دانراوون لەسەر دانیشتووان لادەبرێت یاخود کەم دەکرێنەوە، **دووەمیشیان**: بە ناوی سەرۆکی کۆمەڵەکانەوە بێ و تێیدا بە خەڵکی ڕابگەیەنن بەشێوەیەکی کاتی بچنەوە سەرکار و فەرمانی خۆیان، ئەوە بوو لەپاش نیوەڕۆی ٧ ی تەمموزدا بەیاننامەیەک بە ناوی ١٨ سەرۆک کۆمەڵەوە بڵاوکرایەوە و تێیدا داوا لە **گەلی عێراقی ئازادیخواز و مانگرتووەکان دەکات بچنەوە سەر ئیش و کاری خۆیان**، و ڕایانگەیاند کەوا لیژنەیەکیش بە سەرۆکایەتی **ئەلقەزاز** و ئەندامێتی سەرۆکی کۆمەڵەی سەرتاشان *محەمەد مەکی ئەلئەشەرتی* و سکرتێری کۆمەڵەی میوەفرۆشان *حەسوون ئەبولجبن* پێکهاتووە بۆ **وتوویژکردن لەگەڵ میریی و جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێن و پەیماننامانەی داویەتی**، بە مەرجێک ئەو لیژنەیە ئەنجامی کاروبارەکانی ڕاستەوخۆ بە خەڵکی

ڕابگەیەنێ پاشان سەرۆکی کۆمەڵەکان بەیاننامەکەیان بەم شێوەیە کۆتایی پێدەهێنن و دەڵێن: **گەربێ و میری گفتی خۆی نەباتە سەر و خوانەخواستە ویست و ئارەزووی خاوەن بەرژەوەندییەکانی جێبەجێ نەکرد پیشەوەر و کرێکاران بۆیان هەیە دەست بە مانگرتن بکەنەوە و چ ڕێگایەک بەڕەوا و لەبار دەزانن لەپێناوی ئاواتەکانی نەتەوەدا بیگرنەبەر.**[390]

بەڵام لێرەدا جەماوەر ڕایخۆی سەپاند و پێش هەڵوێستی سەرکردایەتی کەوت، ژمارەیەکی زۆر کەم قەساب، دوکاندار و چایچی نەبێ، کەس بە دەنگ ئە وبانگەوازەوە نەچوو، ئەوانەی لایەنگری مانگرتن بوون بە هەندێ ئەندامی سەندیکای و خەڵکی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە کەوتنە هاندانی جەماوەر، تاوەکو لەسەر مانگرتن بەردەوام بن، ئەمەش وای لەوانی تر کرد لە هەڵوێستی خۆیان پاشگەزبووبوونەوە و ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ دوکانیان داخست،[391] ئەم هەڵوێستە ئەوەندەی تر ئەو سەرکردانەی هاندا کە لایەنگری مانگرتن بوون، لە پێش هەموویانەوە **ئەلقەزاز** تاوەکو لە بڕیارەکەی پێشوویان پاشگەز ببنەوە، بەتایبەتی کە دەرکەوت وەزیری ناوخۆ هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی نەهاویشتووە تەمای چاکەی لێ چاوەڕوان ناکرێ و جێگەی دڵنیایی نییە.

بەو جۆرە مانگرتنەکە تا دەهات توند و مەودای فراوانتر دەبوو، بە ڕادەیەک پەلی بۆ شارەکانی تریش هاوێشت و لە هەندێکیاندا بووە جێگای مەترسی، بەتایبەتی کە پۆلیس دەستی خستە کاروباری مانگرتنەکەوە و چەند کەسێک لە مانگرتووەکان کوژران، وەک لە ناسرییە ڕوویدا،[392]لە بەسرەش مانگرتن سەرانسەری شاری گرتەوە و لە شوێنی خۆیدا بە درێژی باسی دەکەین.

بەو پێیەی لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا مانگرتن بە جۆرێک پەرەی سەند، بووە بزووتنەوەیەکی نیشتیمانی و داوای ڕووخاندنی وەزارەت و دانانی سنوورێکی دەکرد بۆ زوڵم وستەم،[393] دیارە ئەمەش وای لە ڕژێم کرد بەتوندی ڕێگای داپڵۆسین و سەرکوتکردن بگرێ و نەهێڵێ ئەم بارودۆخە بگاتە ڕادەیەک توانای چارەسەرکردنی پێ نەمێنێ، ئەوە بوو مەرسوومێکی پاشایەتی دەرچوو، بەپێی ئەو مەرسوومە بڕگەی ٨٤ ی یاسای سزا بەغدادییەکانی بە شێوەیەک گۆڕی، کاربەدەستە ئیدارییەکانی شار و قەزا و ناحییەکان، بۆیان هەبوو بڵاوە بەهەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەک بکەن، کە لە ٥ کەس و زیاتر لەوانەی گومان لە هەڵسوکەوتیان دەکرێ پێکیبهێنن،[394]ئینجا ژمارەیەکی تر سەرکردە و لایەنگری بزووتنەوەکەیان گرت، هێزەکانی میری لە شەقامەکانی پایتەختدا دابەزین و لە شوێنە گرنگەکاندا ڕەشاشیان دابەست، چەند هێزێکی پۆلیس و سوپایش خرانە باری ئاگادارکردنەوە و بۆ کاتی پێویست ئامادەکران.

ئەم هەنگاوانەی دوایی ڕژێم ئەوەندەی تر هاوڵاتیانی تووڕە کرد، پەیتا پەیتا و لە زۆر شوێنەوە برووسکەی ناڕەزایی کرایە سەر میری، حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان یاداشتیان دا بە جێگری مەلیک[395] و تێیدا ئەو کردارە ناڕەوایانەی پۆلیس **کە هێندە دڵڕەقانە بوون، لە سنووری ئەرک و فەرمان چووبوونە دەرەوە** باسکرا، وەک لە دەقی ئەو یاداشتەدا نووسراوە کە هەردوو حزبی *الوطنی العراقی* و **الاخاء الوطني** پێشکەشیان کرد.[396]

ڕووداواکان بە خێرای پەرەیان سەند و تا دەهات باری وڵات بەشێوەیەکی ترسناک بەرەو خراپی دەچوو، بە ڕادەیەک وا چاوەڕوان دەکرا جڵەوی کار لە دەست لێپرسراوان دەربچێ و

مـانگرتنەکە ببێـتە شۆڕشـێکی مەزن لە عێراقـدا، لەبەر ئەوە جێگـری مەلیک ناچار بوو برووسکەیەک بنێرێ بۆ *فەیسەڵی یەکەم* و داوای لێ بکات، **بەزوویی بگەڕێتەوە بۆ بەغداد و گەر ئەمەش نەکرا، دەبێت سەرۆک وەزیران دەستبەجێ بگەڕێتەوە،**[397] ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٥ی تەمموزدا **نوری سەعید** گەڕایەوە و لەسەر ڕەوشی هەمیشەیی خۆی، لەم چەشنە بارودۆزەدا بە گورجی چەند هەنگاوێکی نا، هەندێکیان بەتەمای دەستخەڕۆ کردن و هەندێکی تریشیان بۆ سەلماندنی دەست و دەسەڵاتی ڕژێم، هەر ئەو شەوەی گەیشتە بەغداد کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی لەگەڵ ئەنجـوومەنی وەزیـران کـرد چـوار سـەعاتی خایانـد، پاشان سـەرۆکی کۆمەڵەکانی لە بەندینخانەوە هێناو لەگەڵیاندا کەوتە وتووێژکردن سەبارەت بە کۆتایهێنان بە مانگرتنەکە، و گفتیدا سـەر لە نوێ چاو بخشـێنێتەوە بە *یاسـای ڕەسـمی شـارەوانییەکاندا* دا، هەر لەوێدا فەرمانی ئازادکردنی خۆیان و هاوڕێکانیانی دەرکرد،[398]دوای ئەوە بەیاننـامەیەکی دیماگۆگییـانەی بـۆ ڕۆڵەکـانی گەل دەرکـرد و ڕایگەیاند، کە میری **تەنها لەبەر ئەوە ڕەسمی شارەوانییەکانی داناوە، تاوەکو هەندێ ڕەسم لەسەر چەند پیشـەوەر و سنعاتکارێک لابچێ،** لەناو بەیاننامەکەدا دەست بۆ ئەوەش ڕادەکێشێ کە: **میری بە هەموو هێز و توانایەکییەوە و زۆر بەتووندی لەگەڵ ئەو تاقمە خەڵکەدا**[399] **دەجووڵێتەوە کە هانی دانیشتووان دەدەن مانبگرن**، لەسـەر فەرمانی "**نوری سەعید**"یش ئەنجوومەنی ئەمینداریێتی پایتەخت بەپەلە بڕیارێکی دەرکرد و بەپێی ئەوبڕیارە ڕەسمی لەسەر ١٩ جۆر پیشەوەری گرنگ لابـرد، وەک قەسـاب، میوە فرۆش، نانەوا و چەند پیشـەوەرێکی تـر لەوانەی لە بواری خزمەتگوزارییدا هەڵئەسوڕێن.[400]

هەمووی چەند ڕۆژێکیشی نەبرد بڕیارێکی تری لەو بابەتە دەچوو، تییدا ڕەسم لەسەر ١٧ جۆر پیشەی تر لابرا و بەشێکی زۆری ئەو ڕەسمانەی گرتەوە کە یاسایی ڕەسمی شارەوانییەکان دایناوبوون.[401] هەروەها دەستبەجێ وەزارەت، چەند هەنگاوێکی ڕووکەشی نا، وەک بییەوێ لە خەڵکی بگەیەنێ گوایە بایەخ بە کاروباری کرێکاران دەدا، بۆیە دەسەڵاتی سکرتاریەتی شارەوانییەکانی فراوانتر کرد و خۆی وانیشاندا کە **چاودێری هەلومەرجی کارکردن دەکات و لە گوزەرانی کرێکاران دەکۆڵێتەوە و هەوڵدەدات هۆیەکانی خۆشگوزەرانییان بۆ دابین بکات و دەیەوێ ئاگای لەوەبێت ئاخۆ تا چ ڕادەیەک ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە ڕێکخستنی کرێکارانەوە هەیە جیبەجێ دەکرێن**... ئەو ڕۆژنامانەی بەزمانی وەزارەتەوە قسەیان دەکرد، موژدەیان بە خەڵکیدا گوایە میری دەیەوێ یاسایەک بەناوی یاسای مافی کرێکارانەوە دەربکات و دەیانگووت مەبەستیش لەم یاسایە ئەوەیە: **ژیان و خۆشگوزەرانی بۆ ئەم چینە ئیشکەرە دابین بکات، کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە،**[402] دیارە ئەو هەنگاوانە تەنها هۆیەک بوون بۆ ئیفلیجکردنی هەست و هۆشی ئەو چینەی بووبووە هێزی بزوێنەری مانگرتنەکە، هیچیتر نەبوون.

لە هەمان کاتدا ڕووەکەی تری سیاسەتی **نوری سەعید** کە دەیویست دەستبەجێ مانگرتنەکە سەرکووت بکات، دەرکەوت ڕۆژی دوای گەڕانەوەی بۆ بەغداد مەرسومێکی پاشایەتی دەرکرد، بریتیبوو لە شەش برگەی ئەوتۆ تەنانەت کاربەدەستان خۆیشیان دانیان پیاذا کە لەگەڵ دەستووری وڵاتدا ناگونجێت، ناوەڕکی مەرسوومەکە ئەوەی دەگەیاند، بە لێدانی سەرکردایەتی و ئەوانەی هانەهانەی خەڵکییانداوە کۆتایی بە مانگرتنەکە دێت،[403]بەڵام پێش ئەوەی سەرۆک وەزیران

پــیلانەکەی جێبەجــێ بکــات، بــارودۆخی بەســـرە بەخێرایـــی و بە شـێوەیەکی ترسـناک تەقیـیەوە، لە ١٥ـی تەممـوزدا ئەو شـارە بـانگی مانگرتنیــان دا، مانگرتووەکـــان نـــزیکەی ٢ڕۆژ دەســـتیان بەســـەر کاروبـــاردا گـــرت،[404] لەو مـــاوەیەدا چەنـــد جارێـــک خۆپیشـــاندانی جەماهیری لە دژی ڕژێم و بەریتانیا ساز کرا، ئینگلیز هێزەکانی خۆی ئامـا دەکرد تـا بەناوی پارێزگاری کـردن لە هـاوڵاتییە ئینگلیزەکـانەوە بێـتە نـــاو شـــارەوە، لە دووەم ڕۆژی مـــانگرتنەکەدا خۆپیشـــاندەران گوللەبـاران کـران و ژمـارەیەکی زۆریـان لـێ کـوژرا و برینـدار کـرا، بەپێچەوانەی هەرچی داب و نەریتەوە هەیە دەستکرا بە جێبەجێکردنی "**یاسای داوای خێڵەکی**" دژی ئەو مـانگرتووانەی شارنشـین بـوون،[405] پاشان هێزێکی سـوپا و پۆلیس بە فڕۆکە و شـەمەندەفەر گوازرایەوە بـۆ بەسـرە،[406] ڕۆژی ٢٠ـی تەممـوز سـەرۆک وەزیـران بە فـڕۆکە گەیشتە بەسرە تاوەکو خۆی سەرپەرشتی کۆتاییپێهێنانی مـانگرتنەکە بکات،[407] جا بە هۆی ئەو زەبروزەنگەوە کە هێزەکانی پۆلیس نوانـدیان و لەدوای گرتنـــی ژمـــارەیەک لە چـــالاکترین پیـــاوانی بـــزووتنەوەی نیشتیمانیی **نوری سەعید** بەئاواتی خۆیگەشت.

بەو جۆرە **نوری سەعید** توانی ئەو مـانگرتنە گشـتییەی دژی ڕەسمی شـــارەوانییەکان ســـازکرا و لە مێـــژووی سیاســـی عێراقـــدا جێگـــایەکی بەناوبـانگی داگیرکـردووە[408]سـەرکوت بکـات، جـا ئیتـر بـایەخی ئەم ڕووداوە هـــۆی میکانیزمەکـــانی بـــووبێ یـــان بە هـــۆی ئەنجـــام و سرووشـــتی ســـەرکردایەتیەکەیەوە بـــێ، ئەوەش لەولاوە بوەســـتێ کە خـــۆی لە خۆیـــدا گـــۆڕانێکی چـــۆنیەتی بـــوو لە شـــێوەی خەبـــاتی

جەماوەریدا و بۆ یەکەمجار چەکی ئابووری کرایە هۆی جێبەجێکردنی داخوازیی گشتیی بۆ سەرجەم کۆمەلانی خەلک.
بەلای هەندێ سەرچاوەوە زیانی ئەو مانگرتنە نیو ملیۆن ڕوپیە کەمتر نەبووە،[409] شایانی باسە ڕۆژنامە بیانییەکانی ئەو ڕۆژگارە باسی تایبەتمەندیەکانی ئەم مانگرتنە دەکەن و لایان وایە **ڕووداوێکی سەیرە و تا ئێستا شتی وا ڕووی نەداوە لە عێراقدا،[410]** بەپێی ئەو چەند بەلگەیەی لەبەردەستدان وا پێدەچێ سەرکردایەتی مانگرتنەکە بە تەنها بریتی نەبووبێ لە سەرۆکی کۆمەلە پیشەیی و کرێکارییەکان و هەندێ لە سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەلکو ڕەگەزی نوێ و شۆڕشگێڕتریش تێکەلی بوون، دیارە ئەمەش هانگاوێکی ترە لەسەر ڕێگای خەباتی زەحمەتکێشانی عێراق، لێرەدا گرنگیش ئەوەیە دەست بۆ ئەو قسانە ڕابکێشین کە **نوری سەعید** لە بەردەم پەرلەماندا کردی، ئەوەتا دەلێ **هەندێ کۆمەلەی نهێنی ئەو مانگرتنەیان ڕێکخستبوو،[411]** ئەو بەلگەیەی کە ئەم قسەیە دەسەلمێنێ هەلوێستی مانگرتووەکانە بەرامبەر بەو بانگەوازەی سەرکردەکانیان لە ڕۆژی ٧ـی تەممووزدا دەریان کرد و تێیدا داوایان لێکردن بچنەوە سەر کاری خۆیان،[412] ئەو کاتەش کە مانگرتنەکە ڕاگەیان درا چەند جارێک بە هێما ڕۆلی گرنگی تیۆریسانی کۆمەلەکان نیشاندراوە کە چۆن ڕۆلیان لە سازکردنی ئەو مانگرتنەدا گێڕا.[413]
هەموو ئەمانە وایان لە کۆنەپەرستانی عێراق کرد زیندە بەچالکردنی بزووتنەوەی کرێکاری بە ئەرکی سەرەکیی ئەو کاتە دابنێن، هەر ئەمەش هۆی مەنتیقیی ئەو هێرشە فراوانەیە کە لە ڕۆژانی مانگرتنی کرێکارانی ڕێگەی ئاسن و مانگرتنە گشتییەکەی دژی *یاسای ڕەسمی شارەوانییەکان* کرایە سەر کرێکاران و ڕێکخراوەکانیان، بەتایبەتی

ئەو هێرشـــەی میریـی لەپـاش کۆتایهـاتنی مـانگرتنەکە بەرپـای کـرد، هەروەک لە کاتی خۆیدا باسمان کرد، ڕژێم بە چەندین شێوە هەوڵیدا دەست لە کۆمەڵەی پیشەوەران بووەشێنێ، چونکە لە کۆمەڵەکانی تر زیـاتر بەتەنـگ مەسـەلەی چینـی کرێکـارانەوە بـوو، سـەبارەت بە بەرگریلێکردنیشـیان ئەم کـۆمەڵەیە لە هەمـووان چالاکـانەتر کـاری بـۆ دەکرد، لە گەرمەی ڕۆژانی مـانگرتنی گشـتییدا هێرشـی میری لە دژی کـۆمەڵەی نـاوبراو لە هەمـوو کـات تونـدوتیژتر بـوو، کـاتێکیش چەنـد لایەنێکـی سـەر بە ڕژێـم توانییـان ویژدانـی هەنـدێ ئەنـدامی کـۆمەڵە بکـڕن، لە ڕۆژی ٢١ـی ئـابی سـاڵی ١٩٣١دا و لە کـاتی هەڵبژاردنـی دەسـتەی بەڕێـوبەردا، ئەوانە ئاژاوەیەکیـان نـایەوە و **ئەلـقەزاز** و هاوڕیکانیـان بەوە تاوانبـار کـرد گـوایە سـاختە لە هەڵبـژاردنەکەدا دەکەن.

ئەمەشـیان کـردە بیـانووی ئەوەی داواکارینـامە بـدەن بە وەزارەتـی نـاوخۆ و داوای لـێ بـکەن کـۆمەڵە دابخـات، چـونکە بە پـێچەوانەی یاسـاوە و بە شـێوەیەک کـار دەکـات دژی بەرژەوەنـدی گشـتییە، وەزارەتـی نـاوبراویش ئەم داواکارینـامەی کـردە بەڵـگە و دواتـر دای بەسەر بارەگـای کـۆمەڵەدا و دایخسـت،[414] ڕۆژنـامەی **الاخـاء الـوطنی** دەربارەی داخستنی کۆمەڵە و ڕاوەدوونانی سەرۆکەکەی دەڵێت:

*میریی بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی یاسایی بەدەستەوە بێت کـۆمەڵەی پیشـەوەرانی داخسـت، کـاتێکیش داوای لـێ کـرا هـۆی لە کـار خسـتنی کۆمەڵەی ناوبراو بە خەڵکی ڕابگەیەنێ، هیچ شتێکی بەدەستەوە نەبوو بیکـاتە بەهـانە بۆ ئەم بڕیـارەی، تـا ئێسـاش ڕاوەدووی بـاوەڕپێکراوی کـۆمەڵەو هەنـدێ لە ئەنـدامانی دەسـتەی بەڕێـوبەرەکەی دەنـێ و بە تـۆمەتی جۆربەجـۆر تاوانباریـان دەکـات و ڕایـان دەکێشـێتە بەردەم*

*دادگا، کەچی ئەوەندەی پێناچێ دادگا لەبەر بێتاوانیی ئازادیان دەکات، بەڕاستی ئەم دەستوەشاندنەی میریی لە کۆمەڵەیەکی ئەدەبی کارا ئەوەندە کاریگەر بوو، کرێکاران و پیشەوەرانی بەتەواوی پەرتەوازە کرد...*[415]

بەرامبەر ئەم هەڵوێستەش ئەو ڕۆژنامانەی سەر بە میریی بوون، لە پێش هەموویانەوە **ڕۆژنامەی العراق** *و* **صدى العهد** کەوتنە بووختان کردن و تۆمەت هەڵبەستن دژی کۆمەڵەی پیشەوەران، لە هەمان کاتیشدا **محەمەد ساڵح ئەلقەزاز** ی سەرۆکی کۆمەڵەکە لەو کاتەدا لەگەڵ دەستەیەک لە هاوڕێیانی گیرابوون، کەوتبووە بەرهێرشی تانە و تۆمەتی ناڕەوای ئەم ڕۆژنامانە[416]و بەوە تاوانبار دەکرا گوایە دەستی خستۆتە هەڵبژاردنەکەی دەستەی بەڕێوبەری کۆمەڵەی پیشەوەرانەوە.[417]

هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیکی عێراق پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی خۆی هەڵماڵی و بەگەرمی پشتگیری هەنگاوەکانی وەزارەتی ناوخۆیی کرد، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە کۆمەڵەی پیشەوەرانەوە هەبوو، ئەمیان کۆمەڵەی ناوبراوی بەوە تۆمەتبار دەکرد گوایە **توخنی سیاسەت کەوتووە و بۆ مەبەستێک کە لەگەڵ ئامانجەکانیدا ناگونجێ جووڵاوەتەوە**، سوپاسی میرییش دەکات کە ئەو کۆمەڵەی لەکارخستووە،[418]سەرۆکە تازەکەی *کۆمەڵەی میوەفرۆشانیش* هەمان ڕێگەی ئەوی گرت و لە زۆر بۆنەدا هێرشیکردە سەر کۆمەڵەی پیشەوەران و سەرکردەکانی، شێوەی دارشتنی ئەو باس و وتارانەش لە ڕووی زمانەوانییەوە هێندە تووندوتیژ بوو ئەوەیان دەگەیاند کە چەند دەستێک هەن لە پشتەوە هەڵی دەسووڕێنن.[419]

هەر لەو کاتەدا یەک لەدواییەک سزای ئەوانەش درا کە بەشدارییان لە مانگرتنەکەدا کرد بوو، بەتایبەت ئەوەی بەسرە، زۆر جاریش دامودەزگای پۆلیس تێهەڵچوونەوەی بۆ ئەو سزانە دەکرد کە بەرامبەر بە نیشتیمانپەروەران دەرکرابوون و داوای دەکرد سزای قورستریان بەسەردا بسەپێنرێ.[420]

لە هەمووی ترسناکتر ئەوە بوو ڕژێم هەوڵی دا چینی کرێکار بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەوەی سەرکردایەتییەکی نوێی لەو کەسانە بۆ دروست کرد کە بە شێوەی جۆربەجۆر کڕیبوونی، دیارترینی ئەو کەسانەش *عەبدولڕەزاق ئەلسامەرائی* بوو کە کاتی خۆی ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی پیشەوەران بوو،[421] ***ئەلسامەرائی*** کۆمەڵەیەکی نوێی بە ناوی *کۆمەڵەی کرێکارانی عێراقەوە* دامەزراند، تاوەکو بەقسەی خۆی جێگەی کۆمەڵەی پیشەوەران بگرێتەوە و حکومەتی خاوەن شکۆش دەستبەجێ بڕیاریدا مۆڵەتی ئەو کۆمەڵە نوێیە بدرێ، چونکە وەک ***ئەلسامەرائی*** وەسفی دەکات[422]، دوایش دەرکەوت فەرمانبەرێکی وەزارەتی ناوخۆ پەیڕەوی ***کۆمەڵەی کرێکارانی عێراقی*** نووسیوە.[423]

نۆبەرەی کاری ***کۆمەڵەی کرێکارانی عێراق*** ئەوە بوو لە ڕۆژی ٩-ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣١دا، یاداشتێکیان پێشکەش بە ***(خاوەنشکۆ باوکی کرێکاران)*** کرد و تێیدا بەگەرمییەوە پشتگیری داخستنی کۆمەڵەی پیشەوەران دەکەن،[424]لە کۆتایی یاداشتەکەدا *ئەلسامەرائی* کە خۆی بە نۆکەری ئەڵقەلەگوێی خاوەنشکۆ[425] دەزانێ، ڕووی دەم دەکاتە مەلیک فەیسەڵی یەکەم و دەڵێت:

*...لەبەر ئەوەی هەر نەمامێک بەڕێزتان بەشداریی لە ناشتنییدا نەکەن نایەتە بەر، لە بەڕێزتان دەپاڕێینەوە لێمان قبووڵ بکەن ببنە سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیکردن،[426] بەمەش بەرگی شەرەف بە باڵای ئەم*

*کۆمەڵە دەبڕن و بۆ* ***ئەوەی ئەی باوکی هەمووان*** *ئەو ڕێگایەمان بۆ ڕۆشن بکەنەوە کە لەسەری دەڕۆین و بە هۆیەوە کرێکاران دەگەیەنینە ڕیزی کرێکارانی نەتەوە پێشکەوتووەکان و بۆ ئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن و ئێمەش دەستگیرۆیی کرێکارە نەدارەکان بکەین، خودا وەک باوکێکی دڵسۆز و ڕزگاریکەری نیشتیمان ئێوەمان بۆ بهێڵێ...*[427] *شایەنی باسە ئەلسامەڕائی بە هەمان شێوە ڕووی دەمی کردە* ***نوری سەعید*** *و گەورە لێپرسراوان.*[428]

هەر لەم کاتەدا کۆمپانیا بیانییەکان دەستیانکردەوە بە زوڵم و ستەم کردن لە کرێکارە عێراقییەکان، تەنیا لە ماوەی دوومانگدا ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ کۆمپانیای نەوتی عێراق نزیکەی ١٠٠ کەسی عێراقی بە بیانووی ئەوەی بڕێک پارە پاشەکەوت دەکات لە کاردەرکرد، کەچی بە ئەندازەی ژمارەی دەرکراوەکان خەڵکی بیانی دامەزراند،[429] تەنانەت دوای ئەو مێژووەیش دەرکردنی بە ئارەزووی کۆمپانیای ناوبراو هەر بەردەوام بوو،[430] لە٢٤ـی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن دەستبەرداری ٥٦ کرێکاری عێراقی بوو، ئینجا فەرمانێکی دەرکرد و بەپێی ئەو فەرمانە هەموو کارگە وە هەروەها بەشێکی سەر بەو بەڕێوبەرایەتییە، لە مانگێکدا کارکردن بۆ کرێکارە عێراقییەکان کرابە ١٨ ڕۆژ و بە هەمان ڕێژەیش ڕۆژانەکانیان هێنرایە خوارەوە.[431]

سێ مانگی پێ نەچوو بەڕێوبەرایەتی ناوبراو دەستی لە نزیکەی ٢٠٠ کرێکاری عێراقی هەڵگرت و مانگی کارکردنی بۆ ئەوانەی کە لەسەر کار ماون کردبە ١٥ ڕۆژ،[432] پێش ئەوەش کە کرێکارانی ڕێگەی ئاسن بەو هەنگاوە ناڕەوایە ئاشنابن، بەڕێوبەرایەتی ١٢٠ کرێکاری

تری عێراقی دەرکرد و ڕۆژانەی ئەوانەیش بەرێژەی ١٢،٥٪ هێنایە خوارەوە،[433] دوو هەفتەی پێ نەچوو بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن لیستێکی تری دەرکرد تێیدا ٤٠ دارتاش و ژمارەیەکی زۆر فیتەر و تۆرنەچی عێراقی دەرکرد و سیستەمێکی نوێشی هێنایەگۆڕێ و بەپێی ئەوە بۆی هەبوو چ کاتێک ویستی کار بە کرێکاران بکات بێ ئەوەی زێدە کرێیان بداتێ.[434]

وەنەبێ بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن هەر بەم کارە ناڕەوایانەوە ڕاوەستابێ، بەڵکو لەگەڵ کرێکارە عێراقییەکاندا بە جۆرێکی ئەوەندە ناشایستە دەجووڵایەوە هیچ نەریت و یاسایەک نەی دەگرتەوە، بە نموونە کرێکارێک لە کاتی کارکردندا لەسەر ستوونێک بەربووبووە ماوەی سێ مانگی تەواو لەناو جێگەدا کەوت، کەچی پاش ئەو ماوەیە کە گەڕایەوە سەر کارەکەی بینی دەر کراوە.[435]

وا پێدەچێ هەڵسوکەوتی بەڕێوبەرایەتی ڕێگەی ئاسن وەک پەتایەک تووشی کۆمپانیا و کارگە ئەهلییەکانی تریش بوو بێ، بەتایبەتی چونکە هەڵوێستی ناڕەوای کۆمپانیا بیانییەکان و زۆر بوونی بێکاری وایان لە کرێکاران کرد لە سایەی ناخۆشترین هەلومەرجی کارکردن و بە کەمترین ڕۆژانە ئامادەی کارکردن بن.

بۆیە شتێکی سەیر نییە هەندێ دامەزراوەی ئەهلی ڕۆژی یازدە تا چواردە سەعات کاریان بە کرێکارەکانیان دەکرد،[436] چاپخانەی حکومەتیش لای خۆیەوە بە بیانووی کەم کردنەوەی ژمارەی کرێکارەکانیەوە دەستبەرداری چەند کرێکارێک بوو، کەچی لەبەر زۆری کار[437] زێدەکاری بە کرێکارەکانی تر دەکرد.

لەگەڵ هەموو ئەمانە ڕۆژگار و تاقیکردنەوەی قورس و گران ئەوەندەی تر چینی کرێکارانی عێراقیان پتەوتر کرد و مەیدانی خەباتی

چۆڵ نەکرد، وەک دوژمنەکانی دەیانویست و ئاواتیان پێ دەخواست، سەرەڕای ئەوەی کە میری بەردەوام بوو لەسەر، گرتن و تۆقاندنی خەڵکی و یەک لەدوای یەک دەستی لە جەماوەر دەوەشاند، بەڵام پایتەخت و شار و ناوچەکانی تر بوونە شانۆی خەباتی هۆشیارانەی کرێکاران، سەرکردەکانی هەردوو کۆمەڵەی لە کارخراوی ***پیشەوەران و هاریکاری سەرتاشان*** و لە سەرووی هەمووشیانەوە **ئەلقەزاز** و *ئەلئەشتەری* بەردەوام چالاکییان دەنواند، چەند جارێک ناڕەزایەتیان دژی هەڵوێستی میری بەرامبەر بەو دوو کۆمەڵە پێشکەش کرد و داوایان دەکرد سەرلەنوێ ماوەی کارکردنیان بدرێتەوە، لەو ماوەیەدا بە تەنها **ئەلقەزاز** پێنج یاداشت زیاتری پێشکەش بە دامودەزگا لێپرسراوەکان کرد و تێیاندا چاونەترسانە ڕۆشنایی خستە سەر ئەو بارودۆخە نالەبارەی وڵات تێیدا دەژی و کرێکاران بەدەستییەوە دەناڵێنن،[438] ئەم هەڵوێستە دڵسۆزانەیە وای کرد لە کرێکاران و پیشەوەرە بچکۆلەکان، چ لە بەغداد و چ لە دەرەوەی بەغداد لە **ئەلقەزاز** کۆببنەوە و لە هەموو بۆنەیەکدا بە گەرمی پشتگیریی هەڵوێستەکانی بکەن و ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بە داخستنی کۆمەڵەی پیشەوەران دەرببڕن، وە داوا بکەن ماوە بدرێ سەر لە نوێ بکەوێتەوە کارکردن،[439]ڕاستییەکەشی ئەو کرێکارانەی داوایان لە ڕژێم کرد سەر لە نوێ کۆمەڵەی ناوبراو بکرێتەوە سەدان کەس زیاتر بوون،[440]زۆر کرێکار و پیشەوەریش ڕووبەڕووی ئەو درۆ و دەلەسانە بوونەوە کە ڕۆژنامەکانی سەر بەمیری و هەندێ خەڵکی بەکرێگیراو دژی **ئەلقەزاز** و کۆمەڵەکەی بڵاویان دەکردەوە، چونکە ئەم هێرشە ناڕەوایە لەوە بەولاوە هیچ شتێکی تر نەبوو، وەک لە

دەقــاودەقی ئەو یاداشــتەدا نووســراوە کە دەســتەیەک کرێکــار لەم بارەیەوە پێشکەشیان کردووە.[441]

لە لایەکـی تریشــەوە هەنـدێ کـۆمەڵە، بەتـایبەتی هەردوو کـۆمەڵەی کرێکــارانی چاپخانەکــانی عێــراق و هاریاکــاریی سەرتاشــان، دوای ئەوەی ماوەیان درا سەر لە نوێ بکەونەوە کارکردن، بەردەوام بوون لەسەر چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خۆیـان و بە گوڕ و تینەوە بەرگرییــان لە بەرژەوەنــدی کرێکــاران و پیشــەوەرە بچکۆلەکــان دەکرد.[442]

خەبــاتی کرێکــاران و پیشــەوەرە بچکۆلەکــان لە ورۆژگــارەدا کە زەبروزەنگــی میــری گەشــتبووە ئەوپەڕی و ســەرئەنجام مــانگرتنە گشتییەکە ڕوویدا، ئەو سنوورەی تێپەڕاند و چووە دۆخێکی ترەوە، لە سایەییدا ڕاستەوخۆ کاری زۆر ئەرێنی ڕاپەڕێندرا و کەوتنە داڕەزایی دەربڕین سەبارەت بە ژیانی ناهەمواریيان، ماوەیەکی زۆر کەم دوای کۆتایهێنـان بە مـانگرتنە گشـتییەکەی دژی ڕەسـمی شـارەوانییەکان لە بەغـداد و شــارەکانی تــر ســازکرا، پــاش ئەوەی میــری دەســتی لە کرێکـارە مانگرتووەکـانی بەسـرە وەشـاند، کرێکـاران و پیشـەوارانی هەولێــر لە کۆتــای مــانگی ئــابی ســاڵی ١٩٣١دا مــانگرتنێکی لەو چەشنەیان سازکردوو چەند ڕۆژێکی خایاند و دروشمی دژ بە *یاسای ڕەسمی شارەوانییەکانیان* تێدا بەرزکردەوە، و داوا کرا نرخـی کارەبا کەم بکـرێتەوە و پەیوەنـدییان لەگەڵ هەمــوو ئەوانەشــدا پســاند کە هەوڵـی زیـادکردنی نرخەکەیـان دابـوو، ئەمە جگە لەوەی هەڵوێسـتی خۆیان بەرامبەر ئەو فەرمانبەرانە ئاشکرا کرد کە *(پلەوپایەی خۆیان بــۆ ئەوە دەخەنە گەڕ یــاری بە نــانی مــیللەت بـکەن)*، ئینجــا دوو داواکارینامەیــان ســەبارەت بە داخوازییەکانیــان پێشــکەش بەلایەنە

لێپرسـراوەکان کـرد، یەکەمیـان ٥٠٠ کەس و دووەمیـان نـزیکەی ٦٠٠ کەس پەنجە مۆریان کردبوو.[443]

وەنەبێ ئامانجی ئەو نارەزایی دەربڕینەیش بە تەنها لابردنی یاسایی ڕەسـمی شـارەوانییەکان بـووبێ، نەخێـر ئەوەتـا لە کۆتـایی مـانگی تەممـوزی سـاڵی ١٩٣٢دا کرێکـارانی ڕێگەی ئاسـن سـەبارەت بەوەی ١٢،٥٪ی ڕۆژانەیان کەم کراوەتەوە نارەزاییان دەربڕی، چونکە وایان لێهاتبوو نەیاندەتوانی بژین،[444] بێ کارەکانیش بەردەوام کۆدەبوونەوە و لەناو خۆیاندا وتووێژیان لەسەر ئەو ڕێگایانە دەکرد کە بە هۆیەوە داخوازییەکانیـان دێـتە دی،[445]پـێ بەپێـی ئەمـانەش هەر لەو مـاوەیەدا چەنـد مانگرتنێـک ڕوویانـدا، لە ڕۆژی ٢١ تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٣٢دا شـــۆفێری ئۆتـــۆمبێلە گەورەکـــان مانیـــانگرت،[446]دوای ئەوە شۆفێری تراکتۆرەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لەسـەر ڕێگـای نێوان ***بێجـی و حەدیسـە*** مانیـانگرت، چـونکە کۆمپانیـای نـاوبراو زوڵمـی لـێ دەکـــردن و شـــەو و ڕۆژ دەی چەوســـاندنەوە، هەندێکیشـــیان بە یەکجـاری وازیـان لە کـار هێنـا و ***(بێکارییـان لەوە پـێ چـاکتربوو کە کۆمپانیای نەوت بەسەریاندا سەپاندبووی).*** [447]

بـۆیە شـتێکی سرووشـتی بـوو کە ئەم هەڵوێسـتانە بووبـوونە هـۆی تێکشـکانی ئەو پلانـانەی میـری بە مەبەسـتی سـەرکوت کردنـی بزووتنەوەی کرێکاری دابووی.

ئەم شـــکاندنەش ئاشـــکراتر لە چارەنووســـی ئەو ڕێکخـــراوانەدا ڕەنگیـدایەوە کە دامودەزگـا لێپرسـراوەکان ویسـتیان بە شـێوەی جۆربەجۆر بەسەر کرێکاراندا بیانسەپێنن، کاتێکیش دەرکەوت هەندێ کەسی ناو دەستەی بەڕێوبەریی ***کۆمەڵەی کرێکارانی عێراق*** خەڵکی گومـان لێکـراون و ڕابردوویەکـی خراپیـان هەیە و پێشـتر بەتـۆمەتی

جیاجیا سزادران،[448] ئەندامەکانی یەک لەدوای یەک لێ دەهاتنە دەرەوەو وازیان دەهێنا، تەنانەت ئەوانەش هەڵسوکەوتی کەسێکی وەک ***عەبدولڕەزاق ئەلسامەڕائی*** یان پێ قبوڵ نەدەکرا کە بەهۆی سەرۆکایەتیکردنی کۆمەڵە، بە ڕاست و چەپدا یاری بە پارە و پوولی کۆمەڵە دەکرد، ئەوە بوو لە ماوەیەکی کەمدا چوار کەسیان وازیان هێنا لە ئەندامی دەستەی بەڕێوبەرێتی کۆمەڵە،[449] لەوەش سەیرتر ڕژێم خۆشی ناچار بوو دەستبەسەر بارەگاکەدا بگرێ و چی ذامە و نووسراوی تێدابوو پشکنی و کەفالەت لە دوو لە سەرکردەکانی ***عەبدولڕەزاق ئەلسامەڕائی و سەعید ئەلحەداد*** بستێنێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە کار و کردەوەیان گەشتە ڕادەیەک لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکی تایبەتی و گشتیدا باس هەر باسی ئەوان بوو.[450]
پاش ئەوەی لە نێوان دەستەی دامەزرێنەری ***کۆمەڵەی کرێکارانی عێراق*** دا ناکۆکی زێفی سەند و شەڕ و ئاژاوە زیادی کرد، دەیان کەس لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە کە ژمارەیان ٣٥٠ کەس بوو،[451] داواکارینامەیان لە ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٢دا پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ کرد، تێیدا داوا دەکەن کۆمەڵەی ناوبراو دابخرێ و لەبەر ئەوەی بۆ بەرژەوەندی گشتی کار ناکات، وە بۆ ئەوە دروستبووە خزمەتی چەند کەسێ بکات، کە هەندێکیان نەک هەر کرێکار نین بەڵکو ڕابردوویەکی خراپیشیان هەیە، سەبارەت بەم ڕاستییانە داوایان کرد مۆڵەتەکەی لێ وەربگیرێتەوە، ڕۆژی ١٦ی شوبات ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی کۆمەڵە کۆبوونەوە و چوار بڕیاریان دەرکرد:-
یەکەم: داوای داخستنی کۆمەڵە بکەن.

دووەم: چی کەلوپەل هەیە بدرێ بە کۆمەڵەی پیشەوەران یان بە یەکەم کۆمەڵەی کرێکاران کە لەمەودوا دادەمەزرێ.
سێیەم: دەسەڵات بدرێ بە **محەمەد ساڵح ئەلقەزاز** ئەو کەلوپەلانە وەربگرێت.
چوارەم: پشتگیری ئەو داخوازییانە بکات کە کرێکاران پێشکەش بە دامودەزگا لێپرسراوەکانی دەکەن.
سەبارەت بە ڕێگە پێدانی کۆمەڵەی پیشەوەران چونکە خزمەتێکی گەورەی چینی کرێکارانی کردووە و بەتەواوی بەرگری لە مافەکانیان دەکات، ئەمانە بەیاننامەیەکیان بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵە و ڕای گشتی دەرکرد و تێیدا ئەو بڕیارانەیان نووسییەوە.[452]
هەرچی ***کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیک*** بوو کرێکاران بە جۆرێکی تر بڕیاری چارەنووسسازیان دا، پاش ئەوەی دەرکەوت هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلالایەی بۆ ڕێگەپێدانی کۆمەڵەی پیشەوەراندرا، بێ ئەنجامەو سەرەڕای ئەوەش کە **نوری سەعید** گفتی دابوو بەپیر داوای کرێکارانەوە بچێت،[453] دەڵێن سەرەڕای ئەمانە **ئەلقەزاز** بڕیاریدا ئەو کۆمەڵەیە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەگەر چی *کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیک* لە چەند هەڵویستێکیدا[454] و لە ڕووی جۆری ئەندامەکانییەوە لەگەڵ **کۆمەڵەی پیشەوەران** دا جیاوازی هەبوو، بەڵام بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو ژمارەیەکی باشی کرێکاران بوونە ئەندامی *کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیک*، کاتێکیش لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٣٢دا هەڵبژاردنی نوێی دەستەی بەڕێوبەر دەستپێکرد، **ئەلقەزاز** لیستەیەکی سەربەخۆی دابەزاند بریتی بوو لە خۆی و *(*‏**سەلیم ئەحمەد،**[455] **محەمەد عەلی ئەحمەد، سەلمان ئەلشەیخ ناسر، عەبدولڕەحمان ئەلجیدە، عەبدولوەهاب ئەلسەعید، حسەین موحیی،**

**ئەلسەید عەبدولمەجید و سەعید عەبدولڕەزاق**)، ئەنجامیش زۆربەی هەرە زۆری دەنگەکانیان وەرگرت،[456] لە ڕۆژی ٢٥ـی نیساندا دەستەی بەڕێوبەری نوێ بە گشتیی **محەمەد ساڵح ئەلقەزاز** یان بە سەرۆکی *کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیک* هەڵبژارد.[457]

دوای ئەوەی ئەم هەنگاوە پڕ ناوەڕۆکییە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، **ئەلقەزاز** و هاوەڵەکانیان ویستیان ئەو بڕیارەی میری بەسەر بکەنەوە کە کۆمەڵەی پیشەوەرانی پێ لە کار خستبوو، ئەوە بوو لە ١١ـی ئایاردا بە ناوی *کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیکەوە* بەیاننامەیەکیان دەرکرد، هەردوو کۆمەڵەکەیان کرد بە یەک، ناویان نا ***یەکێتیی کرێکارانی عێراق***.[458]

لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی ناوخۆ بەرهەڵستی ئەم بڕیارەی کردوو کۆمەڵەش وەڵامی خۆی دایەوە،[459] مەسەلەی یەکگرتنی هەردوو کۆمەڵە وەک خۆی مایەوە، بەڵام یەکێتی کرێکاران دەست بەجێ کەوتە خۆ و جووڵەیەکی ئەوەندە فراوانی نواند هیچی لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی پیشەوەران کەمتر نەبوو، سەرەتا داوای لە میری کرد یاسایەکی تایبەتی بۆ پاراستنی کرێکاری عێراقی دابنرێ، ئینجا دەستی کرد بە ناو نووسکردنی کرێکارە بێکارەکان و پەیوەندیشی بە کۆمپانیا و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانەوە کرد تاوەکو کاریان بداتێ و دایان بمەزرێنێت، هەروەها هەڵوێستی ناڕەوای کۆمپانیا بیانییەکانی سەبارەت بە کرێکارە عێراقییەکان یەکلاکردەوە، پاشان هەموو توانای خستە کار بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری تەندروستییان بۆ دابین بکات و باری ڕۆشنبیریان بەرەو پێشەوە ببات، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کۆمەڵەکانی تریشدا بەست.

ئەمە جگە لە زۆر کاروباری تر کە بە هەموویان کارێکیان کرد، سەر لە نوێ دەنگی کرێکاری عێراقی ببیستری.[460]

لەبەر ئەوە شتێکی سرووشتی بوو کرێکار و پیشەوەرە بچکۆلەکان لە دەوری ئەم کۆمەڵە تازەیە گردببنەوە و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەرچی *تۆکمەچی و تۆڕنەچی و پایسکیلچی* هەیە لە کۆمەڵەی ناوبراودا بوونە ئەندام، دوای ماوەیەک *کۆمەڵەی شۆفێرە عێراقییەکان*-یش بەمەبەستی یەکخستنی ڕیزەکانی کرێکاران و هێنانەدی بەرەیەکی بەهێزی ئەوتۆ لە بەردەم هەموو کۆسپ و تەگەریەکدا خۆی ڕابگرێ و لەپێناوی ئامانج و ئاواتەکانی کرێکاراندا وەک لە دەقی بڕیارەکەیاندا نووسراوە[461] تێکەڵ بوو بەم کۆمەڵە تازەیە.

هەروەک چاوەڕوان دەکرا ڕژێم لەسەر هەمان ئەو شێوەیەی کە لەگەڵ کۆمەڵەی پیشەوەراندا بەکاری هێنا، کەوتنە بیانووگرتن بە *یەکێتی کرێکاران*،[462] هەرچۆنێک بێ دامەزراندنی *یەکێتی کرێکاران* و هەڵوێستی ڕژێم بەرامبەر بەو یەکێتییە و زۆر مەسەلەی تریش کە پێشتر قسەمان لەسەر کردن، ئەوە دەگەیەنن کە لەگەڵ کۆتایهاتنی ئینتیداب چینی کرێکار بووە هێزێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ لە سەرانسەری وڵاتدا جێگا و ڕێگای خۆی دیاربوو، بۆیە هەرگیز لە خۆڕا نەبوو کە مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا بەشێکی گرنگی لە دواوتاری عەرشی سەردەمی ئینتیداب، لە بەردەم پەرلەماندا بۆ *مەسەلەی کرێکاریی* تەرخان کرد و دەڵێت:

*...ئەم حکومەتەمان بە تەنگ باری کۆمەڵایەتی کرێکارانیشەوە هاتووە و بۆ ئەم مەبەستە وەفدێکی نارد[463] بۆ جنێف تاوەکو سەر لە بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان بدات و لە داهاتووشدا یاسایەک بۆ پاراستنی*

*مافی کرێکاران و بەرز کردنەوەی باری ماددی و ئەدەبییان دادەنێ، هیواشی ئەوەیە ئەم لایەحە و هیتریش کە پەیوەندییان بە چاککردنی باری ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی وڵاتەوە هەیە لە داهاتوودا بخرێتە بەردەستتان.*[464]

ئەم ئاڵوگۆڕەی بەسەر چینی کرێکارانی عێراقدا هات باری سەرنجی هێزە سیاسییەکانی عێراقی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و هەر یەکەشیان بەپێی بەرژەوەندی و تێڕوانینی چینایەتییان هەڵوێستی جیاوازیان نیشاندا.

## هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان بەرامبەر بە چینی کرێکاری عێراق

ئەو دەستە و تاقمانەی لە عێراقدا جڵەوی دەسەلاتداریان کەوتە دەست، لە سەرەتاو بەرامبەر چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیان هەڵوێستی دژایەتی کردن و گرنگی نەدانی تەواویان گرتبوویە بەر،[465] ئەوانە هەر زوو هەستیان بە باری گرانی ئەو کرێکارانە کرد کە ***ئەگەر زوڵمیان لێ بکرێ کەس گوێیان لێ ناگرێ، بەڵام ئەو زوڵمەش لەبەر ئەوەیە لە ئیش و کاردا زۆر دڵرەقن و بە ڕۆژانەیەکی ئەوەندە زۆریش کار دەکەن لە ووزەی خەڵکیدا نییە، نەشتێک هەیە سڵی لێ بکەنەوە و نەخۆشیان هۆشێک دێنەوە بەبەریاندا***، وەک ڕۆژنامەی العراق ی زمانحاڵی حکوومەت نووسیبووی،[466] سەرکردایەتی کرێکارانیش پاش ئەوەی چەند جارێک بە ڕووی دەسەڵاتداراندا تەقییەوە و زۆر ڕاستی چەسپاوی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ڕژێم

بــۆ دەرکەوت، ئەوجــا وردە وردە بــاوەڕی پێــی نەمــا چــونکە ئەوســـەرکردایەتییە لە گەرمەی ڕۆژانــی بــزووتنەوەی کرێکــاری و کۆتاییهـاتنی ئینتیدابیشـدا ڕێنمـایی بیروڕای تیۆریسـتەکانی ڕژێمیـان دەکـرد، وەک **تۆفیـق ئەلسـەمعانی** سەرنووسـەری ڕۆژنـامەی **صـدی العهد** زمانحاڵی **نوری سەعید** و سیستەمەکەی بوو.[467]

زۆر نمـــوونەش لەبەر دەســـتدان بە ئاشـــکرا هەڵوێســـتی تـــوێژە کۆمەڵایەتییە باڵاکانمان بەرامبەر بزووتنەوە و مانگرتنی کرێکاران و پیشـــەوەران بــۆ دەردەخەن، بەتــایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە مــانگرتنە گشتییەکەی دژی *یاسای ڕەسمی شارەوانییەکان* ساز کرا، یەکێک لە ڕۆژنامەکانی سەر بە میری ئەو مانگرتنە بە ***لادان***[468] لە قەڵەم دەدات، یەکێکی تریشـیان وای دادەنێ ***سوکایەتییە بە بیریی مرۆڤایەتی،***[469] هەنـدێ لە ئەنـدامانی پەرلەمـانیش ئەو زەبـروزەنگەی ڕژێـم لەگەڵ مانگرتووەکانـدا بەکاریهێنـا بە ***نەرمـی و بەزەی پێـداهاتنەوە*** دەزانـن، چـونکە بەڕای ئەوان، ***هـیچ هـۆیەکی دروسـتی نەبـووە لەبەر ئەوە داوایـان دەکـرد بە تونـدی لەو دەسـتە ناپاکـانە بـدرێ کە یـاری بە ئاسایش دەکەن،***[470] هەر لەو کاتەدا دەستەیەک *ئەشراف، پیاوماقووڵ و خـاوەن مـوڵکی بەسـرە* نامەیەکیـان بـۆ **نـوری سـەعیدی** سـەرۆک وەزیـران نـارد، تێیـدا بە گەرمـی ستایشـی دامودەزگـای ئیـداری و پارێزگار و پۆلیسی بەسرە دەکەن، و لایان وایە ئەو هەنگاوانەی ئەم دامودەزگایانە ناویانە "***شایەنی هەموو سوپاس و ستایشێکە***"، چونکە بـوونە هـۆی ئەوەی "***نەهـێڵن ئەم ئـاژاوەیە گەشـە بکـات وەک لە نامەکەیاندا نووسیویانە.***[471]

کاتێکیش ئەم هەڵوێستەمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بە وردیی سەرنجی سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کاتە بدەین بەرامبەر بە چینی

کرێکـــار و مانگرتنەکانیـــان، بێگومـــان مـــانگرتنی کرێکـــاران بـــۆ ئۆپۆزیسیۆن کە جڵەوی فەرمانڕەوای بە دەستەوە نەبوو ناوەڕۆک و مەبەستێکی گەورەی دەگەیاند، بەڵام هەر ئەو ئۆپۆزیسیۆنە کە خۆی دەچـووە سـەر دەسـەڵات و وەزارەتـی پێکـدەهێنا ئەوەنـدەی تۆزێـک مەسـەلەی کرێکاری بەلاوە مەبەست نەبوو، تەنانەت لەو کاتانەیشدا کە جڵەوی فەرمانڕەوایی بە دەستەوە نەبوو بەلای خۆیەوە پشتگیری هەندێ ڕووداوی دەکرد، نەیتوانی کارێک بکات جێ پێی ئەو وەزارەتە شلۆق ببێ، وەک لە نیشاندانێکی خێرای هەندێ هەڵوێستیاندا بۆمان دەردەکەوێ.

با لە حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سەردەمی ئینتیدابەوە دەستپێبکەین، کام حـزب لەوانە لە هەمـووان زیـاتر پێـی دادەگـرت و تونـدوتیژتر بـوو، پەیـــڕەوەکەی تـــوخنی دۆزی کرێکـــاران نەدەکەوت، کە لە ســـاڵانی بیستەوە خۆی بەسەر کۆمەڵدا سەپاندبوو،[472] دۆزی کرێکارانیش هەر ئەوەنـدە کـاری لە ئۆپۆزیسـیۆن دەکـرد کە لە بـواری سیاسـیدا و بـۆ مـــاوەیەکی کـــورت ڕەنگـــی دەدایەوە، وەکـــو تـــر ئەو دۆزانە بە هـــیچ شـــێوەیەک ئامـــانجی ســـتراتیژی ئۆپۆزیســـیۆن نەبـــوون، لەبەر ئەوە شتێکی سەیرنییە ڕۆژنامەکانی حزبی **الاخاء الوطنی** کە بریتی بوون لە **الآخاء الوطنی** و **نداء الشعب** و **الآخبار**، لەو ڕۆژانەدا کە گەرمەی بـزووتنەوەی کرێکـاری بـوو گۆشـەیەکیان بـۆ مەسـەلەی کرێکـاریی تەرخـان نەکرد بوو، وەک چۆن گۆشـەی جیاجیان بۆ هەندێ کێشە ئامادە کردبوو لە چاو کێشەی کرێکاراندا بەیەخێکی ئەوتۆیان نەبوو، لە بـابەتی *کێـژان، خانمـان،*[473] *کاروبـاری قوتابیـان ، شـیعر و بەیـان، ئەدەب، ژیـــان و مێـــژوو* لەو بابەتـــانە، ئەمە لە کاتێکـــدا هەنـــدێ لە ڕۆژنامەکـانی ئەو حـزبە بە ٦ لاپەڕە دەردەچـوون، کەچـی زۆربەی

ڕۆژنامەکانی تر چوار لاپەڕەیی بوون، ڕاستییەکەشی ڕۆژنامەکانی حزبی **الاخاء الوطنی** وەک هەموو ڕۆژنامە بیَ لایەنەکان و تەنانەت ئەوانەیشی کە سەربە میری بوون، لەو هەواڵانە زیاتر کە لە کۆمەڵەکانەوە و بەتایبەتی لە کۆمەڵەی پیشەوەرانەوە بۆی دەچوو، هیچ شتێکیان سەبارەت بە کرێکاران و دۆزە ڕەواکانیان بڵاو نەکردەوە، ئەوەشی کە لەم بوارەدا ناوەڕۆکێکی تایبەتی هەیە ئەوەیە بە تەنها ڕۆژنامەی **العالم العربی** لە تێکڕای ڕۆژنامەی حزبە سیاسیەکان و لە پێش هەمووشیانەوە حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن زیاتر بایەخی بە دۆزی کرێکاران دەدا.

لەمەوە بۆمان دەردەکەویَ بۆچی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کاتی مانگرتنەکانی کرێکارانی ڕێگەی ئاسندا هەڵوێستێکی ئەوەندە دڵسۆزانەیان لە دژی دامودەزگایەکی بیانی نیشان نەدا کە بە ئارەزووی خۆیی و بە بەرچاوی جەماوەرەوە یاری بە چارەنووسیان دەکرد،[474] ئەمە هەمووی لە کاتێکدا کە سەرکردایەتی کرێکاران چەندین بانگەوازی ئاراستەی ئەو هێزە سیاسیانە دەکرد،[475] بە نموونە: ڕۆژنامەی **نداء الشعب** لە ڕۆژانی مانگرتنی یەکەمی کرێکارانی ڕێگەی ئاسندا چ لەسەروتار و چ لە شوێنی تردا وشەیەکی دەربارەی ڕووداوەکانی مانگرتنەکە نەنووسی، کەچی هەر لەو ڕۆژانەدا زنجیرەیەک وتاری بەبۆنەی گۆڕینی دراوی عێراقی لە *"ڕوپییە"* وە بۆ *"دینار"* بڵاوکردەوە،[476] تەنانەت هەڵوێستی سیاسەتمەدارێکی لیبراڵی وەک *جەعفەر ئەبولتمەن* کە بەخاوەنی هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانە ناسراوە و **ئەلقەزاز** هەمیشە لەسەرکردەکانی تر جیای دەکاتەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی تردا نەبوو.[477]

بەڵام کاتێک هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەستیان کرد مانگرتنی گشتیی دژی *یاسای ڕەسمی شارەوانییەکان* دەتوانێ جێپێی حکوومەتەکەی *نووری سەعید* شلۆق بکات، زۆر بەگەرمییەوە هاتنەمەیدان و هەوڵیان دا بزووتنەوەی کرێکاری بەوشێوەیە بجووڵێنن خزمەتی مەبەستە سیاسیەکانیان بکات و بەس، ئەوە بوو ڕۆژنامەکانیان بایەخێکی لە ئەندازە بەدەریان بەم دۆزەدا و زنجیرەیەک وتاری ئاگرینیان بە تەمای وروژاندنی خەڵکی دژی وەزارەتەکەی ئەو کاتە بڵاوکردەوە،[478] دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بە هەموو توانایانەوە هەوڵیاندا هەڵوێستی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئاشکرا بکەن کە ***دەیانویست بە هۆی مانگرتنەکەوە خۆیان بگەیەننە کورسی فەرمانڕەوایی و هیچی تر.***[479]

کە سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەوە تێ گەیشتن جەماوەری کرێکاران و پیشەوەرە بچکۆلەکان چ هێزێکیان لە خۆیاندا حەشارداوە، هەوڵیاندا دەست بە سەر ئەو کۆمەڵانەدا بگرن کە لەپێناوی کرێکاران و پیشەوەران و بەناویانەوە دروستبوون، بە ڕادەیەک بارودۆخەکە گەیشتە ئەوەی **یاسین ئەلهاشمی** سەرۆک حیزبی **الاخاء الوطنی** داوای لە **ئەلقەزاز** کرد **کۆمەڵەی پیشەوەران** بکاتە لقێکی حیزبەکەی و بەپێی ئەم نەخشەیە کۆمەڵەی ناوبراو دەبووە ئامرازێکی کاریگەر بە دەست ئۆپۆزیسیۆنەوە.[480]

لێرەدا پێویستە ئەم هەڵوێستە ناوەختانەی ئۆپۆزیسیۆن لە سنووری ڕاستەقینەی خۆیاندا هەڵبسەنگێنین و لەو ڕاستیەش تێبگەین کە هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی ململانێی سیاسی تێپەڕیان نەدەکرد و مەبەست و ئامانجیشیان بە تەنها گەشتن بوو بە کورسی وەزارەت، شایەنی باسە زۆر خەڵکی لایەنگری **نوری سەعید**، هەریەکە لای

خۆیەوە هەوڵی دا سوود لە ڕووداوەکانی مانگرتنی گشتیی دژ بە *یاسای ڕەسمی شارەوانییەکان* وەربگرن و لەپێناوی سوودی تایبەتی و دەستکەوتی گەورەتردا ئەوانی تر بەد ناو بکەن، ئەوانەش پێ بەپێی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن زۆرشتی ڕاستیان دەوت بەڵام لەپێناوی ناڕاستیدا، نەک هەرئەوەش بەڵکو هەوڵیان دا **نوری سەعید** بێ تاوان دەربکەن و چی ڕووداوە بیخەنە ئەستۆی *موزاحیم ئەلپاچەچی* کە وەزیری ناوخۆی حکومەتەکەی بوو، بە مەرجێک لە خراپترین باردا ناوبراو ئەوەندەی **نوری سەعید** بەرپرسیاری ڕووداوەکان نەبوو،[481] **نوری سەعید** خۆی سەرپەرشتی داڕشتن و دانانی لایەحەی *یاسای ڕەسمی شارەوانییەکانی* کرد و لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا و لەو مشت و مڕەدا کە لەسەر یاسای باسکراو بەرپا بوو، زۆر بە گەرمییەوە بەرگری لە هەموو بڕگەکانی ئەو یاسایە کرد،[482] ئەمە جگە لەوەی سەیرترین شتێک کە ڕژێم لە ڕۆژانی مانگرتنەکەدا دژی دانیشتووانی *بەسرە* پەنای بردە بەر، ***مەبەستمان کارکردنە بە یاسای داوای خێڵەکی*** بە فەرمانی ڕاستەوخۆی **نوری سەعید** بوو، پاش ئەوەی لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە.[483]

چاکترین پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاری و ئەو مانگرتنەی لە دوو ساڵی دوای سەردەمی ئینتیداب ڕوویان دا، ئەو هەڵوێستانەیە سەبارەت بە دۆزی زەحمەتکێشان نیشانیان داوە، جا چ پێشچوونە سەرحوکمیان بێت و چ دوای کۆتاییهاتنی ئینتیداب، بەر لە هەموو شتێک دەبێت ئەوە بزانین کە ڕۆڵی حزبی **الاخاء الوطنی** لە دانانی بەردی بناغەی *یاسای ڕەسمی شارەوانییەکاندا* هیچی لە لایەنەکانی تر کەمتر نەبووە، چونکە

دەنـگ و باسـی ئەو یاسـایە لە سـاڵی ١٩٢٦ـەوە لەنـاو پەرلەمانـدا گۆڕیبوو و مشتومڕ و قسەی زۆری لەسەر کراوە، **یاسین ئەلهاشمی**، **ڕەشـید عـالی ئەلگەیلانـی** و **حـیکمەت سـولەیمان** و خەڵکـی تـریش هەریەکەیان بە شێکی بنچینەیی یاساکەیان داڕشت.[484]
ساڵێکیشــی پــێ نەچــوو لایەحەی ئەو یاســایە بــۆ یەکەمجــار و بە شـێوەیەک پێشـکەش پەرلەمـان کـرا [***لە ڕووی سـەپاندنی باجەوە لە بەیاننـامەکەی بلفـۆر_ی سـەردەمی ئینتیداب ک . م] قـورس و گرانتـر بوو*** بێ ئەوەی **ڕەشید عالی ئەلگەیلانی** کە وەزیری ناوخۆ و **یاسـین ئەلهاشـمی** کە نەک هەر وەزیـری دارایـی بەڵکـو جێگـری سـەرۆک وەزیـرانیش بـوو بەرهەڵسـتی بـکەن،[485] یەکێـک لەوانە هەنگـاوێکی ئەوتۆیان نەنا بۆ ئەوەی لە کۆمپانیا بیانیەکاندا ڕێگا لە دامەزراندنی خەڵکـی بێگـانە بگـرن، بەتـایبەتی ئەم مەسـەلەیە لەنـاو کرێکـار و فەرمـانبەرە عێراقییەکانـدا بووبـووە گرێکوێرەی هەمـوو گیروگرفتێک، بەپـێچەوانەوە یەکێک لە سـەرکردەکانی ئۆپۆزسـیۆن لە کـاتی خۆیـدا گرێبەسـتێکی مـۆرکرد و بەپێـی ئەو گرێبەسـتە ڕێگـای دا پتـر لە١٥٠ کەسـی بیـانی بە یەکجـار دابمەزرێنـرێ،[486] کـاتێکیش حزبـی **الاخـاء الـوطنی** جـڵەوی فەرمـانڕەوای گـرتە دەسـت، هەڵوێسـتیان بەرامـبەر زەحمەتکێشـان گـۆڕینێکی بەسـەردا نەهـات، ئەوەندە نەبـێ گەرەکیـان بـوو ئەوانە پاڵپشـتێکی بێ ئاگابن و بەوهۆکـارانەوە شـوێنپێی خۆیـان قایم بکەن و جێبە خەڵکی تر شلۆق بکەن، ئەوەتا دوای چوار ساڵ بە سـەر مـانگرتنە گشـتییەکەی دژ بە *یاسـایی ڕەسـمی شـارەوانییەکاندا*، **ڕەشـید عـالی ئەلگەیلانی** لە بەردەم پەرلەماندا بێ سێ ودوو کـردن دەڵێت: ***لەم وڵاتەدا گیروگرفت یان کێشـەی کرێکـاران لە گـۆڕێ نییە، چونکە زۆربەی دانیشتووانی جوتیارن.***[487]

گومـــانی تێـــدانییە کە ئەم هەڵوێســـتانە بەر لە هەمـــوو شـــتێک ڕەنگدانەوەی ئایـدۆلۆژیای چینێـک بـوون کە خـاوەنی بەرژەوەنـد و هەڵسـەنگاندن و بۆچـوونی تـایبەتی خـۆیەتی، لێرەدا ڕەدگە ئەوەنـدە بەسـبێ کە یەکێکـی وەک **یاسـین ئەلهاشـمی** لە گەرمەی ململانێـی کرێکاران و کۆتاییهاتنی سـەردەمی ئینتیداب بە تاقی تەنها ئیمتیازی پیشەسـازی چیمەنتـۆ دروسـتکردن لە سەرانسـەری عێراقـدا وەرگرێـت،[488] و ئەنجـوومەنی بەڕێـوبەرایەتی یەکەم کـارگەی ئەهلـی جـیکەنە کردنـی لـۆکە لە عێراقـدا بریتـی بـێ لە ژمـارەیەک سیاسـەتمەداری نـاوداری ئەوسـای وڵات،[489]دەبـێ ئەوەشـمان لە یـاد نەچـێ کە ئەو بـزووتنەوانەی لە بـابەتی مـانگرتنە گشـتییەکەی دژ بە **یاسـای ڕەسـمی شـارەوانییەکان** و "مقاطعـة" کردنـی کۆمپانیـای کارەبای ساڵی ١٩٣٣ بوون، تەواو لەگەڵ بەرژەوەندی ئابووری چینی بورژوای تازە پێگەشتوودا دەگونجان.[490]

بـۆیە قسـەکەی **مـوزاحیم ئەلپـاچەچی** لە بـارەی ڕووداوەکـانی ئەو مانگرتنەوە لە جێی خۆی دایە، ئەوەتا دەڵێ: ***ئەوانەی پیشـەوەرەکانیان هانـدا کە مـانبگرن بازرگانەکـان بـوون***[491] لە چاوپێکەوتنێکـدا لەگەڵ **محەمەد سالح ئەلقەزاز** ئەوەی دووبارە کردەوە کە باشتر وابوو لە ڕۆژانـی مـانگرتنەکەی دوایـدا تەنیـا پـێ لەسـەر ئەوە دابگـرن ئەو باجانەیان لەسەر لاببرێ کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەرژەوەندی زەحمەتکێشانەوە هەبوو.[492]

وەنەبێ هەڵوێستی تاقمە ڕادیکاڵەکەی ناو چینی بورژوای نیشتیمانیی کە کەرتێکی بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی پێک دەهێنا، جیاوازییەکی ئەوتـۆی لەگەڵ هەڵوێسـتی توێژەکـانی تـری ئەو چیـنەدا هەبـووبێ، ئەمە لە کاتێکدا چ کرێکاران و چ پیشەوەران هیوایەکی گەورەیان بەم تـاقمە و

بەتـــایبەتی بە کەســـایەتی **جەعـــفەر ئەبـــولتمەن** هەبـــوو، هەرەهـــا بە ڕێکەوتـــیش نەبـــوو کە **ئەلـــقەزاز** لە هەمـــوو کەس زیـــاتر متمـــانەی پـــێ دەکرد و هەوڵیدەدا بۆ هەموو بڕیارێکی گرنگ پرس و ڕاوێژی پێ بکـــات[493] و مانگرتووەکـــانیش لە ڕۆژانـــی مـــانگرتنەکەدا لە مـــاڵەوە سەریان لێدەدا،[494] لەگەڵ ئەوەشدا کە *ئەبولتمەن* لە چاو خەڵکی تردا هەڵوێستی ئازایانە و دڵسۆزانەی سەبارەت بە کرێکاران و پیشـەوەرە بچکۆلەکان نواند،[495] بەڵام هەموو ئەو هەڵوێستانەی هێشتا لە ئاستی گرنگیی ڕووداوەکاندا نەبوون.

"**ڕۆژنامەی الاستقال**"یش کە دەتوانرێ بە زمانحاڵی ئەم تاقمە دابنرێ، سـەبارەت بە مەسـەلەی کرێکـاران هـیچ هەڵوێسـتێکی جیاوازی لەگەڵ ڕۆژنامەکـــانی تـــری ئۆپۆزیســـیۆندا نەبـــوو، ئەویـــش لە گەرمەی بـــزووتنەوەی کرێکاریـــدا گۆشـــەیەکی ســـەربەخۆی بۆگیروگرفـــت و شکایەتی کرێکاران تەرخان نەکرد و لەو دەنگ و باسـانە زیـاتر کە لە کۆمەڵەکانەوە بۆی دەچوو شتێکی تری بڵاونەدەکردەوە، جاری واش هەبوو ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژنامەکانی تر کورتتریش بڵاودەکردەوە، کەچی بایەخێکی گەورەی بە ***کاروباری قوتابیان***[496] و مەسەلەی ژنان دەدا و تەنـانەت گۆشـەیەکی هەمیشـەیی بـۆ تەرخـانکرد و هەندێجار باسی وەک "***شێوەی خۆ جوانکردن و لەپێناوی جوانیدا***" شـتی لەو بابەتەی تێدا بڵاودەکرایەوە.[497]

جـا بـۆ ئەوەی ڕۆشـناییەکی بە هێزتـر ئاڕاسـتەی هەڵوێسـتی تـاقمە ڕادیکـاڵیەکەی بـۆرژوای نیشـتیمانی بکەیـن بەرامـبەر بەمەســەلەی کرێکـــاریی، ئەوقســـانە بە نمـــوونە دەهێنیـــنەوە کە شـــاعیری نیشتیمانپەروەر **مەعروف ئەلڕەسافی** سـەبارەت بە دادانی یاسـایەکی تـایبەت بە کـار و کرێکـارانی عێـراق کـردی، ئەو یاسـایە کە بەر لە

قســـەکانی *ئەلرەســـافی* بووبـــووە دروشـــمی ناونـــدی بـــزووتنەوەی کرێکـاریی عێراق، ئەوەتـا نـاوبراو سـاڵی ١٩٣٥ لە بەردەم پەرلەمانـدا دەڵێ: ***لەبەر ئەوەی هەرچی پیشەسازی هەیە لە دەرەوە بۆمان دێت، وڵاتـی ئـێمە پیشەسـازی نیـیە و کشـتوکاڵییە، هەروەهـا کـارگە و کارخـانەیەکی ئەوەنـدە زۆری تێـدانییە هەزاران کرێکـار کـاری تێـدا بکەن، ئەمە جگە لەوەی هـیچ نـاکۆکییەک لە نێـوان کرێکـاران و ئەو کەسانەدا نییە کە کاریان لادەکەن، نازانم کە حاڵ وابێ ئەم لایەحە یاساییە بۆچی دانراوە؟ هیچ بە پێویستی نازانم ئەم یاسایە لە وڵاتـی ئـێمەدا دابنـرێ، وای بۆدەچم ئەم لایەحەیە تەنها بـۆ کـارگەی فەتـاح پاشـا دانرابـێ و بەس.*** [498] کە نـاوەڕۆکی ئەم وتەیە هەڵدەسـەنگێنین دەبـــێ ئەوەمـــان لە بەرچـــاوبێ کە خـــاوەنەکەی ڕۆشـــنبیرێکی دەرکەوتووە، لە هەمان کاتیشدا لایەنگری *کۆمەڵەی پیشـەوەران* و بە هەمیشـەی ئامادەیی هەبوو لە کۆڕەکانی ئەو کۆمەڵەیە،[499] لای خـۆی شـاعیرێک بـوو بەسـەر کرێکارانـدا هەڵیـدەدا، کەچـی لەو ڕۆژگـارەدا بـاری ژیـانی ئەو دەیـان هەزار کرێکـارەی بەخەیاڵـدا نەهـات کە لەنـاو کۆمپانیا بیانییەکان[500] و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کاریان دەکرد، بۆیە نوێنەرێکی وەک **سـەعید ئەلحاج سـابت** کە سـەر بە هەمـان تاقم بـوو، لەو کۆبوونەوەیەدا بە ڕوویدا تەقییەوە و وەڵامی دایەوە.[501]

هەڵوێسـتی ڕاسـتەقینەی دەسـتە و تـاقمە جیاجیاکـانی چینـی بـورژوا بەرامبەر بەرژەوەندییە بنەڕەتیەکانی کرێکاران، سـەرەتای دابڕبوونی ئەو دووچیـنە بـوو لە یەکتـر، لەمەوە کرێکـاران کەوتـنە خـۆ و لە شێوازی نوێی خەبات دەگەڕان کە زیاتر سـەربەخۆییان بداتێ، دیارە ئەمەش لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی کرێکاری بوو، باشترین بەڵگەی ئەم هەڵوێستانەش ئەوە بوو کە **محەمەد ساڵح ئەلقەزاز** پێشنیارەکەی

**یاســین ئەلهاشــمی** ڕەتکــردەوە و قایــل نەبــوو بەوەی *کــۆمەڵەی پیشەوەران* بخاتە سەر حزبی **الآخاء الوطنی**.[502]

لەو ســەردەمەدا تــوێژی ڕۆشــنبیران و لە پــێش هەموویــانەوە لاوانــی شۆڕشــگێڕی پایتەخــت نزیکتــرین هێــزی کۆمەڵایەتی بــوون لە چینــی کرێکارانەوە، ئەم توێژە بە ژمارە کەمە لە هەمــووان چــاکتر شــارەزای گیروگرفــت و ئازارەکــانی گەل بــوو، لە هەمــوو هێــزە سیاســییەکانی تــریش ڕادیکاڵانەتر چارەســەری ئەو گیروگرفتــانەی دەکرد. ئەمــانە *لە ڕۆژگاری شۆڕشی بیستەوە* بە شێوەیەکی هەستپێکراو بوونی خۆیان لە مەیــدانی سیاســیدا ســەپاند، ئامانجیــان ئەوە بــوو وڵات لە هەمــوو شــێوەکانی ئیمپریــالیزم ڕزگــاری بێــت، لە ڕووی ئایدۆلۆژیشــەوە بیروڕای دیموکراسی لیبراڵی شێوە ڕۆژئاوایی کاری تێ کردبوون، بە ســەرێکی تریشــەوە بیروبــاوەڕی سۆشــیالیزم وردە وردە لەنــاو ڕیزەکانیــدا بــڵاو بووبــووە و لە ناوەڕاســتی ســاڵانی بیســتەوە خــۆی نوانــد، ئەم تــوێژە کــۆمەڵایەتییە درێــژەی بە خەبــاتی خــۆی دەدا و لە پێناو جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیدا و بۆ بەدەستهێنانی ســەربەخۆیی سیاســی و کــۆمەڵایەتی بــۆ ســەرجەم کــۆمەڵانی خەڵــک پێویســتی بە هێزێکــی جەمــاوەری هەبــوو، لەو ڕۆژگــارەدا و بەهــۆی سروشــتی دروستبوون و پێکهاتنی نەیدەتوانی ڕووبکاتە لادێ و مەیدانی خەبات بگوازێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە پەیوەندی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی دەرگای ئەومەیدانە فراوانەی لەسەر داخستبوو، ســەبارەت بەم بــار و دۆخە کرێکــاران باشــترین و نزیکتــرین هێزبــوون لەڕۆشــنبیرانەوە و دەیانتوانی کاریان تێ بکەن و پشتیان پێ ببەستن، چونکە کرێکاران ڕۆشــنبیرێکی ئەو کــاتە وتەنــی : ***ئەو چینــەن لەنــاو جەرگەی گەلەوە هەڵقــوڵاون و بنــاغەی تەلاری ســەربەخۆی و ســەربەســتین.***[503] بــۆیە

ڕۆژنامەی **الاهالی** یش کە زمانحاڵی گرووپی *الاهالی* بوو بە ئاشکرا ڕووی دەکردە لاوانی نەتەوە و داوای لێ دەکردن ***ڕووبکەنە ئەو چینە و پەرۆشـیان بـن[504] و بچـنە ناویـانەوە و خۆشـیان بـوێن و بە دڵسۆزییەوە خزمەتی بکەن تاوەکو ڕاپەڕین هەموو لایەک دەگرێتەوە، ئەوسا پاشە ڕۆژی ئابووری و سیاسی گەلەکەتان کە ئەمڕۆ لێی بێزارن بەو جۆرە دەبێ کە خۆتان دەتانەوێ، گەربێ و دەست بۆ چینی ڕەشوڕووت درێژ بکەن و لێتان دڵنیابن، ئەوسا بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ لەناویاندا دەخوڵقێنن کەس نەتوانێ بەرهەڵستی بکات.***[505]

گومـان لەوەدا نیـیە کە سـەرکەوتنەکانی بـزووتنەوەی کرێکـاریی ئەورووپـای ڕۆژئـاوا کـاری تەواوی لە بەشـە ڕادیکـاڵییەکەی نـاو ڕۆشنبیرانی عێراق کردبوو، بەتایبەتی چونکە کرێکاران لەو وڵاتانەدا *بووبـوونە خـاوەن دەسـەڵات و چ لایەنە سیاسـیەکان و چ ئەوانەشـی سیاسـی نەبوون ترسـیان لێیان هەبوو.[506] نەک هەرئەوەش بەڵکو لە ئەورووپـادا بـوونە خـاوەنی هەمـوو هەڵوێسـتێکی ترسـناک، چـی ئـاڵوگۆڕی ئـابووریی و پەرەسـەندنی کـۆمەڵایەتی و هەرەس هێنـانی ئەم ڕژێـم و ئەو ڕژێـم هەیە، بە کـورتی ئەو ڕووداوە مەزنـانەی نـاو بەناو لە سەرانسەری جیهاندا دەیانبینین زۆربەیان جێ دەستی دیار و نادیـاری کرێکـارانی پێوەیە. لە بەر ئەوە شـتێکی سـەیر نییە ئەگەر خـاوەنی ئەم بیروڕایـانە چـاوببڕنە ئەو ڕۆژەی کە "تێیـدا کرێکـارانی عێراقیش ڕۆڵێکی وا مەزن لە ژیاندا بگێڕن".[507]*

بەو جۆرە ڕۆشنبیران، بەر لە توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تر بایەخیـان بە مەسـەلەی کرێکـاران دا، ئەوان یەکەمـین کەس بـوون لە زووەوە لە نـاواخنی ئەو وتارەیانـدا کە لە گۆتارەکـانی ئەو سـەردەمەدا بڵاویـان دەکـردەوە، گیروگرفتـی بێکـاری و زۆربـوونی کرێکـاری بیانییـان

چارەســەر دەکــرد،[508]هەر زووش بە شــێوەیەکی ئەوەنــدە بە ســۆز لەســەر هەڵوێستی نەرێنی ڕژێمیان سەبارەت بە کرێکاران نووسی، کاریان لە هەستیان دەکرد و بۆیان دەرخستن کە ڕۆشنبیران تا چ ڕادەیەک بــایەخ بە مەســـەلە ڕەواکانیـــان دەدەن، پــێش ئەوەی بزووتنەوەی کرێکاری کڵپە بستێنێ ڕۆشنبیرێکی ئەو کاتە بەم جۆرە کۆتایی بە وتارەکەی دەهێنێ بە شێوەیەک کاردەکاتە سەر ئادەمیزاد، لە ناخەوە مرۆڤی سادە دەهەژێنێ.

*....خەڵکینە وەرن برینی ئەو کرێکارە عێراقییە تیمار بکەن کە برسێتی پشتی شکاندووە، هیچ نەبێ بە چاوی بەزەییەوە تێی بڕوانن[509]، کام دڵ زۆر ڕەقە کە گوزەرانی ئەو دەبینێ خوێنی لێ‌دەتکێ، ئەو ژیانە دووچاری کوێرەوەری و نەهامەتی کردووە، تاکەی دڵتان نەرم نابێ ، ئەی ئەوانەی بەناوی گەلەوە لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی پاڵتان داوەتەوە، تاکەی هەستی نەتەوەیتان ناجوڵێ کاتی ئەوە هاتووە ئەو کۆت و زنجیرانە بپچڕێنن کە تەنانەت بەندەکانی بەندیخانەی باستیلی سەردەمی لویسی شانزەهەم بەخۆیانەوە نەدیووە...* [510]

هەندێ گۆڤاریش وەک **الحاصد**[511]و بەتایبەتی **گۆڤاری الشباب** ی مانگانە کە **سەعید ئەلسامەڕائی و عەبدولقادر ئیسماعیل** دەریان دەکــرد، بــایەخێکی هەســت پێکراویــان بە کێشــەی کرێکــاران و دواکاریەکانیان دەدا، **گۆڤاری الشباب** کە نووسەری وەک **مەحمود ئەحمەد ئەلسەیید و یوسف ڕەجیب** هەبوو هەر لە یەکەم ژمارەوە کە ڕۆژی ١٦ـی ئابی ساڵی ١٩٢٩ دەرچووە، دەستی بۆ مەسەلەی هەژاریــی و ســـواڵکردن ڕاکێشـــاوە و داوای لە میــری دەکـــرد چارەسەریان بکات.[512]

کـاتێکیش کـۆمەڵە کرێکـاری و پیشـــەییەکان دروســتبوون، چـــی ڕۆشنبیری پایتەخت هەبوو بە شێوەی جۆر بەجۆر و ئەوەندەی لە توانایاندا بوو پشتگیرییان کرد،[513] هەبوو بەشداری کۆڕەکانی دەکرد و باسی سوودبەخش و بەکەڵکی بۆ ئەندامەکانی دەخوێندەوە، هەش بـوو بە مەبەســتی نەهێشــتنی نەخوێنـدەواری لەنــاو کرێکــاران و پیشـــەوەراندا و لەنــاو ئەو پــۆلانەدا کە کۆمەڵەکــان کردبوویــانەوە وانەیان بە ئەندامەکانیان دەوتەوە، خەڵکی زۆریش کتێبی قوتابخانە و سەرچاوەی ڕۆشنبیری گشتیی پێ دەبەخشین و تەختەی نووسین و بەرهەمی هونەری پێشکەش دەکردن، هەندێکی تریش ئەو پۆستانەیان وەردەگێڕا کە **کۆمەڵەی پیشەوەران** لەگەڵ دەرەوەی وڵات ئاڵوگۆڕیان دەکـرد،[514] و زۆر کاروبـاری تـریش کە وایـان لەو کـۆمەڵانە کـرد بە شـێوەیەکی باشـتر ئەرکەکـانی سەرشــانیان ڕابپەڕێـنن،[515] لێـرەدا پێویسـتە ڕۆڵـی تـایبەتی پـارێزەران و ڕادەی بەشـداری و پشـتگیری کردنیان لە کرێکاران و ڕێکخراوەکانیـان لە یاد نەکەیـن، بێگومـان ئەم هەڵوێستەشــیان لە وەوە هــاتووە کە بەهــۆی پیشـــەکەیان پەیوەنـدی ڕاســتەوخۆیان بە گیروگرفتــی خەڵــکەوە و بەتـایبەتی بە هەژارانەوە هەیە، ئەوانە لە زۆر بۆنەدا و لە بەردەم دادگادا بە خێرایی بەرگرییـان لە کرێکـــاران دەکـــرد، چ وەک نووســـەر و چ وەک لێپرســـراوی ڕۆژنامەش ڕۆڵێکی هەستپێکراویان لە ڕۆژنامەی کرێکاراندا بینـی، لەو سـەردەمەدا کۆڕێکی کرێکـاران سـاز نەکراوە کە ژمـارەیەک پـارێزەر بەشداری تێدا نەکردبێ.[516]

ڕۆشـــنبیرە شۆڕشـــگێڕەکان بەتـــایبەتی ئەوانەی بیروبـــاوەڕی سۆشیـالیزمیان تێدا درووست بووبوو وەک "**حسـەین ئەلڕەحـال**[517] و **مەحمـوود ئەحـمەد ئەلسـەیدی** چیرۆکنـووس[518] و **یووسـف نەجیبـی**

نووسـەر[519] و **عەبـدوڵا جەددوع** و **ئیبـراهیم ئەلـقەزاز** و خەڵکـی تریش،[520]ڕۆڵێکی دیاریان گێڕا و توانییان هۆشیاری چینایەتی لەناو کرێکاراندا لێک بدەنەوە و پەرەی پێبدەن، وە تۆوی وورە و متمانە بە خـۆکردن لە دژی چەوسـێنەران لە دەروونیانـدا بچێـنن، بە هـۆی پەیوەنـدی کردنیـان بە چەنـد سـەرکردەیەکی ئەو کـۆمەڵانەوە و بەو وتـارانەی کە لە کۆڕەکانـدا دەیانخوێنـدەوە و بەوانەش کە لە ڕۆژنامەکانـدا بڵاویانـدەکردەوە، داکۆکییـان لە کـۆمەڵەی پیشـەیی و کرێکاریی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەیەکی زۆر لەبەر دەستدایە و هەمووشـیان گەواهـی ئەم ڕاسـتیەن، لێرەدا ئەوەنـدە بەسـە بیـروڕای نووسەری ناسراو **مەحموود ئەحمەد ئەلسەید** بە نموونە بهێنینەوە کە **ڕۆژنامەی العامل**[521] پێیدەڵێ، لەو تاک تاک خەڵکەیە *بۆ سـەر خستنی کرێکـاران هەوڵ دەدا و گەرەکییەتـی بیـانگەیەنێتە ڕیـزی چیـنە دەسـەڵاتدارەکان و گیـانی ئـاوێتەی یەکسـانی بـووە، بـۆیە خواسـتی یەکسـانییە و خۆشـی دەوێ، هەر ئەو خۆشەویسـتییەش لە قەڵەمە بەخشندەکەدا دەرکەوت و خۆی نواند.*[522]

**ئەلسـەید** لەو وتارەیدا کە پاش نیوەڕۆی ١ـی ئـابی سـاڵی ١٩٣٠ لە ئـاهەنگێکی کرێکـارانی کـۆمەڵەی چاپخانەکـانی عێراقـدا خوێنـدییەوە، ڕوودەکاتە ئەمادەبووان و دەڵێت: *کار، بەڵگەی یەکەمین شارستانییەت و ئـاوەدانییە، سـەرچاوەی پیـرۆزی ژیـانە و بە هـۆیەوە شـەرەفێکی تـایبەت بە کرێکـاران دەبەخشـێ و لە هەمـوو چینەکـانی تـر جیـای دەکاتەوە*، لێرەدا وتەیەکی نەهرۆ بە بەڵگە دێنێتەوە و دەڵێ *پاشە ڕۆژ بۆ چینە زەحمەتکێشـەکانە کە میللەت پێک دەهێنن، وەک کرێکاران و جوتیـاران و خـاوەن پیشـە سەربەسـتەکان و پیشـەوەران،[523]ئەو داهـاتەی لەوانە چـاوەڕوان دەکرێـت سـەدیەکی لە چینـی بـاڵاو*

*ناوەڕاست چاوەڕوان ناکرێت*، هەروەها **ئەلسەید** کرێکاری عێراقی: هۆشیاردەکاتەوە و ئامۆژگاریی دەکات خۆی دووچاری ئەوهەڵەیە نەکا کە کرێکاری میسری تێکەوت و جڵەوی خەباتی کۆمەڵایەتی و ئابووری دایە دەست چەند نوێنەرێک...ئەوانیش چوونە کۆڵی و[524] مەسەلەکەشیان بۆ مەبەستی خۆیان بەکار هێنا، بەڵام نەیانتوانی هیچی بۆ بکەن.[525]

لەو وتارەشدا کە لەیەکێک لەڕۆژنامە کرێکارییەکاندا بڵاویکردۆتەوە، *ئەلسەید* بۆ کرێکارانی دووبارە دەکاتەوە کە *پارچەپارچەبوون و بەربەرەکانەی یەکتری تێکیاندەشکێنێ و بەرەودوا بیانگێڕێتەوە و ماوەیەکی زۆرتریش بەمافخوراوی دەمێنێتەوە* چونکە *بەبێ هاوکاری یەکتری ئەو مافانەیان دەسگیرنابێ و دەبێت لەپێناوی بەرژەوەندی ناکۆکیاندا بەرگری بکەن و هەوڵبدەن یاسایەکی نوێ بۆپاراستنیان بهێننەدی و ئەوەندەی لەتواناداهەیە و لەسایەی ئەم ڕژێمە کۆمەڵایەتییەدا کە بەزۆر بەسەرماندا سەپاوە مافەکانیان بپارێزێت.*[526]

گرووپی *الآهالی*[527] کە دەستەیەک ڕۆشنبیری هەڵبژاردەی ئەوقۆناغەی عێراقی تێدا کۆبوبوەوە، ولە هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکانیتر زۆرتر بەتەنگ مەسەلەی کرێکارییەوەبوو،[528]ئەم گرووپە داوایان لە لاوان دەکرد چاوببڕنە چینی ڕەشوڕووت چونکە شایەنی خزمەتکردنەو میللەت لەو پێکهاتووە.

وەک **ڕۆژنامەی الاهالی** کە زمانحاڵی ئەم گرووپە بوو نووسیویەتی،[529]لەم بۆچوونەوە ڕۆژنامەی ناوبراو لە ڕۆژنامەکانی تر زۆرتر بایەخی بە کرێکاران و گیروگرفتەکانیان دەدا، لە یەکەم ژمارەیدا بڵاوی کردۆتەوە کە (بەزۆری بایەخ بە کاروباری لاوان و کرێکاران و ژنان دەدا) و نرخی ڕۆژنامەکەش بۆ کرێکاران و

قوتابیــان ١٠٪ ی لــێ دادەشــکێنرێ،[530]بە شــێکی ڕۆژنامەکەشــی بــۆ چارەســەرکردنی کاروباری کرێکاران تەرخان کردبوو، بەشێوازێکی نوێش کەوتە بڵاوکردنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ کە پەیوەندییان بە*"کرێکاری بێکاری ناوشاری دەرۆزەوە"* هەبوو،[531]داوای لە ڕژێمیش کرد یاسایەکی سەربەخۆ بۆ کرێکاران دابنێ تا لە سایەیدا *قورسایی کۆمپانیا بیانییەکان* لە سەرشانی کرێکاران کەم بێتەوە و پێشنیاریشی کرد پڕۆژی دروستکردنی خانوبەرە بۆ کرێکاران ئەنجام بدرێ وە کارێک بکرێ بۆ دەستەبەرکردنی کار، ئەمە جگە لەوەی چەندین وتاری وەرگێڕدراوی لە بارەی کرێکارانەوە بڵاکردەوە.[532]

هەڵوێستی دڵسۆزانەی *گروپی الاهالی* وای کرد لە ڕۆژانی سەربەخۆیی وڵاتدا و لە پێش چاوی سەرکردایەتی کرێکاران بوونە باشترین هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی،[533]بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی لەو ڕۆژگارەدا ڕۆڵێکی دیار لە سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی کرێکاری دابگێڕێ، ئەو مەسەلانەی گروپی ناوبراو بایەخیان پێ دەدا با گرنگیش بووبن، بێجگە لەوەی ئاوات و ئامانجی کرێکارانی بەیان نەدەکرد، لە چاو بزووتنەوەی ئەو قۆناغەی کرێکاراندا شتێکی ئەوتۆ نەبوون، لێرەدا باشتروایە دەست بۆ ئەو نامیلکەیە ببەین کە ئەو گروپە لە ژێر ناونیشانی *"میللیەت ئەو باوەڕەیە الأهالی هەوڵی وەدەستهێنانی دەدا"*،[534]بڵاوی کردەوەو تێیدا پەیڕەوەکەی خۆیانی دەستنیشان کرد و بە بەڵگەنامەیەکی گرنگ دادەنرێ، ئەو نامیلکەیە هەر چەندە پێ لەسەر چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دادەگرێ [بە شێوەیەک خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و دڵنیایی بۆ کۆمەڵگای عێراق.ک.م] تێدابێ کەچی ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ چینی کرێکاران و

مەسەلەکانی ئەو چینە تێدا نییە، بە هەرحاڵ دەتوانرێ ڕادەی بایەخدانی گروپی الاهالی بە چینی کرێکارانی عێراق لە ناوەڕۆکی برگەی شەشەمی پرۆگرامی *کۆمەڵەی ڕیفۆرمی میللیدا*[535] دەربهێنرێت، کە دوای چوار ساڵ کۆتایهاتنی ئینتیداب داڕێژرابوو.

دەقی ئەو برگەیە داوادەکات هەوڵ بدرێ *یاسایەک دابنرێ کرێکاران بپارێزێ و بەرەو پێشەوەیان بەرێ و مافەکانیان دابین بکات و ماوەی کارکردنی ڕۆژانەیان بکات بە هەشت سەعات و پشتگیری کۆمەڵەی کرێکاران و نەقابەکانیان بکات و ڕادەی هەرە کەمی ڕۆژانەیان دیاری بکات.*

لە دوادوایی سەردەمی ئینتیدابدا دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی عێراق کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی ئەو حیزبە لیبراڵییە ڕۆژئاواییانەوە کە ناوی کرێکارانیان لە خۆیان نابوو،[536]لە بواری سیاسیشدا چەند سەرکەوتنێکیان بەدەستهێنابوو، ئەم مەسەلەیە لە لایەن ڕۆژنامەکانی عێراقەوە بە ڕۆژنامە کرێکارییەکانیشەوە[537]بایەخێکی لە ئەندازە بە دەری پێ درا، تا دۆخ گەشتە ئەوەی ڕۆژنامەی **العالم العربی** لەو سەروتارەیدا کە بەبۆنەی ماوەپێدانی کۆمەڵەی پیشەوەرانەوە بڵاوی کردەوە، نیمچە بەراوردێکی لە نێوان **پارتی کرێکارانی بەریتانیا** و کرێکارانی عێراقدا کرد.[538]

وا پێدەچێ برێک لەو ڕۆشنبیرانە هەوڵیاندابێ لە گەرمەی بزووتنەوەی کرێکاریی عێراقدا هەمان ئەو ڕێبازە بگرنەبەر کە لە ڕۆژئاوادا پەیرەودەکرێت و پارتێکی سیاسی بە ناوی کرێکارانەوە دابمەزرێنن، ئەوەتا لە ١٤ی مارتی ساڵی ١٩٣١دا **سەعەددین زیاد**ی پارێزەر لەگەڵ دەستەیەک لاوی پێگەشتووی مووسڵدا داوایەکیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد تا ڕێگەیان بدرێ **پارتی کرێکاران**

دابمەزرێنن. چونکە: *نەبوونی پارتێکی سیاسی خاوەن پلانی ژیرانە و بناغەیەکی پتەو و بۆ گەیاندنی گەل بە ئاوات و ئامانجەکانی* بۆشاییەکی گەورەی دروستکردوە وەک لە دەقی داواکەیاندا نووسراوە،[539] ئەو ئامەنجەش کە پەیڕەوەکەی دیاری کردبوون سروشتی چینایەتی ئەو پارتە دەردەخەن، ئەوەتا پەیڕەوی بنچینەیی ئەو پارتە کرێکارییەی تەمایان بوو دابمەزرێنن بریتییە لە:-

أ. هەوڵبدرێ بۆ ئەوەی عێراق سەربەخۆیی تەواو و ڕاستەقینە وەربگرێت.

ب. هەوڵبدرێت ئاشتی و برایەتییەکی باش لە نێوان عێراق و دەوڵەتە دراوسێ[540] و بیانییەکاندا بەرپابکرێت.

ج - هەوڵبدرێت خوێندن و فێربوون بکرێتە گشتیی.

د- بەرهەمی ناوخۆیی برەوی پێبدرێت.

هـ - کاروبارەکانی حکومەت بخرێتە ژێر چاودێرییەوە و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکرێت.

و. بەرهەڵستیکردنی ئەو بیروڕایانەی زیان بە یەکێتی عێراق و نەتەوەیی عەرەب دەگەیەنن.

ز. دابینکردنی مافی کرێکاران و پێشخستنی باری ئەدەبی و تەندروستی و گوزەرانیان و هەوڵبدرێت یاسای پێویست بۆ مسۆگەرکردنی ئەمانە دابنرێ.

ح . هەوڵدان بۆ ئەوەی گیانی یارمەتی لەناو ئەندامانی حزبدا بڵاوبکرێتەوە و بە هەموو شێوەیەکیش بەرگری لە مافەکانیان بکرێ.[541]

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم هەنگاوەش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو هەوڵ و تەقەللایەدا نەبوو کە هەر لەو کاتەدا **یاسین ئەلهاشمی** بۆ دەستبەسەراگرتنی بزووتنەوەی کرێکاری و بەتایبەتی *کۆمەڵەی پیشەوەران* کردیان، بۆیە ئەمەش لەلایەن کرێکاران و **محەمەد ساڵح ئەلقەزاز** ـەوە بایەخی پێ نەدرا، ئەمە لە کاتێکدا پێشنیار کرا ئەلقەزاز ببێتە سکرتێری ئەو پارتەی تەمایان بوو پێکیبهێنن،[542] چاک وایە لێرەدا دەستنیشانی ئەو ڕاستیەش بکەین کە **حزبی الاخاء الوطنی** لەو

کـاتەدا لە نـاو دەسـتە و تـاقمە سیاسـییەکانی ئەو کـاتەی مووسـڵدا باڵادەست بوو.

وا پێدەچێ ئەوانەی داوای پێکهێنانی پارتی کرێکارانیـان کردبـوو، بەوە تاوانبارکرابن گوایە سەر بە لایەنێکی سیاسی دیاری کراون، بۆیە بەو جۆرە بەرگرییـان لە خۆیـان دەکرد و دەیـان گوت: *بە داخەوە هەنـدێ کەس خراپ لە تەما و مەبەستی دامەزراندنی ئەم پارتە تێگەیشتووە و بە شێوەی جۆر بەجۆر لێکی دەدەنەوە، بەڵام ئێمە بەم بۆنەیەوە بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنین کە مەبەست لە دامەزراندنی پارتی کرێکـاران، ئەوەنییە بەرهەڵستی حیزبێک و پشتگیری یەکێکـی تـر بکـا،*[543] دیارە ئەمەش یەکێـک بـووە لەو هۆیـانەی کـاتی خـۆی مـۆڵەتی کـارکردنی نەدرێتێ.[544]

هەر چۆنێک بێت ئەم بـایەخ پێ دانە باشـترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە لەدوای کۆتایهـاتنی ئینتیـداب و بـوونی عێـراق بە ئەنـدامی **کـۆمەڵەی گەلان**، کرێکاران[545] بوونە هێزێکی کۆمەڵایەتی نوێ و توانییان خۆیان بە سەر ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا بسـەپێنن و لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریدا هەنگاوی پێویست بنێن.

# بەشی کۆتایی

ئەو زانیاریانەی لە دووتوێی هەر چوار بەشەکەی ناو ئەو کتێبەدا نووسراون، دەتوانن بمانگەیەننە چەند ئەنجامێکی بنەڕەتی لە بارەی مێژووی کرێکارانی عێراقەوە، هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا کۆتاییهاتنی ئینتیدابی بەریتانی. بەر لە هەموو شتێک چینی کرێکارانی عێراق لەچاو زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا درەنگتر دروستبووە، ئەمە جگە لەوەی نەشونماکردنی بەو سستییەی کە بەخۆیەوە بینی، کاریگەری زۆری کردە سەر چۆنیەتیی دەرکەوتنی بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق و سروشتی گەشە کردنی.

بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق شان بەشانی بزووتنەوەی نیشتیمانی دژ بە ئیمپریالیزم و ئەو هێزانەی لە پاشکۆی دا بوون، پەرەیسەندووە. لەو ڕۆژگارەدا عێراق مانگرتنی سەربەخۆی کرێکارانەی وەک ئەوەی لە وڵاتە ئەوروپاییە گەشە کردووەکاندا ڕوویاندا، نەدیبوو. تەنانەت بزوتنەوەیەکی کرێکارانەی وەک ئەوانەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین و هەندێ وڵاتی ئاسیایی چەشنی هیندستان نەهاتبووە گۆڕێ. هۆی بنچینەی ئەم دیاردەیەیش لاوازیی چینی بۆرژوار نیشتیمانی بوو کە لەلایەن هەمان ئەو دامودازگایانەوە کە کرێکارانیان دادەدۆشی، دەچەوسێنرانەوە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە چینی کرێکارانی عێراق لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە لاواز بوو. لەبەر ئەوە هەرچی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی بەرپا بکردایە، نەیدەتوانی دەستکەوتێکی هەست پێ کراو بەدەستبهێنێ. بەنموونە: کرێکارانی ڕێگای ئاسن تاوەکو لە تەمووزی ساڵی ١٩٣١ دا تێکەڵی بزووتنەوەیەکی نیشتیمانی فراوانتر نەبوون کە مانگرتنە گشتییەکەی دژ بە یاسای ڕەسمی شارەوانییەکان، نەیتوانی بگاتە ئەنجامێکی چەسپاوی ئەوتۆ شایەنی باسکردنێ. بەوجۆرە

بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق لە دووتوێی ئەم باسەماندا، نەبووەتە بزووتنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ.
بە حوکمی ئەم واقیعە چینی کرێکاری عێراق، توندوتۆڵ بە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە گرێ درابوو، لە هەمان کاتیشدا کەوتبووە ژێر کارتێکردنی هەڵوێست و فەرمانی ئەوانەوە، بێ ئەوەی ئەم لە سنورێکی تەسکدا نەبێ، بتوانێ کار لەوان بکات. چینی بۆرژوای بچووکیش کە لە توێژە ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکەیدا خۆی دەنواند، نزیکترین هێزی سیاسی بوو لەم چینەوە. دوای ئەویش چینی بۆرژوازی نیشتیمانی بوو کە بە هۆی ئەو واقیعەی تێیدا دەژیا. نەیتوانی سەرکردایەتی خەباتی کرێکاران بکات، نەک هەر ئەوەش بەڵکە بێتواناش بوو لەوەی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا نەبێ کار بکاتە سەری. ئەوەی ڕاستیبێ چینی بۆرژوایی نیشتیمانی، خۆشی هەوڵی ئەوەی نەدا لە باری ئایدۆلۆژییەوە نەبێ، بەڵام لە سنوورێکی ئێجگار دیاریکراودا، کار بکاتە سەر ئەم چینە؛ ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی نەتوانێت تا سەر چینی کرێکاران بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە هەندێ وڵاتی تری وەک توونس و مەغریب ڕوویدا.
بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق لە سەرەتاییەکانیدا بەدەست کۆمەڵێک ناتەواوییەوە کە لە واقیعدا شتێکی سروشتی بوون، دەیناڵاند. هەرچی بزووتنەوەی کرێکارییش هەیە کە لە بارودۆخێکی وا پێکهاتبێ، دووچاری ئەو تەنگوچەڵەمانە بووە. نزمی ئاستی هۆشیاری کرێکاران و پەیوەندی بەتینی بەشێکی زۆری ئەوانە بە لادێوە و چەندین هۆی تری لەو بابەتە، ماوەیان نەدا ڕێگای ڕاستی خەبات وەک شێوەیەکی بنەڕەتی بدۆزنەوە، و بە هۆیەوە کەمێک لەو قورساییە گەورەیە لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە کە بەدەگمەن وێنەی دەستدەکەوت[1]

بەڵـگەی ئاشـکرا و دیـاریش بـۆ سـەلماندنی ئەم ڕاسـتییە زۆرن هەمووشیان پەیوەندییان بەو سەردەمەوە هەیە. بە نموونە: ڕۆژنامەی **نـداء العمـال** دانـی بەوەدا نـاوە کە کرێکـارانی ئەم وڵاتە تـازە لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی ئاشنایەتییان پەیدا کردوە و لەگەڵ ئەرکانیاندا تاقیکردنەوەیان کەمە.[2]

ئەم نـاتەواوی و کەم و کوڕییـانە لە سـەرپاکی ئەو ڕێکخـراوانەدا ڕەنگیانـدایەوە کە لـوتکەی هۆشـیاریی کرێکـارن لەو قۆنـاغەدا دروسـتیان کردبـوو. کرێکـاران هەر ئەوەنـدەیان دەویسـت چەنـد کۆمەڵەیەک بەنـاوی جیاجیـاوە پێک بهێنن، بێ ئەوەی پرۆگرامێکیـان هەبێت کاری لەسەر بکەن و پشتی پێ ببەستن.[3] هەندێ جاریش تاقە کەسـێک سـەرکردایەتی چەنـد کـۆمەڵەیەکی دەکـرد وەک سـەرۆکی کرێکـارانی چایخانەکـان و سـکرتێری یەکێتـی کرێکـارانی عێـراقیش بـوو[4]ئەمە بێجگە لەوەی کە چەندین جۆر بەربەرەکـانێ و نـاکۆکی لە نێوان ئەو کۆمەڵانە و[5]تەنانەت لە نێوان ئەندامانی یەک کۆمەڵدا پەیدا بـوون. ئەم دیـاردەیە وای لە ڕۆژنـامە نیشـتیمانییەکان کـرد، داوا لە کرێکـاران بکەن واز لە دوبەرەکـی بهێنن چـونکە هـیچ سـەرکەوتنێک لەگەڵ دووبەرەکیدا دەسـتگیر نـابێ.[6] لەبەر ئەوە ئەگەر لە سـایەی ئەو بارودۆخەدا زۆربەی ئەو کۆمەڵانە نەیانتوانیبێ مـاوەیەکی دورودرێژ خۆیـان ڕابگـرن و پـێش ئەوەی تەمەنیـان بگـاتە سـاڵەوەختێک لەکـار کەوتـبن[7] شـتێکی سروشـتی بـووە. ئەنـدامانی ئەم کـۆمەڵانە پابەنـد نەبـــوون بەو بڕیـــارانەوە کە تەواو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیانـــدا دەگونجـان، بەنمـوونە: سەرتاشـەکان ئەو بڕیارەیـان نەبـردە سـەر کە کۆمەڵەکەیان دابووی و ڕۆژانی دووشەمەی کردبووە ڕۆژی پشودان.

ئەنجـــام ناچـــار بـــوو دوای ســـێ مانـــگ کەمتـــر لەو بڕیـــارەی پاشگەزببێتەوە.[8]

سەرەڕای هەموو ئەمانە، مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق هەر لە سـەرەتای دروسـتبوونییەوە، پڕیەتـی لە تـاقیکردنەوەی بە سـود و لاپەڕەی پرشـنگدار، چـونکە کرێکـارانی عێراق لە خەوی چەنـد سـاڵە هەڵساونەتەوە و خەریکی ئەوەن بیر لە چارەنوسـی خۆیـان بکەنەوە، هۆشـیاری و بیرکـردنەوەیش گرنگتـرین دەستپێشـخەری ژیـانن وەک **الحاصـد ی** ئەو ڕۆژگـارە بەو شـێوە دڵتەزێـنە دەریـدەبڕێ [9] لەو ڕۆژەوە کرێکـارانی عێـراق بـۆ یەکەمـین جـار هەسـتیان بە سـەنگی کـۆمەلایەتی خۆیـان کـرد و ڕۆژ بە ڕۆژیـش باشـتر شـارەزای شێوەکانی زۆرانبازیی و ململانێ کردن لەپێناوی مافەکانیاندا بـوون و بە هۆشـیارییەکی لە جـاران زیـاترەوە هـاتنە مەیـدانی خەبـاتەوە و توانییـان ڕۆڵـی بنچینەی لە ڕووداوی زۆرگرنگدا ببیـنن و لە سـاڵانی سییەکاندا سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیاندا ڕابکێشـن. ئەو ڕووداوانەی کە هێنـدە گرنـگ و بایەخـدار بـوون هێـزە نیشـتیمانییەکانی تریـان وا لێکرد چەند جارێک واقیع ئاوەژوو بکەنەوە و خۆیـان بە سـەرکردە و بزوێنەریـان لە قەڵەم بـدەن. وەک چەنـد جارێـک لەتەک مـانگرتنە گشتییەکەی دژ بە یاسای رەسمی شارەوانییەکان ڕوویدا. بەهەرحاڵ ئەمەیـش دیـاردەیەکە لە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا بە گشـتی زۆر جـار ڕوویداوە و شتێکی دانسقە و دەگمەن نییە.

سـەرەڕای لاوازی سـەرکردایەتییەکەی کرێکـاران، ڕووداوەکـانی ئەو قۆناغە سەرکردەی ئەوەندە دڵسۆزیان هێنـایە کایەوە، هەمـوو ژیـانی خۆیـــان بـــۆ مەســـەلەی کرێکـــاریی تەرخـــان کردبـــوو، لە پـــێش هەموویشـــیانەوە یەکەمەیـــن کەســـی ســـەندیکایی **مـــحەمەد ســـالح**

**ئەلقەزاز**ـە کە ڕزگارکردنی کرێکارانی عێراق لەو کۆت و پێوەندی تێی ئالاوە، بە تاکە مەبەستی خۆی دەزانی[10] بە ئازایەتی و خۆڕاگرتن ناوبانگی دەرکردبوو. هەر لەبەر ئەوەیش بوو چەند جار تووشی ڕاوەدونان هات و بۆ **سلێمانی** و **عانە** و **دیالە** دور خرایەوە و لە ئەنجامی ئەو ٤١ داوایەی ڕژێم لەسەری تۆمارکردبوو، نزیکەی چوارساڵ لە بەنیخانەدا مایەوە و تاساڵی ١٩٥٤ ڕێگەی نەدرا لە عێراق بچێتە دەرەوە.[11] لە خۆڕایش نییە کە دەسەڵاتدارانی سەردەمی پاشایەتی تا ئەمڕۆیش دانی لێ دەکرۆژن و ڕقیان لێیەتی. ئەوەتا لە یاداشتی یەکێک لە سەرۆک وەزیرانی سەردەمی پاشایەتیدا، بەبێ شەرم و لە خۆبایی پێناسە کراوە لەبەر هیچ نا، تەنها لەبەر ئەوەی لە کاتی بایکۆتی کۆمپانیای کارەبای ئینگلیزیدا ساڵی١٩٣٣ سوور بوو لەسەر هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەی خۆیی و وەڵامی هەڕەشەوگوڕەشەی سەرۆک وەزیرانی بەم جۆرە دایەوە: ئێمە لەکەس ناترسین.[12] دیارە ئەمەیش گەواهی ئەوەیە کە ئەو پیاوە بە هەموو توانایەوە دڵسۆز و پێداگرتوو بووە و لێپرسراوانی ئەوسەردەمەیش فێری ئەوە نەبوون گوێیان لە شتی وا بێت.

بەرامبەر بەمە، خەڵکی ئەوتۆش هەبوون هەر کە هەستیان کرد مەترسییان کەوتۆتە سەر، بەزووی کشانەوە و دەستبەرداری کرێکاران بوون. هەیشیان بوو ئەوەندە بەگەرمییەوە بەرگری لە دۆزی کرێکاران کرد گەیاندییە ڕادەی زێدەڕۆیی وەک **عەبدولقادر ئەلسەییاب**، کەچی هەرئەوەندەی ئاوڕێکی لێدرایەوە لە پەرلەماندا بووە نوێنەرێکی سەرومڕ، وەک **ئەلقەزاز** باسی دەکات.[13] دەبێت ئەوەیش لە یاد نەکرێت کە لەو ڕۆژگارەدا کرێکارێکی عێراقی نابینین لە ڕووی ئابووریەوە ئەوەندەی کەڵەکە کردبێ، بووبێتە بۆرژوا. ئەم

دیاردەیەیش ئەوە دەگەیەنێ کە پەرەسەندنی سەرمایەداری لە وڵاتدا نەگەیشتبووە ئەو ڕادەیەی چینی بۆرژوازی نیشتیمانی پێویستی بە توێژێکی کاریگەری کرێکار ببێت و ئیمتیازی گەوریان بداتێ و بەهۆیانەوە شێوەی ژیان و شێوازی بیرکردنەوەیان بگۆڕێ و لە چینەکەی خۆیان هەڵیان بگێڕیتەوە.* تا درەنگانێکیش ئەم دیاردەیە لە کۆمپانیای نەوتدا و لە سنورێکی زۆر تەسکدا نەبێ، دەرنەکەوت، ئەمانەش ژمارەیەک لەو کرێکارە تەکنیکیە بە ئایین ناموسوڵمان بوون کە دوایی بوونە خاوەنی قەشەنگترین چیشتخانە و ئوتێل و کۆگای گەورەگەورە لە پایەختدا. بزووتنەوەی کرێکاریی عێراق لە سەردەمی ئینتیدابدا، هەندێ دەسکەوتی بۆ چینی کرێکاران وەدەستهێنا. لەبەر هەرچی بووبێ، بوونی ئەم چینەی چەسپاند و سەرنجی هەموو چین وتوێژە کۆمەڵایەتیەکانی تری بەلای خۆیدا ڕاکێشا و پێی سەلماندن کە هێزێکی نوێیە و توانای زۆر و سەنگی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەیە. دەوڵەتیش نەیتوانی ئەم چینە و بەرژەوەندییەکانی پشتگوێ بخات، کە لە ساڵی ١٩٣٢ بەدواوە خۆی بەسەر پرۆگرامی وەزارەتە لەدوای یەکەکانی وڵاتدا سەپاندبوو.[14] دوای کۆتاییهاتنی ئینتیدابیش چەند یاسایەک بۆ چارەسەر کردنی مەسەلە جیاجیاکانی کرێکاران دەرچوون. وەک یاسای قۆرغکردنی پیشە بۆ عێراقییەکان.[15] ژمارە٢١ی سالی ١٩٣٦ و یاسای کاری ژمارە ٧٢ ی ساڵی ١٩٣٦.

لە ساڵی ١٩٣٧یشدا عێراق ڕێکەوتننامەی کاری نێودەوڵەتیی ژمارە ١٨ ی ساڵی ١٩٢٥ قەبووڵ کرد، تاوەکو پارە بدرێ بەو کرێکارەی بەهۆی پیشەکەیانەوە تووشی نەخۆشی دەبن یاخود پەکیان دەکەوێ. دوای ساڵێکیش ڕێکەوتننامەی دەستکاری کراوی ژمارە ٥٨.ی ساڵی

١٨٣٦ ی مـۆرکرد کە پەیوەنـدی بە دیـاریکردنی تەمەنـی منـداڵانەوە هەبـوو لە پیشەسـازی کەشـتی دروسـتکردندا. بـێجگە لەمـانە دەوڵەت هەر لەو ماوەیەدا چەند بڕیارێکی تری لەو بابەتەی دەرکرد.

بەرامـــبەر بەم بڕیــارانە کە ســـەرەڕای کەموکـــوڕی و ناتەواوییـــان دەســـتکەوتێکی گرنـــگ و بەرهەمـــی خەبـــاتی کرێکـــاران بـــوون، دامودەزگـــای دەوڵەت هەوڵێکـــی زۆریانـــدا بەهـــۆی چەنـــد بریـــار و یاسـایەکی نادیموکراسـییانەوە، کۆسـپوتەگەرە بـخەنە بەردەم ڕەوتـی گەشـــەکردووی بـــزووتنەوەی کرێکـــاری و[16] تێکـــڕای بـــزووتنەوەی نیشتیمانییەوە.

ئەمەیـش ئەوە دەگەیەنـێ چینـی کرێکـاران خەریـکە بەخۆیـدا بـێ، بە شـــێوەیەکی وا تـــرس و لەرزی خســـتە نـــاو دەســـەڵاتدارانەوە. بەڵام گرنگترین دەستکەوت  کە چینی کرێکارانی عێراق لە ئەنجامی خەباتی ساڵانی پیش کۆتاییهاتنی  ئینتیداب بەدەستی هێنابێ ئەوە بوو، وانە و تـــاقیکردنەوەیەکی باشـــی لە ڕووداوەکـــانی  ئەو قۆنـــاغە وەرگـــرت. بەمەش یـــارمەتی کرێکـــارە هۆشـــیارەکانی دا، تـــاوەکو لە داهـــاتوودا گەشـــە بە شـــێوەی کـــارکردن و خەباتیـــان بـــدەن و ڕقـــی پیرۆزیـــان بەرامـــبەر بە ئیمپرپـــالیزم و نۆکەرەکـانی تیژتـــر بـکەن و تەنـــانەت لە مـاوەیەکی کەمـدا بـوونە داینەمـۆی بـزووتنەوەی ڕزگـاری خـوازانەی نیشتیمانی گەلی عێراق. ئەمە جگە لەوەی کە بزووتنەوەی  کرێکاران خۆی چەند هەنگاوێکی نوێی بۆپێشەوە ناو بە شێوەیەکی تایبەتی لە ڕەوتی چونە پیشەوە و گەشەکردنیدا ڕەنگیاندایەوە.

# پاشکۆکان

**پاشکۆی ژمارە یەک** *

## چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی چینی کرێکاری کورد

بە دەگمەن نووسەرانی خۆمان و بێگانە بیریان لە کرێکاری کورد کردۆتەوە. دوورنەڕۆین لە هیچ کامێک لە بەرهەمەکانی *مامۆستا ئەمین زەکیی* مێژوونووسی گەورەدا زۆر و کەم ناوی کرێکاری کورد نەهاتووە. بێگومان ئەمیش کەلێنێکی ترە لەو دەیان کەلێنانەی لە مێژووی نوسراوماندا هەن، بەڵام کەلێنێکی گەورە وابزانم لە ڕاستیی دوور ناکەومەوە گەر بڵێم ئەدەبی کوردیش، بەداخەوە، لەو کەلێنە بێ بەش نییە. کرێکاری کوردیش وەک ڕووناکبیر و جوتیار و هەموو خەڵکێکی تر خاوەن دڵ و هەستە، دڵی وەک هەموو کرێکارێکی تر ساف و هەستی وەک ئەوان بەرزە، ئەویش لە هەمووان زیاتر ئارەق دەڕێژێ و لە هەمووان هیلاکتر و بێ کات ترە بۆیە کەمتر باسی خەڵک دەکات و زیاتر لە هیلاکی و دەرد و ئازار و نەبوونی و بێ مافی دەگات و حەز بە یاریدەی هەموو لێقەوماوێک دەکات، تاڵ لای ئەو تاڵتر و شیرین لای ئەو شیرینترە، لەزەت لە هەموو خۆراکێک دەبینێ. وەک هەمووان و ڕەنگە زیاتریش، ***حەز بە چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و گۆنای پڕ خاڵ بکات***. کاتی هەبووایە ئەویش چاوبازدەبوو!. ژمارەیان زۆر و کێشەیان زۆرتر، بۆیە ژیانیان پڕ لەچیرۆکی بێ

---

* دکتۆر ک.م ئەم وتارەی پێشتر لە ژمارە ٧٢ ی شوباتی ساڵی ١٩٧٩ گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ"دا بڵاوکردوەتەوە. جا لەبەر ئەوەی خۆی لە خۆیدا بەشێکی لە پچڕان نەهاتووی ئەم کتێبەیە هەردوولا وامان بە چاک زانی لێرەدا بڵاوی بکەینەوە و ژمارە یەک پاشکۆی بدەینێ. وەرگێڕ

هاوتا و داستانی دانسقە و تابلۆی ڕەنگینە... حەیفێ دەستی ئەدیبی کوردی دڵ پەڕەی گوڵ کە تاڵاوی زوخاوی ژیان زاخاوی مێشک و قەڵەمی داوە، زۆر نەگاتە گەوهەر و ئەڵماسی ئەو خەزنە دەوڵەمەندە!.

لەم وتاردا هەوڵ دەدەین بە کورتی چەند ڕوویەکی سەرەتای دروستبوون و هاتنە کایەی چینی کرێکاری کورد بخەینە بەرچاو کە دورنییە سەرنجی خوێنەر ڕاکێشن.

لە سەردەمی هەرە کۆنی شارستانییەتی مرۆڤەوە کارگەر و کرێگرتە هەیە بەڵام هیچ کات و لە هیچ شوین ئەو کرێکارە پەرشوبڵاوانە نەبوونەتە هێزی بنچینەی هێنانە بەرهەم لەناو کۆمەڵدا تا پەیدابوونی سەرمایەداری. دوو چینی نوێ دێنەکایەوە[بۆرژوای و کرێکار] لەبەر ئەوەش کە پەیوەندی سەرمایەداری لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بەر لە شوێنی تر دروست بوو هەر لەوێش دەوروبەری سەدەی چواردە و پازدە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئادەمیزاددا وەک هێزێکی دیاری کۆمەڵ هاتە ناوەوە.[17]

لە زۆربەی وڵاتانی تر، تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، پەیدابوونی چینی کرێکار زۆر لەوە دواکەوت. جۆر و هۆی دروستبوونەکەش گەلێک لەگەڵ ئەو جیاوازە، لە ئەوروپا ئاڵوگۆڕەکانی ناوکۆمەڵ چینی کرێکاریان دروست کرد، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئەو ئاڵوگۆڕانە بەهۆی تێکەڵ بوون بە بازاڕی سەرمایەدارییەوە کەمتر ڕۆڵیان بینی. لە سەدەی نۆزدەوە لێشاوی تێکەڵبوونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست و بازاڕی سەرمایەداری جیهان دەستیپێکرد، ئەمە و گەیشتنی ژمارەیەک

دەسکەوتی پیشەسازی نوێی ئەوروپا بوونە هۆی دارشتنی بەردی بناغەی دروستبوونی چینی کرێکار لە زۆربەی ولاتانی ئەم ناوچەیە.
لە کوردوستان ئەم دیاردەیە لەبەر دوو هۆی گرنگ تا رادەیەک لەو ولاتـانە دواکەوت، یەکەمیـان هێـزی زۆری پەیوەنـدی دەرەبەگـی و پاشماوەی ژیانی کۆچەری و نیمچە کۆچەری ناو کۆمەلی کورد بوو ئەوی تریـان نەبـوونی دەربەنـدێکی سـەربەخۆبوو کە کەلـوپەلی کوردوستان و بەرهەمی هێنراوی پیشەسازی ئەوروپای تێداکۆبێتەوە و پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کرێکار و چەند کۆمپانیایەک هەبێ.
بەلام بەرامبەر بەوە مەرجی تری پێویست بۆ دروستبوونی ئەم چینە تـازەیە لە ئـارادا بـوون. **یەکەمیـان:** دەولەمەنـدی کوردسـتانە کە بەرهەمـی کشـتوکال و ئـاژەلی لە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەوە گەیشـتە چەنـد بـازارێکی گرنگـی ئەوروپـا. کەلـوپەلی دروسـتکراوی ئەوێش بەخێرایـی گەیشـتە لاکەوتەتـرین شـار و گونـدی لای خۆیـان. تەنانەت بەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ئینگلیزەکان کۆمپانیـای تایبەتییـان لە شـاری وەک دیـاربەکر دامەزرانـد، هەر لە خۆشـیەوەنیە **گ. نـاپییر** پـێش پەنجـا سـال شـاری کرمانشـای ناونـاوە بەنـدەری کەلوپەلی ئینگلیزی و هیندی.[18]
**دووەمیـان:** پەرەسـەندنی شـارە کوردەکـان و بەهێزبـوونی پەیوەنـدی بازرگانیـان لەگەل شـارانی تـر و پیشـکەوتنی پیشەسـازی خۆمالییـانە. لەم رووانەوە بـۆ مـاوەیەکی زۆر کوردسـتان شـان بەشـانی مەلبەنـدەکانی تـری رۆژهەلاتـی نزیـک و ناوەراسـت هەنگـاوی بەرەوپێش چـوونی دەنـا، لە رێگەی ژمـارە و بەراوردەوە بە دلنیـایی دەتوانین بلێین سەدەکانی ناوەند، شـارە کوردەکان لە گەلێک رووەوە وەک شـارەکانی تـری رۆژهەلات پەرەی سـەند و قەوارەی خـۆی

وەرگـرت. گەڕیـدەی تـورکی نـاودار و سـەرچاوەی ڕەسـەن "**ئۆلیـا چەلەبی**"١٦١١-١٦٧٩ کە ناوەندی سـەدەی حەڤدە هـاتۆتە کوردسـتان لە بەرگــی چــوارەمی گەشــتنامەکەیدا[19] باســی گەورەی ژمــارەیەک شاری وەک دیاربەکر و بەدلیسی کردووە. ئەو بازاڕ و قەیسەرییانەی دیـاربەکر کە ئەو باسـیان دەکـات ئەوسـا لە زۆر نـاوچەی ڕۆژهەڵات کەم وێـنە بـوون. هەر بەپێـی قسـەی ئەو، دیـاربەکر ١٢ گەرمـاوی "**حەمام**" گشـتی تێدا بووە و ١٤٠ مـاڵیش گەرمـاوی خۆیـان هەبووە. بەدلــیس ٥ گەرمــاوی گشــتی و ٦٠٠ ی تــایبەتی تێــدا بــووە. ئەم ژمارەیەی دواییان بەڵگەی پڕمانای دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانییە.[20] دوایی **ئۆلیا چەلەبی** بە نزیکەی١٥٠ ساڵێک نوێنەری ناوداری ئینگلیز لە عێــراق **کلۆدێــوس جــێمس ریــچ** باســی چەنــد شــارێکی تــری کوردسـتانی کردووە. قسـەکانی ئەویـش بەڵگەی مێژووین دەربـارەی ئـاڵوگۆڕ و بەرەوپێشـچوونی شـارە کوردەکـان. "**سنە**"ـی بە ٥ هەزار مـاڵ هەژمـار کـردوە، کە هەرجـۆر لێکـی بـدەیتەوە لە ٢٠ هەزار کەس تێدەپەڕێ. مانـای ژمـارەیەکی وا زیـاتر خـۆ دەنـوێنێ گەربــێ وبزانین ژمارەی دانیشتووانی شاری **قودس** سـاڵی ١٨١٤ نزیکەی ١٢ هەزار و **بەغـداد** ســاڵی ١٨٣١ نــزیکەی ٢٠ هەزار و **عەممــان** ی پــایتەختی ئوردونیش ساڵی ١٨٨٠ تەنها هەزار کەس بووە.[21] پەیوەندی بازرگانی نێوان شارەکانی کوردستان خـۆی و ئەو مەڵبەندد و ناوچانەی لێوەی نزیـک بـوون بە پێـودانی قۆنـاغی دەرەبەگـی خـراپ نەبـوو. بەپێـی سەرچاوە کۆنەکان تاوەکو سەدەی نۆزدەیش **ئەستەمبوڵ** و **دیمەشق** و **حەڵەب** و **بەیــروت** تــاڕادەیەکی زۆر بە مەڕ وبزنــی کوردســتان بەڕێوە دەچوون. تەنها شـاری ئەسـتەمبوڵ، هەر سـاڵی یەک ملیۆن و نیــو ســەرمەڕی لەوێــوە بــۆ دەهــات. ئەو ســوپا گەورەیەی بە

سەرکردایەتی **ئیبراهیم کوڕی محەمەد عەلی** گەورەی فەرمانڕەوای میسر، ساڵی ١٨٣٢-١٨٣٣و ١٨٣٩ هێرشی بردە سەر سوریا، بە مەڕ و مالاتی کوردەوارییی دەژیا.[22] بەر لەوەی سەدەی ڕابردوو کۆتایی بێ تەنها ئەستەمبول و حەلەب و بەغداد هەر ساڵەی ٣ ملیۆن مەڕی کوردستانیان بۆ دەهات. **بەذدەری سامسۆن** -یش بەتەنها ٢٠ ملیۆن هێلکەی لەوێوە دەهێنا.[23] دروستکردنی پردی **قلیاسان** *-یش* لەلایەن دەوڵەمەندیکی سلێمانیەوە تەنها کاری خێرخوازی نەبوو، ئەگینا دەبوو بەر لە **قلیاسان** لە **تانجەرۆ ئەو پردەی** دروست بکردایە، چونکە ئەمیان ئاوی زۆرتر و کاتی لافاو مەترسیدارترە. بە هەمان دەستوور و پیشەسازی خۆماڵی کوردستان بەر لە تێکەڵبوون بە بازاڕی سەرمایەداری جیهان هەنگاوی باشی بەرەوپێش ناو هیچی لە پیشسازی ولاتانی دەوروبەری کەمتر نەبوو. جلوبەرگی نەتەوەیی و ژمارەیەک نەریتی تایبەتی هەوێنی باشی ئەو بەرەوپێشچوونە بوون. دیسان *لە "* **بەرگی چوارەمی گەشتنامەکەی ئۆڵیا چەلەبی**" گەلێک بەڵگەی پڕ بایەخ و مانا لەم بارەوە چنگ دەکەون. بەقسەی ئەو لە هەموو جیهان وێنەی زەڕەنگەری دیاربەکر کەم بووە. وەک دەلالی، کاری جۆلا و بەرگدروو و **دەباخانەکانی بدلیس** دەنگی دابووەوە، بەڕادەیەک چەرمی ئەوی بە دیاری دەبرایە ولاتانی فەرەنگ.

دوای نزیکەی دوو سەدە، واتە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، **تایلەر**-ی گەڕیدەی ئەوروپایی لەو کتێبەیدا کە بەناوی *گەشتێک بە کوردستاندا* بڵاوی کردۆتەوە، باسی کوتاڵی ئاوریشمی دیاربەکر دەکات و بۆ چاکی لەگەل ئاوریشمی بەناوبانگی حەلەب بەراوردی دەکا و دەڵێت، ئەویان هەرزانتر دەفرۆشرێ بۆیە لە هەموو ئەو ناوچانەی کەوتوەتە نێوان دیاربەکر و دەریای ڕەش بازاڕی گەرمە.[24] ناونانی گەڕەکێکی

شاری سلێمانی بە سابوونکەران شتێکی مانادارە بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە باسی لێوە دەکەین. بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان بە ماوەیەک دەیان خێزانی ئەم گەڕەکە بە دروستکردنی سابوونەوە خەریک بوون[25] و ساڵی بەلای کەمەوە ٥٠٠ تەنیان ئەناردە بازاڕەکانی شار و دەوروبەری و چەند مەڵبەندێکی تر و تەنانەت لێشی دەگەیشتە شارەکانی وەک بەغداد و تەورێز.[26]

لە کوردستانیش بە چەشنی ناوچەکانی تری ڕۆژهەلاتی نزیک و ناوەڕاست تێکەڵبوونی خێرا لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە بە بازاڕی سەرمایەداری جیهان کاری کوشندەی کردە سەرپیشەسازی خۆماڵی کە تاکە تاکە خەریک بوو هەنگاو بەرەو قۆناغی مانیفاکتۆرە[27] بنێ. بنەماڵەی **موتابچی** لە سلێمانی جەواڵیان دروست دەکرد، نیمچە مانیفاکتۆرەیەک بوو بۆخۆی. کرێکاری کرێگرتە کاری تێدا دەکرد، ئامرازی تاڕادەیەک پێشکەوتویان بەکار دەهێنا، دابەشکردنی کار (تقسیم العمل)[28] تێیدا سیمای ڕونی خۆی وەرگرتبوو.[29] جۆری دروستکردنی تۆپەکانی **وەستا ڕەجەبیش** لە ڕەواندوز نموونەیەکی ئەو ڕاستیەیە بە شۆرەتی تۆپەکانی کە بۆ میری ڕەواندوزی دروست دەکرد دەنگیدابووەوە[30] زۆری ئەو ٨٠ تۆپەش کە والی مووسل هەیبوو لە دەستکردی کرێکارانی ڕواندوزبوون. شایانی باسە ئەو میتاڵەی بۆ دروستکردنی تۆپەکان بەکاردەهێنران لە دەوروپشتی ڕەواندوز بە کاری کرێگرتە دەردەهێنران. لە مەیدانی دروستکردنی **بەڕە و جاجم و چۆخە** ـیشدا خەریک بوو وردە ئاڵوگۆڕ دەست پێ بکات. بەلام تەنانەت ئەم جۆرە پیشەسازییانەیش نەیانتوانی خۆیان لەبەر لێشاوی کەلوپەلی هەرزان و چاکتری کارگەکانی ئەوروپادا ڕابگرن، بۆیە کە یەک لەدوای یەک

دامودەزگایان پێچایەوە. **کارتسۆف** ساڵی ١٨٩٦ نووسیویەتی دەڵێت: .. جاران چۆخەی کورد بەناوبانگ بوو، بەڵام ئێستا کوتاڵی ئینگلیز تەنگی پێ هەڵچنیوە.[31] ئەو یەک دوو دوکانی فیشەک پڕکردنەوەیەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش خاوەنەکانیان لە سلێمانی بە کولەمەرگی دەژیان، پاشماوەی ١٥٠ دوکانی لەخۆیان گەورە تر بوون کە بەر لە شەڕ **مارک سایکس** لەوێ دیبوونی.[32] هەرچۆن بێ لەو جۆرە شوێنانەی بەکاری پیشەسازی خۆماڵییەوە خەریک بوون و هەنگاوی باشیان بەرەوپێش نابوو، یەکەم تویکڵی تەنکی چینی کرێکاری کورد بەدی دەکرێت. لە لایەکی ترەوە قەزایی ئەو پیشەسازییە لە چینی داهاتووی کرێکاری کورد کەوت. چەوساندنەوەی دەرەبەگیش لەلای خۆیەوە بە هەزاران جوتیاری هەژار و برسی ناردە بازاڕی کار لە شارەکان و ئەوانیش تایبەت لەبەر هەرزانییان، بوونە سەرچاوەی هەرە گرنگی دروستبوونی چینی نوێی کۆمەڵگە. ژمارەی ئەم جۆرە کەسانە کە لە هەندێک ناوچە هەژاریان پێ دەگوتن، جاری وا هەبوو پتر لە نیوەی دانیشتوانی مەڵبەندێکیان پێک دەهێنا. بەپێی هەندێک سەرچاوە ئەوانە لە ناوچەیەکی وەک شنۆی نزیک مەهاباد ٨٠% ی هێزی کاریان دروست دەکرد (١٠هەزار لە ١٢ هەزار کەس)[33] لە وێنەی ئەمە تەنها مەگەر لە ئینگلتەرای کۆتایی سەدەکانی ناوەند بووبێ؛ کاتێک بەهۆی قازانجی زۆری خوورییەوە، دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە زەوییەکانیان دەکردە لەوەڕگە و بەو جۆرە بە دەیان هەزار جوتیار بێ داڵدە و بێ پەنا دەمانەوە و ئاوارەی دارستان و دەشتودەر و شاران دەبوون و بە گژوگیا و پاشماوەی خەڵکی دەژیان و ئەمەیش هەستی **تۆماس مۆر**[34]ی بەناوبانگی وا دەبزواند یۆتۆپیا بنووسێت و

وتە بەناوبانگەکەی بکا ***خەریکە مەڕ پیاو بخوات***. لێرەدا سەیر ئەوەیە کە دەرد و ئازاری هەژارانی کوردیش هەستی شاعیری جووڵاندووە و باسی ئەوەی کردووە چۆن برسێتی لەکوردستان زۆری بۆ هەموان هێناوە و بەرەو فابریکەکانیان[35] دەنێرێ[36]. ژمارەی هەژاری شار و بەتایبەت لادیی کوردستان هێندە زۆر بوو، لەوانە نەبوو بازاڕی کەمدەرامەتی ناو وڵات دادی بەشێکی زۆر کەمیشی بدات. لە گەوڕکاری و حەماڵی بەولاوە کارێکی تری ئەوتۆ دەست نەدەکەوت. لەبەر ئەوە بەهەزاران هەژاری کورد ڕوویان دەکردە شاری گەورەی وەک ئەستەمبوڵ و بە هەموو کار و نرخێک ڕازیی دەبوون. بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان زۆرێکی لە ژمارە نەهاتوو لە حەماڵی ڕەشوڕوتی کورد بازاڕی ئەستەمبوڵ و بەغداد و شاری تریان تەنی بوو. هی وایان هەبوو لەتاو نەبوونی دەچوونە شاری بچووکی وەک حەلەبی شام و **بەیروتی** لوبنان و **ئەدەنەی** تورکیا یا ناوچەی وەک **ئاق چەم** و **قەرەباغی ئازەربایجان**. بەڵام توانای بازاڕی کاری ئەوجۆرە ناوچە و شارانەیش ئەوەندە نەبوو دادی ئەو خەڵکە زۆرە بدات کە دەبوونە بار، سەرباریی بێکاربوونی خۆیان.

بۆیەکا هەر زوو ژمارەیەکیان ناچار چاویان بڕییە وڵاتانی دەرەوە و خۆیان دایە دەست قەدەر و گەلێکیان دەریای ئەتڵەسییان بڕی و گەیشتنە خاکی ئەمریکا. زۆربەی ئەمانە خەڵکی دەرسیم بوون،[37] بوونی کانەکانی میتاڵ لە ناوچە کوردەوارییەکان و دەوروبەری هۆیەکی یاریدەدەری پەیدابوونی کاری کرێگرتە بوو لەوێ بەر لە شەری یەکەمی جیهان. ئەوسا بەشی زۆری کرێکارانی کانە خەڵوزەکانی **زەنگوڵدان** کورد بوون. کوردی جۆلەمێرگیش ئاسن و مس و زەرنیخیان دەردەهێنا و لەوێوە ناوی یەکێک لە ناوچەکانی

جـۆلەمێرگ بـۆتە **زەرنـیخ مەیـدان**. بەشـێک لەو زەرنـیخەی لێـرە دەردەهێنرا دەنێردرایە بازاڕی دەرەوە. بەپێی ژمارەیەک سـەرچاوە سـالّی ٣٠ هەزار تـۆنی لێـدەنێردرایە ئەسـتەمبوڵ و بەغـداد و هیندستان[38]هەر ئەوسـەردەمە ژمارەیەک کورد بووبوونە کرێکاری کانەخەڵوزەکانی نزیک **کفری** کە بەرهەمی ساڵانەی کاریان بەر لە شەری یەکەم و کاتی ئەو شەڕە هەزار تەن دەبوو.[39] ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان بوونە هۆی پەرەسەندنی ژمارەی کرێکاری کورد بە جۆرێکی هەستپێکراو. کوردستان بۆ خۆی بووە یەکێک لە شەرگە دیارەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و سوپای چوار وڵاتی تێ ڕژا. ئاگری شەڕ زۆربەی ئەو ناوچانەشی گرتەوە کە لێوەی نزیک بوون. وەک ئاشکراشە تەکنیک و خێرایی دەوری گەورەیان لەو شەڕەدا بینی، بۆیە لە هەرچوارلاوە دەست کرا بە کردنەوەی ڕێگاوبان و دامەزراندنی بنکەی سەربازی. بە هەزاران هەژاری کورد لەو شوینانە بوونە کرێکار. ئەم دیاردە نوێیە بە تەواوبوونی شەڕ کۆتایی نەهات. هەر بۆ نموونە ساڵی ١٩٢٥ پتر لە ٢٢٥٠ کورد کرێکاری شەمەندەفەربوون لە عێراق[40] بەپێی هەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو ناوەندی بیستەکان ئەو کرێکارانە ٢٣%ی هەموو کرێکارانی شەمەندەفەری عێراق بوون[41]زۆری ئەم ژمارەیە زیاتر لەوەدا خۆ دەنوێنێ ئەگەربێ و بزانین زۆربەی هەرەزۆری هێڵی شەمەندەفەری ئەوسای عێراق لە باشوور و ناوەندی وڵاتدا بوون، و جگە لە عەرەب و[42] کورد ژمارەیەکی زۆر هێندی ١١٢٤ و ئێرانی و ئەرمەن و ئاشوری و تورک و هی تر کرێکاری ئەم دەزگایە بوون. دیسان دوای شەڕی یەکەمی جیهان ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەژاری کورد بوونە کرێکاری نەوت و دامەزراندنی لولەکانی و

دروستکردنی ڕێگەوبان و خانوبەرە و شتی تر. کۆتایی بیستەکان لە هەمـوو عێـراق ٤,٢٥٠ کەس بە دروسـتکردنی ڕێگەوبـانەوە خەریـک بــوون[43] کە ژمــارەیەکی زۆریــان کرێکــاری ڕێــگەی نێــوان کەرکووک_ســـلێمانی، کەرکـــووک_هەولێر، موســــل_هەولێر و ڕەوانــدوز_ڕایات بــوون. ئینگلیــز بــایەخێکی زۆریــان دابــوو بەو ڕێـگەیەی دواییـان واتە **هەولێر_ڕەوانـدوز_ڕایات** چـونکە، جـگە لە بـایەخی سـتراتیژی دەیانویسـت بـیکەنە یەکێـک لە هۆکـانی زیـاتر بەستنەوەی بازاڕەکانی ڕۆژئاوای ئێران بە جیهانی سـەرمایەدارییەوە، تا چەند بتوانن ئەوەندە پەیوەندی ئابووری ئەو وڵاتە لەگەڵ **یەکێتی شوورەوی** کزبکەن[44] کرێکاری کورد یەکسەر دڵسۆزی و پەرۆشی لە کردار وتوانـای فێربوونی خێرایی نیشـاندا. گەلێک بەڵـگەی سـەیر بۆ ئەم ڕاستییە بەدەستەوەیە. وابزانم لە هەموویـان گرنگتر لەم لایەنەوە یەکگرتنەوەی نرخاندنی کاربەدەستانی ئینگلیز و ئەڵمانە لە کاتێکدا کە لەدوو خەنـدەقی جیـاوازدا بەرامـبەر بەیەک وەسـتابوون. ئەڵمانەکـان سـەرەرتای شـەڕی یەکەمـی جیهـان بەپەلە کەوتنە دروسـتکردنی ئەو بەشـانەی پـڕۆژەی نـاوداری هێڵـی شـەمەنەفەری بەغـداد کە هێشـتا تەواو نەبووبـوون. بەوجـۆرە خەتێکیـان لە نێوان بەغـداد و سـامەڕادا ڕاکێشــا کە کرێکــاری کــوردیش لە دروســتکردنیدا بەشــدار بــوون. نووسەری ئەڵمانی **داگۆ بێرت** لەم بارەیەوە نووسیویەتی و دەڵێت:

ئەنـدازیارە ئەڵمانەکـان لەنـاو کوردەکانـدا باشـترین و دڵسـۆزترین کرێکاریان دیبەوە.[45] **جەنەراڵ هاڵدینی** فەرماندەی هێزەکانی ئینگلیز لە عێراق و دەوروبەری هەمان کات بێ ئەوەی بزانێت **داگۆ بێرت** کێیە یـان ڕای ئەڵمـان چییە، بە هەمـان شـێوە باسـی کرێکـاری کـوردی کـردووە و ڕەزامەنـدی زۆری بەرامبەریـان نیشـان داوە[46] هەر لەبەر

ئەوەش هیچ سەیرنییە ڕۆژانەی کرێکاریی کورد لە هی تر زیاتر بوو. ئەوسا هەندێ دەزگا ڕۆژی نزیکەی ٢١ عانەی دەدا بە کرێکاریی کورد بەرامبەر بە ١٤ عانە لە هامان کاردا کە کرێکاریی وەک ئەو وەری دەگرت[47] لەوەیش مانادارتر ئەم نموونەیەی ترە: دەزگای شەمەندەفەری ئینگیلتەرە: دەزگای شەمەندەفەری ئینگلیز لە عێراق لە بیستەکاندا دوو جۆر کرێکاریی هەبوو، یەکەمیان ئەو کرێکارانە بوون کە بەکاری ئاساییەوە خەریک دەبوون، دووەمیشیان ئەوانە بوون کە کاریان لە دروستکردنی هێڵی تازەدا دەکرد. ساڵی ١٩٢٤- ١٩٢٥ لە ٢,٢٧٤ کرێکاریی شەمەندەفەری کورد تەنها ٧٢٩ یان لە جۆری دووەم بوون و ئەوانیتریان ١٥٤٥ کرێکار لە جۆری یەکەم بوون .[48]

دیارە ئەم ڕاستییە نەبووە هۆی ئەوەی تالاوی چەوساندەوەی کرێکاری کورد لە هی هاوڕێکانی کەمتر بێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە ژمارەیەک نموونەی ئەو سەردەمە وانیشاندەدەن کە هەندێک جار و لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی ئەو چەوساندنەوەیە توندتر بووە. لە گشت ناوچەکانی باکوری عێراق و ڕۆژانەی کرێکار لە ناوچەکانی تر کەمتر بوو. بەوێنە کرێکارانی کۆمپانیاکانی نەوت دەبوو حەفتەی ٥٤ سەعات کار بکەن و بەرامبەر بەوە ٧ تا ١٠ روپیەیان وەردەگرت، کەچی کرێکاری چنین لە بەغداد و کرێکاری بەندەری بەسرە و حەفتەی ٤٨ سەعات کاریان دەکرد و بەرامبەر بەوە هەریەکەیان ٣ تا ٦ ڕوپیە زیاتریان لەوان وەردەگرت،[49] باری کاروبار و ڕۆژانەی ئەو کرێکارە کوردانەی بە دروستکردنی خانوبەرە و ڕێگاوبانەوە خەریک بوون گەلێک لەوەش خراپتر بوو. ئەوانە زۆر جار مەلابانگان دەچوونە سەرکار و لەگەڵ بانگی شێواندا دەستیان لێ هەڵدەگرت، کە وەک ئینگلیزەکان خۆیان دانی پێدادەنێن کە ئەوپارەیە تەنانەت بەشی

نــان و جــگەرەی نەدەکــردن،[50] وێــڕای ئەوە کرێکــاری کــورد وەک کرێکـاری ناوچەکـانی تـر، مـاوەیەکی دووررودرێـژ نەیتـوانی خـۆی لە پەیوەندی و نەریتی دەرەبەگی دەرباز بکات زۆرجار ئەو کرێکارانە دەگەڕانەوە گوندەکانیان بۆ کاری کشتوکاڵ و یاریدەی خێزانەکانیـان. زۆربەیان بەشێکی داهاتی کرێکاری خۆیان هەروەک جاری جاران دەدا بە ئاغا و سەرۆک هۆزەکانیان. بەر لە کۆتایی، با ئەوەش بڵێین کە کرێکاری کورد لە سـەرەتای سـەرەتاوە بە گیانی برایەتـی گۆش بووە، چونکە هەمیشە چ لە خاکی خۆی و چ دوور لێیان شان بەشانی کرێکـاری تـر کـاری کـردووە و ئـازاری چەوسـاندنەوەی چەشـتووە. جــوانترین بەڵــگەی ئەم ڕاســتییە ڕەنگبــێ ئەو قســانەبن کە لەگەڵ تەواوبوونی ڕێگەکەی هەولێر_ڕەواندوز_ڕایات لەسـەر تاشـەبەردێک نووســیویانە : ئــێمە کە هەزاران کەســین و بە عەرەب و ئەرمەنــی و ئینگلیـزی و هینـدی و کـورد و ڕوسـی و تـورکی قسـە دەکەیـن، ئەم ڕێگەیەمـان بـۆ خزمەتـی هەمـوو گەڕیـدەیەکی بێـوەی دروسـتکرد.[51] لیستەی ناوی ئەم زمانانە لە دەزگای شەمەندەفەری عێراق دەگاتە ١٦ نـاو. جـگە لەوانەی سـەرەوە ئەم ناوانەشـی دەچـنە سـەر: سـریانی و میسری و فارسی و تونسی و[52] ئیتاڵی و یۆنانی و هەنگاری.

**لە گاورباغیش هـاوینی سـاڵی ١٩٤٦ دەنگی زوڵاڵ و خـوێنی گەشـی کرێکــاری کــورد تــێکەڵ لەگەڵ، دەنــگ و خــوێنی پیــرۆزی بــرا کرێکارەکانی ئاوازێکی بەجۆش و لاپەڕەیەکی پڕشانازی دروستکرد.!**

## پاشکۆی ژمارە دوو

### پەیڕەوەی ناوخۆی "کۆمەڵەی پیشەوەران"

بەشی یەکەم

ئامانجەکانی کۆمەڵەی پیشەوەران

**بڕگەی یەکەم**: **کۆمەڵەی پیشەوەران** توخنی سیاسەت و ئایین ناکەوێ تاقە مەبەستی ئەوەیە،خاوەن پیشەسازییەکان لە ڕووی ڕەوشت و پیشە و زانیاری و کۆمەڵایەتییەوە پەروەردە بکات و بیروباوەڕی باش و سوودبەخش لەناو ئەندامانیدا بڵاو بکاتەوە.

**بڕگەی دووەم:** کۆمەڵە هەوڵ دەدا پیشەسازی لە عێراقدا پێش بخات وئەوانەیش کە لێهاتوون لەسەر ئەرکی خۆیان بیان نێرێتە دەرەوەی وڵات تاوەکو لە بواری پیشەسازییەکدا ببێتە پسپۆڕ.

**بڕگەی سییەم:** کۆمەڵە هەوڵ دەدا پزیشکێک یان چەند پزیشکێک تەرخان بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەندامانی کۆمەڵ و خێزانیان بە کرێی کەم، یان بە مانگانە بە مەرجێک کۆمەڵە لە بودجەی خۆی بیدا.

**بڕگەی چوارەم** : کۆمەڵە داوا لە هەندێ پزیشک و پسپۆڕی پیشەسازی دەکا، وتاری گشتی بنووسن لە کۆڕی تایبەتیدا بۆ ئەندامانی کۆمەڵەی بخوێننەوە، تاوەکو سوودیان لێ وەربگیرێ.

**بڕگەی پێنجەم** : کۆمەڵە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ١ تەمووزدا کە ڕۆژی دامەزراندنیەتی ئاهەنگ دەگێڕێ.

**بڕگەی شەشەم:** کۆمەڵە لە هەموو بۆنەیەکدا، هەستی خۆی بەرامبەر بە کۆمەڵە ناسیاسییەکان دەردەبڕێ و پشتگیری پەیوەندی دۆستایەتییان دەکات.

## بەشی دووەم

## مەرجەکانی بە ئەندام بوون

**بڕگەی حەوتەم**: هەر عێراقییەک ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت، دەکرێ ببێتە ئەندامی کۆمەڵە:

ئا- دەبێت تەمەنی لە بیست ساڵ کەمتر نەبێ.
ب-دەبێت ڕەوشتی باش و پەسەند کراوبێ.
ج-دەبێت لە مافی مەدەنی بێبەش نەکرابێ.
ء-دەبێت بەلای کەمەوە دوو ئەندام بیناسن و پەسەندی بکەن.

**بڕگەی هەشتەم**: ئەو کەسەی داوای بوون بە ئەندام دەکات، دەبێ نووسراوێک پێشکەش دەستەی بەڕێوەبەر بکات و دەستەی ناوبراویش بەپێی بڕگەی حەوتەمی ئەم پەیڕەوە لە داواکەی دەکۆڵێتەوە.
ا-ئەو کەسەی داوا پێشکەش دەکات، دەبێ بە ڕوپیەیەک یان دوو ڕوپیە فەرمی بوون بە ئەندابوونی بدا.
ب-ئەو کەسەی داوای بە ئەندامبوون دەکات دەبێ بەپێی توانا ئابوونەی مانگانە بە کۆمەڵ بدا.
ج- ئەو کەسانەی هەژار و نەدارن، ئابوونەیان لێ وەرناگیرێ.

**بڕگەی نۆیەم**: هەر ئەندامێک یەکێک لەم شتانەی خوارەوەی لێ ڕوویدا، لە کۆمەڵە دەردەکرێت:
ئا- ئەگەر یەکێک لەو مەرجانەی تێدا نەما کە لە بڕگەی حەوتەمی ئەم پەیڕەوەدا نووسراون.
ب-ئەگەر سێ مانگ لەسەر یەک ئابوونەی مانگانەی نەدا.

ج-ئەگەر داوای وازهێنانی کرد و دەستەی بەڕێوەبەر بە داواکەی قایل بوو.
ء- ئەگەر کارێکی کرد کۆمەڵە تووشی لێ پرسینەوە ببێ.

## بەشی سێیەم

## دەستەی گشتی

**بڕگەی دەیەم**: دەستەی گشتی بریتییە لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵە کە بڕگەی حەوتەمی ئەم پەیڕەوە دەیانگرێتەوە: بەڵام نابێت ئەو ئەندامە کە ئابوونەی نەداوە و چوار مانگ بەسەر بوون بە ئەندامبوونیدا تێ نەپەڕیوە، بۆ دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرێ.

**بڕگەی یازدەیەم**: دەسەی گشتی لە یەکەم کۆبونەوەیدا، دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە هەڵدەبژێرێ کە بریتییە لە حەوت ئەندام و ماوەی ساڵێکی تەواو چالاکیەکانی کۆمەڵە بەڕێوە دەبا.

**بڕگەی دوازدەیەم**: دەستەی بەڕێوەبەر کات وشوێنی هەڵبژاردن دیاری دەکات. لە کاتی دیاریکراودا سەرژمێری ئامادەبووان دەکرێت و گەر یەک کەس لە نیوەی هەموو ئەندامان زیاتر بوو، بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی هەڵبژاردنەکە دەکات و یەکێکیش ئەرکی نووسینەوەی پێ دەسپێردرێ و پاشان دەست بە هەڵبژاردن دەکرێت. جا ئەگەر ژمارەی ئامادەبووان لەوە کەمتر بوو، ئەوا هەڵبژاردن بۆ ماوەی دووهەفتە دوا دەخرێت و بەلای کەمەوە بەر لە هەفتەیەک لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا ئاگاداری ئەندامان دەکرێ. ئەم جارەیان ژمارەی ئامادەبووان هەرچەندێک بێ، دەست بە هەڵبژاردن دەکرێت و دەبێ هەموو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری پێشوو، یان هەندێکیان جارێکی تریش خۆیان هەڵبژێرنەوە.

## بەشی چوارەم

## ئەرکەکانی دەستەی بەڕێوەبەر

**بـرگەی سـیازدەیەم:** دەسـتەی بەرێـوەبەر لە یەکەم کۆبوونەوەیـدا، سـەرۆک و جێگـری سـەرۆک و سـکرتێر و ئەمینـداری سـندوق و چاودێریکەری گشتی هەڵبژێرێ.

**برگەی چواردەیەم:** سەرۆک، سەرۆکایەتی ئەو کۆبونەوانە دەکات کە دەسـتەی بەڕێـوەبەر لە ڕۆژانـی دیـاریکراودا سـازیان دەکـات و لەسەریەتی چی بڕیاری دەستەی بەڕێوبەر هەیە جێبەجێیان بکات و هەر ئەویـش لەبەردەم میـری و لە ئـاهەنگە ڕەسـمییەکاندا نـوێنەری کۆمەڵەیە.

**برگەی پازدەیەم:** جێگری سەرۆک ***ئەو کاتانەی سەرۆک ئامادە نییە*** سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەر دەکات و لەو دۆخەدا هەموو ئەو دەسەڵاتانەی هەیە کە بە سەرۆک دراوە.

**بـرگەی شـازدەیەم:** سکرتێر کاروبـاری نووسـینەوەی لە ئەسـتۆیە و دەبیت تۆمـاری تـایبەتی بـۆ هەمـوو ئەو بابەتـانە تەرخـان بکـات کە پیویسـتیان بە تۆمـارکردن هەیە. هەروەهـا دەبێـت تۆمـارێکیش بـۆ بڕیارەکـانی دەسـتەی بەڕێـوەبەر ئامـادە بکـات و سەرپەرشـتی کاروباری ئەندامەکانیشی بکا.

**بـرگەی حەڤـدەیەم:** ئەمینداری سندوق: ڕاستەوخۆ لە دارایی کۆمەڵە بەرپرسـیارە و دەبێ سـەرپاکی ئەو تۆمـار و نامـانەی پەیوەندییان بە کاروبـاری دارایـیەوە هەیە بیانپـارێزی و ئەژمـاری مانگـانەی کـۆمەڵە ڕێـک بخـات و پێشـکەش بە سـەرۆکی بکـات. نـابێ لە مانگێکـدا بـۆ کاروبـاری زۆر پێویسـت و ناچـاری نەبێ لە ١٠ ڕوپـیە زیـاتر خەرج

بکات و دەبێ لە بری هەر چەردە پارەیەک کە خەرجی دەکات پسولەی تایبەتی بخاتەڕوو.

**بڕگەی هەژدەیەم:** پێویستە هەموو سەری مانگێک لیستەیەک پیشکەش دەستەی بەڕێوبەر بکات تێیدا ناوی ئەو ئەندامانە بنووسێ کە ئابوونەیان داوە و نەداوە.

**بڕگەی نۆزدەیەم:** دەبێ کەفالەتێکی دارایی بەو نرخەی دەستەی بەڕێوبەر دەستنیشانی دەکات بداتە کۆمەڵە و نابێت لە ٢٠٠ ڕوپیە زیاتریش لە سندوقی کۆمەڵەدا هەبێ.

**بڕگەی بیستەیەم:** چاودێری گشتی : ئەو کەسەیە چاودێریی ژمێریاریی گشتیی و داهات و خەرجی کۆمەڵ دەکات و نابێ بەبێ ئاگاداری ئەو درهەمێک خەرج بکرێ. دەبێت هەموو سەری مانگێک بە هاوکاری ئەمینداری سندوق ڕاپۆرتێک پێشکەش بکات و تێیدا داهات و خەرجی کۆمەلە بنووسێ و بیداتە دەستەی بەڕێوەبەر. هەرپازدە ڕۆژ جارێکیش ڕاپۆرتێک بداتە سەرۆک و چی تێبینی هەیە لەسەر کۆمەڵە تۆماری بکات.

## بەشی پێنجەم

### کۆبوونەوە

**بڕگەی بیست و یەک:** هەموو هەفتەیەک دەستەی بەڕێوەبەر بەلای کەمەوە دوو جار کۆدەبێتەوە، یاخود لەسەر داوای سەرۆک لە کاتی پێویستیدا.

**بڕگەی بیست و دوو:** هەر ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەر سێ کۆبوونەوەی لەسەریەک بەبێ ئەوەی هۆیەکی بەجێی هەبێ: یان لە ماوەی مانگێکدا و لە پینج کۆبوونەوەی ناوبەناودا، ئامادە نەبوو بە

وازهێنەر دادەنرێ و ئەو ئەندامەی لە هەلبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەردا دەنگی لەو کەمتری وەرگرتووە، جێگای دەگرێتەوە.
**بڕگەی بیست و سێ:** ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر وازیهێنا، ئەو کەسە شوێنی دەگرێتەوە کە لەلای دەستەی گشتییەوەیە زۆرترین دەنگی وەرگرتووە. گەر هات و لە دەنگیشدا وەک یەک بوون، دەستەی بەڕێوەبەر مافی ئەوەی هەیە کامیان بە سوودبەخشتر دەزانێ بۆ کۆمەڵە، ئەوەیان هەڵدەبژێرێ.

## بەشی شەشەم

## لیژنەکان

**بڕگەی بیست و چوار:** لەناو ئەندامانی هەر پیشەیەکدا لیژنەیەکی پێنج کەسی پێک دەهێنرێ ئەوانیش لەناو خۆیاندا سەرۆکێک هەڵدەبژێرن.
**بڕگەی بیست و پێنج:** چالاکی: هەریەکە لەو لیژنانە ئەوەیە هانی هاوپیشەکانی خۆیان بدەن و هەموو مانگێکیش ڕاپۆرتێک دەربارەی کاروبارەکانیان پێشکەش بە دەستەی بەڕێوەبەر بکەن. **بڕگەی بیست و شەش:** هەر لیژنەیەک ویستی کاری گرنگ جێبەجێ بکات، دەبێ پیش هەموو شتێک دەستەی بەڕێوەبەر قایل بکات.

## بەشی حەوتەم

## پێشەنگاکان

**مادەی بیست و حەوت:** ئا: کۆمەڵە هەموو ساڵێک دوو پێشەنگا دەکاتەوە وپێش چوارمانگ لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا کات و شوێنی دیاری دەکات.

ب: کۆمەڵە پاداشتێک بۆ یەکەمی هەر پیشەیەک تەرخان دەکات بەمەرجێک ئەو پاداشتە لە ١٠ **جنیە**. زیاتر و لە پێنج کەمتر نەبێ. ناوی دووەم و سێیەمیش لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکاتەوە.

**بڕگەی بیست و هەشت**: دەستەیەکی پێنج ئەندامی پێک دەهێنرێ بۆ پشکنینی ئەو بابەتانەی پێشکەش بە پێشەنگاکە کراون، بەمەرجێک سێ کەسیان لە شارەزایانی ئەو پیشەیە بن و دوانەکەی تریان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بن.

**بڕگەی بیست و نۆ**: هەر کەس بەشداری یەکێک لەو پێشانگایانەی کرد کە کۆمەڵە سازی دەکات، دەبێ پێنج ڕوپیە ڕەسمی بەشداربوون بدات و بەلای کەمەوە پیش دوو مانگ داوا لە دەستەی بەڕێوەبەر بکا.

**بڕگەی سی**: ئەو بابەتانەی لە پیشەنگادا دادەنرێن پاش کۆتای هاتنی پێشەنگا ئەدرێنەوە بە خاوەنەکەیان ئەوانیش بۆیان هەیە بیبەخشن یاخود بیفرۆشن.

## بەشی هەشتەم

### ئەرکی ئەندامان

**مادەی سی و یەک**: هەر ئەندامێک سەرپیچی لە بڕیارەکانی دەستەی بەڕێوەبەر کرد، یاخود لە سنووری پەیڕەو و پڕۆگرامی کۆمەڵە چووە دەرەوە، یەکێک لەو سزایانەی بەسەردا دەسەپێنرێ کە لە خانەی سزاکاندا دیاری کراون.

**بڕگەی سی و دوو**: قومارکردن و خواردنەوە لەناو بارەگای کۆمەڵەدا، یان هاتوچۆ کردنی بۆ کۆمەلە بە سەرخۆشی، بەتەواویی قەدەغەیە.

**سزاکان:**

**بـڕگەی ســی و ســێ**: ئەو سـزایانەی کە پـاش لێکـۆڵینەوە بەســەر ئەنداماندا دەسەپێنرێن ئەمانەن:

ا: ئاگادار کردن.

ب: دوور خستنەوەی کاتیی.

ج: دەرکردنی یەکجاری.

## بەشی نۆیەم

## چەند بڕگەیەکی گشتی

**بڕگەی سی وچوار**: هیچ کەس بۆی نییە بەبێ ئاگادار کردنی دەستەی بەڕێوەبەر و کات دیاریکردن وتار و باس لەناو بارەگای کۆمەڵەدا بخـوێنێتەوە. دەبـێ دەسـتەی بەڕێـوەبەریش بە بـوون ونەبـوون ڕای خـۆی دەربـڕێ و ئاگـاداری خـاوەن وتـار بکـاتەوە. گەر وتـاری یـان باســەکە نووســراو بـوو، پێویســتە وێنەیەکـی بـداتە کـۆمەڵە و لای بمێنێتەوە.

**بڕگەی سی و پێنج**: ئەگەر لە سێ بەش دوو بەشی ئەندامانی کۆمەڵە قایل بوون، دەستەی بەڕێوەبەر بۆی هەیە چەند بڕگەیەکی نوێ بخاتە سەر پەیڕەوی کۆمەڵە، یاخود هەندێکیان بگۆڕێ.

**بڕگەی سی و شەش**: دەستەی بەڕێوەبەر مـافی ئەوەی هەیە هەرچـی نـاکۆکییەک بکەوێـتە نێـوان ئەنـدامەکانیەوە چ لەنـاو کـۆمەڵە و چ لە دەرەوەیدا، بەپێی دەسەڵاتی خۆی چارەسەریان بکات.

**بڕگەی سی و حەوت**: کۆمەڵە هەوڵ دەدا کار بۆ ئەندامە بێکارەکان بدۆزێتەوە.

**بڕگەی سی وهەشت**: ئەنجومەنێک لە دەستەی بەڕێوەبەر و سەرۆک لیژنەکان پێک دەهێنرێت، تاوەکو تەماشای ئەو کاروبارە گرنگانە بکات کە پەیوەندییان بە چارەنووسی کۆمەڵەوە هەیە.
**بڕگەی سی و نۆ**: کۆمەڵە بۆی هەیە لە سەرانسەری عێراقدا لقی خۆی دابمەزرێنێ، بە مەرجێک ئەو لقانە لە هەموو ڕوویەکەوە بە مەڵبەندی گشتییەوە پەیوەست بن.

## پاشکۆی ژمارە سێ

ڕاپۆرتەکەی نوینەری دلیم **دکتۆر فایەق شاکر** کە لە کۆبونەوەی ئاسایی پانزەهەمی ساڵی ١٩٣٠ دا کەڕێکەوتی ١١ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ دەکات، پێشکەش بە پەرلەمانی کرد. ..
لەبەر ئەوەی چەند ساڵێکە خەریکی چارەسەرکردنی کرێکارانی عێراقم و بە چاوی خۆم دەیبینم، نەبوونی یاسایەکی تایبەتی بۆ پاراستنی مافەکانیان بۆتە هۆی چەوساندنەوە و ستەم لێکردنیان: لەبەر ئەوە بەپێی بڕگەی سی ونۆی پەیڕەوی ناوخۆ ئەم پێشنیارە پێشکەش بە حوکمەت دەکەم و داواکارم لایەحەیەکی یاسایی دابنرێ ئەم خاڵە بنچینەییانەی خوارەوەی تێدا ڕەچاو بکرێت.
**یەکەم**: دیاری کردنی بڕگەی کارکردن.
**دووەم**: کرێی ڕۆژانی جەژن و بۆنەکان و ئەو ڕۆژانە بدرێنە کرێکارە هەمیشەییەکان کە دامودەزگاکان بە فەرمی لە کار دەکەون.
**سێیەم**: کرێکاران لە زوڵم و ستەمی سەرمایەداران بپارێزرێن.

**چوارەم:** مافی کرێکاران لە کاتی نەخۆشیدا دەستنیشان بکرێت و کە نەخۆشیش کەوتن دەبێت چارەسەر بکرێن.
**پێنجەم:** دەسەبەری ئەوە بکرێ کە خاوەنکار بە ئارەزوو یان بۆ بەرژەوەندی خۆی کرێکارە هەمیشەییەکان دەرنەکات.
**شەشەم:** ئەو کرێکارانەی بە هۆی کارەکەیەوە پەکی دەکەوێت دەبێ، چەردەیەک پارەی بدریتێ.
**حەوتەم:** کۆمپانیاکان لە بودجەی خۆیان مووچەی خانەنشینی بەو کرێکارانە بدەن کە بەهۆی پیرییەوە توانای کارکردنیان نەماوە.
**هەشتەم:** کار پێکردنی منداڵان قەدەغە بکرێت.
**نۆیەم:** ماوە نەدرێت کۆمپانیا بیانییەکان لەو کاروبارانەدا کە کرێکاری عێراقی توانای هەڵسوڕانیان هەیە کرێکاری بیانی دابمەزرێنن ئەم برا بەڕێزانەش کە ناویان لە خوارەوە تۆمارکراوە پشتگیری ئەم پێشنیارەم دەکەن.

## پاشکۆی ژمارەی چوار

دەقی پرۆژە یاسای کاری عێراق کە **محەمەد سالح ئەلقەزاز** سەرۆکی **کۆمەڵەی پیشەوەران** لە ڕۆژی ١٩٣١/٣/٣١دا، پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و وەزارەتی ناوخۆ و داد و ئابووریی و هاتوچۆی کرد.
**یەکەم:** ماوەی کارکردن بە ڕۆژ هەشت سەعات بێ، بە مەرجێک نیو سەعات مۆڵەت بە کرێکاران بدرێ نان بخۆن و پشوو بدەن. ئەوانەیشی کە شەو کاردەکەن، ماوەی کارکردنیان شەش سەعات بێ.

**دووەم:** کرێی جەژن و پشووە فەرمییەکانیان بدرێتێ.
**سێیەم:** کرێی ئەو ڕۆژانەیان بدرێتێ کە مۆڵەتی نەخۆشییان هەیە و ئەو ڕۆژانەیش کە لەناو نەخۆشخانەی کارگەکاندا دەمێننەوە بۆ چارەسەر، ڕۆژانەکەیان نەبڕن.
**چوارەم:** ئەگەر کرێکار لە کاتی کارکردندا برینداربوو چەردەیەک پارەی لە بریتی بدرێتێ ئەگەر لە کاتی کارکردنیشدا مرد، یان کارەساتێکی وای بەسەر هات کە کەفتەکاری بکا، چەردەیەک پارە بۆ ئەندامانی خێزانەکەی تەرخان بکرێ.
**پێنجەم:** ئەو کرێکارانەی کە خزمەتییان زۆرە و پیر بوون و توانای کارکردنیان نەماوە، مووچەی خانەنشینییان بدرێتێ.
**شەشەم:** ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە ١٤ ساڵ کەمترە ماوەیان نەدرێت لە کارگەکاندا کار بکەن.
**حەوتەم:** ئەو کاروبارانەی پیویستیان بە پسپۆڕی تەکنیکی نییە، بدرێنە کرێکارە عێراقییەکان و ماوەی کرێکاری بیانی نەدرێ لەو جێگایانەدا کار بکەن.
**هەشتەم:** کرێکارە عێراقییەکان مەشقیان لەسەر کاری تەکنیکی پێ بکرێ، تا لە ماوەیەکی دیاریکراودا شارەزایی پەیدا بکەن و جێگای کرێکارە بیانییەکان بگرنەوە.
**نۆیەم:** کرێکاران لە زوڵم وستەمی سەرمایەداران و خاوەن کارگە و کۆمپانیاکان بپارێزرێن. بۆ ئەم مەبەستەش یان بیرۆیەکی تایبەتی کرێکاران دابمەزرێنرێت، یاخود لیژنەیەک لە بابەتی لیژنەی دیسپلین پێک بهێنرێ و ئەرکی تەماشاکردنی داوا و شکایەتی کرێکاران و هۆی دەرکردنیان لە کار پێ بسپێردرێ.

**دەیەم:** کە کرێکارە هەمیشەییەکان دەردەکرێن، ئەوەندە پارەیان بە شێوەی پاداشت بدریتێ کە لەگەڵ ماوەی خزمەت و جۆری کار کردنیاندا بگونجێ. هەر کاتێکیش ئەو شوێنانە پێویستیان بە کرێکار هەبوو، دەرکراوەکان بگێڕدرێنەوە بۆ شوێنی کاری خۆیان.

**یازدە:** هەموو ساڵێک بە پارە یارمەتی ئەو دامەزراوانە بدرێ کە کرێکاران بە نوێنەری خۆیان دەزانن و ئەوانیش پشتگیری داوا ڕەواکانیان دەکەن، تاوەکو بۆ قەڵاچۆکردنی نەخوێنەواری و یارمەتیدانی کرێکاران لە کاتی پێویستیدا، خەرجی بکەن.

**دوازدە:** خانوبەرەی وا کە هەلومەرجی تەندروستی تێدابێت بۆئەو کرێکارانە بنیات بنرێت کە لە دەرەوەی شار دەژین و بایەخیش بە گوزەرانیان بدرێت.

**سیازدە:** ئەوانەی دەوڵەت لەسەر ئەرکی خۆی بۆ تواناسازیی بۆ دەرەوەیان دەنێرێ بکرێن بە دوو بەشەوە. بەشێکیان پیشەسازی و ئەوی تر زانیاری. داوایش لە کۆمپانیاکانی نەوت و هەردوو بەڕیوەبەرایەتی نەوت و ڕێگای ئاسن ئەم کارە بکرێ، هەموو ساڵێک ژمارەیەک کرێکار لەسەر ئەرکی ئەوان بۆ خوێندن بنێرنە دەرەوەی وڵات.

**چواردە:** ئەوانەی چەند جۆر پیشەسازی دەزانن، ڕۆژانەکەیان دیاری بکرێت و دەبێت ڕادەی لانیکەمی مووچەکەیان، لای کەم گوزەرانیان دابین بکات.

**پازدە:** ژمارەی قوتابخانە پیشەسازییەکانی وڵات زیاد بکرێن و لقی ئێوارانیشیان بۆ بکرێتەوە و زانیاری میکانیکی بەخۆڕایی فێری ئەو کرێکارانە بکەن کە بە ڕۆژ لە کارگەکاندا کار دەکەن.

**شــازدە:** وەک ئەو سیســتەمەی لە وڵاتــانی تــردا پەیــڕەو دەکــرێ کرێکاری هەمیشەیی لای خۆمان ساڵی دوو هەفتە مۆڵەتی بدریتێ.

**حەڤدە:** هەمـوو سـاڵێک چەردەیەک پـارە بـدرێتە ئەوانەی شـتی نـوێ دادەهێنن بەمەرجێک ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە پشــتگیری داهێنانەکانیـا بـکەن و خاوەنەکانیشــیان گفــت بـدەن کە تەواویان کرد یان گەر بۆیان تەواو نەکرا بیگێڕنەوە.

**هەژدە:** قوتابخــانەی نــاوخۆیی بــۆ پەروەردە کردنــی منــداڵی ئەو کرێکـارانە بکـرێتەوە کە پیشــەی زۆر نزمیــان هەیە و ڕۆژانەکانیــان بەشی خێزانیان ناکات.

نــۆزدە: نــابێ ئەو کەســەی تووشــی دەردی کوشــندە هــاتووە دابمەزرێنــرێ هەروەهــا ئەوانەیــش نــاخرێنە ســەر کــار کە بەد ڕەوشتییان لێ دەردەکەوێت وەک دزی ...تاد

# سەرچاوە و پەراوێزەکانی پێشەکی

[1] چەن لێکۆڵینەوەیەکی عێراقی زۆر کەم هەن لە هەندێ لایەنی بزووتنەوەی کرێکارانی عێراق دواون و ئێمەیش لەو بەشەدا کەبۆ سەچاوەکانما تەرخانکردووە ناومان هێناون. چەند لیکۆڵینەوەیەکی لەوانەیش کەمتر بە زمانی بیانی نوسراون و لەو مەسەلانە دەدوێن کە پەیوەندییان بە چینی کرێکارانی عێراقەوە هەیە وەک:

M.M.AL-habib. The labour movment in Iraq, middle eastern affairs, new York, 1956 ; E. A. kinch, social effects oh the oil industry in Iraq; (international labour review) , geniva vol. lxxv, no 3, march 1957; R.khadiri, labour and indu stry in Iraq. A thesis submitted to the faculty of the univ- ersety of mississippiin psrtial fufilment of the requireme nts for the Degree of master of science in the department of economics and . Busness administration; university of miss- issippi, may 1958

ئەم نامەیە لە بنچینەدا باسی ئەو ڕووداوە کرێکاریانە دەکات کە لە سالانی سی بەدواوە ڕوویانداوە، بەتایبەتیش باسی ئەو یاسا کرێکارییانە دەکات کە بەر لەسالی ١٩٥٨ لە عێراق دەرچوون( م. کۆپەرمان. بزووتنەوە ی کرێکاران لە عێراق دا. بەزمانی روسی. گۆڤاری –ڕۆژهەڵاتی شۆڕشگێڕ- مۆسکۆ . ژمارە شەش ١٩٣٤.

گۆڤاری –الثقافه الجدیده – ئەم وتارەی لە لاپەڕە ١٠٦-٩٧ی ژمارەی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧١ دا بە زمانی عەرەبی بڵاو کردەوە. هەروەها نوسەری ئەو لێکۆڵینەوە یە، دوو باسی دیکەی بە زمانی ڕوسی لە بارە ی چینی کرێکارانی عێراقەوە بڵاوکردەوە. یەکەمیان لە لاپەڕە ٦٢-٥٥ ی ژمارە )٦( ی ساڵی ١٩٦٨ ی گۆڤاری گەلانی ئاسیا و ئەفریقیادا بە ناونیشانی مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکوک ساڵی ١٩٤٦ دووەمیان لە کتێبی پێکهاتنی چینی کرێکارانی عێراق مۆسکۆ ١٩٧١ل ٣٧- ٨١.

[2] عبد الرزاق الحسنی تاریخ الوزارات العراقیه. الطبعة الثالثة .صیدا. الجزء الأول ١٩٦٥ الجزء الثانی ١٩٦٥. الجزء الثالث١٩٦٦.

[3] *ئەلحەسەنی* تەنها لە بەشی سێهەمدا نەختیک بە درێژی بەباسی مانگرتنی گشتی دژ بە یاسای شارەوانیەکان کردووە. بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە کرێکارانەوە هەیە لەوەندە زیاتر کەمێک باسی کرێکاران و دەوریان لەو مانگرتنەدا دەکا، هیچی تری نەووتووە.

[4] ئەو لێکۆڵینەوانەی مێژوو نوسان لە بارەی مێژووی چینی کرێکارانی میسر و وسوریا و لوبنان و تورکیا و ئێرانەوە نووسیویانە، زۆر لەوانە چاکترن کە لە عێراقدا نووسراون. بە نموونە: لە میسر کۆمەڵێ نامەی دکتۆرا سەبارەت بە مەسەلەی کرێکاریی ئامادەکراون، وەک: نامەی دکتۆراکەی نەوال عەبدالعزیز کە بەناونیشانی بزووتنەوەی کرێکاران و شوێن دەستی لە پەرە پێدانی مێژووی سیاسی میسردا ١٨٩٩-١٩٢٥ ئەوە بوو ساڵی ١٩٦٣ مشتومری لەسەرکرا. هەروەها نامەیەکی تری دکتۆرا ساڵی ١٩٦٧ مشتومری لەسەرکرا و ناونیشانەکەی هەڵویستی ڕۆژنامەی میسری بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاران ١٨٨٢-١٩٥٢ بوو. کەچی تائێستا لای خۆمان مشتومڕ لەسەر تاکە نامەیەک سەبارەت بە چینی کرێکارانی عێراق کراوە، ئەویش دەزگایەکی زانستی سەرپەرشتی کردووە عێراقی نییە. مەبەستمان نامەی دکتۆراکەی عەبدوالرزاق موتلەک ئەلفەهد ە کە ساڵی ١٩٧٧ لە قاهیرە مشتومڕی لەسەرکرا و ناونیشانەکەی مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی عێراق ١٩٢٢-١٩٥٨ بوو

[5] رزاق ابراهیم حسن. الشخصیه العالمیه فی القصه العراقیه بغداد ١٩٧٧/ ٢٢٠ لاپەڕەیە رەئوف حەسەن کرێکار لەچیرۆکی کوردیدا. ڕۆژنامەی العراق بغداد ١٥ ی ادار ١٩٧٩.

[6] رزاق ابراهیم حسن. الصحافه العمالیه فی العراق. بغداد ١٩٧٩ / ٨٠ لاپەڕەیە.

[7] ئەمە ئەگەر هەر کرێکارێک سێ کەس بژیەنێ

[8] مەبەستمان مەفهومی تێکڕای روداوی مێژووییە، بە مێژووی شارستانیەتیشەوە. خواست و ئاواتی فیرعەونەکانی میسر کە دەیانویست هەتاهەتایە نەمرن و ناویان کوێرنەبێتەوە، لەگەڵ بابەتی ئەندازیارەکانیان، بەبێ رەنج و ئارەقی ئەو کۆیلانەی تەلاری ئەو هەرەمانەیان دانا کە بە یەکێک لە حەوەت سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان لەقەڵەم دراوون، دەبێتە خەیاڵێکی رووت. بەڕاستی گوناهە کە باسی ئەو مێژووەمانکرد بەتەنیا هەر خاوەن قامچیمان لەیادبێت و بەس.

[9] العامل بغداد العدد الاول ٨ ايلول ١٩٣٠

[10] بەپێی بەڵگەنامەیەکی زووی کرێکاران؛ لەسەردەمی ئینتیدابدا بزووتنەوەی کرێکاران بە سێ قۆناغ دابەشکرابوو. یەکەمیان لە ساڵی ١٩٢٤ و هەوڵی دامەزراندنی یەکەم رێخراوی کرێکاراندرا و لە ساڵی ١٩٢٩ دا کە هەندێ کۆمەڵ درۆستبوون و بەپێی ئەم رایە کۆتایی بەو قۆناغە هات و سەرەتای قۆناغی دووەم دەستیپێکرد کە تا ساڵی ١٩٣١ی خایاند. پاشان قۆناغی سێهەم لەگەڵ مانگرتنی گشتی دژ بە یاسای باجی شارەوانییەکان دەستیپێکرد. بڕوانە: وثائق ومراسلات بين نقابات العمال العراقية ومثيلاتها الاجنبيه من سنة ١٩٣٢ الى سنة ١٩٣٥. مكتبه المجمع العلمي العراقي الوثيقه-٢-ئەوەیش بریتییە لە نامەیەکی محەمەد سالح ئەلقەزاز کە لە ١٦ ی شوباتی ساڵی ١٩٣٣ دا بۆ سکرتێری نیقابەکانی کریکارانی جیهانی ناردووە لە بەرلین.

[11] مخەمەد صالح جوتە ناوە.

[12] بە نموونە بڕوانە:
k.M. loangley, th industrialization of Iraq, Cambridge, 1961.P,77.

[13] بڕوانە: عبد السلام الناصري-ابو نصيرمعارك طبقية. بغداد ل.٦-٧ مێژووی لەسەر نییە.

# سەرچاوەو پەراوێزیەکانی بەشی یەکەم

[1] یەکەم چینــی کرێکــار لە مێــژوودا لە دەوروبەری ســەدەی پــانزەدا لە ئیتاڵیــا دەرکەوت. بــۆیە ئیتاڵیــا بە یەکەمــین وڵات دادەنــرێ کە بەر لەوڵاتــانی دیــکەی ئەوروپا پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی تێدا لەدایک بووبێ.

[2] لەو ڕۆژەدا بەهــارات گرنگتــرین کەلــوپەلی بازرگــانی بــوو کە لەڕۆژهەڵاتەوە رەوانەی ڕۆژئــاوا دەکــرا. لە کۆتــایی ســەدەکانی ناوەڕاســتدا بــایەخێکی زیاتریشــی پێــدرا و لە هەمـــان کاتیشـــدا هەڵــومەرجی گواســـتنەوەی چـــووە بـــارودۆخێکی گــرانەوە، بــۆیە بەشــێوەیەکی خەیــاڵی نرخــی زیــادیکرد، بە ڕادەیەک بــوە پێــوانەی ســامانی خەڵکــی ئەوروپــا. گەڕان بە شــوێن کانگــای نــوێی بەهاراتــدا یەکــێکە لەو هۆیانەی پاڵی بە ئەوروپاییەکانەوەنا شوێنی تازە بدۆزنەوە

[3]

zaki salih, Mesopotamia (Iraq) 1600-1914. **A study in Britidh .foreign Affairs, Baghdad. 1957, P.P. 27-28**

[4] بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن، بـڕوانە الـدکتور محمـد سـلمان حسـن. التطـور الاقتصـادی فــی العــ راق. التجــاره الخــ ارجیه والتطــور الاقتصــ ادی١٨٦٤ - ١٩٥٨ الجــزء الاول. صیدا بیروت ١٩٦٥. ل ٩٤.

[5] پــێش ئەو مــاوەیە کەلــوپەلی عێــراق تەنهــا بــۆ وڵاتــانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت دەنێردرا.

[6] بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن بـڕوانە: التطـ ور الاقصـ ادی فـی العـراق الـدکتۆر محمـد سلمان حسن. سەرچاوەی پێشو.ل ١١٧-١٠٢.

[7] لە ساڵی ١٨٧٧سەرجەمی خورمای بەرهەمهێنراوی عێراق ٦٠ هەزارتەن بوو، ٤٠ هەزاری ڕەوانەی دەرەوەکرا. هەروەها بڕوانە:

Zaki saleh, op.cit. p. 195

K.M Langley, the industrialization of Iraq p 26.

[8] مەبەست لەهەردوو کۆمپانیای بێت لەنج و داربی ئەندەرویرە.

[9] بۆ زیاتر تێگەیشتن، بڕوانە الکتور محمد سلمان حسن سەرچاوەی پێشوو ل. ٢٨٦-٢٨٧ .

هەروەها

k. M. Langley, Op.cit; p. 28

[10] ل. ن کاتلۆف. ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانەی نیشتیمانی عێراق ساڵی ١٩٢٠. بە زمانی ڕوسی. مۆسکۆ. ١٩٥٨ ل.٥٩.

[11] ساڵی ١٩٠١ ئەو کۆمپانیانەی لە بەسرە کاریان دەکرد، ٣٠ هەزار سندوقیان زیاتر نارده دەرەوە.

[12] بڕوانە: الشیخ محمد الشیخ خلیفه بن محمد بن موسی النبهانی. التحفه النبهانیه. الجزء التاسع تاریخ البصرة الطبقة الثانیة. القاهرة ١٣٤٢ ه. ل ٦٤.

[13]

Zaki saleh, op.cit., pp. 149-202

14

S.H. Longrigg, four centuries of modern

Iraq, 1925, pp, 193-294

15

Zaki saleh, op.cit., pp, 159,188-189, R
coke. Baghdad-the city of the peace, london1927, p. 141.

16 یەکەمجار لە ساڵی ١٨٨٨ بیر لە پرۆژەی ڕێگای ئاسنی بەغدا کرایەوە، واتە ئەوساڵەی کە بەهۆی ڕێگای شەمەندەفەرەوە، ئەستەمبول و بەرلین پێکەوەبەستران. دوای ئەوە ڕێگای ناوبراو بەرەوخوارهات و پاشان دەساڵ کە تزاری ئەڵمانیا "ولیامی دووەم" بۆ جاری دووەم سەری لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دا، گفتی وەرگرت ئیمتیازی ڕاکێشانی ڕێگای ناوبراوی بدرێتێ لە شاری قۆڕنە وە تا کەنداوی عەرەب.

17 بڕوانە گۆڤاری لغة العرب بغداد. ایلول ١٩١٢ ل. ١١٧.

18 هەر ئەو سەرچاوە

19 لغة العرب ازار١٩١٢ ل. ٣٦٧.

20 لغة العرب تشرين الاول ١٩١٢ ل. ١٥٨

21 الدكتور محمد سلمان حسن. سەرچاوەی پێشوو ل. ٤١٤.

22 مرکز الوطنی للوثائقیه: البلاط الملکی. رقم الملفة : ص/١٠ موضوع الملف: السکک ١٩٢٦ ڕاپۆرتی ژەنرال ف.د. هامند.

23 ئەندازیارە ئەڵمانیەکان دوبارەی دەکەنەوە کە کرێکارانی کورد لەو پڕۆژەیەدا تەواو لێهاتووبوون. بڕوانە
Dagobert von mikusch, Mustafa kemal between Europe and Asia, London, 1931.p. 360.

24 ل.ن. کاتلوف. سەرچا وەی پێشوو ل ٥٤

25 بۆ تێگەیشتنی تەواوی ئەو ژمارانە ؛ بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ل ٤٩-٥٠.

26 بڕوانە:
K.M. Langley. op. cit, p.10

27 بڕوانە:ڕۆژنامەی العراق بغداد.٢٣ حزیران ١٩٢٨

28 لغة العرب نیسان ١٩١٢ ل ٤٥٥

29 لغة العرب تشین الثانی ١٩١٢.

30
S.H. Longrigge, Iraq 1900 to 1950. A political, soci al and economic history, London, 1953 pp.32-33.

31 K.M. Langley, op.cit., p. 10

32 S.H. longrigge, four cinturies of modern Iraq pp.293-294.

33 بـڕوانە: الشـیخ محمـد الشـیخ خلیفـة بـن محمـد بـن موسـی نبهـانی. الجـزء التاسع. التحفة النبهانیة ل. ٦٤-٦٥.

34 لغة العرب تشرین الثانی ١٩١٢

35 لغة العرب تشرین الثانی ١٩١٢.

36 بڕوانە:الشیخ النبهانی الجزء التاسع سەرچاوەی پێشو ل. ٦٥.

37 بە قسەی گۆڤاری لغة العرب کانون الثانی ١٩١٣ ل ٣٠٣.

38 هەر ئەو سەرچاوە ل ٣٠٣-٣٠٥.

39 بـۆ زیـاتر شـارەزابوون لە چاپخـانەی عێـراق پـێش جەنگـی یەکەمـی جیهـانی، بـڕوانە: گۆڤـاری لغـة العـرب کـانون الثـانی ١٩١٣ .ل ٣٠٣-٣٠٩. التحفـة النبهانیـة. الجـزء التاسـع ل ٦٦-٦٧ شـهاب احمـد الحمیـد . تـاریخ الطباعـة فـی العـراق. مطـابع القطاع الخاص ١٨٣٠-١٩٧٥ الجزء الاول بغداد ١٩٧٦ .

40 لغة العرب کانون الثانی١٩١٣ . ل ٣٠٤-٣٠٥ .

41 بـڕوانە: التحفـة النبهانیـة. الجـزء التاسـع ل٦٥-٦٤ ، ٦٨-٦٧. عبـاس العـزاوی، تاریخ العراق بین احتلالین. المجلد الثامن.بغداد ١٩٥٦ ل٦٥.

42 K.M. langley. op. cit., p.30.

43 الدکتور محمد سلمان حسن. التطور الاقتصادی فی العراق ل.٣٠٤

44 لە بەشـــی چوارەمـــدا بەدرێژایـــی لەوباســـە دەدوێـــین، چـــونکە پەیوەنـــدییەکی ڕاســـتەوخۆی بە سروشـــتی بـــزووتنەوەی کرێکـــارانەوەهەیە بە تـــایبەتی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

45 – الدکتور محمد سلمان حسن. هەر چەو سەرچاوە ل٢٨٣.

46 هەر ئەو سەرچاوە ل ٣٠٣.

47 بڕوانە لغة العرب ایلول ١٩١٢ ل. ٩٥-٩٦.

48 بڕوانە: الدکتور محمد سلمان حسن هەر ئەو سەرچاوە ل٢٩٢.

49 بـــروانە دەقـــی وتـــارەکەی مەدحەت پاشـــا کە لە کتێبـــی تـــاریخ العـــراق بـــین الاحتلالین ی عەبباس العزاوی دا بڵاوکراوەتەوە. بەرگی حەوتەم ل١٦٢-١٦٤.

50 لە کتێبـــی مـــن تـــاریخ الصـــحافة العراقیـــة ی خالیـــد حبیـــب الـــراوی یەوە وەرگیراوە. بغداد ١٩٧٨ ل. ٩-١١.

51 لە کتێبی تاریخ العراق بین الاحتلالین ەوە وەرگێراوە: بەرگی حەتەم ل. ٢٢٣.

52 بڕوانە: گۆڤاری الغة العربية كانون الثانی ١٩١٣ ص ٣٠٤.

53 مەبەستمان ڕۆژنامەی الزوراء کە ڕۆژی ١٥ ی حزیرانی ١٨٦٩ یەکەم ژمارەی دەرچوو.

54 بڕوانە: الغة العربية كانون الثانی ١٩١٣ . ص ٣٠٤-٣٠٥ هەروەها تاريخ العراق بين الاحتلالين. عباس العزاوب المجلد السابع ص١٠٢ – المجلد الثامن ل١٧١.

55 بڕوانە: تاريخ العراق بين الاحتلالين. عباس العزاوی مجلد السابع ص١٠٩-١٣٦،١٥٣-٢٢٢،١٥٤-٢٢٣.

56 بڕوانە التحفة النبهانية –الشيخ النبهانی سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ٦٣-٦٤ هەروەها تاريخ العراق بين الاحتلالين عباس العزاوی المجلد السابع ص١٨٨-١٨٩ ،٢٢٢-٢٢٣

57 لغة العربية تموز ١٩١١ ص ٣٣-٣٤

58 بڕوانە: لغة العربية كانون الثانی ١٩١٤.ص٣٩٠-٣٩١.

[59] سـیر ویلیـام ویلکـۆکس. ئـاودێری لە عێراقـدا و سـەرەتایەک لە بـارەی پاشەڕۆژی عێراقەوە. بەرگی یەکەم. بەغدا١٩٣٧.ل ١٢٦-١٣٤.

[60] هەر ئەو سەرچاوە ل١٤٠.

[61] هەر ئەو سەرچاوە ل١٤١-١٤٢.

[62] لغة العرب ادار ١٩١٢ ل٣٥١-٣٥٢

[63] ل.ن. کاتلۆف. سەرچاوەی پیشوو ل٥٥.

[64] بڕوانە: الدکتور محمد سلمان حسن. سەرچاوەی پیشوو ل٥٣-٥٥

[65] لە لاپەڕەی ٣٠٣ی سەرچاوەی پێشوەوە، وەرگێڕراوە.

[66] بـڕوانە: سـعید عبـود السـامرائی. سیاسـات التصـنیع و التقـدم الاقتصـادی فـی العراق. النجف ١٩٧٣ ل٥١.

[67] سیر ویلیام ویلکۆکس. سەرچاوەی پیشوو. ل١٣٤،١٢٨

[68] ل.ن. کـاتلۆف سـەرچاوەی پێشـوو لاپەڕەی ٥٦ هەروەهـا أ.د. نوفیجیـف. باسـێکی ئـابوری تورکیـا بەر لە جەنگـی یەکەمـی جیهـانی بە زمـانی ڕوسـی مۆسکۆ-لنینگراد. ١٩٣٧ل١١٣

[69] بڕوانە: لغة العرب حزیران ١٩١٣ ل٥٦٠-٥٦٦.

[70] هەر ئەو سەرچاوەیە ل٥٦٦.

[71] بڕوانە: سیر ویلیام ویلکۆکس. سەرچاوەی پێشوو. ل١٣٤،١٢٨،١٢٦.

72 النصـرة فـی اخبـار البصـرة. للقاضـی احمـد نـور الانصـاری. تحقیـق الـدکتور یوســف غزالــدین بغــداد ١٩٧٦. ل ی ٤٢-٤٣. راپــۆرتێکه نــاوبراو ســاڵی ١٢٧٧ی کۆچی بۆ مونیب پاشای والی بەسرەی نووسیوە.

73 بڕوانە: عبد الرزاق مطلك الفهد سەرچاوەی پیشوو ل٩٤.

74 سیر ویلیام ویلکۆکس سەرچاوەی پیشوو ل ٩٤.

75 ســەرۆک خێڵەکــان گفتیــان بە میــری دەدا چەنــد کرێکــاری پیویســتبێت بــۆی بهێنێ لە هەمانکاتیشدا بەرپرسیاری هەموو کردار و هەڵسوکەوتێکیانبن.

76 لغة العرب ادار١٩١٣ ل ٤٢٠-٤٢١.

77 لغــة العــرب ایلــول ١٩١٢. ل١١٧-١١٨. کــانون الثــانی ١٩١٣.ل ٩١٩. ادار١٩١٣ . ل٤٢٠-٤٢١.

78 سیر ویلیام ویلکوکس سەرچاوەی پێشوو ل١٢٦.

79 ســعید عبــود الســامرائی. سیاســات التصــنیع والتقــدم الاقتصــادی فــی العــراق .ل ٥٢.

80 The Iraqi Directory. A General and commercial direct ory of Iraq 1936, Baghdad 1936. P 555

81 بڕوانە: لغة العرب کانون الثانی ١٩١٣، ل٣٠٤.

82 بڕوانە: عباس الغزاوی. العراق بین الاحتلالین. المجد الثامن. ل٢٣٩

83 لە بەشــی ســێهەمدا کە باســی یاســای کرێکــاران دەکەیــن، دێیــنەوە ســـەر ئەم مەسەلەیەو بە درێژیی لێیدەدوێین.

84 لە ل.ن. کـــاتلۆف ە وە وەرگیـــراوە. بـــڕوانە ڕاپەڕینـــی ڕزگـــاریخوازانەی نیشتیمانی عێراق ساڵی ١٩٢٠. بەزمانی رووسی. ل ٦٥.

85 بـڕوانە: عبـدالرزاق مطلـک الفهـد ل ٩٤. هەروەهـا محمـد احمـد محمـود. احـوال العشـائر العراقيـة العـربيه و علاقتهـا بالحکومـة ١٨٧٢-١٩١٨. رسـالة الماجسـتير . بغداد ل. ٤٦، ٤٧

86 بـــڕوانە: لغــة العــرب تشــرين الثــانى ١٩١٢. ل ٢١٦. هەروەهــا لغــة العــرب ايار١٩١٣

87 گۆڤـاری لغـة العـرب نـاوی نـاهێنێ، ئەونـدەنەبێ دەڵـێ. ئەمجـارە سـەرۆکەکەیان کە یەکـێکە وەختـی خـۆی لە پـۆلی شەشـەمی سـەرەتایی دەرچـووە بـڕوانە لغـة العــرب کــانون الثــانى ١٩١٤ . ل٣٩٢. وا باســدەکرێ کە عەبــدالرزاق ئەلئەعزمـــی بەردەوام هەڵوێســـتی ئیجـــابی بەرامـــبەر تـــوێژە کـــۆمەڵایەتییە هەژارەکەی نـــاوچەکەی خـــۆی هەبـــووە و لە ســـاڵی ١٩٢٤ دا قوتابخـــانەیەکی ئێـــوارانی لە گەڕەکی ئەعزەمییە بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری کردوەتەوە.

88 لغة العرب کانونى الثانى ١٩١٤ .ل ٣٩١-٣٩٢.

89 زۆربەی کـات، کرێکـار خـاوخێزانی لە لادێ بەجێدەهێشـت چـونکە نەیـدەتوانی لەناوشـــاردا ژیانیـــان بـــۆ مســـۆگەر بکـــات. ئەمە جـــگەلەوەی کە لادێ بـــۆ دۆخـــی بێکـــاری و نەخۆشـــی و پیربـــوون تـــاقە پەنـــاگەی بـــوو. لەبەر ئەوە بەهەمـــوو توانـــایەوە پارێزگـــاری ئەو پەیوەنـــدییەی دەکـــرد، بەتـــایبەتی کە دەیبینـــی ژیـــانی عەشـــایەری بە هەمـــوو جـــوامێری و پیـــاوەتییەکەیەوە، تـــاکە پشـــتوپەنای خـــۆی و خێزانەکەیەتی.

# سەرچاوەو پەراوێزیەکانی بەشی دووەم

[1] بـــۆ زیـــاتر تێگەیشـــتن، بـــڕوانە: ن.ک. کارســـون. ڕۆژهەڵای عەرەب. عێـــراق. بەزمانی ڕووسی. مۆسکۆ ١٩٢٨ ل ٢٠٢. ١
هەروەهـا عبـدالرزاق الحسـنی. العـراق قـدیما و حـدیثا. الطبعـة الثانیـة. صـیدا. ١٩٥٨ ل١٦١.
A.T. wilson, Mesopotamia, 1917-1920 A. clash of loyalities, London, 1930. P. 48.

[2] K.M. langley, op.cit, p. 108.

[3] File no 164\33 labour 1918

[4] ئەو زانیاریـانەی لە بـارەی ڕێـگەی ئاسـنەوە لەسـەردەمی جەنگـی یەکەمـدا نوسـراون لە ڕاپـۆرتێکی ژەنەراڵ.ف. هامنـد و ڕاپـۆرتێکی دیـکە وەرگیـراوە کە حـوکمەتی عێـراق ئامـادەیکردووە. بـڕوانە: الوحـدة الوثائقیـة. الـبلاط الملکـی. رقـم الملفـة ص ١٠. موضـوع الملفـة\ السـکک الحدیدیـة- ١٩٢٦ الوحـدة الوثائقیـة: الـبلاط الملکی. الرقم الملفة ص ١٠ موچوع الملفة :السکک ١٩٢٩-١٩٣٢.

[5] K.M. Langley, op. cit., p. 40

[6] المرکز الوطنی للوثائق.

File no. 168/15 labour for mahmudhya canal 1918.

[7] مــس بیــل ژمــارەی ئەو کرێکــارانەی لە عێــراق کۆیــان دەکــردنەوە بە ٦٠ هەزار کەس دەخەملێنــرێ. بــڕوانە: العرلــق فــی الرســائل مــس بیــل ، ترجمــة: جعفــر الخیاط.تقدیم و تعلیق عبد الحمید العلوجی. بغداد ١٩٧٧، ل ١٧٧.

[8] A.T. wilson, Mesopotamia 1917-1920- 47

[9] المرکــز الــوطنی للوثــائق. الوحــدة الوثائقیــة. الــبلاط الملکــی. رقــم الملفــة: ص/١٠ موضــوع الملفــة: الســکک ١٩٢٩-١٩٣٢ تقریــر اللجــنه المالیــة عــن الســکک الحدیدیــة فی العراق.

[10] المرکز الوطنی للوثائق.
File no 164\102-1916-1917.fileno. 164\33. labour, 1918

[11] المرکز الوطنی للوثائق
File no 164/2-1. Labour Baghdad. 1917-1918. P.67.

[12] هەر ئەو سەرچاوەیە

[13] Fie no.164\118.
Labour contractor ,1917 file no. 164\21. Labour Baghdad, 1917-1918.

[14] H. young. the independent Arab. London 1933. P. 52.

[15] العراق فی رسائل س بیل ل ١٧٦

[16] بۆ زیاتر تێگەیشتن، بڕوانە

File no. 164\2-1. Laboureres of
Baghdad 1918

[17] دەقاودەقی تێکستەکە چۆنە، بەو جۆرە دەینوسینەوە.

[18] مەبەست لە ڕەوشت باشی حسن السلوکە

[19] المرکز الوطنی للوثائق.

File no. 80\19. Establishment. General, 1917

[20] ئەوەی بـــاوبوو ڕۆژی ڕوپــیەیەک و دوو ئـــانە بە کرێکـــاری کـــورد دەدرا واتە ٨٣ فلس، کەچی کرێکارێکی عەرەب ڕۆژانەی ١٤ ئانە واتە ٥٦ فلس بوو.

[21] بــۆ زیـــاتر تێگەیشـــتن بـــڕوانە: د.کەمـــال مەزهەر ئەحـــمەد. چەنـــد لاپەڕەیەک لە مێژووی چینی کرێکاری کورد.

[22] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە-٧٢- شوباتی ١٩٧٩ ل ٨-١٤. هەروەها

File no, 80\19. Establishment General 1917
pp.79,88.104-105

[23] المرکز الوطنی للوثائق

File no. 164\2-1. Labour
Baghdad 1917-1918 pp. 108-112.

[24] بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە: المرکز الوطنی للوثائق

File No.80/19. Establish ment General. 1917 Faile no.-164\2-1. – Labour Baghdad 1917-1918. Pp.79,88. 162-163.

[25] المركز الوطنی للوثائق

File no. 80/19 Establish ment General. 1917

[26] المركز الوطنی للوثائق

file no.164\2-1.labour
Baghdad 1917-1918 p.88 file no. 80\19, Establish ment General 1917.

[27] بڕوانه المركز للوثائق

File no. 194\2-1 labour Baghdad 1917.1918, p.88.

[28] بە نموونە بڕوانە: هەمان فایلی پێشوو ل ٩.

[29] المركز الوطنی للوثائق

File no.164\5, labour from Dizful 1917-1918

[30] بە نموونە نرخی نان سێ ئەوەندەی جاران و بگرە زیاتریش بەرزبووەوە هەروەها زۆر کەلوپەلی پێویستیش لە بازاڕدا نەمان و ئەنجام هەزاران هاوڵاتی لەبرساندا مردن.

[31]

A summary of the history, whith suggestions, and recommendations of the seven jail labour and porter corps, empioyed in Mesopotamia from October 1916 to july 1919 Baghdad.1920. p.s.

[32]

ibid. p. 3

[33] بڕوانە: المركز الوطني للوثائق
File no. 80\19,
establishment General 1917.

[34] دەربـــارەی چەنـــدییەتی ئەو خـــواردنەی بە کرێکـــاران دەدران، بـــڕوانە المركـــز الوطني للوثائق
File no. 164\2.- labour Baghdad 1917-1918.

[35] بڕوانە
H. young. op. cit., pp. 51-52.

[36]

A. summary of the history, with
suggestions, and reco mmend ations of the seven jail.
Labour and porter corps, empioyed in Mesopptamia from
October 1916 to july 1919.p.15.

[37]

lbid

[38] بڕوانە: بڕگەی سێهەمی ئەو قەواڵەیەی پێشتر دەستنیشانمانکرد.

[39] بڕوانە: المركز الوطنی للوثائق

File no. 144\522 1916

[40] المركز الوطنی للوثائق

file no. 164\5, labour from Dizful 1917-1918

[41] هەر ئەو فایلەی پێشوو

[42] المركز الوطنی للوثائق

File no. 164\14 laboureres of Baghdad 1918.

[43]

A. summary of the history, with
suggestions, and reco mmend ations of the seven jail.
Labour and porter corps, empioyed in Mesopptamia from
October 1916 to july 1919.p.16.

[44]

File no. 164\62. 1918

[45] المركز الوطنی للوثائق

File no. 164\5. Labour from Dizful 1917-1918.:

# سەرچاوەو پەراویزیەکانی بەشی سێهەم

[1] مەبەســـتمان لە ســـەرکەوتنی یەکەم شۆڕشـــی سۆشیالیســـتییە لە ڕوســـیادا، هەروەهـــا شۆڕشـــەکانی چینـــی بـــۆرژوا کە هەنـــدێکیان بوونەهـــۆی دامەزرانـــدنی سیســـتەمی نەتەوەیـــی وەک لە تورکیـــادا ڕوویـــدا، و هـــیچ نەبـــێ لە ســـەرەتادا هەڵوێستی دژ بە ئیمپریالیزمی جیهانی و ئیمپریالیزمی بەریتانییان هەبوو.

[2] بڕوانە:
A.L. Haldane, the lnsurrection MesopotAmia 1922, p. 108.

[3] المركـز الـوطني للوثـائق. الوحـدة الوثائقيـة. رقـم الملفـة:ص/١٠ موضـوع الملفـة: الســـكک ١٩٢٩-١٩٣١ ئەو ڕاپـــۆرتە تـــایبەتیە کەمیـــری بـــۆ ئەو مەبەســـتە ئامادەیکردووە

[4] المركـز الـوطني للوثـائق. الوحـدة الوثائقيـة. الـبلاط الملكـي. رقـم الملفـة: ص/١٠ موضوع الملفة السكک ١٩٢٦.

[5] هەر ئەو هـۆیەش پـاڵی پێوەنـان، ڕێگـای هەولێـر-ڕوانـودز_ رایـات، ڕابکێشـن. لەمەڕ ئەو وتـووێژانەش کە سـەبارەت بە ڕاکێشـانی ڕێگـای ئاسـنی نێـوان موسـڵ و بەغدا کرا و دەیانویست لە ڕێگای کفری_ کەکووک_ ئەنجامی بدەن، بڕوانە:
A.T. Wilson, Mesopotamia 1917-1920. p. 19.

[6] ئەو ڕۆژگـــارە ئازەربایجـــانی ســـەروو بەدەســـت دوژمنـــانی شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەرەوە بـــوو. جـــا بـــۆئەوەی ئینگلیزەکـــان خۆیـــان بـــۆ ئەم مەبەســـتە

تەرخـانبکەن لەشـکرێکی گەورەیـان بە سـەرکرایەتی ژەنەراڵ دنسـترفیل ڕەوانەی ئەو مەڵبەندە کرد.

[7] بڕوانە:
G.Napier.the road from Baghdad to Baku (the Geographical jourmal) London. Vol. L lll, NO l. January 1919

[8] المركز الوطنی للوثائق
file No. 45\36. Railway- 1924.

[9] هەر ئەو سەرچاوەیە

[10] ئەو زانیـارییە بنچینەییـانەی لە بـارەی ڕێگـای ئاسـن نووسـراونەتەوە، لە ڕاپـۆرتەکەی ژەنەراڵ هامنـد وئەو ڕاپـۆرتە تـایبەتییەوە، وەرگیـراوان لە لیژنەیەکـی سـەربە میـری ئامـادەیکردبوو. بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن بـڕوانە: المركـز الـوطنی للوثـائق. الوحـدة الوثائقیـة: الـبلاط الملكـی. رقـم الملفـة ص/١٠ موضـوع الملفـة: السـكك: ١٩٢٦: الوحـدة الوثائقیـة؛ الـبلاط الملكـی. رقـم الملفـة ص/١٠ موضوع الملفة: السكك ١٩٢٩-١٩٣١.

[11] بـڕوانە: بەشـی دووەمـی ئەم كتێبە. المركـز الـوطنی للوثـائق. الـبلاط الملكـی. رقـم الملفة: ص/١٠ موضوع الملفة: السكك.

[12] ١٩٢٦ ڕاپۆرتەکەی ژەنەراڵ هاموند.

[13]

iraq railways. Administration Report for the year 1924-1925 Baghdad 1925.p.16.

14

Report by tlis Britannes Majestys to the council of the league of nations on the administration of Iraq for the year 1926 london, 1927, p.29

15

special Report by His Majestys Govermment in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the council of the league of nations on the progress of Iraq

16

The Iraqi directovy, general and commercial Directory of Iraq 1936. Baghdad. 1936. P.268.

17

(Basra port. Administration Report of the financial year 1925-1926) Baghdad Administration report of the finan cial year 1926-1926) Baghdad 1927. P. 37.

18

Report on the administration of Iraq for the year 1926.) p.29. (report by his Majestys Govermment in the United Kingdom of

Great Britain and Northern irel and to the council of the league of Nations on the admims tration or Iraq for the year 1913 london 1931.p. 64.

[19] لە شـــوێنێکی تـــردا باســـی ئەوەدەکەیـــن ئەم مەســـەلەیە تاچەنـــد کـــاری لە بزووتنەوەی کرێکارانی عێراق کردووە.

[20] بۆزیـــاتر تێگەیشـــتن بـــڕوانە: کتێـــبەکەی ئـــا.م.. هـــاملتن کە ئەنـــدازیار و سەرپەرشتیکەری ئەو ڕێگایە بوو.
A.M. Hamilfon, Road through Kurdistan. London 1937.

[21] بڕوانە ڕۆژنامەی: نداء الشعب بغدادز٤ تشرين الثانی ١٩٣٠.

[22] بڕوانە:
Report on the administrstion of Iraq for the year 1931 p.66.

[23]
special report of the progress of Iraq during the period 1920-1931.p.139.

[24]
Report on the administrstion of Iraq for the year 1926.pp.105-106

[25] المركـز الـوطنی للوثـائق. الوحـدة الوثائقیـة. الـبلاط الملكـی. رقـم الملفـة: ص/٣/٢. الموضوع الملفة: شركة النقط التركية١٩٢٦
Report on the administrstion of Iraq for the year 1926.B. shwadran, the middle eadt, oil and the Great Power, new York 1955.p. 78. The Iraq Directory, 1936. P. 522.

26
E.A. kinch, social effects of the oil industy in Iraq. P194. The Iraqi Directory 1936. P. 522.

27
Report on the administrstion of Iraq for the year 1926 p. 29
هەروەها الدکتۆر محەمەد سلمان حسن سەرچاوەی پیشوو. ل ٢٩٠.

28 دەستەی بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیایانە بریتیبوون لە "ئەحمەد ئەلپاچەچی" و "نەجیب ئەلئەسفەر" و "سابت عەبدو النور" بڕوانە: المرکز الوطنی للوثائق. الوحدة الوثائقیة: البلاط الملکی . اقم الملفة: ص/٣/٢. موضوع الملفة: شرکة النفط الترکیة١٩٢٢.

29 هەر ئەو دۆسییەی پێشوو.

30 ئەمە جگە لەو سەرمایەدارانەی زوو کە پەیوەندییان بە کۆمپانیا بیانییەکانەوە هەبوو.

31 نووسەری واهەیە ساڵی ١٩٢٩ کە یاسای پشتگیریکردنی پیشەسازی نیشتیمانی تێدادەرچوو، بە مێژووی نەشونماکردنی پیشەسازیی نوێی عێراق دادەنێت. بە نموونە: بڕوانە: الدکتور نوری خلیل برازی، الصناعة والمشاریع التصنیع فی العراق. القارهرة ١٩٦٧ ل ٢٨-٢٩.

32 بۆ زیاتر شارەزابوونی ئەم کارگانە بڕوانە:
Report on the administrstion of Iraq for the year 1926. P. 29

Report on the administrstion of Iraq for the year1931.

p.68.k.M. Langley, op. cit., pp.37,45-46.57-59.

العـرا. ق ٣٠ حـوزيران و ١٠ تمـوز ١٩٢٨؛ الاسـتقلالن ١٧ تشـرين الثـانى ١٩٣١، الـدليل العراقـى الرسـمى السـنة ١٩٣٦ بغـداد ١٩٣٦ ص ٧٩٠-٧٩٨. سـعيد عبـود السامرائى. الانماء الصناعى و قواعدة الاساسية فى العراق. ل: ٢٦. ٣٢-٣٣، ٤٧.

[33] سـەرژمێرییەکی وردی کرێکـارانی کورەخانەشـمان لانیـیە کە ژمـارەی راسـتەقینەیانمان لەو قۆنـاغەدا بـۆ دەستنیشـانبکات. بەڵام دەتـوانین بە بەراوردکـردن لەگەڵ سـاڵانی دواییـدا پێوانەیەکیـان بـۆ دابنێـین. لە سـاڵانی جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا ژمـارەی کـارگەی خشـت دوسـتکردن بەتەنهـا لەنـاو بەغـدادا ١١ کـارگەبوون و ژمـارەی کرێکارەکانیـان سـێ هەزار کەس زیـاتربوو. بـڕوانە: الدکتور محمد سلمان حسن سەرچاوەی پێشوو ل: ٣٠٥.

[34] لەبەرئەوەی جموجـۆڵی سیاسـی و فیکـری کەوتە نـاو هەمـوو ڕیزەکـانی گەلـی عێـراقەوە، لەدوای کۆتاییهـاتنی جەنـگ، یەک لەدوای یەک چاپخـانەی نـوێ دەهێنـرایە وڵاتەوە. بـۆیە ژمارەیـان بەخێـرای زیـادیکرد. هەنـدێکیان بـۆ یەکەمجـار لە شـاری کەرکـوک و سـلەیمانی و عەمـارە و هیتریشـدا دامەزران. بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن، بـڕوانە: شـهاب احمـد الحمیـد. تـاریخ الطباعـة فـی العـراق، مطـابع القطـاع الخاص: ١٨٣٠-١٩٧٥. الجزء الاول، بغداد. ١٩٧٦؛ العراق ٢ اب ١٩٢٢.

[35] العراق ٢٨ تموز ١٩٢٢.

[36] بڕوانە الدکتور سلمان حسن سەرچاوەی پیشووز ل ٢٨٩.

[37] ڕۆژنامەی الدلیل بغداد ٢٦ مایس ١٩٢٩.

38

spicisl report. P. 246.

39 المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٣/٥.
الموضوع الملفة: العمال و مايتعلق بهم. (٣٢/١/٧-١٩٣٢/١٢/١٧)

40 بڕوانە:

Ghassan R. Atiyyah, Iraq 1908-1921.
Political study, Beirut, 1973.p. 226.

41

iraq Rilways. Administration report of the year 1924-1925. P.16.
(league of nation frontier between turrkeyand Iraq. P.5 Report on the administration of the year 1926.29

42

G. moriss, the Heshemite king, London 1959 p. 57

43 لەسایەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی نوێی سەرمایەداریدا، کاری پیشەیی رووەو قۆناغێکی بالاتر گەشەدەکات پییدەوترێت بەرهەمی مانیفاکتۆرەیی. ئەم چەشنە بەرهەمهێنانە لەجاران زیاتر پشت بەدابەشکردنی کار و کاری کریگرتە دەبەستێت و خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی گرنگە رووەو بەرهەمهێنانی پیشەسازی نوێ.

44 بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە: الدکتور محەمەد سلمان حسن سەرچاوەی پیشو ل ٢٨٢-٢٨٣ هەروەها:

spicisl report. P. 247

[45] بە نمـــوونە بـــڕوانە: مفضـــل الجغرافيـــة العـــراق-طه الهاشـــمی- بغـــداد ١٩٣٩ ل ٤٠٢.

[46] لە ناوەڕاســتی ســەدەی نۆزدەهەمــدا والــی موســڵ ٨٠ تــۆپی لەژێــر دەســتدابوو، زۆربەیـــان لە ڕوانـــدوز دروســـتکرابوون. ئیســـتایش نمـــوونەی ئەوتۆپـــانە لە مۆزەخـــانەی ســـوپا لە بەغـــدادا دانـــراون و درێـــژی یەکێکیـــان ٣ مەتـــر و ٢٣ سانتیمەترە.

[47] انور المائی. الاکراد فی البهدینان. موسل ١٩٦٠ ل٣.

[48] Mark sykes the caliphs last heritage, Ashort hstouy of the Turkish Empire, London 1915. P. 344. C.G. Edmonds. kurdis, turks and arabs, politics, travel and research in north eastern Iraq 1919-1925. London 1957.p. 80.

[49] بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن بـڕوانە: الـدکتور مـحەمەد سـلمان حسـن سـەرچاوەی پیشـو ل. ٣٤٣-٣٤٧
K.M.la, gley, op. cit., p. 23.

[50] K.M.la, gley, op.

[51] دەقـــی داواکارییـــنامەکە لە ڕۆژنـــ امەی العـــالم العربـــ ی ڕۆژی ٩ ی تشـــرینی دووە می ساڵی ١٩٣٢ دا بڵاو کراوەتەوە.

[52] بڕوانە محاضر مجلس النواب لسنة ١٩٢٨ ل: ١٨٩-١٩١.

[53] لەو دەقەدا کەدکتۆر وەریگرتووە، هەڵەیەکی زمانەوانی تێدایە، ڕاستی کردووەتەوە.

[54] العالم العربی ٩ تشرین الثانی ١٩٣٢.

[55] بروانە: المرکز الوطنی للوثائق: الوحدة الوثائقیة: البلاط الملکی: رقم الملفة ص/٣/٥ موضوع الملفة: العمال و مایتعلق بهم (١٩٣٢/١/٧-١٩٣٢/١٢/١٧) تایید مطالیب عمال الأحزیة الموصل. العالم العربی ٢٥ تشرین الثانی ١٩٣٢.

[56] وەک شتومەکی چنراو. بروانە
K.M. langley, op. cit. p p.23,

[57] بڕوانە:جریدة: نداء الشعب بغداد. ١٥ کانون الاول ١٩٣٠.

